حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان / بەشی کوردی

# کەسێتیی مێژوویی لە ڕۆمانەکانی( جان دۆست) دا

# بە نموونەی ( میرنامە) و( سێ هەنگاو و سێدارەیەك )

نامەیەکە ( گزنگ حسن رسول )

پێشکەشی کۆلێجی زمان،بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

توێژەر : گزنگ حسن رسول

سەرپەرشت :پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد

2021-2020 زاینی

2721-2720 کوردی

ئەم نامەیە (کەسێتیی مێژوویی لە ڕۆمانەکانی (جان دۆست)دا بە نموونەی (میرنامە) و ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک).) لەلایەن خوێندکار (گزنگ حسن رسول)ەوە،بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو :پ.د. محمد دلێرئەمین محمد

ڕۆژ:

بە پێی ئەم پێشنیازە ،ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ،ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ،کە شایەنی ئەوەیە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو :                                                    ناو:

ئەندام :                                                 سەرۆکی لیژنە:

ڕۆژ :                                                    ڕۆژ:

ناو :                                                    ناو:

ئەندام :                                                 ئەندام و سەرپەرشت:

ڕۆژ :                                                    ڕۆژ :

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو:

ڕاگری کۆلێجی زمان

ڕۆژ

سوپاس پێزانین:

- بۆ بەڕێز پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد، کە ئەرکی زۆری کێشا لە پێگەیاندنی ئەم بەرهەمەدا.

- بۆ هەموو ئەو کەسانەی ، کە هاوکارم بوون لە گەیشتن بەم قۆناغە و تەواوکردنی ئەم ئاستەی خوێندنیش.

- بۆ مامۆستای بەڕێز (ڕەوەند حمەجزا قاضی) کە یارمەتی پێبەخشیووم.

| لاپەڕە | بەش |
|---|---|
| 1 | پێشەکی |
| 4 | بەشی یەکەم : سەرەتایەک دەربارەی ڕۆمانی مێژوویی و سەهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا |
| 70-4 | تەوەری یەکەم: آ: کورتەیەک بۆ ناسینی ژانری ڕۆمان |
| 15 | ب : ڕۆڵی ڕێنیسانس لە سەرهەڵدانی ژانری ڕۆماندا |
| 22 | ج: ڕۆڵی چاپەمەنی لە گەشەسەندنی ژانری ڕۆماندا |
| 31 | تەوەری دووەم : آ:ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان |
| 51 | ب: جۆرەکانی ڕۆمان |
| 57 | تەوەری سێیەم :آ :لەیەکچوون و جیاوازی لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا |
| 59 | ب:کورتەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی |
| 64 | ج: ڕۆمانی مێژوویی و سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا |
| 127-70 | بەشی دووەم : ئەرک و پێکهاتەی کەسێتی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە)و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک) |
| 70 | تەوەری یەکەم : داهێنانی کەسێتیی و کەسێتیی مێژوویی لە ڕۆماندا |
| 77 | تەوەری دووەم : پێکهاتە و ئەرکی کەسێتیی لە ڕۆمانی (میرنامە)دا |
| 109 | تەوەری سێیەم: پێکهاتە و ئەرکی کەسێتیی لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا |
| 164-127 | بەشی سێیەم : تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان،لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە )و( سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا، پەیوەست بە کەسێتیی مێژووییەوە. |
| 127 | تەوەری یەکەم:آ: ڕەگەزی ناونیشان |
| 131 | ب :تەکنیکەکانی ( گێڕانەوە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، فلاشباک ) لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە )و(سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا پەیوەست بە کەسێتیی مێژووییەوە |
| 146 | تەوەری دووەم : زمانی شیعریی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا |
| 155 | تەوەری سێیەم : وێنەی شیعریی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک ) |
| 164 | ئەنجام |
| 166 | لیستی سەرچاوە |
| 182-180 | پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی |

# پێشەکی

**پێشەکی :**

ڕۆمانی مێژوویی ئامرازێکی کاریگەر و بەهێزە بۆ گێڕانەوەی بابەتێکی مێژوویی یاخود باسکردنی ژیان و هەوڵ و تێکۆشانی کەسێتییەکی مێژوویی.بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وەک پێویست ئاوڕ لەم جۆرە ڕۆمانە نەدراوەتەوە لە ناو ئەدەبی کوردیدا، نەکراوە بە دەروازەیەک بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە کەسایەتییە مێژووییەکان و هەڵسەنگاندیان لە لایەن ڕۆماننووسانەوە،بەڵام ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە، کە لەم ساڵانەی دوایدا کتێبخانەی کوردی بە چەند ڕۆمانێکی مێژووی دەوڵەمەندتر کرا،بە تایبەتی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس(جان دۆست)وەک ڕۆمانی (میرنامە)،کە بە وردی و دوورودرێژی باسی لە کەسێتیی (ئەحمەدی خانی )کردوو، لە سەرجەم ڕووەکانی وەک(ئاینی ، نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری، ڕۆشنبیری... هتد).هەروەها ڕۆمانی( سێ هەنگاوە و سێدارەیەک)دا، ڕۆماننووس باس لە خەبات و تێکۆشانی کەسێتییەکی مێژووی گەلی کورد دەکات کە ئەویش( شێخ سەعیدی پیران)ە.لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە خوێنەر ئاشنا دەکات بە هەوڵو بەرخۆدانی ئەو سەرکردە گەورەییەی گەلەکەمان،لەگەڵ باسکردنی هەندێک لە هۆکارەکانی شکستهێنانی شۆڕشەکەی، بێگومان ئەم ڕۆمانانە چێژێکی وا بە خوێنەر دەبەخشن کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەرەوپێش بچێت.بۆ هەمیشە لە خەیاڵی خوێنەردا بمێنێتەوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە :**

کەسێتیی مێژوویی لە ڕۆمانەکانی (جان دۆست)دا بە نموونەی (میرنامە)و ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک).

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:**

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوەکەمان بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: بەپێی بەدواداچوونەکانمان ئەم ناونیشان و بابەتە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر نەکراوە لە باشووری کوردستاندا، بە تایبەت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ڕۆماننووس (جان دۆست) و بەرهەم و ئەزموونەکانی، بەڵام ئەوەی بەرچاومان کەوتووە لەو نامە

ئەکادیمیانەی لەسەر ڕۆمان کراون تیایدا باسی لە کەسێتی و جۆرەکانی کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە نەکراوە لەسەر کەسێتی مێژوویی و پراکتیزەکردنی لە ڕۆماندا و خستنەڕووی بە شێوەیەکی پراکتیکی.

دووەم: ئەوەی جێگەی بایەخە دەرخستنی ڕۆڵ و توانای نووسەر لە خستنەڕووی بیری نەتەوەیی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد لە ناو ئەدەبدا و بەتایبەت بۆ ژانرێکی گرنگی وەک (ڕۆمان) کە ڕۆمانیش یەکێکە لە ژانرە گرنگ و فراوانەکانی ئەدەب و لە سەردەمی ئەمڕۆدا جێگەی گرنگی پێدانی زۆرینەی توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبە.

سێیەم: هەوڵدەدین لە ڕێگەی ئەو دوو ڕۆمانەوە تیشک بخەینە سەر دوو کەسێتی مێژوویی گەلەکەمان، بۆ ڕوناککردنەوەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی گەلەکەمان.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە :**

– ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بە گوێرەی میتۆدی ڕەخنەیی (وەسفی شیکاری) ئەنجام دراوە، کە سەرەتا لەڕووی تیۆرییەوە گرنگترین زاراوەو بنەما هونەرییەکانی بابەتەکە ڕوون دەکەینەوە پەیوەست بەو سەرچاوانەی کە زانیاریمان لێ وەرگرتوون، هەروەها کارکردن لە ڕۆمانەکاندا بە شێوەیەکی پراکتیکی بەو برگەو کۆپلانەی کە لە ڕۆمانەکانەوە وەریدەگرین شیکاری بۆ دەکەین بە پێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە.

**سنوری لێکۆڵینەوە:**

سنوری لێکۆڵینەوەکەمان،بریتییە لە لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک) کە لەنووسینی (جان دۆست)ە.

## گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

 ڕۆمانی مێژووی جۆرێکی نوێیە لە ڕۆمان لە نێو ئەدەبی کوردیدا،شایەنی گرنگی پێدان و لێکۆڵینەوەیە.بەمەستی خستنە ڕووی ڕۆڵ و پێگەی کەسێتییە مێژووییەکان ئەو دەرکەوتنانەی تا ئێستا لە ئەدەبی کوردی بەگشتی و ڕۆمان بە تایبەتی هەیان بووە،لەبەر ئەوە هەوڵمانداوە لەڕێگەی ڕۆمانەکانی (جان دۆست )تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی، کە بە ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێن،لەوانەش ڕۆمانی (میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک) لەبەر ئەوەی ئەو دوو ڕۆمانەدا باس لە دوو کەسایەتی گرنگی مێژوویی گەلی کورد دەکەن، کە لە(میرنامە)دا، بە شێوازێکی هونەری ژیاننامەی (ئەحمەدی خانی) خراوەتەڕوو وەک شاعیر و ڕۆشنبیر و کەسێکی نەتەوەیی،هەروەها لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو  و سێدارەیەک) دا، ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ئەدەبی سەرکەوتوو پێگەی کەسایەتیی مێژوویی گەلی کورد (شێخ سەعیدی پیران ) دەخاتە ڕوو. کەسێتیی مێژوویی بە بنەمای سەرەکی ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێت.کە مەرجی سەرەکی ڕۆمانی مێژوویی ئەوەیە کە پشت بە ڕووداوێکی مێژوویی یان کەسێتییەکی مێژوویی ببەستێت.

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

ئەو کەسێتییە مێژووییانە لە ڕوانگەی ڕۆمانەوە چ جۆرە خوێندنەوەیەکیان بۆ کراوە،کە پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە،ئەوە سەرەڕای کەمی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی دەربارەی کەسێتی مێژوویی و  ڕۆمانی مێژوویی بە شێوەیەکی گشتی و بەرهەمەکانی ڕۆماننووس (جان دۆست) بەتایبەتی .

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەک دەربارەی ڕۆمانی مێژوویی و سەهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا:

### تەوەری یەکەم

آ : کورتەیەک بۆ ناسینی ژانری ڕۆمان

ب: ڕۆڵی ڕێنیسانس لە سەرهەڵدانی ژانری ڕۆماندا

ج: ڕۆڵی چاپەمەنی لە گەشەسەندنی ژانری ڕۆماندا

### تەوەری دووەم

آ: ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان

ب : جۆرەکانی ڕۆمان

### تەوەری سێیەم

أ: لەیەکچوون و جیاوازی لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا

ب: کورتەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی

ج : ڕۆمانی مێژوویی و سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا

## بەشی یەکەم :

## سەرەتایەک دەربارەی ڕۆمانی مێژوویی و سەهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا :

### تەوەری یەکەم: أ: کورتەیەک بۆ ناسینی ژانری ڕۆمان

مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە چەندین ئاکار و کاری جۆربەجۆر، کە کاریگەرییان هەیە بەسەرییەوە و کاری تێدەکەن،بەتایبەت لە کارلێکی دوولایەنی( زەینی و واقعی –کەتوار– ) دا،بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەمەش خۆی لە واقیعی ژیانی ئاساییدا، دەبینێتەوە.کە تێیدا دەژی. هەروەها دنیای خەیاڵی، بۆ نمونە ئەدەب و ژانرێکی ئەدەبی وەک ڕۆمان، کە لە هەوڵدایە و کاریکردووە بۆ گواستنەوەی واقعی مرۆڤ و ژیان و گوزەرانی خەڵکی بۆ جیهانێکی نموونەیی، ئەمەش بووە بە هۆی پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ جیهانی ئەندێشە و بیری تایبەتی نووسەر .

بۆ یەکەمجار (( زاراوەی ڕۆمانی چیرۆکی لە لایەن(Baccaccio) بەکار هێنرا، بەناوی چیرۆکی کورت لە پەخشاندا، بۆ یەکەمجار نوسینی پەخشانی تاقیکردەوە، کە دەقێک بوو بە ناوی ( دی کامیرۆن) کە لە کۆکراوەی ( دە چیرۆک ) پیکهاتبوو، ڕەخنەگران بە یەکەمین ڕۆمان لەقەڵمی دەدەن، لەسەدەی چواردەیەمدا، لەگەڵ ئەوەیشدا وشەی ڕۆمان بە مانی ئەو کورتە چیرۆکانە دەهات کە لە لایەن بۆکاچیۆ وەنوسرابوون)). (Amin,2012.p 78 ) هەرچەندە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ( بۆکاچیۆ) تازەنەبوون بەڵکو گێڕانەوەی کۆنی فۆلکلۆری بوون،بەڵام شێوازی نووسین و داڕشتنی پۆکاچیۆ جیاواز بوو، ئەمەش وایکرد کە ژانرێکی نوێ بێتە ئاراوە کە ئەویش (ڕۆمان ) بوو.

هەربۆیە بە پێ بەرەوپێشچونی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەر واتای وشەی ڕۆمان هاتووە. (( لە سەدەی هەژدە مانای وشەی ڕۆمان گۆڕانکاری بەخۆیەوەبینی، کەلە کورتە چیرۆک و پەخشانەوە بۆ چیرۆکی پەخشانی زۆر دوور و درێژو قەوارەی گەورە هەنگاوی نا))(Amin، p78،2012)

ئەگەر ئاماژە بە چەمکی رۆمان بکەین، بە پێی پێناسەی فەرهەنگی کورتکراوەی ئۆکسفۆرد (( ڕۆمان گێڕانەوەیەکی پەخشانیانەی چیرۆکی خەیاڵی دوورودرێژە، یان درێژییەکی دیاریکراوی

هەیە، کە کەسێتی و کردارەکان تیایدا بەرجەستە دەکرێن،کە دەرخەری ژیانی ڕاستەقینەی، بەشێوەیەکی کەم یان زۆر ئاڵۆز دەخرێتە ڕوو))(Rees,1973,p24). لە ناساندنێکی دیکەی ڕۆماندا،کە لە لایەن (Abrams,M.H) کراوە دەربارەی زاراوەی ڕۆمان، دەڵێت " ((زاراوەی ڕۆمان بۆ ئەو نووسراوە جۆربەجۆرانە بەکاردێت، کە پەخشان ئامێز و چیرۆکین،تەنیا لێکچوونیان بریتییە لەوەی، کە هەموویان پێکهاتوون لە پەخشانێکی نووسراوی خەیاڵئامێزی درێژ)) (Abrams,M.H,1978,P1).

لێرەدا هەردوو پێناسەکە جەخت لە وشەی پەخشان دەکەنەوە،کە بە واتای شێوە سادە و ئاساییەکەی زمان دێت و دوورە لە شێوازی دارشتنی کێشدار، واتە شێوەیی شیعر.واتە ئەو زمانەی لە نێو ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت، زمانی عەقڵ و بیرکردنەوە و تێڕامانە، زمانی پەخشانە نەک زمانی شیعریی، کە دەربڕی هەست و خەیاڵ و هەڵچونەکانە،هەرچەندە هەردوو پێناسەکە باس لە قەبارە و دورودرێژی ڕۆمان دەکەن، بەڵام هیچیان پێمان ناڵێن ئایا سنوری ئەو درێژییە چەندە، ئەو بۆ چوونانە زیاتر ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە،کە تێیدا ڕەگەزەکانی وەک (ڕووداو، کەس، کات، شوێن )خراوەتە ڕوو،سەبارەت بە سەرەتاکانی ڕۆمان (ئیان وات ) دەڵێت " ((ڕۆمان ئەو ژانرە، ئەدەبییە لۆژیکیەیە، کە دەربڕی ڕۆشنبیری سەدەکانی پێشووترە، کە ڕەسەنایەتی و ئەوەی نوێیە نرخی نوێیان دەداتێ، کە پێشتر نەکراوە)) ( وات، 1980، ص 12 ).

بەپێی مێژوو لە سەدەکانی پێشووتردا ڕۆمانی کۆن یاخود تقلیدی(خورافات ) باڵادەست بوو پشتی بەچەند یاسا و کلێشەیەکی دیاریکراو دەبەست، کە لەو سەردەمەدا پەسەندبوو واتای ئازادی رەهای نەبوو، بەڵام ڕۆمانی نوێ ڕووبەڕووی ئەم بارودۆخە بوویەوە، توانی ئەو سنوورە تەقلیدیانە تێپەڕێنێت و لەگەڵ واقیعدا مامەڵە بکات.ڕەنگدانەوە و وێناکردنی ژیانی ڕاستەقینەی بێت وپەیوەستبێت بە ژیانی مرۆڤەوەبە شێوازێکی هونەریانە،لەبەر ئەوە هەندێک جار ڕۆمان وەک پێوەرێک دەکرێتە بنەمای گواستنەوەی ئەزمونەکان، چونکە بەشێک لە ڕۆمانەکانی ئێستا ڕاستی وئەزمونەکانی دەوروبەری دەخاتە ڕوو.

((ڕۆمان شێوەیەکی ئەدەبیە، بە تەواوی توانای تایبەتی تاک (نووسەر)ی تێدا دەردەکەوێت، لە گونجاندن و داهێنان )) ( وات، 1980، ص 12 ).ئەم بۆچوونە جەخت لە توانا لێهاتووی و لایەنی تەقلیدی و مەعریفەیەکانی نووسەر دەکاتەوە لە نووسینی ڕۆماندا،کە هەمیشە لە هەوڵدایە، بۆ ئەوەی مەبەستیەتی هونەریانە بیخاتە ڕوو،ئەمەش توانای ڕۆماننووس دەردەکەوێت لە خولقاندنی

بەرهەمی ئەدەبی، بۆ ئەمەش لە پەیوەندیدایە لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێک، تا مەبەستەکەی تێبگات و پەیامەکەی لەو ڕێگەیەوە بگەیەنێتە خوێنەر، کە ئەوەش تەواوکەری سێکوچکەی (نووسەر _ دەق _خوێنەر )ە.

ئیدی ئەو پەیامە یاخود دەرخەری ناخ و مەبەستی تایبەتی نووسەر خۆیەتی یان خستنەڕووی بابەتێکی گشتییە لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا دەیخاتە قاڵبێکی ئەدەبییەوە.کە دەرخەری گرفتێک یاخود بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرزی مرۆڤایەتییە.ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی خۆی لە گێڕانەوەدا چەندین کارەکتەر دروستدەکات و لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ئەو ڕووداوانەی کە ئەنجامی دەدەن و ئاشکرایان دەکات، ئەو کارەکتەرانەیشی ئەگەرچی خەیاڵیشبن،بەڵام لێکچوی ژیانی ڕاستەقینەن،بەجۆرێک بەشێک لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەب پێیان وایە، کە ڕۆمان ئاوێنەی واقیعی سەردەمی نووسینەکەیەتی، لەم بارەیەوە (ڕینێ وێلک و ئۆستین وارین )دەربارەی ڕۆڵی ڕۆمان لە دەرخستنی واقیعدا، دەڵێن ( ڕۆمان وێنەیەک لە هەڵسوکەوت و ژیانی واقیعی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا نووسراوە[1]) بە تێڕامان لەو بۆچوونە بۆمان دەردەکەوێت ڕۆمان لەواقیعەوە سەرچاوەی دەگرێت،ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەیاخود هاوشێوەی کۆمەڵ و سەردەمەکەیەتی لە نووسیندا، بەمەش تێدەگەین کە ڕۆمان جیاواز لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب وەک ئەفسانە و داستان و سەرگوزشتە و حیکایەت، هێندەی بەلای واقیعدا پارسەنگە، هێندە پەنا ناباتە بەر ئەندێشە و خەیاڵ و دروستکردنی پاڵەوانی ئەفسانەیی، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە ڕۆمان خاڵیبێت لە خەیاڵ، بەڵکو ڕۆماننووس خەیاڵ دەکات بە ئامرازێک بۆ خستەڕووی واقیع بەشێوەیەکی چێژبەخش،هەر بۆیە بەشێک لەلێکۆڵەرەوانیش پێیانوایە ڕۆمانیش وەک هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی لەنێو خەیاڵەوە دێتەبوون، لەپێناسە یەکی دیکەدا، (L.M.Vincent)، دەربارەی ڕۆمان دەڵێت (( ڕۆمان هەر لەسەرەتاوە دەربڕی چیرۆکێک بووە، کە ڕووداوی دروستکراوی لە خۆگرتووە،کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە،کە بە تەواوی هەڵقوڵاوی خەیاڵی ڕۆماننووسە))( vincent، 1978،ص412).

وەک دەردەکەوێت ئەم بۆچوونە، ڕۆمان وەک بەرهەمێکی تەواو خەیاڵئامێز سەیردەکات، کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، تەنانەت دژی واقیع دەیناسێنێت، واتە ڕۆمان تەنها لە چوارچێوەی

[1]- ئۆستین وارین و ڕێنی وێلیک.١٩٥٦.تیۆری ئەدەبیات .لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتاییانەی سروست و ئەدەبی ئەدەبیات لە هەموو کۆدەقەکانیدا.لەندەن.

خەیاڵ دێتە بەرهەم، دوورونزیک پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوە نییە، کە ئەم بۆچوونە بچوککردنەوەی ڕۆمانە لە چوارچێوەی خەیاڵ و دورخستنەوەیەتی لە ژیانی واقیع، کە ئەمەش ڕۆمان دەخاتە نێوبازنەیەکی بچووک لە پەیوەندی پتەوی بە ژیانی واقیعەوە دووری دەخاتەوە، هەروەها دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمان بەشێوەیەکی هونەری ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعە یاخود ڕوودا و بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەبنە کەرەستەی سەرەکی نووسینەوەی ڕۆمان، کە ڕۆماننوس بەشێوەیەکی خەیاڵئامێز دایان دەڕێژێتەوە،کەئەوەش دەکەوێتە سەر توانا و لێهاتووی ڕۆماننووس لەئافراندنی ئەو جیهانەی دروستی دەکات،چونکە ڕۆماننووس پێویستی بە شارەزایەکی زۆر وتوانایەکی باش هەیە لە بەگەڕخستنی تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمان، کە ئەمەیش بە شارەزابوونی تیۆری ئەدەب بەگشتی و بەکارهێنانی زمانێکی پاراو و بەگەڕخستنی خەیاڵێکی هونەریانە هەیە.

ئەمەش دەبێتە هاوشانی ڕۆشنبیرییەکی فراوان و هەمەچەشن بێت ، چونکە ڕۆمان خۆی پانتاییەکی فراونی هەیە بۆ خستنەڕووی چەندین بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز.هەر بۆیە ڕۆماننوس(( چینە لە ئەزموونەکانی خۆی و دەوروبەرو ژینگەی خۆی دەکات،نەک هەر بۆ ئەوەی هەندێک کارەکتەر و کەسایەتی یان ڕووداو یان هەندێک دیمەن تا لە یادگە و یادگارەکانەوە هەڵگۆزێ وەک خۆیان دایان بڕێژێتەوە،بەڵکو خەون و خەیاڵەکانی خۆی پێ دەمەزەرد دەکاتەوە و بە پشتیوانی خەون و خەیاڵە بەرزەکانی بکەوێتە هونەراندنی بابەتەکە، لە چوارچێوەی ڕۆماندا )) ( عارف، 2012،ل12).

کەواتە سود وەرگرتن لە ژیانی واقیعی مرۆڤ پەیوەست بە لایەنی خەیاڵی نووسەرەکە دەکرێت، کە واقیع کۆپی بکاتە ناو خەیاڵ و بەشێوەیەکی هونەری و جوانیناسانە دەیگێڕێتەوە، چونکە ئەوەی کە دەبینرێت نە خەیاڵی ڕووتە نە گێڕانەوەی واقیعی پەتییە، لەبەر ئەوە ناکرێت ڕۆمان بەبێ بوونیاد فکری و بیری مرۆڤایەتی تەماشا بکرێت،هەروەها بەبێ خەیاڵیش سەیربکرێت، کە بنەمای سەرەکییە لە هونەری گێڕانەوەدا، هونەریەتی ڕۆمانی لەسەر دروست دەکرێت، ڕۆمان پەیوەستە بە ئەزموونی ڕاستەوخۆی ژیانی مرۆڤەوە،کەوایە بەرهەمهێنانیشی لەئەنجامی کارتێکەرە دەرەکییەکانی ناو ژیانی ڕاستەقینەی دەقەوە پێکدەهێنرێت،هەر بۆیە (( دونیای واقیعیش بە دووسەر دەچێتەوە ناو دەقەکە،ئەو دونیایەی لە دەقدا دەخولقێنرێت جارێک لە ڕەوتی ئافراندنی

دەقەکەدا و جارێکیش لە ڕەوتی خوێندنەوەی دەقەکەوە لە لایەن وەرگرەوە)) kol basze) (Waska,2000,p23).

ئاشکرایە کاتێک دەقێک دەچێتە بەردەم خوێنەرێک ئەوکاتە زیندوکردنەوە و ژیانەوەی دەقەکە دەستپێدەکات، وە ئەو سوودەی کە خوێنەر پێیدەگات لە دەقەکەوە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی دونیای ڕاستەقینەی خۆیی،هەر بۆیەوە دەگوترێت ((ڕۆمان کتێبێکی ڕۆمانتیکە وەک ژیانی کەس پەیوەندی نوێی وابەستەبوونی پاڵەوان بە جیهان و بزاوتی هەمەلایەنەی وێنە وردەکانی ژیانەوە سیستمێکی تەواوکاریانەی تایبەتمەندیە بابەتیەکانییەوە))( حسەین، 2007،ل 82).

ڕۆمان وەک نزیکترین ژانری ئەدەبی کە زادەی ژیانی مرۆڤە، ئەوە دەتوانێت هەموو بابەتێکی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە بکاتە کەرەستەی دەوڵەمەندکردنی خۆی،لە هەوڵی خستنەڕووی شتە فەرامۆشکراوەکانی ناو کۆمەڵگەدا بێت،بە جۆرێک دەیانخاتە ڕوو بەهاو نرخیان پێدەبەخشێت و بە داهێنانکاریی هونەرییەوە ئاوڕیان لێدەداتەوە.چونکە ڕۆمان تیشک دەخاتە سەر ژیانی ئەو سەردەمەی کە تێیدا بەرهەم دێت لەورێگەیوە دەتوانین لە شتەکان تێبگەین و زیاتر ببینین و زیاتر فێربین،وەک (نەوام چۆمسکی ) دەڵێت ((بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە فێردەبین ئەوەندە زانیاریمان  دەست دەکەوێت لەبارەی کەسایەتیەکانەوە چۆن بیردەکەنەوە و چۆن هەستیان دەبزوێت و... هتد لەوەی زیاتر کە دەروونزانی سروشتی فێرمان  دەکات)) (سەراج،2007،ل10) .

ئەم هەمە جۆری زانیاریە بەهۆی مەودای فراوانی ڕۆمانەکەوەیە، کە نووسەر بیرەکانی  بە ئازادانە دەردەبڕێت و درێژەی پێدەدات، کە دەتوانێت نەک تیا دەربارەی کەسایەتی یان پاڵەوانێک بدوێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باس لە قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵ و تاک لە هەموو ڕوویەکەوە دەکات بە ڕادەیەک ئەم مەودا فراوانەی ڕۆمان ڕێگە خۆشکەرە بۆئەوەی کە ڕۆماننوس بتوانێت کە بەزمانێکی سادە دوور لە سیمبول و بە ڕەمزکردنی کەرەستەکان مەبەست و پەیامی خۆی بگەیەنێت، کە ئەمە لە شیعردا دەست نادات بەهۆی شێوە و پێکهاتەی شیعرەوە، بەڵام نابێت ئەم فراوانی مەودایە ببێتە هۆی دووبارەبوونەوە و خۆجووینەوەی ڕۆماننووس، لەبەر ئەوەی بەشێک لە لێکۆڵەرەوانی بواری ئەدەبی دەڵێن رۆمان (( کار یان کردەوەیەکی سواوی پواوی رۆژانە

نییە،چونکە هیچ نووسەرێک چەندین کارامە و لێهات وقاڵبوەی نێو دونیای ئەدەب بێت ناتوانێت بێ پلان ونەخشەیەک دەست بە نووسینی بەرهەمەکەی بکات )) ( عارف، 2011، ل2).

بێگومان نووسینیی ڕۆمانیش وەک هەرکارێکی دیکەی نێو ژیانی ڕۆژانە، پێویستی بە بەرنامە و پلانی تایبەت هەیە،چونکە کاری ڕۆماننوس خستنە ڕووی دونیای واقیعی نییە بە خوێنەر بەتەنیا، بەڵکو لە پێکهاتەی ڕۆماندا لە ئەنجامی بەگەڕخستنی ڕەگەزەکان و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شێوازی نووسینی ڕۆمان لەگەڵ شارەزای و لێهاتووی ڕۆماننووس، ڕۆمانێک دەنووسرێت کە خەیاڵ لە شێوەی واقیعدا دەردەخات،ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە بەگشتی ڕۆمان ڕنگدانەوەی واقیعی ئەو سەردەمەیە، کە تیایدا دەنووسرێت،وەک (میلان کۆندێرا) دەڵێت : ((ناتوانین لە گیانی هیچ سەردەمێک تێبگەین، ئەگەر ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە بەسەر نەکەینەوە))( حسەین،2010،ل10).

واتە دەکرێت ڕۆمان هاوشانی مێژوو بخوێنرێتەوە و بایەخی پێبدرێت بۆ تێگەیشتن و زانینی دۆخی تایبەتی کۆمەڵگایەک لە ماوەیەکی دیاری کراوە،چونکە ڕۆمان فۆرمێکی بەرزی ئەدەبییە، کە ژانرێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، تەنانەت لەسەرجەم ژانرەکانی دیکەی ئەدەب وەک (شیعر و چیرۆکی دریژ و چیرۆکی کورت و ڕاپۆرت...هتد )ئاڵۆزترە.ئەمەش وا لەڕۆمان دەکات، کە جیاوازبێت لە بەرهەم و جۆرەکانی دیکە، دەیکات بە خاوەنی تایبەتمەندی و ئادگاری خۆی.(( ڕۆمان لە هەموو ئیپیک ئاڵۆزترە، ڕۆمان هونەرێکی ئیپیکییە، کە پلانی جۆراوجۆر و کێشەی زۆر و پاڵەوانی زۆر دەگرێتەخۆی، تەوەر و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئاڵۆزی تێک ئاڵاو گەشەدەسێنن))( هاڵبێرگ، 2010،ل 59).

بێگومان هەریەکە لە ژانرە ئەدەبیەکان خاوەنی سیما و تایبەتمەندی خۆیەتی، لە چوارچێوەیشدا ڕۆمان بەوە دەناسرێت کە چەندین جۆر کەسایەتی و چەندین جۆر کێشە و ململانێ لە خۆ دەگرێت کە لە چەند شوێنێکی جیاواز و لە چەند کاتێکی جیاوازدا ڕوودداوەکان ڕوودەدەن، هەموویان پێکەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە خزمەت گەیاندنی مەبەست و پەیامی نووسەردا دەبن بە ئامانجی چێژبەخشین و سوود گەیاندن بە خوێنەری ڕۆمانەکە،چونکە پێکهاتەی ڕۆمان ڕیگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە ڕۆماننوس بەئارەزووی خۆی پەیامەکەی بە وەرگر بگەیەنێت. (( ڕۆمان جیهانێکی خەیاڵی گێڕانەوەییە، کە تێیدا فەزایەکی دەستکرد دەبێتە شوێن و سەردەمی ژیانی کۆمەڵێک کارەکتەری دیاریکراو ))(ئەحمەد زادە،2015،ل 8 ).

ئەو فەزا دەستکردەیش، مەرج نییە بریتی بێت لە خەیاڵی فەنتازی دوور لە واقیع بەڵکو خەیاڵ و واقیع وەک دووخاڵ لەسەر ڕووی بازنەیەکی داخراو، هەمیشە تەواوکەری یەکدین و پێکەوە چوارچێوەی گشتی داڕشتنی ڕۆمانەکە پێکدێنن.بۆیە دەگوترێت (( ڕۆمان مەودایەکی فراوانی هەیە، کە دەکرێت لە چیرۆکێک زیاتر لە خۆبگرێت،بەڵام ڕووداوچن (پلۆت ) لەنێو ئەم چیرۆکانەدا دەبێتە هۆی پێکەوەبەستنی ئەم چیرۆکە جیاوازانە،ئەویش بەهۆی زاڵبوونی ڕەگەزەکانی ڕۆمان تێیاندا،بە تایبەت ڕەگەزی خەیاڵ)) (Burgees, 2020) .

واتە وەک چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا هەرخەیاڵێک بکەین ڕەگێکی دەگەڕێتەوە سەر واقیع،ڕۆمانیش کە وێناکردنی ژیانی واقیعییە بە هەمان شێوەیە.بەڵام خەیاڵ لە ڕۆماندا پێگەی بەهێزترە و زیاتر پشتی پێدەبەسترێت،چونکە ئەگەر ڕۆماننووس زۆر بە واقیعەوە پیوەستبێت بەشێک لە چێژی ئەدەبی ڕۆمانەکەی لەدەست دەدات، وەک دەبینین زۆرجار ڕۆمان بووە بە ناونیشان بۆ ئەدەبی وڵاتێک وەک دەوترێت ڕۆمانەکانی (دۆستیۆفیسکی ) بوون بە دەرخەری ئەدەبی ڕووسی یاخود ڕۆمانەکانی (گابریل گارسیا مارکیز ) نمایندەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین دەکات.کە بێگومان هەریکە لەم ڕۆماننووسانەیش ڕەنگدانەوەی چەندین لایەنی وەک کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتوریی وڵاتەکانیان بە ڕۆمانەکانیانەوە دەردەکەون.

بەهۆی پەیوەستی ژیانی مرۆڤایەتی پێکەوە گەلێک لەم ڕۆمانانەیش بوون بە ڕۆمانی جیهانی، لەبەر ئەوەش زۆرجار لێکۆڵەرەوانی ئەدەب رۆمان وەک کۆکەرەوەی چەندین ژانری دیکەی ئەدەبی دەبینن،لەبەرئەوەیە کە دەکرێت لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدەبی هەر وڵاتێک، یان میللەتێک بکرێت.

ڕۆمان هاوشانی گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتی گەشەی کردووە،ئەم گەشەکردنەیش بووە بە هۆکاری گۆڕانکاری لە شێواز و ناوەڕۆکی ڕۆمان دا.هەر بۆیە دەبینین لە سەردەمی نوێدا چەندین ژانری نوێی ئەدەبی نزیک لە ڕۆمانەوە لە بازنەی ئەدەبدان، لەوانەش (نۆڤلێت، کورتە ڕۆمان، میتا ڕۆمان)،کە ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بووە بۆ خواست و حەزو خولیای خوێنەری سەردەمی نوێ،واتە گۆڕانکاری لە خولیای و حەزی خوێنەر (وەرگر ) دا، بوو بەهۆی گۆڕانکاری ڕیشەی لە تەکنیک و داڕشتنی شێوازی نوێی نووسینی ڕۆمان .بۆیە دەتوانین بڵێین (میتا ڕۆمان ) جۆرێکی نوێی ڕۆمان یاخود شێوازی نوێی گێڕانەوە، کە مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە و هونەرێکی نوێیە لە ڕۆمان جیا بووەتەوە یان لە نێو ڕۆمانەوە سەریهەڵداوە، کە جیاوازە لە رۆمانی کلاسیکی و

ئاسایی لە ڕووی شێوەی و ناوەڕۆکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری پەرەسەندن و بەردەوامی ڕۆمانە. کە لێرەدا ئاماژەی پێدەدەین.

**میتا ڕۆمان** لەڕووی زاروەشەوە (( زاروەی میتا ڕۆمانیش لە بری (ما ورا الروایە) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و هەروەها وەرگرتنی ( میتا ) ی ئینگلیزیەوە لە بری ( ما ورا ) هەروەها (fiction)بەواتای (الروایە) ئەگەر هەردوو وشەکەیش لێکبدەین، بە عەرەبی دەبێتە(ما ورا الروایە) ))(ثامر،2013،ص67) ئەگەر بکرێتە کوردی، دەبێتە (دوای ڕۆمان یان ئەم دیوی ڕۆمان، ئەمەش واتای تەواوی دەلالەتی خۆی ناپێکێت،بۆیە دانانی ( میتا ڕۆمان ) زیاتر مانای هونەری خۆی بەدیار دەخات جگە لەو بۆچونەیش، بۆچونی دیکەیش هەیە، سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی میتا ڕۆمان، چونکە زاراوەیەکی نوێیە، لەم باریەوە (حمە مەنتک ) دەڵێت : (( مەبەست لەو زاراوەیە (meta fiction)ی ئینگلیزییە،بە فارسی (فراداستان)هەر چەندە توێژینەوەی کوردی پێشتر زاراوەگەلی وەک ( میتا ڕۆمان) ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام چونکە (هات) واتە، گێڕانەوە، کە چیرۆک، ڕۆمان، هەقایەت ...تاد.دەگێڕێتەوە،بەڵام (میتا ڕۆمان) ئاماژەیە بە تەنیا جۆرێکی گێڕانەوە کە ڕۆمانە)) ( مەنتک، 2018) کەواتە زاراوەی ( میتا ڕۆمان) بگوترێت باشترە، لەو ڕووەوە کە هونەریترە و هەوەها بە بۆچوونی ( حەمە مەنتک )،(دوا سەرهات) گونجاوترە بەو پێیەی گشتیترە بۆ سەرجەم گێڕانەوەکان بەڵام ( میتا ڕۆمان) تایبەتییە بۆ تەنیا جۆرێکی گێڕانەوە گونجاوە کە ڕۆمانە. بۆ ئەو جۆرە نوێیەی ڕۆمان کە لەلایەن زۆرینەی نووسەران و ڕەخنەگرانەوە بە (میتا ڕۆمان) ناسراوە،ئەم زاراوەیە زیاتر بەکارهاتووە.

گۆڕانکاری لەفۆڕم و ناوەڕۆکی ڕۆمان بووە بەهۆی سەرهەڵدانی شێوازی نوێ، لە ئەدەبی هاوچەرخدا، بۆنمونە لە ژانری ڕۆماندا، ڕۆمانی پۆست مۆدێرن و میتا ڕۆمان دەرکەوتن .کە میتا ڕۆمان لە ڕووی سەرهەڵدانەوە دەگەڕێتەوە بۆ (( لۆرانس ستێرن(Lawrence stern)، کە بە داهێنەریی ئەم جۆرە ڕۆمانە دادەنرێت (لە بەریتانیا) دا، چونکە دەبینین لە ڕۆمانی (ترسیترام ستاندی (1760-1767 (Tristram shandy)دا، چیرۆکبێژ گاڵتە لەگەڵ خوێنەر دەکات بە شێوەی جیاجیا دەیدوێنێت وەک ئەوەی پێمان بڵێ چەند لاپەڕیەکی دیکە لە ڕۆمانەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بەردەوامبین لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە... هەروەها دەکرێت، بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانە، باشترین نمونە، ڕۆمانی (دۆستی ئەفسەری فەڕەنسی )((The French Lieutenants woman) جۆن فاوڵز ( (John fowles)وەربگرین،کە لە ساڵی 1969 دا، نووسیویەتی )) (هوثورن،

1996،ص34). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم جۆرە ڕۆمانە لە قەڵەم بدەین، (( ئەو کاتە هاتە ئاراوە، کە گەلانی دنیا لەسەرەتای سەدەی بیست بەندی ڕۆمانی کلاسیکیان شکاند )) (سەباح، 2020)

ئەوەش وەک سەرەتایەک بوو بۆ وەڵامدانەوەی قۆناغەکە،واتە گەشەسەندنی خواستی خوێنەر بوو بەهۆی لە دایکبوونی ئەم جۆرە نوێیەی ڕۆمان (( لەبەر ئەوەی بە ئاسانی هاتەبوون و هۆکارەکانی ئەزمون و لادانە کۆمەڵایەتیەکانی لە خۆگرتبوو بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆمان بەرزبکاتەوە و لە قۆناغی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی (خود) ەوە، بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی سوود وەرگرتن)) (سەعید،2005،ل2). واتە لە ڕۆمانی نوێدا ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هات،گۆڕانێکی پێویست بوو بۆ گەیاندنی پەیامی نووسەر، چونکە تا ئەو سەردەمە ڕۆمانەکان زیاتر هەڵگری خەمی گشتی بوون نەک تەنها خەون و خولیای نووسەرەکانیان.کە ئەوەش نیشانەبوو بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی بەردەوامی هونەری ڕۆمان، کە بە ناوەڕۆکێکی جیاواز لە پێشتر هاتە مەیدان وئامانجی ڕزگاربوون بوو لە کلێشە دووبارە و چەقبەستوەکان، بەڵکو پەیوەست بوو بە ئازادی بیر و ئەندیشە و بونیادنانی فەزایەکی خەیاڵی سەربەست، ئەمەش پێویستی بەنوسەری بەتوانا و بەهرەمەند و لێهاتوو هەبوو لەو بوارەدا، چونکە ناوەڕۆکی دەقی ( میتا ڕۆمان )جیاوازە و ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنجراکێشانی خوێنەر.

بوونی دەنگی ڕۆماننووس لە دەقەکەدا و دیالۆگی نێوان گفتوگۆی نووسەر و خوێنەرە،کە بە ئاشکرا دەدوێت،کە ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی مەودای گێڕانەوەکە، کە ئەم شێوازەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدان و دەرخستنی پەیوەندی گرنگی نێوان ( نووسەر و دەق و خوێنەر) چونکە لەم جۆرە ڕۆماندا خوێنەر ئامادەییەکی زۆری هەیە، کە ئەمەش بەرزکردنەوەی ئاستی دەقی ئەدەبییە بۆ ئاستێکی نوێ، کە مەودایەکی فراوان لەبەردەم خوێنەردا دەکاتەوەبۆ پشکنین و پێداچونەوەی دەقەکە و دۆزینەوەی پەیام وئامانجی نووسەر،چونکە (( لە ڕۆمانی ئاسایی جاراندا، کەڕۆماننوس پاڵەوانێکی سەرەکی هەڵبژارد یاخود خۆی بەڕاناوی کەسەی یەکەمی تاک ڕۆڵی چیرۆکبێژی ئاگادار بەهەمووشتێکی دەبینی و ئەرکی گێڕانەوەی پێ دەسپێردا،بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا وانییە، خوێنەریش لایەنێکی هاوکێشەی ( دەق – نووسەر – خوێنەر ) پێکدەهێنێت ))(ڕەشید، 2007، ل132 ).

کەواتە لە ڕۆمانی ئاساییدا گێڕەرەوە بووە بە سەنتەر و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، هەروەها یەک وەگێڕ هەبووە کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکەوە یاخود گێڕانەوەکەوە هەبووە، ئەوەش خۆی لە سەربەستی تەواودا نابینێتەوە، چونکە ڕێگرە لەسەر هەڵدانی چیرۆکبێژی تازە،هەربۆیە (میتا ڕۆمان ) لەهەوڵی هەڵوەشاندنەوە ئەو شێوازە تەقلیدیەی ڕۆماندابووە و هەوڵی بنیاتنانی شێواز و فۆڕمی نوێی ڕۆماندا بووە،ئەوەش بە تێکشکاندنی یاسا وبنەماکانی ڕۆمانی کلاسیکی دەبینییەوە.(( ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنە بەگشتی هەوڵی تێکشکاندنی ناوەند و بەسەنتەربوونی یەکێک لە توخمەکانی ڕۆمان و گێڕانەوە دەدات)) (مەنتک، 2018 ).

کەواتە میتاڕۆمان بەو جۆرە کارناکات کە توخمێک بکاتە بابەتی سەرەکی دەقەکە بەڵکو هەوڵی فرەجۆری دەدات لە گێڕانەوەدا، واتە لەسەر هەموو توخمەکان نەک تەنیا توخمیَ،واتا سەنتەریبون لە نێو دەقدا ڕەت دەکاتەوە و پەیڕەوی ناکات،بەگشتی هەوڵی ئەم جۆرە ڕۆمانە بۆ لادانە لە شێوازە تەقلیدیەکەی ڕۆمان و پێبەخشینی گیانێکی هونەری بە ڕۆمان لە میتا ڕۆماندا،نەک تەنها لایەنی هونەری بەڵکو هەوڵادان بۆ پێشخستن و بەگەڕخستنی سەرجەم تەکنیکە نوێیەکانی نووسینی ڕۆمان.(( ئیلهام وەرگرتن لەڕۆحی سەردەم دایدەڕێژێت و، شیکردنەوەکەیشی شیکردنەوەیەکی هۆشمەندانەیە و بەسوود دەبێت لە ئەزموونی مرۆڤایەتی هەروەها ئەوانە شیاون لەبەر ئەوەی خوێنەر والێدەکات سەرلەنوێ بەشداری لەنووسینەوەی ڕۆماندا بکات، هەروەک ڕەخنەگران دەڵێن لە چەمکی وەرگر یان خوێنەردا ))(سەعید، 2005،ل2).

ئەو بۆچوونە ڕوانینێکی ئەرێنی دەخاتەڕوو سەبارەت بەسەرهەڵدان و دروستبوونی میتا ڕۆمان بەرامبەر بە ڕۆمان، بەڵام لە بنەڕەتدا سەرهەڵدانی ئەو جۆرە لە ڕۆمان لەپاش ڕۆمانی ئاسایی چەند جۆرێک لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، بە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە، کە هەندێکیان ڕایان وایە ئەم جۆرە نوێیەی ڕۆمان یاخیبوونە دژ بە ڕۆمان کاردەکات. چونکە ڕەچاوی بەشێک لە یاسا و تەکنیکەکانی (ڕۆمان ) ناکات،ئەمەش کارکردنە دژی بوونیادی ڕۆمان چونکە خستنەڕووی هونەرێک کە لە نێو ڕۆماندا لە دایک بووە لە چەند ڕوویەکەوە لە پێش خۆی ناچێت و جیاوازە.بەڵام ئەو ڕەتکردنەوە نییە بەڵکو بەرهەم هێنانێکی باشتری دەقی ڕۆمانە، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕێگەیەکی دیکە و شێوازێکی دیکەی گێڕانەوە،هەرچەندە لە هەندێک بنەمای بنچینەی ڕۆمانیش لادەدات (( نوسینی ڕۆمان بەو گریمانەیەی کە دوژمنی ڕاستەقینەکانی :

گرێچن، کەسایەتی  و شوێن و بابەت و مرۆڤ ولەڕێگەی بیرکردنەوەی مەئلوف دووردەکەوێتەوە بۆ ڕۆمانەکە،بەڵام بەتەواوەتی دەمێنێتەوە، بێشک سەرتاپا ڕوانین  و بنەمایەتی )) (مەنتک، 2018).

قسەکردن لەسەر شێوازی ئاسایی گێڕانەوە واتە ڕوانینی گشتیانە هەیە نەک تایبەتی و جەخەتکردنی لەلایەنێک و کردنی بە چەق و سەنتەری کارەکەی و ناوەڕۆکەکەی،واتە میتا ڕۆمان لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی بەشی سەرەکی دەقەکە،کە دەبێتە هۆی فراوانکردنی گێڕانەوە، کە لە ڕێگەیەوە ڕۆڵبینینی فرەلایەنە، هەروەها پەیدابوونی چەند وەگێڕ و گۆشەنیگایەک دیکە،کە دەبێتە هۆی زیاتر چێژبەخشینی هونەری و بیرکردنەوەی قووڵ لای وەرگر،هەر بۆیە ئامانجی میتا ڕۆمان تێگەیشتنی  زیاتری خوێنەری دەوێت لە مەبەست و ناوەڕۆکی کاری نووسەر لە دەقەکەدا، کە دەیەوێت بیکات کە ئەوەش ڕێگەیەکی نوێیە و داهێنان کارییە، چونکە زیاتر لایەنی شیکردنەوە گفتوگۆ لە خۆ دەگرێت،لەو ڕێگەیەوە خوێنەر دەگاتە بە مەبەستە ئاشکرا و شاراوەکانی نووسەر لە ڕۆمانەکەدا، ئەمەش فۆڕمێکی کراوە بە ڕۆمانەکە دەدات .

میتا ڕۆمان هەرچەندە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا لە کۆنەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا نوێیە وەک زاراوە، هەرچەند بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر سەرهەڵدانی میتاڕۆمان لەئەدەبیاتی کوردیدا بەڵام بۆ یەکەمجار لە نووسینێکدا بەکار هاتووە، وەک نمونەی ڕۆمان خراوەتە ڕوو، لەبارەیەوە (سابیر ڕەشید) دەڵێت : ((خاوەنی ئەم باسە لە نووسینێکدا بەناونیشانی (باڵندەکانی دەم با ) هونەری میتا ڕۆمان بە کوردی میتاڕۆمانی بەکارهێناوە، وەک یەکەم لێدوان لە بارەی ئەو جۆرە ڕۆمانەوە، ئەو ڕۆمانەی ( عەتا نەهایی ) بەیەکەمین تۆماری ئەو جۆرە ڕۆمانە دانراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ( کاولاش)ی ( عەبدوڵا سەڕاج)یش، کە لە ساڵی 1997 نووسراوە، بە یەکەم میتا ڕۆمانی باشوری کوردستان – کوردستانی ئێراق دانراوە )) ( ڕەشید، 2007،ل124).

 کە دەکرێت ئەم بەرهەمانە وەک هەوڵێکی سەرەتای بۆ دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم شێوازە نوێیە سەیربکرێت،عەبدوڵا سەراج یەکێکە لە ڕۆماننووسانی کورد، کە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، لە نووسینی ڕۆماندا،کە پێی دەناسرێتەوە لە ڕووی تەکنیک و شێوازی نوێی نووسینی ڕۆماندا، کە ئامادەیی هەیە، کە یەکێک لەو ڕۆمانانەی کە سەربەجۆری میتاڕۆمانە بەپێی پێوەرەکانی خۆی، لەو جۆەرەدا دەبینێتەوە ڕۆمانی ( کاولاش)ە،چونکە((هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕۆمانەکەوە،ڕۆماننوس خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و دەیدوێنێت و ئاگاداری دەکاتەوە و دوو

جەمسەری هەڵبژاردنی بۆ جێدەهێڵێت و ئاگادارکردنەوەکەیشی بەئاماژە (لەگەڵ تۆمە، ئەی چی، تۆی خوێنەر ئەز و هیوا ...)) ( ڕەشید، 2007، ل 129).

ئەو جۆرە دەستپێکە بەو شێوازە، ئەو بانگکردن و ئاگادارکردنەوەی خوێنەر و ئامادەکردنی بۆ گفتوگۆ لەگەڵیدا و تابیهێنێتە ناو ڕۆمانەکە،نەک هەر بەچاو بەڵکو بە بیروهۆشی بدوێت لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە نووسەر بەم شێوەیە وردکردنەوە و بە گژداچونەوەیی ڕۆمانی ئاساییە،کە تیایدا پەیڕوی شێوازی نووسینی میتا ڕۆمانی کردووە.بێگومان هێنانی جۆر و تەکنیکی نوێ، ئەزمونی جۆراوجۆر بۆناو ئەدەبیاتی کوردی کاریکی بە بایەخە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتەکەمان، هەوڵێکە بە گەیاندنی بە ئاستی ئەدەبیاتی جیهان.

## ب : ڕۆڵی ڕێنیسانس لە سەرهەڵدانی ژانری ڕۆماندا

میللەتانی ئەوروپا سەرەتا لەسەردەمێکی دواکەوتوو، دۆخێکی ناخۆش و نالەباردا دەژیان، لەژێر دەسەڵاتی دوو چینی باڵادا ئەوانیش (کڵێسە) وپیاوانی ئاینی (فیوداڵ) دەرەبەگایەتی.ئەمانە خەڵکیان دەچەوساندەوە، هەموو قۆرخکارییەکیان دەکرد لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان، بەهای مرۆڤ و ژیانی خەڵک لە مەترسیدابوو،چونکە زۆرینە لە ژێر دەسەڵاتی کەمینەیەکی باڵادەستدابوو،ئەم سەردەمە هەروا نەمایەوە، وردە وردە گۆڕانکاری دروستبوو، تا کۆتای سەدەی پانزە.

ئەم دەسەڵاتی کەمینەیە بەرەو لاوازی ڕۆشت، لەلایەن دەستەیەکی ڕۆشنبیرەوە لە هەوڵی گەشەپێدانی ماددی و فیکری ئەوروپادا بوون، ئەمەش شۆڕشێکی بونیادی ئەقڵی و فیکری دەویست تا ژیانی ئەوروپایی بگۆڕێت، سەردەمی ڕێنیسانس بوو هەوڵیدەدا بەها بۆ مرۆڤ و ژیانی بگێڕێتەوە، ڕزگاری بکات لەو چوارچێوە چەقبەستوەی کەتێیدا دەژیان، لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگ و کڵێسەدا،بووە هۆی ژیانەوە وبوژانەوەی ئەوروپا، ڕێنیسانس بە (( سەردەمی گواستنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمە نوێیەکان، سەدەکانی چواردە و شانزەی زاینی، دەزانرێت .مێژووەکەیشی بە ڕووخانی قوستەنتینیە دەزانرێت کە شارەکە دەگرێت و زاناکان بەرەو ئیتالیا کۆچ دەکەن، هەموو زانیاری و سەرچاوەکۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمانەکان هاوشان لەگەڵ خۆیان دەبەن ))(محمد سەید، 2014،ل11-12).

لێرەوە گەشەو بوژانەوەی زانستە کۆنەکان دەستی پێکرد،چونکە ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی بابەت وبنەمابوون بۆ هەموو بابەتە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، لەوکاتەوەپەیدا بوون، پێشکەوتنی کەلتوری و ئەدەبی و زانستی لە وڵاتی ئیتالیاوە دەست پێدەکات، لەوێشەوە بەشێوەی جۆراو و جۆر گۆسترایەوە بۆ ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکە، لەگرنگترین نیشانەکانی ئەو سەرەتا تازەیش بریتی بوو لە ((جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دنیایی لە دەسەڵاتی ئاینی،وە پاشەکشێی سیستەمی دەرەبەگایەتی،هاتنە ئارای چینی بۆرجوازییەوە، وە فۆرمەلەبوونی فەلسەفەیەکی سیاسی تازە، کە داوای سنوردارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەکرد،تەئکیدی لە پاراستنی مافی هاوڵاتی و ئازادییە تاکە کەسییەکانی دەکرد)) ( ئەحمەد، 2011،ل79-80).

ئەوە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێنیسانس بوو، بوو بە هۆی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی و زوڵم و زۆری و دواکەوتووی، کە ئەوروپای گۆڕی بەرەو پێشکەوتن و شارستانیەت، وە بەهاتنی ڕێبازێکی نوێی هێنایە ئاراوە لە شێوازی ژیانکردن دا،جیاواز لە ئەوانی دیکە و ڕەتکردنەوەی بیر و ڕای کۆن بۆ دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی، لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی گشت لایەنەکانی ژیاندا بوو، چونکە ڕێنیسانس (( خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە تێکشکاندنی ڕۆشنبیری و کلتوری دەرەبەگایەتی و کلتوری کڵێسا، وە لە جێگادانانی ئەو ڕۆشنبیریەکی تازەی دنیای پڕ لە بەهای مرۆڤایەتی، لەهەمان کاتتدا سەدەی پانزەهەم بە سەرەتایەک دادەنرێت بۆ قۆناغی بۆرجوازی لە ئەوروپا، لە سەدەی شازدەهەم قۆناغی سەرمایەداری گەشەی کرد )) (حسەین، 2014،ل2).

ئەو بزوتنەوە مێژوویەی کە شۆڕشێکی گەورەی فیکری و کلتوری بەرپا کرد لەڕێگای جیاوازی بیروبۆچوونەکان، ئەمە خۆی لە خۆیدا هۆیەکە بۆ بەرەوپێشچوون و نوێگەری، چونکە ئەو بزوتنەوەیە واتا ژیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ((تەعبیرە لەو ڕۆحە ڕەخنەییەی لە بواری فەلسەفە و ئەدەب و زانیاری و هونەری کلاسیکدا سەری هەڵدا هەروەها هەوڵێک بوو بۆ پشکنین و پشت بەخۆ بەستن، مەبەستی زیاتری گۆڕانکاری و ئەفراندن )) ( ئەحمەد، 2011،ل80-81).

کەواتە لەگەڵ ئەو بوژانەوەیەدا گەشەدارەی پێشکەوتن و داهێنان دەبینین لە مەیدانی هونەری و ئەدەبیدا، چونکە دەسەڵات پێشتر کۆت و بەندی زۆری دانابوو لەسەر سەرهەڵدانی ئازادی بیروبۆچون و سەرجەم دەربڕینەکان، هەربۆیە نەیانتوانی بەر بە ڕێنیسانس بگرن، کە پێچەوانەی ئەوان کاری دەکرد، ڕێنیسانس وەک بزافێکی ڕۆشنبیری مەزن، لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا وەک یەک دەرنەکەوتووە، بەپێی مێژوو ئەوە دەگەڕێتەوەبۆ سەدەی شازدە، لەو سەردەمەدا بەگشتی

وڵاتان لەڕووی پێشکەوتنەوە لە ئاستێکی نزمدا بوون، هەربۆیە بە جیاوازییەوە وەریان گرتووە،نەک وەک یەک بۆ نمونە لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی سست بووە،لە ڕووی گەشەو وەرگرتنەوە بە بەراودر بە ئەوروپا،کە بەخێرای بڵاو بوەتەوە هەربۆیە ئەو بزوتنەوەیە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ڕۆشتنی ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی و گۆڕانکاریەکاندا وای کردووە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا پێبگات و درووستبێت، چونکە خێرای گەشەکردن پەیوەستبوو بە (( ئابوری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتەکانی ئەوروپا )) ( حسەین، 2014،ل6).

چونکە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی لەو قۆناغەدا لە شەڕو جەنگ و داگیرکارییدا بوون، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لاوازبوون و قەیرانی دارایی وئابوری لە وڵات دا، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەیشدا ڕێنیسانس هەر بەردەوام بوو لە بڵاوبوونەوە بە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بۆیە (( هەر وڵاتێک بە شێوەیەکی جیاواز ئەم بزوتنەوەیەی تێدا بەرپا بوو،بۆ نمونە لە ئەڵمانیا ڕێنیسانس بریتیبوو لە ریفۆرم بۆ چارەسەرکردنی کەنیسە، فەڕەنسیەکان ڕوویانکردە لێکۆڵینەوەی قانوونی، وە ڕۆمانیە کۆنەکان و ئینگلیزەکانیش لە فەلسەفە و ئیستاتیکا، ئیتالیەکانیش لە هەموو بوارەکاندا )) ( پیربالْ،2004، ل25)بەرپابوونی ڕێنیسانس و وەگواستنەوەی بۆ سەرجەم وڵاتانی ئەوروپی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕێنیسانس گۆڕانکاری ڕیشەی لە گشت بوارەکانی وەک سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و کلتوریدا کرد، بە چەمک و بۆچوونی تازەوە هاتە مەیدان بەڵام لە ڕووی وەرگرتنەوە جیاواز بوو، بۆ نمونە ئیتالیەکان لە هەموو بوارەکاندا وەریانگرت،بە دروستی و دەقاودەق،کۆپی کلاسیک و دەقە کۆنەکانیان کرد، بەشێوەیەکی گشتی لە ئیتالیابێت یاخود وڵاتانی دیکە توانی کاربکاتە سەر گەشەکردن و پێشکەوتنی بیر و زانست، لەسەرانسەری جیهاندا، چونکە پرۆسەی گواستنەوەکە لەئیتالیاوە دەستپێدەکات، کە خۆی لەبایەخدان و گەشە و لایەنی مێژووی هونەریدا دەیبینێتەوە،چونکە خەسڵەتی سەرەکی ڕێنیسانس بایەخدان بوو بە شێونەواری مێژوویی.

هەروەها گرینگیدان بە لایەنی هونەری و بەهای هونەریان بەرزدەنرخاند، هەربۆیە سەرهەڵدانی ڕێنیسانس لە (( ئیتالیا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری بوو، لەوێیشەوە هەموو ئەوروپای گرتەوە، ئەو شۆڕشە هەروا ڕووی نەداوە بەڵکو لەلایەن چەند کەسانێکەوە ئەنجام درا، کە دژی هەموو بیرو بۆچوونێکی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاست وبوونە هۆی ڕووخانی بیر و باوەڕی کۆن، ئەوانە هەوڵیان دا بۆ ئازادی هزری و بیری تاکەکەس لەناو کۆمەڵدا )) ( بەرواری، 2010،ل14).

بێگومان ئەو بزوتنەوەیە لە ئەنجامی هزرە نوێیەکانەوە سەری هەڵدا، کە بە ئاشکرا لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی زانستی مرۆڤایەتیدا کاری کرد، چونکە ئامانجی ئەوان دەرهێنانی مرۆڤ بوو لە نێو ئەو چەمکە خراپانەی کە دەسەڵات درووستی کردبوو، چەندین گۆڕانکاریان کرد لەلایەنی دەرەکی و ناوەکی پەیوەست بەلایەنی مەعریفی و سروشتی و مرۆڤ و وێناکردنی دەوروبەر لە چوارچێوەیەکی ئەقڵیدا، چونکە لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست بریتی بوو لە تاریکیی وشە و بیر و فیکر گەشەی نەکردبوو، بەو شێوەیە ئەم سەرهەڵدانە لەلایەن چەند کەسانێکەوە ڕوویدا و وەک شۆڕشێک بەرپاکراوە لە ئەوروپا، ئەوانیش (( دانتی لە ساڵی 1265-1321 ز.پتراک لەساڵی 1324-1374ز .چیولۆردی یوندی لەساڵی 1266-1337ز .پۆکایشۆ لە ساڵی 1313-1375، لیۆناردۆ داڤنیشی لە ساڵی 1452-1519ز ... هتد )) ( بەرواری، 2010،ل 17-27).

ئەوەی جێگەی بیرهێنانەوەیە کە ئیتالیا لە کۆنەوە جیا لەوڵاتانی دیکەی ئەوروپی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا خاوەن ئەدەبێکی بەرزی نەتەوەیی بوو و هونەری وداهێنانی و هزر بوو،تەنانەت پێش گەیشتنی زانست و ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانیەکانیش، کە لە ئەنجامی ڕووخانی قوستەنتییەوە بە دەستهێنان گەشت.ئیتالیا خاوەن داهێنەرانی وەک ( دانتی و پتراک، داڤنیشی و...هتد)بوو.نمونەی بەرزی نووسەرانی دیاری ئەدەبیاتی ئیتالی بوون،لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین،کە (( ئەوسەرنج و حەز و زەوقەی زاناکانی یۆنانی دوای کەوتنی قوستەنتینیە، لە دڵی خەڵکی ئیتالیا خولقاند، بووەهۆی ئەوەی خەڵکەکە پشتبکەنە ئەدەبیاتی نەتەوایەتی خۆیان،واتا ئەدەبی (پتراک و دانتی )و وە لەبابەتی ئەوە شیعری لاتینی بێنرخ بنووسن و لاساییەکی خراپی شێوازە کۆنەکان بکەنەوە ))(دارک، 2002،ل66).

هەروەها ئەوەی کە مایەوە تەنها یەکێتییەکبوو ئەویش ((یەکێتی زمان و ئەدەبیات بوو، کە زۆر بەتوندی لەبەر هەڕەشەدا بوو، لە دوو فاکتەری گرنگ بوونە هۆی ئەوەی، بەر لەو ئابڕووبەریە بگرێت و سەدەکانی ناڤین لە ئەوروپادا ئەدەبیاتی تایبەت بەخۆی بەرهەم بهێنرێت، ئەو دوو فاکتەرەیش:

1- دەوری کڵێسا.

2- سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی نەتەوایەتی )) ( حسەین،2006،ل3) هەربۆیە لەدوای بەدەست هێنانی کلتوری گریک و ڕۆمان، زانایان و توێژەران دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە و نوێکردنەوەی ئەو کلتورە

و توانیان زانست و زانیاریان فراوان بکەن و گەشەی پێبدەن، لەسەر بنچینەی پاشماوەکانی گریک ورۆمان ئەویش دوو ئاراستە لەخۆ دەگرێت:

آ- کلتوری دێرین و گریک و رۆمان.

ب- نەریتی نوێی گەلانی ئەوروپی بەگشتی.

ئەم دوو ئاراستەیەیش لەو هەلومەرجەدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و لەگەڵ ئەوەدا زاناکان سەردەمی ڕێنیسانس ((هەر هێزێی تیۆرەکانی یۆنانی کۆنیان زانی خۆشبەختانە،تەنها بەوەوە نەوەستان و هەوڵی زانینی زۆرتریان دا، لەبەر ئەوە لە گەڕأنیاندا پشتیان بەچاودێریکردن و ئەزموونکردن دەبەست )) ( شافانا،2014،ل88) لەبەر ڕۆشنای ئەو بەرهەمانە بەپێی شێواز و پێوەرەکانی ئەوان گەشەیان بەکارەکانیان ئەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان تەنیا پشتیان بە بەرهەمی کۆنی گریک و ڕۆمانیەکان نەدەبەست،هەموو هەوڵێکیان دەدا و بەشداربوون لە بەرەوپێشبردنی زانستدا و کەسانی داهێنەر و ڕۆشنفکر بوون، کە زانست وداهێنانەکانیان بوون بە هۆی پێشکەوتنی سەرجەم گەلانی جیهان هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی کە دێتە ئاراوە و سەرهەڵدەدات بێگومان کۆمەڵێک ئامانجی هەیە و لە پێناویدا کۆشش دەکات، ڕێنیسانسیش بەهەمان شێوە بەو دەستکەوتانەی کە کاری بۆکردوون بەدەستی هێنا هەڵدەسەنگێنرێت و دەناسرێت .(د.کەمال مەزهەر ) لە کتێبی ( ڕێنیسانس ) دا، چەند خاڵێک دیار دەکات:

((1 - تەواوی بیر و ڕای کۆمەڵی دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاستی هێنایە لەرزین.

2- بایەخدان بە کەلەپووری کۆن.

3- زانستە سروشتیەکان پێشکەوتنی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی.

4- دروستبوونی زمانی نەتەوەی یەکگرتوو لە ئەوروپادا، ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلانی ئەوروپادا.

5- گۆڕانێکی ڕاستەقینەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتدا بەرپاکرد.

6- یاخیبوون لە سیستەمی دەرەبەگایەتی، کەنیسەی کاسۆلیکی )) (مەزهەر، 2004،ل48-61)

بزوتنەوەی ڕێنیسانس کۆمەڵێک ئامانجی هەبوو لە شۆڕشەکەیدا وەک خستمانەڕوو، چونکە ئەمە شۆڕشێکی بونیادی ئەقڵی و کلتوری بوو، هەوڵی دەدا بۆ گۆڕینی ژیانی ئەورووپی بە تەواوەتی، بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەیی هەربۆیە دەگوترێت سەردەمی ڕێنیسانس سەردەمی داهێنان بوو لەگەڵ ئەمانەیشدا چاپخانە سەرەکیترین و بایەخدارترین داهێنانی سەردەمی ڕێنیسانس بوو، هەربۆیە بایەخدان (( دەستنووسی کۆن و لێکۆڵینەوە یان لەبەرگرتنەوەیان هەروەها شۆڕشی چاپەمەنی و داهێنانی چاپخانەی (گۆتەنبێرگ ) لە ساڵی 1445 لە ئەڵمانیا،وە بەرەو پێشچوونی چاپخانە و وە داهێنانی چاپکردنی نوێ لە خانەی دەستکەوتە زانیاری و کەلتوریەکانی ڕێنیسانس دادەنرێت ))(پیربال، 2004،ل25).

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە دۆزینەوەی ئامێری چاپ لە لایەن گۆتەنبێرگ، خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەبوو،چونکە ئەو خاڵە یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ  گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەدەب وهونەر لە ناو میللەتاندا، ئاڵوگۆڕی ئەدەبی و کلتوریی یەکترییە و ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ پێشکەوتن و فراوانکردنی فەرهەنگی زانیاری ئەدەبی هەر میللەتێک بەوانی دیکە،هەربۆیە دەبینین، کە (( دروستکردنی کاغەز لە ئەوروپادا، داهێنانی چاپخانە، دووستوونی گرنگبوون، کە ڕێنیسانسی ئەوروپای لەسەر بنیاتنرا، چونکەئەو دوو دەزگایە هۆکار و ئامرازی بڵاوکردنەوەی زانستی نوێ وکلتوری وئاینی نوێ بوون )) ( دارک، 2002،ل7).

دروستکردنی کاغەزلە ڕۆژئاوای ئەوروپا، ڕووداوێکی مێژووی گرنگ بوو، کە کاریگەری زۆری هەبوو لە گەشەسەندنی ڕێنیسانس، چونکە بوونی کاغەز دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نووسراوە جۆر بەجۆرەکان، کە خوێنەواری و ڕۆشنبیری و ڕۆڵێکی کارا ئەبینێ لەو ڕووە،دوای ئەوەی کە چاپکردن بەشێوەیەکی مەزن پەرەی سەندوو (( هەموو شارە گەورەکانی ئەوروپا بوونە خاوەن کارخانەی خۆیان لەسەدەی شازدەهەمدا، نزیکەی بیست ملیۆن کتێب چاپکران و چاپکردنی بابەتی جۆربەجۆر بەردەوام لەزیادبووندا بوون، فکرە تازەکان بڵاوبوونەوە، وەک فکری پرۆتستانییەکان )) (شاقانا، 2014،ل83) .

ئەم  گۆڕانکاری و داهێنانە ئەوروپایان لە کۆمەڵگایەکی ئاسایی و بگرە دواکەوتووی چەقبەستووە وە گۆڕی بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی، چونکە لەم قۆناغەدا ئەوروپییەکان کرانەوە لە هەوڵی داهێنان و خواستی زانستی نوێدا بوون، ئەو بارودۆخەی کەهونەر و ئەدەبی تێدابوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەست بوو بەلایەنی ئاینی ودەسەڵاتەوە،بەڵام بە پێچەوانەوە (( قۆناغی ڕێنیسانس

له هەموو ئەو پێوەندانە دەرباز بوو، وە گۆڕانی جەوهەری لەسەر پێکهاتە و شێوازی هونەردا هات، بەجۆرێک هونەری ئەو قۆناغە، بە باڵاترین قۆناغی هونەری دا دەنرێت )) ( عەبدول، 2009،ل43) چونکە ڕێنیسانس ئامانجی لە هونەردا سەربەخۆی بووە، واتا نابێت هونەر لە ژێر گوشار و بەرژەوەندیدا بەکاربهێنرێت،ڕێنسانس گرنگی دەدات بە هونەر و هونەرمەند، بەمەش جیاکردنەوەی خۆی نیشاندا، لە قۆناغەکانی پێشتر، هونەر لەو قۆناغەدا پێکهاتەیەکی مرۆی وەرگرت، هەموو ئەمانە لە پێناو ((نیشاندانی وێنەیەکی واقیعی مرۆڤ بوو بە خواستی هونەرمەند، تا لەو ڕێگەیەوە ویستەکان وئایدیای نوێ بخاتە ڕوو، بە بێ ئەوەی جوانی وەک ڕەهەندێکی دیار لە کارەکەیدا پشتگوێ بخات )) (عەبدول،2009، ل 45 ).

ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی توانا و ئاستی تاک بخاتە ڕوو،لە ڕووی داهێنانی هونەریدا، ڕێنیسانس دەیویست لە ڕێگەی ئەو تاک گەراییەوە هونەرمەندی داهێنەر بخولقێنێت، بیر و زهنی مرۆڤ گەشە پێبدات و لە ناو کاری هونەریدا قاڵبێتەوە،بەو کارەیش ئاشکرایە کە گۆڕانکاری ونوێخوازی بەدوای خۆیدا دێنێت، وە زاڵ دەبێت بەسەر ئەو واقیعەی کە تێیدایە، هەرچەندە کلتوری کلاسیکی کاریگەری بەسەرە بوو، بەڵام توانی بیر و هەستی نوێ بێنێتە ئاراوە،گرنگییەکی زۆری بە هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەدا بۆیە خۆی بە باڵادەستی مرۆڤەوە پەیوەست کردووە و ڕەچاوی هیچ ڕێساویاسایەکی نەدەکرد بیرکردنەوەکلاسیکیەکان ببەزێنێت، نوێخوازی و گۆڕانکاری بهێنێتە بوون، نووسەران و هونەرمەندانی ڕێنیسانس کەسانی لێهاتووبوون هەمیشەتوانا و داهێنانەکانیان لە بوارە جۆر بە جۆرەکاندا لە هەڵکشاندا بوو بۆ نمونە( لیۆناردۆ داڤنیشی ) کەئەندازیارێکی بلیمەتی ئەو سەردەمە بوو لە گەڵ ئەوەشدا وێنەکێشێکی لێهاتوو بوو، بە دەر لەوەش بایەخی بە زانستەکانی وەک ( بیرکاری و ئەندازیاری ) داوە، واتە لە لە چەندین ڕوەوە کە پەیوەست بووە بە توانای داهێنەرانەی خۆی نیگاری ئەو سەردەمەی کێشاوە و خستونیەتیە ڕوو.

کەواتە سەردەمی ڕێنیسانس سەردەمی گەشەسەند و سەرهەڵدانی زانست وزانیاری نوێ و چالاکی بەردەوام بوو، ڕەتکەرەوەی هەموو دابوونەریتی و ڕێساو یاسایەکی کۆن بوو، بە چاوی سوک لێی دەڕوانی، بەتایبەت ئەو لایەنانەی کە هۆکار بوون بۆ تەسکردنەوەی ژیان و خۆشی مرۆڤ و کۆت و بەندکردنی، لە هەوڵدا بوو بۆ گەڕاندنەوەی بەها بۆ مرۆڤ و ئەدەب و هونەر و زاست لە ژیاندا.هەروەها لە ئەنجامی ڕووکردنە زمانی گەلانی ئەورووپا و وازهێنان لە زمانی

لاتینی،ڕێگە خۆشکەربوو کە ژانرێکی وەک ڕۆمان ڕوو لە هەڵکشان و گەشەسەندن بکات . یەکێک لە کۆڵەکە کاریگەر و سەرەکییەکانی ڕێنیسانس سەرهەڵدانی چاپەمەنی بوو.

## ج: ڕۆڵی چاپەمەنی لە گەشەسەندنی ژانری ڕۆماندا

دوای داهێنانی ئامێری چاپ ژانەری ئەدەبی نوێ سەریانهەڵدا، بەتایبەت (ژانری ڕۆمان ) کە دەربڕینی خواستی چینی بۆرژوا بوو نەک لایەنی دەسەلاتداری دەرەبەگایەتی، لە سەرەتادا بەرلە ڕۆمان (ڕۆمانس) لە ئارادا بوو، ڕۆڵی دە گێڕا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی و خەیاڵیانە دە دوا، دووربوو لە ژیانی ڕاستەقینە دەتوانین بڵێین ئەو ئەدەبە لە خزمەتی چینی دەربەگ و دەسەڵاتداراندا بوو بۆ بەلاڕێدابردنی بیر وهۆش و فیکری خەڵک لەسەر ئەو واقیعەی تێیدا دەژیان، بەڵام ڕۆمان هات تاوەک و ئەو واقیعە دەربخات کە مرۆڤ تێیدا دەژی وە ئەو جیهانە شاراوە نادیارا کە جیهانێکی نمونەیی بوو ڕەتکاتەوە، کە ڕۆمانس بە خەیاڵ درووستی کردبوو لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتدا کاری کردبوو.

لەم باریەوە (جیلین بیر ) دەڵێت ( لەسەرەتای درووستبوونی ڕۆمانسدا، لەوکاتەدا زۆر باوبوو چیرۆکەکان بەهۆی بابەتەوە جیا دەکرانەوە،دوایی ڕۆمانس و ڕۆمان بەوە لە یەکدی جیاکرانەوە، کە ڕۆمان زیاتر بایەخ بە وێناکردن و ڕاڤەکردنی جیهانی ناسراو دەدات، بەڵام رۆمانس بایەخ بە دەرخستنی خەونی ئەو جیهانە دەدات [2])واتە کاری ڕۆمان مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک لە پێناو مافەڕەواکانیان، چونکە ڕۆمان وەک (( ئامرازێک بۆ ململانێی کۆمەلایەتی دژی دەسەلاتی دەرەبەگەکان و فریودەران دانرا،هەروەها چەکێکی میللی کەمەترسی داربوو،بۆ تێکۆشان لە دژی چەوسانەوە وپرۆتێستکردنی ئەو واقیعەی کە هەبوو )) (محەمەد حاجی، 2009، ل 45 ).

چونکە لە ڕۆماندا ئازادی تەواو هەیە بۆ تاک و کۆمەڵ تاوەک و بیر و بۆچونەکانیان دەربڕن، لەبەر ئەوە ڕۆمان لەئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە وەک ململانێی فیکری مەسەلەی کڵێسە

---

2- بیر.جیلین.1980.الرومانس . ترجمة عبدالواحيد لؤلؤة. المصطلح النقدي.بغداد.

و کێشەی کۆمەڵایەتی، ئەمانەیش خۆی لە خۆیدا نیشانەن بۆ بنیاتنانی بوونێکی تازە، هەروەک (ڕۆلان بارت ) دەڵێت (( چینی بۆرژوا بونیادی دەسەڵاتی خۆی لەسەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست بەرجەستە دەکرد )) ( هادی، 2004، ل71) بەو واتایەی چینی بۆرژوا لەگەڵ واقیعی کۆمەڵدا مامەڵە دەکات نەک خورافە و ئەفسانەکان، هەربۆیە (ڕۆمانس ) ی ڕەتکردەوە،کە ئەدەبی دەرەبەگایەتی و دەسەڵات بوو، چونکە لە بواری ئەدەبیدا چینی بۆرژوا هەوڵی دەدا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە .

کەواتە ڕۆمان بەرهەمی واقیعی ئەوسەردەمە بوو کە کۆمەڵگا لە جوڵە و گەشەکردندا بوو، وە کێشە و ململانێ و (( سەرهەڵدانی ڕۆمان گرێدراوی گۆڕانکاریە جۆربەجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تیۆری زانستە، لەسەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا، لە هەمانکاتدا ڕۆمان بۆخۆی وەک ئامرازێک سەیر دەکرێت، کە ئەم گۆڕانکایانە دەگرێتەو و نوێنەرایەتی ئەم گۆڕانکارییە دەکات لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراودا )) ( ئەحمەد زادە، 2012،ل 56) .

ئەوەش دەرخەری ئەوەیە، کە ڕۆمان ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا دەنوسرێت بە جۆرێک کە وێنای کەسەکان و کۆمەڵگاکان دەکات،چونکە هەمیشە ڕۆماننوس پشت بە بەشێک لە شتە ڕاستەقینەی شتە بەرجەستەکان دەبەستێ لەگەڵ گۆڕانکای و پێشکەوتنەکاندا

هەروەها زۆرینەی (( ڕەخنە ئەدەبیەکانی سەدەی 18 یەکەم پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەوکاتەی کەڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی شوێنی خۆی گرت، لەگەڵ ئەو پێشینە ئەدەبیەی کە بەرهەمی نووسەرانی وەک ( سیرڤانتس و مالارمێ وپۆکاچیۆ ...هتد) بۆ نووسەران دەرفەتەکانیان قۆستەوە لەگەڵ وەرگرتنی ئەزموون، بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆمان وەک بەرهەمێکی ئەدەبی)) (Bora, 2004,p54)چونکەسەدەی هەژدە، سەردەمی بورژواو پەرەسەندنی لایەنی سەرمایەداری و دەرکەوتنی ڕۆشنگەری و فیکر وئەقلانیەت و پێیشکەوتن بوو،لە بەناوبانگترین ڕۆماننووسانی سەدەی هەژدە بریتیبوو لە (( سامویل ڕیچاردسن هنری فلیدرینگ(1707-1754) تۆپیاس سمۆڵت (1721-1771)،لۆرانس ستیون(1713-1768). )) (گەرمیانی، 2019،ل86).

ئەو ڕۆماننووسانە توانیان بە شێوەیەکی واقیعی گوزارشت لە ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەبکەن و جیاوازتر بنووسن و بەرهەم بهێنن،ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی زەمینەیەکی باش برەخسێت بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمان سەرەڕای ئەوەیش (( ڕۆمان وەک دیاردەیەکی ژیاری و

کۆمەڵایەتی  لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە وەک کاردانەوەیەکی ڕۆمانس هاتە کایەوە ومۆرکی ڕیالیزمی لە ماوەی ئەو دوو سەدەونیوە لە تەمەنی ڕۆماندا زیاتر خۆیکردووە بە هاوەڵی ڕۆمان))( گەرمیانی، 2019،ل89)،واتا سەردەمی ڕێنیسانس کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەو بنچینەی ڕوویدا کە دەتوانین بە شیوەیەکی گشتی بڵێین (( ئەوە ڕێنیسانس بوو هەلومەرجی سەرهەڵدانی ڕۆمانی پێکهێنا))(ئەحمەد زادە، 2015،ل 20) .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێن گەشەسەندنی ڕۆمان هاوتریب بوو لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو بەرهەمەکانی گۆڕانکاری سەردەمی ڕێنیسان وپاش ڕێنیسانس،کە بوونە هۆی چاپکردنی کتێب و بەرهەمە ئەدەبیەکان کە هەر ئەمەش بوو بەهۆی بڵاو بونەوەی زیاتریان، بە پێچەوانەی سەدەکانی پێشوو کە نووسراوەکان تەنها دەستنووسبوون و لای چەند چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا دەبینرا، کە ئەویش چینی ئەرستۆکراتییەکان و پیاوانی ئاینی و دەسەڵات داران بوون،بەڵام پاش بڵاو بوونەوەی چاپ ڕۆمان گەشەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی چونکە لە لایەک بوو بە وەڵامدەرەوەی خواست و ویستی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە و خەڵکی دەیوست بەرهەمی گۆڕانکارییە فیکری و ئەزمونیەکان ببینێت،هەروەها ڕۆمان پێویستی بەچاپ هەبوو بۆ مانەوە و بڵاوبوونەوەی، (( گەشەکردنی نووسین پێش هەموو شتێک دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە ڕۆمان وەک ژانەرێکی ئەدەبی بە شێوەیەکی نوسین دەردەکەوێت، ئەوەش پێچەوانەی شیعرە، کە لەکۆندا بە شێوەی زارەکی دەردەکەوت))(هادی، 2004، ل 90).

 چونکە ڕۆمان وەک شیعر نەبوو کەبەرهەمی سەرزارەکی خەڵکی بوو یان بەهۆی کورتی و ئاسانی و ڕەوانی و بوونی کێش وسەرواوە لەبەردەکرا و بە ئاسانی لە نێو خەڵکیدا بڵاودەبوویەوە یاخود لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرایەوە،بەڵام ڕۆمان بەهۆی دووروو درێژی و ئاڵۆزی و قەبارەی گەورەیەوەتوانای لەبەر کردنی نییە(( جەوهەری ڕۆمان ئاڵۆزییە، هەموو ڕۆمانێک ئەوەی بەخوێنەر دەڵێت، شتەکان بەو سانایی وساکارییە نیە کە تۆ پێت وایە، .. وەک نمونەی سەردەمی ڕۆژئاوا، وەک و دیاردەیەک لەسەر بنەمای نا ڕوونی و و ڕێژەیی بوون، لە پرس و مەسەلەکانی مرۆڤ دامەزراون ))( کۆندێرا، 2005، ل 105) .

هەربۆیە دەتوانی بڵێین سەردەمی دەرکەوتنی چاپەمەنی سەردەمی گەشەسەندنی  ڕۆمان، هاوچەرخ بوون.بێگومان هەر ئەم چاپەمەنیەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو ببینرێت لە کلتور و ئەدەبیاتی گەلان لەنێوان خۆیاندا یاخود لەگەڵ یەکدی، کە لەسەرەتادا

هەولدەدرا سودی زۆر لە ئەزموونی گریک و ڕۆمانیەکان ببینرێت، پاشان لە نێو ولاتانی ئەوروپادا ئەو ئەزمونە بڵاوبوویەوە و پاشانیش بۆ وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوازرایەوە (( بە تایبەت لە بواری زانستدا، ئەو زانستەش لەوڵاتانی ئەوروپا نامۆ بوو، عەرەبەکان لە گەیاندنی زانین و داهێنانەکانی، گریک و ڕۆمانیە کۆنەکان و گەیشتن بە ئەوروپا ڕۆڵیان هەبوو ))( محەمەد، ل 13-14، 2014).

پاشان لە کلتوری عەرەبییەوەبۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی گوازراییەوە،کورد سودی لە ئەزمونی عەرەب وەک میللەتێکی دراوسێ بینی بە هاوکات لەگەڵ ئەزمونی فارسی و پاشانیش تورکی، کە بیگومان لەم دۆخەدا لە پاش گرنگی چاپەمەنی نابێت ڕۆڵی وەرگێرانیش نادیدە بگیرێت، جگە لەوەش گرنگترین هۆکار لە دەوڵەمەندکردنی سەرەتایی ئەزمونی ئەدەبیاتی کوردیدا لە پاش پەیدابوونی دەزگای چاپ، دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی بوو، کە بوو بە هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و ژانرە نوێیەکانی وەک ڕۆمان بە تایبەتی.

چاپەمەنی هۆکاری گواستنەوەی ئەو ژانرە نوێیە بوو، کە ڕۆمان نەک تەنها لە ڕۆژئاواو ئەوروپادا بەڵکو هەنگاوینا بەرەو ڕۆژهەڵات و وڵاتانی دیکە ئاسیایی، هەربۆیە ئامێری چاپ و چاپەمەنی هەر زوو بڵاو بوویەوە، دەستکرا بە (( بڵاوبوونەوەی ئەو زانا و نوسەرانەی، کە بە بیر و باوەڕ، دژی ڕژێمی سیاسی و ئابووری ودەرەبەگی بوون، وە داوای گۆڕینی کۆمەڵیان دەکرد)) (ئەحمەد، 1978،ل37) ئەو بڵاو بوونەوەیش خۆی لە خۆیدا، سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ هەوڵی گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتیو بیر و باوەڕی خەڵکی و وشیارکردنەوەیان، بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری و دەسەڵاتی ئەو دووچینە باڵایە،کە (فیوداڵ و کڵێسا) بوون، لە هەمان کاتدا کاردانەوەی ئەوانیشی لێکەوتەوە، نارەزای دەربڕینیان لەسەر چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان چونکە دژ بە بەرژەوەندی ئەوان کاریان کردوە، بە مەترسیان داناوە لەسەر خۆیان و دەسەڵاتەکەیان، لەم بارەوە(أیان وات ) دەڵێت (( ڕۆمان تاکە نمونەیەکی ئەدەبیە، کە بەهۆکاری چاپ بەسراوەتەوە ))(وات،1980،ص122).

بەم شێوەیە گەشکردنی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی پەیوەستبوو بە ئامێری چاپکردنەوە،ئەگەر ئەو ئامێرە نەبوایە ئەوا ڕۆمان لەو ڕەوتی پێشکەوتنەدا وەک ئێستا نە دەبوو، وەک ئاشکرایە کە ئەدەب و هونەر بە ئامێری چاپەوە لە هەرشوێنێک سەری هەڵدابێت لە سنوری ئەوشوێنەدا نامێنێتەوە بەڵکو دەگوازرێتەوە و بڵاو دەبێتەوە، هەر بۆیە ئەو بزوتنەوە ئەەبیە کە لە ئەوروپا سەری هەڵدا و ڕەگی داکوتا تەنها لەو سنورەدا نەمایەوە بەڵکو بەرەو ڕۆژهەڵات پەلی هاویشت،

هەریەک لە ئەدەبیاتی میللەتانی تورک و فارس و عەرەب و کورد و میللەتانی دیکەی پێ کاریگەربوو، کردیانە بنەماو لە ژێر ڕۆشنای ئەو ئەدەبەدا کاریان کرد بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی پێشکەوتنی ئەدەب و هونەری خۆیان.

پاشان چاپەمەنی گوسترایەوە بۆ وڵاتانی دیکە بەگشتی بە هۆی داگیرکاری وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات چاپەمەنی پەیدابوو ((سەرەتای پەیدا بوونی ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی هاتنی سیاسەتی ئەورپییەکان لە زۆرشوێن کۆلۆنیە ئەوروپییەکان بۆ کاری پروپاگەندەی خۆیان و لەبەر خاتری ئەو ژمارە زۆرەیان کە ڕژابوونە ڕۆژهەڵات،دەستیانکردە دامەزراندنی چاپ و ڕۆژنامە، کە بەشێکیان بە دەستی میسیانیر (مشیر ) بوو ))( ئەحمەد، 1978،ل30 ) هەرچەند هێنانی چاپەمەنی لەو سەردەمەدا لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدابوو، بەڵام سودێکی زۆری هەبوو لەسەر پێشکەوتنی ڕەوتی ئەدەبی .

سەرەتای دامەزراندنی چاپخانەکان لە نێوان گەلان و وڵاتاندا جیاوازبووە، گەلی کوردیش بەهۆی داگیرکاریی و ژێردەستەییەوە هەمیشە بێبەش بووە لە پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی ئەو سەردەمە،کە خاکەکەی لە نێوان (ئێران و تورکیا )تا سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی دابەشکرابوو، بەڵام پاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی و کرانەوەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر کەمی کوردستان بەڕووی جیهانی نوێدا، بوو بە هەنگاوێک بۆ بەرەو پێشچوون و دەرکەوتنی قۆناغێکی نوێی ژیان لە کۆمەڵگای کوردیدا ( بەتایبەت لە باشوری کوردستان)، کە ئەوەش بە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان گرنگی تایبەتیان بە باشوری کوردستان دەدا، لەو سەردەمەدا ((ئینگلیزەکان ژمارەیەک چاپخانەی کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، یەکێک لەو چاپخانانەیان لە کەرکوک دانا یەکێکی دیکەیش، لەسەر پێشنیاری (مێجەرسۆن ) لە سلێمانی دانرا... مێجەرسۆن لە ڕۆژی 29 ی نیسانی 1920،بەملاوە کەوتە بەکارهێنانی ئەو چاپخانەیە )) (پیربال،2007،ل 14).

لەسەرەتادا مێجەرسۆن لە ڕێگەی چاپخانەکەیەوە هەوڵی ئاشناکردنی دەسەڵاتەکەی داوە،هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی چاپخانەکەیەوە، ڕۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی پێدەرکرا بەناوی (پێشکەوتن [3]) (کە 118 ژمارەی لێدەرچووە لەماوەی 29-4-1920: 27-7-1922) دەرکرا. کە خزمەتێکی زۆری بە ئەدەب و نووسینی کوردی کردووە، ژمارەیەکی زۆر شاعیر ونووسەری لە

[3]- بڕوانە ژمارەکانی پێشکەوتن ،کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ،علی ناجی کاکەحەمە ئەمین عەتار ،سیروان بەکر سامی ) هەولێر ،1998 .

خۆی کۆکردەوە،هەروەک دەگوترێت (( لە کوردستانی باشوردا لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن ) دا، کە بەهاوکاری ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان لە سلێمانی بڵاو دەکرایەوە، لەسەر بیرۆکەی (مێجەرسۆن) گرەوێک بۆ نوسینی کوردی پەتی سازکرا و چەند قەڵەمێکی دەرکەوتووی ئەو سەردەمە بەشداریان تێدا کرد و پاداشتی خۆیان وەرگرت )) (بەرزنجی، 1978،ل12) .

(پێشکەوتن) ڕۆژنامەیەک بوو لە هەوڵی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دابوو، لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانستدا بوو، جگە لەوەیش لە ڕووی تەکنیکیەوە (( سەرکەوتوانە هەندێک بابەتی ڕۆژنامەنووسی نوێی کردەوە، لەوانە ( وتار بە هەموو جۆرەکانییەوە، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، هەواڵی سیاسی، کورتەهەواڵ لەسەرچاوە جیهانییەکانەوە، شیعر و ئەدەب، پەخشانی هونەری و نووسینی کوردی پەتی )) ( محەمەد، 2000،ل28) ئەوەش خۆی لە گەشە و پێگەیاندنی وتاردا دەبینێتەوە کەوا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو،لە بەگژداچوونەوەی دەسەڵات و دواکەوتووی و نەخوێندەواری و کێشەو گرفتەکان لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن دا، کە لەلایەن نووسەران و توێژەرانەوە بڵاو دەکرایەوە، هەروەها گرنگی و بایەخی تایبەت بە چیرۆکی کوردی دەدرا، سەرهەڵدانی ئەو هونەرە نوێیە هەلێکی تازەی ڕەخسان بۆ نووسەرانی کورد تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە هاوشانی گەلانی دیکە لە پرۆسەی پێشکەوتندا هەنگاوی خۆیان بنێن، بەجۆرێک لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژنامەدا سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی بەدەر کەوتن.

لێکۆلەرانی ئەدەبی کوردی ئەو قۆناغە بە قۆناغی یەکەمی ئەدەبی کوردی لە قەڵەمم دەدەن، چونکە تا ئەو قۆناغە ئەدەبی کوردی جگە لە شیعر بایەخێکی ئەوتۆ بە ژانرەکانی دیکە نەدرابوو، بەڵام پاش هاتنی چاپەمەنی و دەرچوونی ڕۆژنامەکان جگە لە شیعر کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمان بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو کرانەوە،واتا ئەو قۆناغە نەبووبا بە نەدەبوون، کەواتە(( هەموو نووسەران و ئەدیبانی کورد تا دەگاتە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەمڕۆیشمان لە چاپخانەکەی مێجەرسۆن و موکریانەوە لەدایک بوون )) ( پیربال، 2007،ل16).

بایەخ وپێگەی ڕۆژنامە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ڕووی ڕووناکبیری و سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و بەهێزتر دەبوو چونکە ((ئەدەب و هونەر چەکێکی کاریگەر بوو لە چەکەکانی خەباتی میللەت بۆ ئازادی و بەختەوەری، بە هیچ چەشنێک لە جۆرەکانی خەباتی سیاسی جیاناکرێتەوە))(میراودەلی، 1981،ل62) هەر بۆیە کورد سەربارەی ئەو بارودۆخانەی کە هەیبوو بەڵام بە دەرچوونی

ڕۆژنامە کوردییەکان سەرەتایەکی باشی دەستپێکر لە بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبیەکان لەوڕۆژنامە کوردیانەدا، کەمێژووی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی بێوچانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان (( یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان لە 22ی نیسانی 1898)لە قاهیرە دەرچوو )) (محمد، 1989،ل1) کە ئەوەش وەک یەکەم ئەزموون بوو بە دەلاقەیەک بۆکرانەوەی زمانی کوردی بە ڕووی ڕۆژنامە و چاپەمەنیدا کە ئەگەر (( وەک سەرەتایەکیشبێت دەرچوونەکەی بەزمانی کوردی لەو بارودۆخەدا بەبزافێکی کلتوری و مەعریفی کوردی دێتە حسابکردن،وە پێویستە ئەو کارە بە بەرزی ڕابگیرێت )) ( ئەحمەد،2000،ل19).

ئەم هەوڵەی بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە بوون بە ڕێچەکە شکێن و سەرمەشقی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بوو بە هۆی گەشەسەندنی بیری نەتەوەی و نیشتیمانپەروەری و خزمەتی گەورەی بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد، کە لەم ڕۆژنامەیەدا جگەلە شیعر کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی لەشێوەی ڕەخنەی ئەدەبی ونووسینی دیکەی وەک سیاسی و ڕەخنەی سیاسی بڵاودەکرایەوە، کە ئەمەشبوو بەشێوازێک بۆ ڕۆژنامە کوردیەکانی دوای خۆیان، بووە هۆی ئەوەی لە زۆربەی ڕۆژنامەوە و گۆڤارە کوردیەکاندا گرنگی تایبەت بە ژانرە نوێیەکانی ئەدەب دەدرا لەوانەیش (چیرۆک و ڕۆمان)، چونکە لەوسەردەمەدا سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری دیاردەیەکی هەرەگرنگ بوو بۆ بونیاتنانی ئەدەبی هاوچەرخ ((چیرۆکی هونەری کوردی، وەک بابەتێکی تازەی بێگانە هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردیەوە،کە هونەرێکی ئەوروپای بووە، پێویستی ژیان وایکردووە وەک و ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوبێتەوە ))(عارف،1977،ل11) کە ئمەش بوو بەهۆی گەشەسەندنی باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.

هەروەها چەندین نووسەری بەتوانا لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەبدا دەرکەوتن .بێگومان بڵاوبوونەوەی چیرۆکی کوردی لەو سەردەمەدا بەدەر نەبووە لە کاریگەری چیرۆک و ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ،هاوکات لەگەڵ گەنجینەی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی خۆی، بەڵام چیرۆکی نێو ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بە شێوەیەکی هونەریانەتر دەنووسرا، زیاتر ڕەچاوی تەکنیک و شێوازی نووسینی دەکرا،بەدوور بوو لە شێوازی ئەفسانەیی و حیکایەت ئامێزی دووروو درێژ.کە بێگومان ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکەن لەم بوارەدا وەک یەک نەبوون و جیاوازی هەبوو لە نێوانیاندا لەمەڕ گرنگیدان بە بابەتە ئەدەبیەکان.یەکێک لە باشترین گۆڤارەکان کە لەم بوارەدا جێگەی بایەخی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی بووە، گۆڤاری (گەلاوێژ ) بووە، کە گرنگی زۆری بە سەرجەم بوارە

ئەدەبییەکان دەدا، لەوانەش چیرۆک ((لە ماوەی دەساڵەی تەمەنیدا  کە لە (کانونی یەکەمی 1939 تا  ئابی 1949) و لە ڕێگەی 116 ژمارەیەوە بووە بە جێگەی متمانەی ئەدیبا ونووسەر و خوێنەواری کورد، تا ئەمڕۆیش سەرچاوەی دەیان باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە))(محمد،1989،ل2).

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە هەر لەو ڕۆژەی دەستبەکار بووە ڕێگەیەک بوو بۆ پێشخستنی ئەدەبی کوردی هەروەها زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ بواری ئەدەبی تەرخانکردووە.( گەلاوێژ) یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە خاوەنی پلەوپایەی تایبەتی سەردەمی خۆیەتی،لە دیارترین چیرۆکنووسانی ئەو گۆڤارەیش کەڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دامەزراندن و بەردەوامی و درێژەدان بە گۆڤاری گەلاوێژ پێشخستنی چیرۆکی هونەریی کوردی، بریتین لە ( ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح ) کە لە ڕێگەی بەرهەم و بڵاوکراوەکانیانەوە خزمەتێکی زۆریان بە ئەدەب و هونەری کوردی کردووە، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی گەلاوێژ گرنگیدان بوو بە وەرگێڕانی بەرهەمی چیرۆی بیانی، کە بەرهەمی چیرۆکنووسە بە ناوبانگەکانان وەردەگێڕا بۆ ئەوەی ئاشنایان بکات بە خوێنەر و نووسەری کوردی، هەروەا شارەزابوون لە تەکنیک و پێکهاتەی چیرۆکی بیانی، کە ڕێگەیەکی کاریگەربوو بۆ پێشخستنی چیرۆکی هونەری کوردی، هەربۆیە دوو ڕێگەی هەڵبژارد((

یەکەم : پشتبەستن بە وەرگێڕانی عەرەبی و بێگانە.

دووەم : بڵاوکردنەوەی چیرۆکی خۆماڵی بە شێوەو  ناوەڕۆکێکی تازەتر لە پلەی پێشخۆی))(محمد،1989،ل138) کەئەمەش کارێکی سەرەتای باش بوو تاوەک و بناغە و تەکنیکی بتەو بۆ چیرۆکی کوردی دابمەزرێ لەسەرەتاوە، دووربکەونەوەلە بەرهەمی ساواو کاڵ وکرچ (( لاپەڕەکانی (105) ژمارەکەیدا،(82) چیرۆکی وەرگێڕدراو دەخوێنرێتەوە، بەرامبەر بە(32) چیرۆکی هونەری خۆماڵی ))(عارف، 1977،ل56).

ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ سوودی وەرگێڕان لە بەرەوپێشبردنی لایەنی مەعریفی وئەدەبی خۆماڵی پێ دەوڵەمەندتر کرا.کاتێک ڕۆژنامەو گۆڤارە کورییەکان بەرەوپێشەوە ڕۆشتن زۆر لق و ژانری نوێ گواسترانەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی وسەریانهەڵدا وەک( ڕۆمان ) بۆ نمونە گۆڤاری ( ڕزگاری ) کە گۆڤارێکی هەفتانەی ڕۆشنبیری بوو کە لە سلێمانی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازەکەی ( نەوشیروان موستەفا ) بوو، هەروەها سەرنووسەرەکەی ( شازاد سائیب ) بوو . (( یەکەم ژمارەی

له ڕێکەوتی 20ی نیسانی 1960) دەرچووە،تاوەکو ژمارەی 14-15 بوو، لە 27 ی مارتی 1970 بەردەوامبوو ))(گۆڤاری ڕزگاری، 1969).

هەنگاوێکی گەورەی نا لە مێژووی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیدا، لە قۆناغیکدا کە هاتە مەیدانەوە کەئەدەبیات لە کزیدا بوو بەهۆی بارودۆخی سیاسی لە عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی، کە ڕۆڵێکی کارای بینیوە لە خستنە ڕووی توانا و بەهرەی نووسەرانی کورد لەڕووی (سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری ..هتد ).گۆڤاری ڕزگاری گرنگی زۆری بەبڵاوکراوەی ڕۆشنبیری وئەدەبی دەدا بەتاییەت چیرۆک، هەروەها بابەتی گشتی هەمە جۆر، یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بۆ یەکەمجار ژانرێکی نوێی لەخۆیدا دەرخست و بڵاویکردەوە، ڕێگایەک بوو بۆ ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەو ژانرە،کە ئەویش (ڕۆمان )ە.ئەویش ڕۆمانی (ژانی گەل)ی (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، کە لە چەند ژمارەیەکی ئە گۆڤارەدا بڵاو کرایەوە، کە پێشکەشی خەباتکەرانی نەبەزی جەزائیری کردوە، لە ( نیسانی 1956) نووسراوە، ( ڕۆمانی ژانی گەل) لە( 5 )ژمارەی گۆڤاری ڕزگاریدا بڵاوکراوەتەوە بەڵام بەتەواوەتی نییەو (لە کۆتا ژمارەدا نووسراوە ماویەتی..) ژمارەکانیش بریتین لە (( ژمارە 5 ی ڕزگاری لە 20ی 6 ی 1969، لاپەڕە 16-17-18، ژمارەی 6 ی هەمان گۆڤار لە ل 11-12-13دا، هەروەها ژمارە 7 دا کە لە 21ی 9 ی 1969 لە ل 9-10، ژمارە 8 ی هەمان گۆڤار ل 20-21-22،وە کۆتا ژمارەی 13 بوو لە 24 ی شوبات ی 1970،

لە لاپەڕە 27-28-29،دا بڵاو کراوەتەوە))(ە.ل.ب،1969-1970، سلێمانی[4] ) کەواتە وەک دەردەکەوێت ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە سەرهەڵدان و بڵاوکردنەوەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا، چونکە هەر لەگەڵ پەیدابوونی چاپ و چاپخانەکان ئیدی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بڵاوکرانەوە بوونە مەیدانی ئاڵوگۆڕی بیروڕا جیاوازو جۆربەجۆرەکان، توانیان ببنە هۆی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئەدەبی کوردی و پاراستنی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، هەروەها گرنگیدان بە ئەدەبی تازە و گواستنەوەی ئەدەبی ئەورووپی و جیهانی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، پەیوەست بە توانا و هەوڵی ئەدیب و شارەزاو زمانزانانی کورد، لەو ڕێگەیەدا کە بنەمای ئەو گەشە و پێشکەوتنە بووە.

---

[4]- (ە.ل.ب ) ئەوە ناوێکی خوازراوبووە ،کە (ئیبراهیم ئەحمەد ) بۆ خۆی داناوە ،لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ژانی گەلدا.بە بەش بەش لە گۆڤاری ڕزگاریدا ، پاشان کراوەتە کتێب و چاپ کراوە،ناوی خۆی خراوەتە سەر.

## تەوەری دووەم : آ: ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت، کە بە هەموویان یەکێتیەک دروست دەکەن و بونیادی هونەریانەی دەقەکەپێک دەهێنن و درێژەی پێدەدەن تا کۆتایی، خودی پێکهاتەی ڕۆمان (( لە چەند توخمێکی پێکەوە بەستراو پێکهاتووە، بوونی هەر دیاردەیەک دەوەستێتەوە سەر لایەنێکی دیکە، بۆیە ناکرێت واتای گشتی بزانرێت تەنها لە ڕێگەی پەیوەندی گشتی دیاردەکان پێکەوە نەبێت )) ( عوسمان، 2010،ل21) هەریەکە لەو ڕەگەزانە ڕووی هونەری خۆی هەیە، بۆیە خەڵقکردن و داهێنانی ڕۆمانەکان، چونکە ناکرێت ڕۆمان دوور لە بیر و فیکری مرۆڤ ببینرێت، لەڕاستیدا لە ئەنجامی بیر و فیکرو خەیاڵی نووسەر دێتە بوون، چونکە کاتێک ڕۆماننوس دەیەوێت ڕۆمانێک بنووسێت، پێویستی بە داهێنانە لە ڕێگەی زمان و وشەکانەوە، تا بتوانێت ژیانێکی نوێ درووست بکات، کە لە ئەنجامی ڕەنگدانەوە و کارتێکردنی، ئەو ژیانە واقیعەی کە نوسەر تێیدا دەژی، واتا بە سوود وەرگرتن لەو بەرهەمی دێنێت، بەڵام بە شێوازی هونەری و ئەندێشە ئامێز دەیخاتەڕوو، چونکە ئەگەر گواستنەوەی دەقاو دەقبێت،کارێکی نەشیاوە و لادانە لە چەمکی هونەری، ناچێتە خانەی ڕۆمانەوە.

گرنگە کە کاروکردەوەی کەسەکان و ڕووداوەکان بەشێوازێک بخەیتە ڕوو کە جێگای بایەخ و تێڕوانین، بۆ خوێنەر و هونەریانە کاریان لەسەر کرابێت، درووستبوونی ڕۆمان پەیوەستە بە چەند ڕەگەزێکەوە،کە زۆربەی نوسەران و چیرۆکنووسان، لەسەر چەند ڕەگەزێکی بنەڕەتی باوی ناو چیرۆک و ڕۆمان کۆکن، لەوانە ( د. نەجم خالید ئەڵوەنی )جگە لە (کات ) چەند ڕەگەزێکی دیکەی ڕۆمانی خستۆتە ڕوو، کە بریتین لە (( کەسێتی، ڕووداو، شوێن، دیالۆگ، مەنەلۆگ، حیکایەت، گێڕانەوە))(ئەڵوەنی، 2004،ل17).

هەروەها ڕایەکی دیکە، لە خستنەڕووی ڕەگەزەکاندا، دیاریکردنیانە بەم شێوەیە(( زمان، کارەکتەر، ڕوودا و کات و شوێن ..تاد))( حەسەن، 2006،ل110)بە تێڕوانین لەو بۆچونانە، تاڕادەیەک لێکچونێکی زۆر بەدی دەکرێت، لە دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ڕۆماندا، هەریەکە لەو ڕەگەزانە، گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەیە، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت و نەخرێت ڕوو، چونکە کەموکورتی و ناتەواوی دێنێتە ئاراوە، لێرەدا و لەچوارچێوەی باسەکەماندا، پەیوەست بە کەسێتییەوە، ئاماژە بە ( ڕووداو و شوێن و کات ) دەکەین.کە هەریەکەیان ڕۆڵی تایبەتمەندیان هەیە لەبوونیادی دەقەکەدا،بەهۆیەوە دەبنە هۆی درووستبونی یەکێتیەک کە بە پلۆت ناودەبرێت و

بە بناغەی دەقەکە دادەنرێت، لەبەر ئەوە هیچ کام لەو ڕەگەزانە ناتوانێت بە تەنها ڕۆڵ بگێڕێت و هیچ ئەرکێکی هونەری جێبەجێبکات.

سروشتی ئەو پەیوەندیەی نێوانیان، کە وایان لێدەکات کە چەندین واتا و مەبەست و دەلالەتی نوێ بەپێی ئەو پێگەو تایبەتمەندیەی کە دەیانبینێت دەتوانێت ڕۆڵ وئەرک لە ئەستۆ بگرێت و نواندن بکەن، بۆ گەیاندنی پەیامی دەقەکە، هەربۆیە تەنیا دەتوانرێت لە ڕووی تیۆریەوە،باسیانبکرێت وەک بەشێکی سەربەخۆ، بەدەر لەوە ناتوانرێت جیابکرێتەوە، پەیوەندیەکی بەهێز بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە لە بوونیادی دەقدا، چونکە بە نەبوونی توخمێک شیرازەی دەقەکە یاخود ڕۆمانەکە تێکدەچێت، وەک کارێکی تەواو نەکراو سەیردەکرێت.بۆیە هەریەکە لەو توخمانە کاریگەری و گرنگی خۆی لەسەر ئەوانی دیکە هەیە.

**یەکەم: کەسێتیی**

کەسێتی ڕەگەزێکی سەرەکی و بنچینەیی دەقە،ڕۆماننوس هەمیشە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی گونجاو دروست بکات، لە نێوان کەسێتی و ڕەگەزەکانی دیکەدا وەک کات و شوێن وڕووداو، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێت، چونکە بە بێ کەسێتی یاخود کارەکتەر هیچ شتێک ڕوونادات یاخود نایەتە بوون، سەرچەمیان لە تووخمی کەسێتییەوە سەرچاوە دەگرن، بەو مانایەی زیندوێتیان پێدەبەخشێت، دەیانخاتە جوڵە، هەربۆیە بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە درێژەپێدەری ڕەوتی ڕووداوەکان، ئافرێنەری سەرجەم جوڵە و کردەکانی ڕۆمانەکەیە، هەر لەم ڕوانگەیەوە ( جۆن برین )دەڵێت " (( من لە یەک شت دڵنیام، ئەگەر کەسێتییەکان هەبێت، ئەوا دوورنییە چیرۆکێکت هەبیت )) ( برین، 1993، ل 39 ).

هەروەها (ئیان وات ) ژانری ڕۆمان دەبەستێتەوە بەدوو تایبەتمەندیەوە، ڕوونتر بڵێین رۆمان لەسەر ئەم دوو پایە وەستاوە ئەوانیش (( وێنەی کارەکتەرەکان، وێنەگرتنی باگراواندە،بێگومان ئەوەیش دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ڕۆمان لە جۆرەکانی ئەدەب، وەک ئەوەی ڕاستەقینەبێت بەدیاری دەخات ) (وات، 1980،ل18) سەبارەت بەو دوو بۆچوونە، کە جەخت لە گرنگی ڕەگەزی کەسێتی دەکەنەوە بۆ بنیاتی ڕۆمان، بنیاتی ڕۆمان پەیوەست دەکەن بەو ڕەگەزەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو بۆچوونانە دەوەستێتە سەر توانا و لێهاتووی ڕۆماننوس لە بوونیاتنانی و خولقاندنی کەسێتییەکی سەرکەوتوو و زیندوو، کە لە لایەنی دەروونی بخرێتە ڕوو نەک تەنها ئاکار و ڕەفتار

و سیمای دەرەکی ببینرێت.چونکە ئەوکاتە ئەبێتە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی نەک کەسێتییەکی ئاسایی، لایەنە دەرەکی و سەرەکییەکان کە سیمای هەر مرۆڤێکە کە دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ کەسێک ناتوانێت دیوەکانی هەموو کەسێتییەک بینێت ، کە ڕۆماننووس دەیبینێت و دەیخاتە ڕوو، بەلام ڕۆمان دەرخەری ئەو لایەنەیە کە ئێمە دەرکی پێناکەین و نایناسین .ڕۆماننووس دێت ئەو تایبەتمەندیانە وەک بوونێکی تازە دەخاتە ڕوو، نەک دووبارەکردنەوەی ئەوهەست و لایەنانەی کە هەموومان لە ژیانی ڕاستەقینەدا پێی ئاشناین، چونکە هەریەک لە ئێمە زانیاریمان دەربارەی سروشتی مرۆڤ سنوردارە،هەربۆیە ئەو کارە پەیوەستە بە لایەنی ڕۆشنبیری مرۆڤەوە کە ڕۆماننوس ئەنجامی ئەدات، چونکە بوونی کەسێتییەکان و خستنە ڕووی بەو جۆرە وادەکات زیاتر لە بیر و هزری خوێنەردا بمێنێتەوە.

هەروەها دەکرێت وەک نیشانەیەکی جیاکەرەوەی خولقاندنی کەسێتییەکی سەرەکی ببینرێت لە ڕۆماندا، لە بۆچوونێکی دیکەدا کە تا ڕادەیەک پێچەوانەی بۆچوونی پێشوترە لەو ڕوەوە،کە کەسێتی ڕۆمان تەواو خەیاڵی دەبینێت (( ڕۆماننوس کەسایەتیەکی خەیاڵی درووست دەکات و بە ئارەزووی خۆی کارێکی درامی پێدەستپێرێت )) (داو بتغایر، 1982،ل29 ).

یاخود لە بۆچونێکی دیکەدا، لەلایەن ( ڕۆلان بارت )ەوە دەوترێت (( ئەو کەسێتییە کاغەزییەی بەشێوەیەک وێنا دەکرێت، کە ناتوانرێت ببێتە ئاوێنە یان وێنەی ڕاستەقینەی کەسێکی دیاریکراو ی دەوروبەری مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی کە داهێنراوێکە کە ڕۆماننووسە))(یوسف، 2015،ص35). هەریەکە لەو بیروڕایانە لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی خۆی هەیە،لەسەر ڕەگەزی کەسێتی چونکە ئەگەر کارەکتەر واقیعی تەواو بێت ئەوا دەقەکە بەدەر دەبێت لە لایەنی هونەر و ئیستاتیکی وەک ئەوە دەبینرێت کە ڕۆماننوس ژیاننامە یان مێژوویی ژیانی کەسێک بگێڕێتەوە، هەروەها ئەگەر کارەکتەرەکە خەیاڵی ڕوون بێت تەنها بۆ بیروباوەڕی نووسەر درووستکرابێت ئەوا وەک کارەکتەرێکی بێگیان دەبینرێت، بەدەرە لە ژیان و هەستەکانی مرۆڤایەتی، هەربۆیە پێویستە کارەکتەرەکان نە تەواو واقیعی بن نە خەیاڵیبن بە تەواوی، چونکە لەو کاتەدا یان دەبنە وێنەیەکی کۆپی ژیانی ڕاستەقینە یاخود دەبنە کەسانێکی بێهەست، خوێنەر هیچ سیفاتێکیان لە ژیانی واقیعیدا بەدی ناکات، لە ئەنجامدا خوێنەر وەڕس و بێزار دەبێت،کاتێک دەوترێت کارەکتەری ناو ڕۆمان تەنها لە ناو بازنەی دەقەکەدا بوونی هەیە، وەک بونەوەرێکی کاغەزی ڕۆڵ دەبینێت.

لە دەرەوە هیچ بەهاو بوونێکی نییە، ئەگەر ئەدەب ڕەگێکی لە واقیعدا بێت و پەیوەندی بەژیان و کۆمەڵگەوەیە، نووسەریش تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە، کەواتە کارەکتەریش بەرهەمی ئەو ژیان و کۆمەڵگەیە، بەشێکەلێی و ناکرێت بە خەیاڵی تەواو دابنرێت و ببینرێت، چونکە زۆرجار دەبینین ئەو کەسانەی کە دروستی دەکات لە کەسانی واقیعەوە وێنای کردوون، هاوشێوەیان دەبینیتەوە،بۆیە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو کارەکتەرانە پەیوەندیدارن بە جیهانی واقیع و دەرەوەی دەقەکە،لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بوونیادی کەسەکان، هەمیشە مایەی گرنگی پێدانی نووسەر بووە، چونکە لە ڕێگەی دەرخستنی کەسێتییەوە هەمەجۆرەکانەوە هەموو ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە هەیەتی لە ڕۆماندا بەرجەستەی بکات، وە بە چەندین شێوازی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و بیانخاتە ڕوو.چونکە کەسێتی (( تاکە کەسێکی خەیاڵی یان واقیعیە کە ڕووداوەکانی ناو چیرۆک بەدەوریدا دەسوڕێتەوە)) ( سەماحە، 1998،ص3 )

بەپێی ئەو بۆچوونانە کەسێتی پانتاییەکی فراوان داگیردەکات و تێیدا ڕووداوەکان بەڕێوە دەبات وەک (واڵتەر کریش) دەڵێت " (( ئەگەر کەرەستەی خاوی گرێ بریتیبێت لە ڕووداوەکان و بەتایبەتی ڕووداوە توندوتیژەکان ئەوا کەرەستەی خاوی کارەکتەر، خەڵکییە )) ( بەرزنجی، 1986،ل45) بە بۆچوونی واڵتەر کارەکتەری ڕۆمان هەرچۆنێک نووسەر بیسازێنێ و بیخاتە ڕوو ئەوا لە بنەڕەتدا، کەرەستەکەی لە واقیعەوە وەرگیراوە، بەشێوازێکی ئەندێشە ئامێز و هونەرییانە خراوەتە ڕوو، کەواتە کەسێتییەکان لە ڕۆماندا لە ئەنجامی کەسانی واقیعیەوە بەرهەم هاتوون،یاخود بۆ وێنا کردن لەوان درووستکراون، بوونیادی ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر، کە ئازادە بۆ چی مەبەستێک دەیانخاتە ڕوو،چونکە (( کەسانێک دێنێتە ناو کە ڕەنگدانەوەی کەسانی ناوناخین یانیش گۆڕانێکی ئەوتۆ بەرپا دەکات کە خەبات و کۆششی لە پێناودا دەکات )) (سراج، 1986،ل96)

لەبەر ئەوە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمان وەک کەسی ئاسایی خاوەنی هەموو جۆرە ڕەهەندێکن، وەک دەروونی هزری ڕەوشتی، خستنە ڕووی بەرجەستەکردنیان پەیوەستەبە توانا و لێهاتووی ڕۆماننوسەوە، کە بە کام جۆر و سەر بە کام ڕەهەند بیخاتە ڕوو،چونکە بە بێ بوونی کەسێتی ڕووداوەکان بە ڕێوە ناچن، کە خۆی لە هەردوو جۆری کەسێتیدا دەبینێتەوە، بەو جۆرەی کە دەگونجێت، کەسێتی ناو چیرۆک کەسێتی واقیعی بێت بەڵام بە ئەندێشەیەکی هونەریانە ڕووداوەکانی ژیانی گێڕابێتەوە یان زۆربەی کات تەنها کەسایەتییەکن کە خەیاڵین و بوونی خۆیان

لەسەر لاپەڕەکان دەبیننەوە، هەر ئەمەش دەیانکات بە خاوەنی کەسێتیی لە ناو دەقی ئەدەبیدا، دەگونجێت کەسایەتی  ناو چیرۆک تەنها مرۆڤ نەبێت بەڵکو ئاژەڵێکبێت، کە باشترین نمونە ( مەزرای ئاژەڵان ی جۆرج ئۆریۆڵ) نووسەر لە ڕێگەی ئەو ئاژەڵانەوە هەوڵی گەیاندنی بیرۆکە و پەیامەکەی دەدات، لێرەدا بە هەردوو جۆری کەسێتییەوە، خەیاڵی یان واقیعی، گرینگی کەسێتی وەک ڕەگەزێک دووپات دەکاتەوە کە کاریگەری لەسەر درووستبوونی دەقەکە هەیە، کە بنەمای سەرەکییە، لەبارەی جۆری کەسێتی و پاڵەوان لە ڕۆماندا، (د. لەتیف زەیتونی ) دابەشی دەکات بەسەر دوو جۆر، کەواتە کەسێتی بە یەکێک لەم دووجۆرە دێت لە رۆماندا، ئەوانیش(( یان کەسێکی کاریگەرە و هەوڵی گۆڕینی جیهانی دەوروبەر دەدات، یان کەسێکی کارتێکراوە جیهانی دەوروبەری کەسایەتیەکی نوێی لێ دروست دەکات، هەموو پاڵەوانەکان لە قوتابخانەی ئەدەبی جیاوازدا سەر بەم دوو تەبیعەتەن یان هەنێکجار هەردووکیان )).( زەیتونی، 2002،ص34).

زەیتونی جەخت لە پێکهاتەی کەسێتی دەکاتەوە بەلایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ هەمیشە لە پێشکەوتن و گەشەی بەردەوام دایە، توانای هەیە و قابیلی گۆڕانە، بۆ نمونە لە باشەوە بۆ خراپ یان لەلاوازەوە بۆ بەهێز وە بەپێچەوانیشەوە، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕووبەڕووی کەسێتییەکان دەبێتەوە لە هەموو بارودۆخێکدا، دەبێتە هۆی درێژەدان بە دەق و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆناوی، جگە لەوەش دەرخەری سەرجەم لایەنی ڕۆشنبیری و فیکری و کۆمەلایەتیەکانە لە دەقدا، (فۆستەر ) لە باسکردنی بابەتی کەسێتیدا جیاوازی کردووە لە نێوان کەسێتی ناو ڕۆمان و کەسێتی مرۆڤ لە ژیاندا، بەم شێوەیە ((کەسێتی ناو ڕۆمان مرۆڤێکی وەک ئێمەیە، بۆیە لە جیهانی کەسێتییەکاندا، تەنها ئەوەندەکە بۆ ڕۆمانەکەی هەڵدەبژێریت، کە بەشی گەیاندنی بیرۆکەکەی بکات، بۆیە دەتوانین لە ڕۆمانەوە زیاتر لە کەسایەتی تێبگەین،نەک لە ڕێگەی خەڵکە زیندوانەی ترەوە، کە تێکەلاویمان هەیە لەگەڵیاندا )) (خەلیل، 2017، ل259).

بەو واتایەی پەیوەند و وپەیوەست بوونێک هەیە لە نێوان هەردوو جۆری کەسێتیدا، واتا ناو ژیانمان و ناو ڕۆمان دەبێتە هۆی زیاتر دەرخستنی ئەو لایەنانەی کە ئێمە درکی پێناکەین، واتا جوانی ناوە و دەرەوەی کەسەکان، چونکە لایەنی جوانی و هونەریانەی ڕۆمان لە ناخ و ڕایەڵ و دەروونی ژیانی کەسەکاندایە، کە ئێمە نایبینین و بۆمان دەردەخات، لەم بارەیەوە ( محەمەد ئەمین) هەمان ڕای هەیە لە سەر ڕۆڵی ڕۆمان لەسەر ئاشناکردنی خودی خۆمان یاخود کەسێتییەکان دەڵێت " (( لێرەدا کەسێتی ناو ڕۆمان بەدەر دەکەوێت، لەو ڕووەوە کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوە و

ئاشکراکردنی ماهیەتی مرۆڤ و هۆیەکە بۆ تێگەیشتنی لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ، هێنانە گۆی ئامانجەکانی لەمیانی کێشەو شۆڕش و ڕووبەڕووبونەوەکانیەوە))( ئەمین، 2000، ل6).

هەروەها( د. نەجم خالید ئەڵوەنی) لە بارەی کارەکتەرەوە دەڵێت ((کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکیە گرنگەکانی ڕۆمان، بەبێئەو هیچ ڕۆمانێک نانووسرێت، وە سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک پەیوەندی بە ژیان و کار و کردەوەکانی ئەوەوە هەیە، هەروەها شوێن و کات، تەنانەت ململانێ و پلۆتی ڕۆمان هەمووی بۆ دەرخستنی کەسایەتی کارەکتەر دامەزراون ))( ئەڵوەنی، 2009، ل13-14).

لەم پێناسەیەدا تەنها جەخت لەسەر گرنگی و پێگەی کارەکتەر ناکات بە تایبەت، بەڵکو بەگشتی لە پێکهاتەی ڕۆماندا لێی دواوە، چونکە بنەمای هەموو ڕۆمانێک لەسەر کەسێتییەکان دادەڕێژرێت، هەربۆیە سەرجەم توخمەکان لە پێناو کارەکتەردا کار دەکەن، بۆ دەرخستنی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی، کە ئێمەش بەو شێوەیە بەها و گرنگی کارەکتەر و توخمەکانی دیکە دەبینین.چونکە بە بێ کارەکتەر یاخود کەسێتی هیچ شتێک دروستنابێت و ڕوونادات، کاریگەری بوونی بەسەر توخمەکانی دیکەوە،ڕۆماننووس گرنگی و بایەخی تایبەتی پێدەدات،وەک یەکەم توخمی سەرەکی ڕۆمان هەژمار دەکرێت .

**دووەم : ڕووداو**

ڕەگەزی ڕووداو بنەمایەکی گرنگە لە پێکهاتەی ڕۆماندا، لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ کارێکی ئاسان نییە،چونکە ڕووداو هاوکاتە لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەدا وپەیوەستن بەیەکەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپیوەندیەکی تەواوکاریدان، گرنگی ڕۆڵی ڕوداو لە ڕۆماندا پەیوەستە بە توانای نووسەرەوە، لە ڕووی بەکارهێنانێکی هونەریانەی ڕووداوەکە و ئاوێتەکردنی لەگەڵ توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەدا،چونکە هەر دەقێک کە دەنووسرێت باس لە ڕووداوێک دەکات یان دەشێت باس لە ڕووداوێک بکات کەتا ئێستایش ڕووی نەداوە،لەبەر ئەوە دەوترێت، ڕووداو بریتیە لە ((واقع – حادثە- قەومان – پێشهات ) واتە ئەوەی کە ڕوویداوە یاخود لە داهاتوودا ئەکرێت ڕووبدات، بەشێکە لە کاری ڕۆمان و چیرۆک، یان هەندێکجار لە

ئەنجامی پێکەوەلکانی یان جێگۆڕکێ لانی کەم دووشت  یاخود دوو هێز یان یەکگرتنی و گۆڕانی دووهێز بەیەکەوە دروست دەبێت)) ( صادقی، 1388،ص93-94).

ڕووداو لە خستنە ڕوودا بەواتای ئەوە دێت، کە ڕوویداوە یاخود بەپێی پێشبینی دەکرێت ڕووبدات، هەروەها ئەم بۆچوونە دەرخەری ئەوەیە کە ڕووداو بە تەنها دروست نابێت بە بێ بەرکەوتنی ڕەگەزەکانی دیکە، وەک ئاشکرایە بەتایبەت کەسێتی کە لە ڕێگەی چەند هۆکارێکەوە ڕووداوەکان دروست دەکات، ئەم دروستبونەیش شێوازی جۆراوجۆری هەیە و پێویستی بە ناساندنە، لەو ڕێگەیەوە ((ڕووداو زنجیرە بەسەرهاتێکی پێکەوە بەستراوی واتادارە، کە لە چوارچێوەی ڕێچکە کردارێکدا لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە بەدوای یەکدا دێن )) ( عوسمان، 2010،ل16) جێگەی ئاماژە پێکردنە، کە بوونی دەقەکە (چیرۆکبێت یان ڕۆمان ) لەسەر ئەوزنجیرە بەندیەی ڕووداو وەستاوە،بەڵام جیاوازە لە بەکارهێناندا، واتا ئەو  ڕیزبەندییە، ئەگەر بەدوای یەکدا بێت بە شێوازێکی سادە و ساکار ئەوا زیاتر لە چیرۆکدا دەبینرێت بە پێچەوانەوە لە نۆڤڵ و ڕۆماندا بە شێوازێکی ئاڵۆز و تێکشکێنراودا دێت و هونەریانە دەخرێتە ڕوو، بە پێی ئەو بۆچوونە کە دەڵێت (( ڕووداو کۆمەڵێک واقیعی ڕێکوپێکە یان پەرش و بڵاوە لە چوارچێوەی کاتدا بە شێوەیەکی دیاری کراو تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن))(خەیات،2011،ل12)لێرەدا گرنگی ڕووداو بە ڕەگەزی کاتەوە خراوەتەڕوو، ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی  کە هەر ڕووداوێک ڕوودەدات، لەکاتێکدا ڕوودەدات و تۆمار دەکرێت،زۆرجار ئەو کاتە دەبێتە هۆی ناسینەوە و شوناسی ڕووداوەکە، لەیادەوەریماندا دەمێنێتەوە وەک ( شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958، 6 ی ئەیلولی 1930- کە خۆپیشاندانی بەردەکی سەرا بووە لە سلێمانی، بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970...هتد) .

 ڕۆماننوس ئازادە لەوەی ئەو ڕووداوەی بەکاریدەهێنێت واقیعی بێت یان دروستکراوی خەیاڵی خۆیبێت. چونکە (( ڕووداو بە بڕبڕەپشتی چیرۆک دادەنرێت جا ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی واقیعی بێت یان تێکەڵکردنی خەیاڵ وواقیع بێت)) ( حەسەن، 2006،ل111) گرنگە بوونی ڕەگەزی ڕووداو لە دەقدا، چونکە بە بێ بوونی ڕەگەزی ڕووداو هیچ کار و کردەوەیەک ڕوونادات،بۆیە ڕووداو ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بوونیادی دەقدا،لە هەرشوێنێک خەیاڵ هەبێت ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆماننووس سودی لێدەبینێت، چونکە خەیاڵ بنەمای سەرەکی ڕۆمانە، ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا نەبێت، چونکە ڕۆماننوس هەمیشە هەوڵ دەدات، ئەو خەیاڵە هاوشێوەی ژیان بخاتە ڕوو، کەرەستەی خاوی ناوەڕۆکەکەی لە واقیعەوە دەخوازێت، بە خەیاڵی خۆی تێکەڵ

بە لایەنی هونەری و ئیستاتیکیەوە دەخاتە ڕوو، ئەوەش وادەکات ڕووداوەکان سەرنجڕاکێشتر دەربکەون و جیاوازبن لەو ڕووداوانەی کە لەژیانماندا دەیبینین، هەر بۆیە (( ڕۆماننووس بە بێ ئەوەی هەستی کردبێت یان نە،تێکەڵی وئاوێتەیەکی لەنێوان ئەو خۆدواندن و ناخ گۆییە،بنهەست و بەر لەهەستەکانیش دەکات، هەموو شتێک لە پێناو شیرینکردنی دەقەکە و لە پێناو، دەربڕینی ڕاستەقینەی ڕووداودا ))( سەراج، 2012، ل12)هەمیشە وەک دەبینین ڕۆماننووس لە هەوڵی دەرخستنی پەیوەندی هونەریانەی بنەمای ڕووداودایە، بە تێکەڵکردنی خەیاڵ و هەست، ئەمەش وێنەیەکی هونەری جیاوازمان دەداتێ،چونکە (( ڕووداو پەیامێکی ئاشکراو ڕوونە، زۆربە شارەزاییەوە هەڵی دەبژێرێت)) ( مدانات، 2012،ص237).

دروستکەر  و دامەزرێنەری ڕووداو لە ڕۆماندا، دەکریت بڵێین بەهۆی نەبوونی هیچ بەربەستێک لەبەردەم ڕۆماننوس وە بێسنووری خەیاڵەکەی وایکردووە، کە بەشێوازێکی دیکەی  وێنەیەکی هونەری جوانمان بۆ دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی توانا و لێهاتووی ڕۆماننووس بۆبڕواپێکردنی خوێنەر، بۆ ڕووداوەکان وردەکاریی دارشتنییەوە بگرە ئاسانە، کاتێک هەستێکی وای پێدەخشێت کە ڕووداوەکە، و دەکرێت لەواقیعدا ڕووبدات، ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانی نوێدا پەیرەو دەکرێت، لە سەەتادا بەپێی مێژوو ئەو هەستە واقیعیە لای ڕۆماننوسان گەڵاڵبووە وەک ( بەلزاک، ستاندال، فلۆبیر ... هتد) چونکە خوێنەر دەقێکی لا پەسەندبوو کە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی بێت، لەبەر ئەوە ڕوودا و لە ئەنجامی کردە و ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانەوە دێتە بوون، کە لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا خۆی دەنوێنێت، واتە (( کارەکتەر هەڵسوڕێنەر و بەرجەستەکەری ڕووداوەکانە، وە دەتوانێت گەشە و جوڵ بە ڕووداوەکان بدات، وە کێشەو ململانێ درووست بکات )) ( مەجید،2013،ل23).

کارەکتەر هەمیشە بەرجەستەکەر و هۆکاری دروستکردنی ڕووداو بووە، تەنها لە یەک کاتدا نەبێت ئەویش لە دروستبوونی ڕووداوی سروشتی وەک ( لافاو، باران، بومەلەرزە ... هتد) چونکە ئەمانە ڕووداوگەلێکن بەدەر لە توانا و دەسەڵاتی مرۆڤ، بێگومان پەیوەندی نێوان کەسێتییەکانە کە ڕووداو درووست دەکات، ئەوەش لە ئەنجامی بیروبۆچوون و قەدەر و هەڵسوکەوتی وەک یەکی و دژیەکی، ململانێ دێنێتە ئاراوە و ڕووداوی لێدەکەوێتەوە، ململانێ بەهۆی ((بوونی دوو هێزی دژ بەیەک دروست دەبێت،ئیدی چ دژایەتی مرۆڤبێت لەگەڵ خۆی یان مرۆڤ و کۆمەڵ بێت،بەڵام

هەندێک جار هێزە دژەکان بە ئاشکرای نابینرێن، و بەئاسانی بەدەر ناکەوێت )) ( ئیبراهیم، 2008، ل45).

کەواتە دروستبوونی ئەو ململانێیە لەسەر دوو هێز وەستاوە و ڕووداوەکان ئاراستە بکەن، چونکە ڕووداو بنەمایەکی گرنگی ململانێیە، کە لە لایەن کەسێتییەکانەوە دروست دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت جا بە ئاشکرابێت یاخود نهێنی هەستی پێدەکریت، نووسەریش بناغەی دەقەکەی لەسەر ئەو جیاوازی و ناکۆکیی و دژیەکیە بنیات دەنێت.( پەریز سابیر) باسی دوولایەنی ڕووداو دەکات، کە ((یەکەم : جۆری ئەو بابەتانەیە کە ناوەڕۆکی ڕۆمان پیکدێنن، لایەنی دووەمیش بەکارهێنانی ئەو ناوەڕۆکە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی هونەری ڕۆمان پێک دەهێنن))(سابیر، 2001،ل 82) .

بەرجەستەکردن و بوونی ڕووداو لە هەردەقێکدا، هەیە و دەبینرێت، بەڵام پەیوەستە بە بەکارهێنانی رووداوەکەوە، لە ڕووی کەمی و زۆری و سادەیی و ئاڵۆزییەوە،وە لایەنی هونەری ڕۆمانیش بۆ هەر ڕەگەزێک پەیوەست دەبێت بەڕەگەزەکانی دیکەی وەک ( شوێن، و کات و کەس ...هتد ) ئەگەر دوور لەوان کاری لەسەر بکرێت، ئەوا داڕشتنێکی هونەریانە بە دەق نابەخشێت، ڕووداو وەک ڕەگەزێک گرنگییەکی زۆر بە دەق دەبەخشێت، هەروەک دەگوترێت (( چیرۆک ئەو کاتە ڕووخساری دەبێت کە وێنەی ڕووداوێکی تەواو دەکێشێت، ئەو ڕووداوەشی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەبێت، پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەرسێ بەشەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەش لە شێوەی ئەو پەیوەندییەی کە ئەندامەکانی لەش پێکەوە دەبەستێت)) ( عەلی، 2007، ل60).

لەم بۆچوونەدا بوونی دەق پەیوەست دەکات بە بوونی ڕەگەزی ڕووداوەوە،هەروەها ئاماژەکردنە بە خودی پێکهاتەی ڕووداو، کە بریتیە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای، کە گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت، هەموو ڕووداوێک بەم سێ ئاستەدا دەڕوات وئینجا دەگاتە ئەنجام، بەلایەنی ئەرینی ونەرێنیەوە، لە ڕۆماندا نووسەر بەپێی توانا ولێهاتووی خۆی یاری و جێگۆڕکێ بە ڕووداوەکان دەکات، لە پێناو بەخشینی ڕۆڵێکی هونەریانە و ئیستاتیکی بە دەقەکە، دەکرێت بڵێین باوترین جۆری ڕیزبەندی پێکهاتەی ڕووداو لە ڕۆمانی نوێدا زۆر دەبینرێت، لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەکاردەبرێت.بەم شێوازەیە(کۆتای و ناوەڕاست و سەرەتا)،ئەمەش تەواو پێچەوانەی شێوازە کۆن و تەقلیدیەکانە.کە لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتریش بۆ کۆتای دەستی پێدەکرد.

ئەوەش زیاتر لە چیرۆکدا دەبینرێت کە سادەو ساکاری پێوە دیارە و دوورە لە ئاڵۆزی، هەریەکە لەو شێوە جیاوازانەی ڕووداو پێگە وگرنگی خۆیان هەیە،بۆ نمونە ئەگەر بیخەینە ڕوو ( سەرەتا ) وەک کلیلێکە یاخود دەروازەیەکە بۆ چونە ناو بابەتەکە، بەشێوەیەکی گشتی زانیاری وەرگرتن لەمەڕ بابەتەکە، دواتر بەرەو ( ناوەڕاست ) خۆی لە هەڵکشانی ڕوودا و ململانێ کەسییەکان و جووڵەو چالاکی زیاتردا دەبینێتەوە، تاوەک و گەیشتن بە چەق و سەنتەری ڕووداوەکان، کە لە لووتکەدایە، دواتر هێوربوونەوەی ڕووداوەکان و داشکان وهاتن  بەرەو چارەسەری کۆتای، گەیشتنی خوێنەر بە کۆتایی ڕووداوەکان و ئەنجامەکەی، کەواتە دەکرێت بڵێین ڕووداو یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان و پێکهێنەر وبنیاتی هەردەقێکی سەرکەوتوو، هەموو ڕووداوێک ڕەنگدانەوەی بیری نووسەرەکەیەتی، گەر ڕووداوێک لە زەینی نووسەردا لە ئارادا نەبێت، ئەوا چۆن دەتوانێت ڕۆمانێک بنووسێت، هەر ئەمەش وای کردوە کە ڕەگەزی ڕووداو هەمیشە جێی گرنگی و بایەخی نووسەربێت، پرۆسەی گێڕانەوەکەی لەسەر بوونیات بنێت، کە لە لایەن کارەکتەرەکانەوە بەڕێوە ببرێت، لە چوارچێوەی کات وشوێن و پلۆتی ڕۆمانەکەدا.

**سێیەم : شوێن**

یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان ئەو سەرزەمینەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، یەکەیەکی کاریگەرە لەسەر ڕەگەزەکانی دیکە، بە تایبەت لەسەر سروشتی ڕووداو کەسێتییەکان، چونکەئەو زەمینەیە یاخود پانتاییە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، کەسێتییەکان ڕۆڵ دەبینن تێیدا، چونکە شوێن بووەبە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، بەوەی کە شوێنی تایبەتیان بۆ داناوە لە ناو دەقدا،چونکە بەبێ ئەو ڕەگەزە نووسینی چیرۆک یان ڕۆمان دەبێت بەشتێکی مەحاڵ، (( ئەو شوێنەیە کە چیرۆکەکەی لەسەر دادەمەزرێت وا لە ڕۆمانەکە دەکات وەک واقیع دەرکەوێت نەک خەیاڵ )) ( الحمیدانی، 2000،ص65).

ئەو شوێنەش وەک هەر شوێنێکی دیکەی ناو ژیانی ڕۆژانەمان سێ مەودا لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش ( بەرزی و پانی و درێژی) کە هەریەکەیان بوون وگرنگی خۆی لەسەر دووانەکەی دیکە بنیات دەنێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەو چوارچێوەیە یان ئەوزەمینەیە،کە سەرجەم توخمەکانی دیکە

لە خۆیدا جێدەکاتەوە، و دەیانگرێتە خۆ، چونکە (( دیارخستنی شوێن، لە چیرۆکدا بەشداری لە چەسپاندنی بناغە و هونەری چیرۆکدا دەکات )) ( ئەحمەد، 1998،ل84 ).

بەو واتایەی پێگە و ڕۆڵی شوێن وەک هەر ڕەگەزێکی دیکەی و کەمتر نییە لە ئەوان، وە پەیوەست بە ئەوانەوە دەردەکەوێت، چونکە ((شوێن بە دابڕاوی لەتوخمەکانی دیکە گێڕانەوە ناژی، بەڵکو لەگەڵ پێکهاتە و چیرۆکەکانی دیکەی گێڕانەوە پەیوەندی جۆراوجۆر درووست دەکات، لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی نێو ڕۆمان )) ( أبراهیم، 2002،ص102).

کەواتە شوێن گرنگی و بایەخی خۆی لەسەر ئەو پەیوەندیەی نێوان توخمەکان وەردەگرێت بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو پەیوەندیە، ئەستەمە لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا لە چەمکی شوێن تێبگەین، ئەو بۆچوونە ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە تووخمەکان بە سەرجەمیان دەبنە دروستکەر و بنیاتی دەقەکە، نەک بەتەنها .ئەگەر بێینە سەر گرنگی شوێن ئەوا ڕای ( جاستون باشلار ) وەردەگرین، کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا بە ناوی (جمالیات المکان )دا، دەڵێت (( هەرکارێکی ئەدەبی شوێن فەرامۆش بکات و بە گرنگی وەرنەگرێت ئەوا تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدا، هەروەها بۆ خوێنەر کاریگەر نابێت )) ( باشلار، 1980، ص6).

ئەم بۆچونە جەخت دەکاتەوە لە گرنگی و بوونی شوێن، کە دەبێتە هۆی بەخشینی بەهاو تایبەتمەندی بە دەقەکان، ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە کە لەسەرەتادا سەبارەت بە شوێن دەخرانە ڕوو، کە تەنها بۆ ئەوەبوو خستنەڕوو و پیشاندانی توخمەکانی دیکە بەکار دەهات، هیچ بەهایەکی تایبەتی نەدرابویە، تەنها وەک کەرەستەیەکی بێگیان وئەرکی زەمینەسازی بوو بۆ کەرەستەکانی دیکە و هیچ چالاکی ڕەبتێکی نەبوو، تەنها  شوێنێک بوو بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەوە زیاتر لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بەو جۆرە بوو، واتا بەپێی مێژوو (( دوای سەدەی نۆزدە گرنگی دان بە شوێن وەک توخمێکی سەرەکی ناوە ڕۆمان دەستی پێکرد ))( محمەد حاجی،2009، ل 137 ) بەو دەستپێکردنە هەنگاوی تازەی هەڵهێنا و توانی لەو چوارچێوەیە دەربچێت و ئەو بۆچوونانە لە ڕۆمانی نوێدا و لە ئێستادا تەواو پێچەوانە بووەتەوە،چونکە شوێن تەوەرێکە وەک توخمێکی هونەری بەشدارە لە بنیاتی ڕۆماندا وەک ڕەگەزێکی چالاک و زیندووی دەق هەژمار دەکرێت وتوخمەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تەنانەت کاریگەری زۆری بەسەر توخمەکانی دیکەوە هەیە ((شوێن مەودا و مەتریاڵی واقیعیە، ئەو پارچەیە، کە ڕووداوی لێ ڕوودەدات ...

بەواتای ئەوەی کەدروستکەری کارتێکەر فیکریەکان و هاوئاستی کردەی سروشتی دەبێت، توانای خەڵک و ئاراستکردنیان لە خۆ دەگرێت )) ( عوسمان، 2010،ل48 ).

لەو پێناسەیەدا پێکهاتە و بەهاو گرنگی شوێن دەردەخات، بەهاو گرنگی شوێن دەخاتە ڕوو پەیوەست بە ڕەگەزی ڕووداوەوە، چونکە (( بەبێ شوێن هیچ ڕووداوێک ڕوونادات)) ( بەحراوی، 1990،ص30).پەیوەندیەکی توندوتۆڵ بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، لەبەر ئەوە لە ڕۆماندا لایەنی هونەری شوێن زیاتر بەهۆی پێگەی کەسێتی و ڕووداوەوە دێتە بوون، کە دەری دەخەن بۆ خوێنەر و ئاشنای دەکەن، لەڕێگەی وەسفکردن یاخود جوڵە و دایلۆگی کەسەکانەوە دەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیندوێتی و جوڵەبەخشین بە شوێن، بەڵام دروست نییە بگوترێت بەهۆی ئەو ڕەگەزانەوە دروست دەبێت،یاخود هەرلایەنێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکە  چونکە بوونیەتی شوێن هەم لە ژیانی ڕاستەقینە و هەم لە ناو ڕۆماندا خەیاڵیی هەیە.

 ئەگەر وانەبێت چۆن کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە ئەو هەستەمان بۆ دروست دەبێت و قەناعەتی پێدەکەین، کە ئەو شوێنانە ڕاستەقینەن و بوونیان هەیە، چونکە بوونی شوێن تەنها لە بیر و زەینی ڕۆماننووسدا دروست نابێت بەڵکو پێویستە بە سودوەرگرتن و هێنانی کەرەستەی ناو واقیع و گواستنەوەی لە لایەن ڕۆماننوسەوە بۆ ناو واقیع ڕۆمان بەڵام هەر بە ڕاستەوخۆی نا، بەڵکو دەستکارییەکی زۆر دەکرێت لە گۆشەنیگای خۆی پەیوەست بە هزر و توخمەکانی دیکە ناو ڕۆمان و دەیکات بە شوێنێکی هونەری، ئەمەش شوێن لە سروشتی ئاسایی خۆیەوە دە گۆڕێت بۆ شوێنێکی خەیاڵی وئەندێشە ئامێز، لەگەڵ ئەوەیشدا شوێن هەیە خەیاڵی نووسەر دروستی دەکات، بۆ نمونە لە ڕۆمانی ( نەتەوەی ژێرابەکان) بەشێکی زۆر ڕووداوەکان، لە ژێرابەکانی ژێر شاری بەغدادا ڕوودەدەن، لە کاتێکدا بوونی نییە، بەڵام بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆماننووس ئەو شوێنەی خستۆتە ڕوو.لەڕاستیدا شوێن (( هەستکردن بە مەغزای ژیان دەگەیەنێت، جەخت لەسەرکشان وبەردەوامی ژیان دەکاتەوە)) (ساڵح، 2011، ل 57 ).

کە واتای شوێنی ڕاستەقینەی بە ڕۆمان دەبەخشێت، ئەمەش وادەکات تام و بۆنی ژیان بدات.کە دەگەڕێتەوە بۆ وێنەکێشانی لە لایەن ڕۆماننوسەوە، چونکە پێکهێنانی شوێن، لە هونەری شێوەکاری دەچێت، کە بەهۆی وشەوە لە ڕێگەی وەسفەوە دروستدکرێت، بەشێوەیەک دەیخاتە ڕوو، کە خوێنەر وا هەست دەکات وێنەیەکی ڕاستەقینەی واقیعیە،بەشێوەیەک هەستەکانمان تێکەڵ دەبێت لە گەڵیدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی نێوان شوێن و ژیان  و شوێنی ناو ڕۆمان

بەردەوامە،ئەوەی وای لێدەکات خەیاڵی بێت لایەنی هونەریەکەیەتی، کە ڕۆمان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو شوێنێکی خەیاڵ وئەندێشە کراوبێت، بەڵکو دەگونجێت شوێنێکی کوتومت واقیعی بێت و ڕۆماننوس بەکاریبهێنێت، کەواتە شوێن لە ڕۆماندا جۆراوجۆرن و هەروەها ڕاوبۆچوونی جیاوازیش هەیە لەسەری.

لێرەدا لە ڕووی جۆرەکانی شوێنەوە، بۆچوونی ( تانیا ساڵەح ) وەردەگرین، کە خۆی لە جیاکردنەوەیەکی ورد و پوختتدا دەبینێتەوە:

1- لەڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە( شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی )

2- لە ڕوانگەی چەمکی هۆگرییەوە ( شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر )

3- لە ڕوانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە ( شوێنی کراوە و شوێنی داخراو))( ساڵح، 2011،ل79) شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنەیە کە خەیاڵی نووسەر دروستی دەکات، هەروەها شوێنی واقیعی ئەو شوێنە، سروشتیانەیە کە لە ژیانی هەریەکەماندا بوونی هەیە،هەروەها شوێنی هۆگر، مەبەست لێی ئەو شوێنانانەیە کە مرۆڤ یادەوەری هەیە، وەک شوێنی لە دایک بوون و گەورەبوون ئەو شوێنەی کە بەخۆشی تێیدا ژیاوە، تایبەتە بۆی .شوێنی نا هۆگر، بە پێچەوانەی شوێنی هۆگرە لەم جۆرەدا مرۆڤ یان کارەکتەر لەو شوێنەدا نەژیاوە بەڵکو بەهۆی بارودۆخی ناچاریی و ژیانەوە ڕێی کەوتوەتە ئەوێ، هیچ هۆگری و هەستێکی نییە بۆی.ئەگەر بێینە سەر شوێنی داخراو وکراوە، شوێنی داخراو ئەو شوێنەیە کە تایبەتە و پەیوەستە بە یەک کەسەوە،بە پێچەوانەی شوێنی کراوە، کە شوێنێکی گشتییە و بۆ هەموو کەسێکە،شوێن بە هەرجۆرێکبێت واتای بوون و ژیانمان دەگەیەنێت,هەر لە کۆنەوە پەیوەستبوونی مرۆڤ بە شوێنەوە شتێکی سروشتییە.

بەتایبەت ئەو زەمینەیەی کە مرۆڤ تێیدا لە دایک دەبێت و گەورە دەبێت، وە کۆمەڵێک یادەوەری تایبەت بەخۆی هەیە لەو شوێنەدا، ئەوەی ئاشکرایە کە مرۆڤ هەمیشە هۆگری ژیانیەتی، چونکە ژیانی مرۆڤ لە واقیعدا سەری هەڵداوە، ڕۆمان و چیرۆکیش ڕۆڵێکی باشیان بینیوە لە خستەڕووی ئەو واقیعە، لەبەر ئەوە ئەو پەیوەندیەی لە نێوان کارەکتەر وشوێندایە، پەیوەستبوونی کارەکتەر بە شوێنەوە دەخاتە ڕوو، هەر بۆیە (( ڕۆماننووسان وە چیرۆکنووسانی کورددا لەئەدەبی کوردیدا هەمیشە پەیوەستبوون بە شوێنەوە، هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و هەڵچوون و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی کەسێتییەکانیان بە شوێنەوە پەیوەندکردووە )) ( أیبراهیم، 2008،ل26)

ئەگەر ئاورێک لە ڕۆماننووسانی کورد بدەینەوە دەبینین زۆرمان هەیە لەو شوێنەی تێیدا لە دایک بووە یاخود ژیاون کردویان بە هەوێنی نووسینی ڕۆمانەکەیان، لە ناو نووسیەنەکانیاندا کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە، ناوی شوێنێک کراوە بە ناونیشان بۆ ڕۆمانەکان.

بۆ نمونە ڕۆمانی (شار ) ی ( حسێن عارف ) وە ڕۆمانی ( پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان ی شێرزاد حەسەن ...) شوێن کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر دەروونی و فیکری مرۆڤەوە هەیە، بۆنمونە لە ڕۆمانی ( هێلانە)ی ( حسێن عارف)دا، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بە ناوی ( سوبحان ) لە ڕۆمانەکەدا هۆگرییەکی زۆری هەیە بۆ شوێنەکەی کە گوندێکە ناوی ( حاجی سوبحانە) کە شوێنی لە دایکبوونیەتی، کاریگەری وخۆشەویستی بۆ شوێنەکە وای کردووە، دیدی و تێڕوانینی جیاوازبێت بۆی، واتا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر درووست کردووە،کە گوندێکی بچوکە( کوێرە دێ) کورد وتەنی وەک پایتەختی جیهان ببینێت و بناسێنێت  هەڵبژاردنی شوێن لە ڕۆماندا پێویستی بە لێهاتووی و شارەزای تەواوی ڕۆماننووس هەیە بۆ ئەو شوێنە و ئیشێکی وردی دەوێت، چونکە شوێن جۆراو جۆری زۆر لە خۆدەگرێت، هەروەک و چۆن پێگەی شوێن لە ڕۆماندا بەوە دیار دەخرێت، کە ((نووسەر چەند سەرکەوتوو بووە لەوەی بیکاتە دەربڕینێکی خوازەیی لە شتێک کە پەیوەستە بە دەروون یان ئاستی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری کەسێتییەکەوە )) ( خەلیل، 2017، ل 283 ).

بەو پێیە توانا نووسەر دەوردەبینێت لە کاریگەربوونی شوێن لە رۆماندا، چونکە جۆرە هەستێکی لەگەڵدا تێکەڵ دەکات کە دەبێتە هۆی چێژداری و سەرنجراکێشانی خوێنەر، بۆ هۆگربوونی تەواوەتی بە شوێنەکەوە، ئەو هەستەش وا لە مرۆڤ دەکات کە لەناو یادەوەریەکانیدا بژی و کەسێتییەکی تەواو هۆگر دروست دەکات بەو شوێنەوە،کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری  ئەو ئەرک و ڕۆڵەی شوێن دەیبینێت لە دەقەکەدا، کە ئەوانیش بریتین لە (( ڕازانەوەی ژیانی کارەکتەر و ڕووداوەکان، دۆزینەوەی فەزا و ڕەنگی بارودۆخی دەق، خولقاندنی فەزایەک کەوا لە کارەکتەرەکان دەکات بە واقیع کاریگەربن )) ( صادقی، 1385،ص254)

هەموو ئەوانەی وادەکات شوێن ڕەگەزێکی گرنگ بێت و بەجۆرێک سەرجەم توخمەکانی دیکە کۆدەکاتەوە بوونی ئەو گرنگی وکاریگەرییەی شوێن هەیەتی وا دەکات ڕاستەقینەی بە دەق ببەخشێت، جگە لەوەش لایەنی ڕاستگۆی نووسەری دەق بۆ ڕووداوی دەقەکە دەخاتە ڕوو،

ئەوەش وادەکات، چێژێکی زۆر بە خوێنەر دەبەخشێت، چونکە شوێن لە ڕۆماندا بێسنووورە وە پانتاییەکە بۆ ژیان.

**چوارەم : کات**

کات ئەو ڕەگەزەیە لەڕۆماندا کە سەرجەم پێکهاتە و کار و چالاکی توخمەکانی دیکەی بە پێی ئەو یاسایەی کە هەیەتی لێی بەدەر نییە( ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ی تێدا تۆمار دەکرێت،چونکە ئەوەی ڕاستی بێت هیچ گێڕانەوەیەک بە بێ کات نابێت، کاتی ڕۆمان (( ئەو کاتە ڕێژەییەیە کە چۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسێتییەکانی لە ئێستا وڕابردوو و ئایندەدا، بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەیی تێکستەکە ڕێک دەخات )) ( ئەڵوەنی، 2004، ل 54).

بە پێی بۆچوونە شێوازی گێڕانەوەی دەقەکە کات دیاری دەکات، نەک خودی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن، چونکە نووسەر بە پێی پێویستی و هونەری تایبەتی دەقەکە یاخود بابەتەکە دەنووسێت، کەواتە کات چوارچێوەیەکی گرنگە بۆ ڕەگەزەکانی دیکە بە تایبەتی کەسێتی و ڕووداوەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا توانای گۆڕان و مانەوەی هەیە،پەیوەست نییە بە لە ناوچوون و بەهای لە ڕەگەزەکانی دیکە کەمتر نییە، کەواتە ئەوەی ڕۆماننوس خەریک دەکات لە ڕاستیدا (( ئەو ڕووداوانەیە کە ڕوویان داوە یان ڕوودەدەن، سەبارەت بەوەی بەسەر چووە، ئاشکرایە ڕیزکردنەکەی بە پێی زنجیرەی ڕوودانەکەیەتی ئەوەی یەکەم جار ڕوودەدات یەکەمجار باس دەکرێت))( خەلیل، 2017، ل267).

بەو پێیە بونیاتی دەقەکە دەوەستێتە سەر لایەنی فیکری ڕۆماننووس، بەوەی کە کامە ڕووداو دەکاتە هەوێنی ڕۆمانەکەی،کە لەو دووجۆرەش بەدەر نییە،بەڵام لە شێوازی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکاندا باو بووە، وەک ئاشکرایە بریتیە لە ( ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانی کۆن کە ڕیزبەندی لە ڕێکخستنی کاتدا هەبوو ئەمەش زیاتر لەو چیرۆکدا بەدی دەکرێت، بەڵام دەکرێ بڵێین لە ڕۆمانی نوێدا ئەو جۆرە بەدی ناکرێت  واتە تێکشکانی زنجیرەییەکان، بەتایبەت لە تەکنیکێکی ڕۆماندا وەک ( شەپۆلی هۆش)دا، دەبینرێت، چونکە پێشکەوتن وخولقاندنی ڕۆمان پەیوەستە بەکاتەوە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کات لە ڕۆمانی نوێدا هەمان مامەڵەی ڕۆمانی کۆن لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو چەمکی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە،بەجۆرێک لێکچوون و پەیوەندیەکی ئەوتۆ لە نێوان کاتی ڕۆمان و کاتی واقیعدا  نەماوە تەنیا کاتی خوێندنەوە ماوە لە واقیعدا،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی هونەرییانەی ڕۆماننووس،چونکە ڕەگەزەکان ملکەچی خەیاڵن و ڕۆماننوس هەمیشە لە هەوڵدایە ئەوڕەگەزانە بە شێوازێکی وا بخاتە ڕوو کە سیمایەکی واقیعی پێببەخشێت و لەو ڕێگەیەوە خوێنەریش بێنێتە قەناعەت کە ئەوە خەیاڵ نییە و واقیعە،چونکە (( زەمەنی ڕۆمان لە ڕێگەی گێڕانەوە و بەزەبری خەیاڵ...تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ وەردەگرێت کە لە زەمەنی واقیع جیاوازبێت بۆ خوێنەر و لای خوێنەر قەناعەتبەخشبێت))(عارف، 2012،ل22)

سود وەرگرتن لە کات وەک ڕەگەزێک لەمێژوودا گەلێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،بە تایبەتی جیاوازی گەورە لە نێوان سەردەمی پێش ڕێنیسانس و دوای ئەو قۆناغە، لە سەردەمی نوێدا بەکارهێنانی کات بە جۆرێکە تەنها باس لە ڕابردوو ناکات، بەڵکو باس لە داهاتوو دەکرێت یاخود بە شێوەی پێشبینی  وێنای ڕووداوەکانی داهاتوومان بۆ بکات.ئەو جیاوازیەش بووە هۆی ئەوەی کە بگوترێت ((کات نەک تەنها ڕەهەندێکی گرنگە سەبارەت بە جیهانی مادی بەڵکو هێزی فۆرمەلە بەخشی مێژووی تاک و کۆمەڵی مرۆڤە )) ( وات، 2003،ل29).

ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کات سەربەخۆی وەربگرێت و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەبێت لە ناو دەقی ئەدەبیدا، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی لەبارەی چەمکی کاتەوە کراون، بەتایبەت لە ڕۆمانی نوێدا، کە ڕۆماننووسانی ناچار کردووە وەک ڕەگەزێکی گرنگ و بناغەیەکی بەهێز لە بونیاتی دەقدا بیخەنە ڕوو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ڕۆماننووس کاتێک ڕۆمانێک دەنووسێت بە پێی زەمەنێک ڕوویداوە و ڕابردووە یاخود پێشبینیەو دەشێت ڕووبدات، کەواتە زەمەنی نووسینەکە لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە کاتەدا کاری تێدا دەکرێت بە واتای ((ئەگەر تەواوی چیرۆکێک لە جوڵە و ڕووداوێک پێکهاتبێت ئەم زنجیرە هەم کات بۆخۆی تەرخان دەکات هەم لە ماوەی کاتتدا ڕوودەدات )) ( کەسنەزانی، 2012، ل 126)ئەو بۆچوونەش دووپاتکردنەوەی بوونی ڕەگەزی کاتە وەک پێویستیەکی بنەڕەتی لە دەقدا، کە بەهۆی بوونی کاتەوە ئەو هێزە کاریگەرەی کە هەیەتی، هەرچی جوڵەو کردەی دەقەکە هەیە ئەیگرێتە خۆ، ئەو هێزەش بە ڕادەیەکە، کە لەیەک کاتتدا چەند ڕووداوێک ڕووبدەن.

هەروەک (تۆدۆرۆف)کات بەفرە ئاراستە پێناسە دەکات و دەڵێت (( کاتی چیرۆک و حیکایەت، کاتێکی فرە ئاراستەیە و دەشێت زیات لە ڕووداوێک لە هەمان کاتدا ڕووبدەن )) ( محەمەد، 2009، ل 46 ) بەهۆی ئەو مەودا فراوانەی کاتەوە لە گێڕانەوە بووە بەهۆی ئەوەی ڕۆماننووسان، چەند تەکنیکێک لە ڕێکخستنی ڕووداوەکان بەکاربهێنێت، کە لەلایەن (جیرار جینین)ەوە،دابەشکراوە بۆ سەر دوو جۆر، ئەونیش بریتین لە:

((1 - دواخراو (Analepses) واتا دواخستنی ڕووداوەکانی کاتی ئێستا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێکی دواخراو.

2- پێشخراو(prolepses)، واتا گێڕانەوەی بەسەرهاتێک پێش ڕوودانی )) ( حمدانی، 1983،ص51)،لە ڕۆماندا کاتەکان تێکەڵ بە یەکتر دەبن، تاوەک و بەگوێرەی ئەوە ڕووداوەکان بخرێنە ڕوو، لەو دوو جۆرەدا، کە یەکەمیان (دواخراو ) لە ئەنجامی بچڕانی ڕووداوەکانەوە دەبێت، بەهۆی ڕوودانی چەند ڕووداوێک لەیەک کاتتدا، دواتر گەڕانەوە سەر ڕووداوەکە، هەروەها ( پێشخراو ) ئەوەش لەو جۆرە ڕووداوانەیە، کە بەپێی پێشبینیی و گریمانەی نووسەر دەشێت ڕووبدات، ئەمەش سەرنجی خوێنەر زیاتر دەخاتە سەر ڕووداوەکان، زانیار و پێشهاتی بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەستبوونی ڕۆمان مامەڵەی ڕۆماننوس لەگەڵ کاتدا، هەروەها پەیوەندی ڕووداوەکان لەگەڵ یەکدا، لەبەر ئەوە لە ڕێگەی کاتەوە درک بە ڕەگەزەکانی دیکە دەکرێت بە تایبەت ڕووداو، چونکە ئەو دوو ڕەگەزە پەیوەندییەکی بتەویان پێکەوە هەیە.کارەکتەریش لەو پەیوەندییە بەدەر نییە، چونکە لە ئەنجامدا (( مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە کات و شوێندا بیر دەکاتەوەجۆرەها، حیکایەت و چیرۆک دەخولقێنێت))( ئەڵوەنی، 2004،ل 47 ).

ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنە ئارای ڕووداوەوە، کەواتە کات پەیوەندییەکی تەواوکاری هەیە لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی پێکهێنەری ڕۆمان، هەروەک چۆن ژیانی ئاسایی مرۆڤ لە ڕیگەی ڕێکخستنی کاتەوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە کات لە نێو ڕۆمانیشدا پێویست بە ڕێکخستنە بۆ بەخشینی سیمایەکی هونەری بەدەقەکە،((کارەکتەرەکان کاتێک تاکێتی بەدەست دەهێنن، کە لە باگراوندی کات و شوێنێکی تایبەتدابن))( وات، 2003، ل 28) .

واتە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کات و شوێندا هەیە دەبێتە دەرخەری دۆخی دەروونی کارەکتەر .ئەمش تەنها لە نێو ڕۆماندا بەڵکو لە ژیانی واقیعیدا ڕەنگدانەوەی هەیە،بەدەردەکەوێت،تاکگەرایی و بایەخدا بە لایەنی تایبەتی تاکەکان و پەیوەست بە وێناکردنی شوێن و کاتێکی دیاریکراو، تاکێتی فەراهەم دەکرێت، ئەو جوڵە و ڕووداوانەی کەلە لایەن کارەکتەرەکانەوە ڕوودەدات لە کاتێکدا ڕوودەدەن و تۆمار دەکرێن، بەپێی ئەو چالاکیانەی ئەنجامی دەدەن ڕەوتی کاتەکانمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە (( ماوەی کات لە ڕۆماندا، بەدرێژای کاتەکە کۆمەڵێک ماوەی جیاواز لە ژیانی کارەکتەرەکان لە خۆ دەگرێت ))(پایندە، 2009، ل135).

پەیوەندی نێوان کات و کارەکتەر و ڕووداو پەیوەندیەکی بازنەییە کەوا لە کارەکتەر دەکات پەیوەستی ئەو کاتەبێت کە تێیدا دەژی و هەر ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی لەو کاتە دیاری کراوەدا جێدەهێڵێت، بۆ نمونە کاتێک کارەکتەرێک دڵخۆش و گەشبینە، توانای تێگەشتنی زیاترە لە ڕووداوەکان و هەست بە خێرا تێپەڕینی کات دەکرێت لە گەشەسەندنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا، کەئەمەش پێچەوانەکەی تەواو درووستە. کە ئەو کاتە بە کاتی سایکۆلۆژی ناو دەبرێت و لە ڕۆمانەکاندا دەبێتە هۆی چێژ بەخشین ((نووسەر ئەو کاتە ئەندێشەییە دە ئافرێنێت بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەی کەسایەتی و ڕووداوەکات ...، جا بەکورتکراوەی بێت یان بە درێژەدان و خاوکردنەوە )) ( سەراج، 2007،ل79) بەواتای بوونی ئەو کاتە خەیاڵییە وەک پێویستیەکی سەرەکی لەدەقدا بۆ ڕەگەزەکانی دیکە، وە ڕۆماننوس دەست دەکات بە درێژکردنەوەی ئەو کاتە، بە چەند تەکنیکێکی جۆراوجۆر ئەوەش کەوتوەتە سەر پێویستی دەقەکە و چۆنێتی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان بە نیسبەت درێژەپێدان و خاوکردنەوە، هەندێک جار واپێویست دەکات بە خێرای بخرێتە ڕوو.

بەوەش ماوەیەکی زۆر لە کاتی گێڕانەوەکە داگیر ناکات، هەندێکجاریش پێویست بە خاوکردنەوە و هێواش کردنەوەی دەکات، ئەو کردارەیش ڕۆماننووس لە ڕێگەی وەسفەوە ئەنجامی دەدات، کە وەک تەکنیکێک لە ڕۆماندا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لەوڕووەوە، ئەمەش مەودایەکی زیاتر بۆ گێرانەوە تەرخان دەکات، زۆرجار هێواشکردنەوەی کاتی ڕۆمان لە ڕێگەی (Dialoge دیالۆگ )ەوە، دەبێت . واتا گفتوگۆی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکدیدا، هەروەها ( Monologue مۆنۆلۆگ ) کە قسەکردنی کەسەکان لەگەڵ خودی خۆیان.

ئەمانە کەم تا زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەی خاوکردنەوەی کات لە ڕۆماندا، جگە لەوەش سیمایەکی هونەری پێدەدا و زیاتر کاریگەر و سەرنجڕاکێش دەبێت، واتا ئەو ماوە جیاوازەی ژیانی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا، ڕۆماننووس چەند بیەوێت بە پێی پێویستی دەقەکە درێژەی پێدەدات .ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەو بڕوایەدان کە دەتوانرێت کاتی ڕۆمان بکرێتە دووبەشەوە:

((1 – کاتی حیکایەت : ئەو کاتانە دەگرێتەوە، کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا لەدایک دەبێت.

2– کاتی گێڕانەوە : ئەو کاتانەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا دەگێڕێتەوە))( ئەڵوەنی، 2004،ل55)

.کاتی حیکایەت یەکسانە بە کاتی ڕووداوەکان، ئەو ڕووداوانە کە بە درێژای ڕۆمانەکە بە شێوەی زنجیرەی ڕوودەدەن و کاریگەریان لەسەر یەکدی هەیە،بەڵام کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە، کە زەمەنی ڕووداوە و بەسەرهاتەکان کۆتای پێهاتووە، ڕۆماننووس بە زەمەنی ڕابردوو بۆ خوێنەری دەگێڕێتەوە، کە هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەنووسەر یاری بەکاتەکان بکات و لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی دیکەی یاخود لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت.وەک لەچیرۆکی ( لە خەوما )ی (جەمیل سائیب ) کە خوێنەر سەرجەم ئەو ڕووداوانەی کە دەیخوێنێتەوە، لە چەند چرکەیەکی خەوبینیندا ڕوویان داوە لە ڕابردوودا، بەڵام شێوازی کاتی حیکایەتەکە بە شێوازی بەردەوامی وبەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان گێڕراوەتە.

ئەمەش دەبێتەهۆی چێژ بەخشین و کەمەندکێشکردنی خوێنەر بۆ بەردەوامی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە.بەهۆی کاریگەری ڕەگەزی کاتەوە لەسەر ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان بە گشتی و شوێن بە تایبەتی، لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی ڕەگەزێکی نوێیان دیاری کردووە کە پێکهاتووە لە هەردوو ڕەگەزی ( شوێن و کات ) پێکەوە، بە ناوی ( شوێنکات)

### پێنجەم : شوێنکات Chronotop

چەمکێکی نوێیە و توخمێکی ئاوێتەی ڕۆمانە و لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو توخمی ڕۆمان ( شوێن و کات ) دروستبووە، بەمەش وێنە و واتایەکی هاوبەش فۆڕمێکی نوێ دەبەخشێت، وەک زاراوەیەکی ئەدەبی (باختین) لێی دواوە و دەڵێت(( شوێنکات لێکجیا ناکرێتەوە چونکە تەواوکەری

یەکترن،بۆ زاراوەی(chronotop) ی بۆ بەکارهێناوە، کە واتای شوێن کات دەبەخشێت ))( تۆدۆرۆف،1992،ص145). ئەگەر بێینە سەر شیکاری زاراوەکە دەگوترێت(( (chronotop) وشەیەکی لاتینیە لە دووبەش پێکهاتووە (chronos) واتای کات دەگەیەنێت(tops) واتای شوێن دەگەیەنێت.واتا شوێنکات دەگەیەنێت هەربۆیە لەبەرامبەردا وشەی (chronotop) بەکارهاتووە))( الحتیبی، 2015،ص20) لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لە نێوان شوێن و کاتتدا هەیە،چەمکی شوێنکات درووستبووە، بەلای باختینەوە، لە ڕووی تەکنیک و تێگەیشتن لە شوێنکات بریتیە (( لە هەڵمژینی کۆی تایبەتمەندیکانی کات و شوێن، لە نێو هەر ڕگەزێکی ئەدەبیدا کە لە ڕێگەی تێکەڵبونی ڕەگەزەکانی شوێن و کات، شوێنکات دێتە بوون ))(باختین،1990،ص5).

کەواتە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیە جەوهەریەدا کە لە نێوان شوێن و کاتتدا هەیە گۆڕانکارییەک ڕوودەدات، لێرەدا ((کات چڕتر دەبێتەوە و دەبێتە کاروبارێکی تەکنیکی بینراو، هەروەها شوێنیش تێکەڵکێش دەبێت بەجوڵەی کات... پەیوەندیەکانی کات لە شوێنەکەیدا دەردەکەون و شوێنەکیش بە کات دەپێورێت،لە ئەنجامی ئەو یەکتر بڕین و پەیوەندیەدا شوێنکاتێکی هونەری دروستدەبێت )) (باختین،1990،ص5-6) کەواتە بە هۆی پەیوەندی بەهێزی کات وشوێن بووە بە هۆی چەسپاندنی شوێن کات، لە ڕۆمانیشدا شوێن بە پێی پێویستی و بەکارهێنان دەبینین تیایدا کات ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە،کە مانا و واتای خۆی لە شوێندا دەخاتە ڕوو، شوێنیش لە کاتتدا هەستی پێدەکرێت و دەخرێتەڕوو، لەبەر ئەوە(( کات و شوێن دوو ناوی وەرگیراوی(مشتاق)ی یەکترن، لەبابەتێکی دیاریکراوی وەک شوێنی کردار یان کاتەکەیی، چونکە لە یەک کاتتدا پەیوەستن بەیەکەوە )) ( ڕەئوف، 2010،ل7 )

ئەمەش پەیوەستبوونی کاتی ڕووداو بە شوێنی ڕووداو لەبەرئەوە لە ڕۆماندا گرنگی کات لەوەدایە کە ناتوانرێت لە شوێن جیابکرێتەوە چونکە جیهان کە دربڕینی شوێن، بە تەنها شوێن نییە،مەبەست لە پێکهاتەی شوێن و کاتە، واتە شوێن کاتییە، لەگەڵ ئەوەیشدا جیا لە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیان بە ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانەوە هەیە، چونکە هەر ڕۆمانێک بەرهەمی سەردەمەکەیەتی سەرباری فراوانی و گەورەی قەبارەی بەلام لە شوێنێکدا و لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا بە پێی کات دەخرێتە ڕوو،کەواتە هەردووکیان لە کاردان و لەهەوڵی گەیاندنی واتا و مەبەستی دەق دەدەن، ئەمەش بەخشینی واتا و ڕەهەندێکی نوێترە لە ئەدەبدا، کە هاتوەتە

ئاراوە((پێکهاتەی شوێن و کات وەک چەمکێکی ئەدەبی مەبەست لە جۆرە شوێن و کاتێکە کە کۆمەڵێک دیاردەی تایبەت لە خۆ دەگرێت))(تۆدۆرۆف، 1992،ص146).

چونکە تیایدا هەموو گێرانەوەیەک چیرۆک بێت یان ڕۆمان یاخود هەر جۆرێکی دیکە واتا و فۆرمی خۆیان دەدۆزنەوە، بەمەش دەتوانین شوێن و کات دیاری بکەین، شوێنکات وەک دوو توخمی تەواوکەری یەک لە ڕۆماندا دەبینرێت،هەرچەندە لەگەڵ ئەوپەیوەستبوونەیشدا، لە دژیەکی بەدەر نین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ((بەردەوامێتی کاتەکە مەبەست گۆڕینی شوێنە، بەڵام شوێن بەرەنگاری ئەو گۆڕانە دەبێتەوە و هەوڵدەدات کە ڕووکاری خۆی بپارێزێت))(عوسمان، 2010،ل48).

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی ڕەگەزی شوێن لە ڕۆماندا، کە بووە بەهۆی لە خۆگرتنی پانتاییەک بۆ ئەو کاتە زۆرە، کەواتە شوێن  توخمێکی زیندووە و ئەو چوارچێوەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن وە کاریگەری کاتی تێدا دەبینرێت،لیرەدا چەمکی شوێنکات (( هێزی خەیاڵ بخاتە ڕوو، جگە لەوەش پێکهاتەیەکی وردەبۆ خستنەڕووی توانای وێنەکردنی ئارەزووەکان و هەستکردن بە واقع )) ( رەئوف، 2010،ل9) لەو بارەیەدا شوێنکات وەک هونەرێک هەڵدەستێت بە دیاریکرنی پەیوەندی نێوان نووسەری دەق لەگەڵ واقیعدا، ئەمەش پەیوەستبوونی شوێنکات بەنووسەرەوە دەخاتە ڕوو،هەروەها بەشداریکردنی هەردوولایە لە گەیاندنی ئەو واتایە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین شوێن وکات دیاری بکەین.

## ب: جۆرەکانی ڕۆمان

لە دوای سەرهەڵدانی ڕۆمان  بەهۆی جیاوازی لە حەز وخولیای خوێنەران و پێداویستی سەردەمەکان، بوو بەهۆی هاتنە ناوەوەی جۆری جیاوازی ڕۆمان .هەر وەک چۆن لە پاش سەرهەڵدانی شیعر چەندین جۆری وەک شیعری ( داستانی و گۆرانی و فێرکاری ... هتد )هاتنە ئاراوە، بە هەمان شێوەیش چەندین جۆر ڕۆمان لە لایەن ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەبییەوە، هاتونەتە دەستنیشانکردن .کە جیاوازی و دەستنیشانکردنی هەر جۆریک لە جۆرێکی دیکە،دەکەوێتە سەر ناوەڕۆکی ڕۆمانە، یاخود سەردەمی نووسنی ڕۆمانەکە (کۆن و نوێ) یان

هەندێک جار لەسەر بنەمای تەکنیک و شێوازی نووسینەوەی ڕۆمانەکە، بەراورد و جیاوازی دەکرێت لە نێوان جۆرەکاندا.

کە بەشێوەیەکی  گشتی خۆی لەم چەند جۆرە دابەشکردنەوەدا دەبینێتەوە،وەک ڕۆمانی(( ڕاستەقینە، سەرکێشی، مێژوویی، پەیامی، پەروەردەی، تۆقێنەری، ژیاننامە، گاڵتەئامێزی، هێمایی، هەرێمی، پۆلیسی، ڕۆشنبیری، دەروونی دڵداری، ڕووداو، کەسایەت، زانستی خەیاڵی، کالتوری، فەنتازی، سروشتی، نهێنی، منالان، هەستیاری، ڕۆمانی نوێ))(Kuiper,2012.p23-24) .

بەڵام هەندێکی دیکە لە توێژەران بەپێی ناوەڕۆک، پۆلێنبەندی بۆ ڕۆمان دەکەن، ئەم چەند جۆرەی لێ دەستنیشان دەکەن، وەک (( کۆمەڵایەتی، پۆلیسی، سۆزداری، مێژوویی، ئەزموونی، پەروەردەی، ڕووداو، دەروونی، شەپۆلی هۆش، گوندیانە یان شوانی، سیاسی، کەسایەتی، دژە ڕۆمان، پڕ ڕووداو، تۆقێنەر و ترسناک، بەڵگەیی و نامەکاریی))(برادبری، 2008، ل15-16).هەندێکی دیکە لە توێژەران، بەپێی گرنگی و بایەخی جۆرەکانی ڕۆمان ڕیزبەندی دەکەن، یان دەتوانین بڵێین بەپێ گرنگی پێدانی خوێنەران بەو جۆرە ڕۆمانە، چەند جۆرێک ڕۆمانیان دەستنیشان کردووە، لەوانەیش(( پۆلیسی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، خەیاڵی زانستی، بایۆگرافی، فێرکاری، مێژوویی، فەلسەفی، نوێ، سۆزداری و ئەڤینی ))( ئەسوەد، 2011،ل 231-232).

وەک دەبینن لە نێوان هەمووجۆرە دەستنیشانکراوەکاندا لەلایەن توێژەرانەوە، چەند جۆرێک دووبارە بوونەتەوە و کە ئەمش بۆ گرنگی و بەهێزی ئەم جۆرانە دەگەڕێتەوە، بەڵام چەند جۆرێک هەیەکە تەنها لای چەند نووسەرێک ئاماژەی پێکراوە و لای چەند نوسەرێکی دیکە ئاماژەی پێنەکراوە،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ هێزی واتە کەمی جۆری ئەو ڕۆمانە یاخود تازەی ئەو جۆرە ڕۆمانە .

ئەگەر باسێک لە جیاکاری نێوان جۆرەکانی  ڕۆمان بکەین لە نێو ئەدەبی کوردیدا ئەوە دەبینین، بەهۆی تازەی خودی ژانری ڕۆمان لە نێو ئەدەبی کوردیدا،تا ئێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە جۆرەکانی ڕۆمانی کوردی دیاری بکرێت و ئەو ڕۆمانەنە دەستنیشان بکرێت کە دەچنە نێو ئەو خانەی ڕۆمانەوە،بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمان لە نێو ئەدەبی کوردیدا وەک وەڵامدەرەوەی سەردەمی خۆی و پێویستیەکی واقیعی دەرکەوتووە، واقیعی کۆمەڵگەی کوردیش بەهۆی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی، نالەباری ڕەوشی سیاسی، نەبوونی ڕۆشنبیریەکی فراوان لە نێو

کۆمەڵگەدا، ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی ڕۆمانی کوردی ببێتە ئاوێنەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی وجۆرەکانی ڕۆمانیش ببێتە دەستنیشانکەری جۆری کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکە،هەر بۆیە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی، چەند جۆرێکی ڕۆمان دەستنیاشان دەکەن وەک ڕۆمانی ( کۆمەڵایەتی- سیاسی – دەروونی – دڵداری و ئەڤینی – مێژوویی ) لەم ساڵانەی دوایشدا زۆربەی جۆرەکانی دیکەی ڕۆمان لە نێو ئەدەبی کوردیدا نووسراون وەک (ڕۆمانی خەیاڵی زانستی ).

بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە زۆری ڕۆمانەکان دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوون، کە ڕۆمانی کۆمەڵایەتی زیاتر مەبەست لێی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە،چونکەئەم جۆرە ڕۆمانە (( بەزۆری ڕۆمانی کۆمەڵایەتی بەنیازی ئامۆژگاری، یان لەوانەیە بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا، دەنووسرێت ))( برادبری، 2008،ل16).

نمونە بۆ ئەم جۆرە لە ڕۆمانی کوردیدا، ڕۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە)ی ڕۆماننووس (شێرزاد حەسەن )ە،کە بە ڕوونی باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەکات،کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بەناوی( شادی )توشی کێشەیەکی گەورەدەبێت،کە بەکێشەی شەرەف ناودەبرێت لەکۆمەڵگای کوردیدا،کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پیاوسالاری و بێڕێزی کردن بەرامبە بە ئافرەت و مافی ئافرەت، لە کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا.هەروەها نمونەیەکی دیکە ڕۆمانی( توانەوە )ی ( غەفور صاڵح )کە لەم ڕۆمانەدا دوو بابەت بە شێوەی دوو هێڵی تەریبی کۆمەڵایەتی و سیاسی خراوەتە ڕوو، کە باس لە ڕۆڵی دوو کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات، کەخۆشەویستی یەکن، بە ناوی ( قارەمان و هەتاو ) کە خەبات و کوردایەت و هەوڵی گۆڕینی ژیانی نێو کۆمەڵگەکەی دەدا.کە ئەو کارەش بە سەرنەکەوتنی قارەمان لەبواری کوردایەتیەکەی هەروەها شکستهێنانی دڵداریەکەیشی لێ دەکەوێتەوە، واتا کاردانەوەی باشی نابێت،ئەمەش پیشاندانی وێنەیەک بووە لە کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.واتا ڕۆمانی کۆمەڵایەتی ڕۆمانێکی پڕ ململانێیە لەنێوان دوو چین یان دوو دەستە و کۆمەڵ، کە ئامانجیش لێی خستنە ڕووی واقیعی ژیانە لە نێو ناوچەیەک یان کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا.

**ڕۆمانی ڕامیاریی:** جۆرە ڕۆمانێکە، کە بەراورد بە جۆرەکانی دیکە، کەمتر خەیاڵ تێیدا باڵادەستە چونەکە ڕۆماننووس تێیدا زیاتر مەبەست لێی گەیاندنی پەیامێکە یاخود باسکردنە لە شێوازێکی حوکمڕانی، کە لەشێوەی ڕەخنە ئامێزا دەنووسرێت هەوڵدەدات خەڵکی لە مافە یاساییەکانی

ئاگادار بکاتەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی بدات،((بەگشتی پێویستیەکانی جیهانی پلۆرالیزم (فرە جیهانین) ڕەت دەکاتەوەوە لە نێو تاکە بابەتێکدا،ئەزموونی ژیان بەگشتی ڕاڤە دەکات،بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییەکەئەم چینە ئەدەبییە شوێنی خۆی لەنێو جۆرەکانی ڕۆماندا بکاتەوە))( خدر، 2009،ل95).

لەنێوئەدەبی کوردیدا، ئاماژە بە ڕۆمانی (ژانی گەل) دەرکرێت وەک ڕۆمانێکی ڕامیاری، کە لەلایەن سیاسەتمەدار و شاعیر و ڕۆماننووس (ئیبراهیم ئەحمەد)وە، نوسراوە،لە ساڵی 1956،لەو ڕۆمانەدا نووسەر چیرۆکی دڵداری دوو ئاشق تێکەڵ بە مەسەلەی سیاسەت و بواری ڕامیاری ئەو سەردەمە دەکات.،کە ئەو بەرهەمە وەک باگراوندێکی ژیانی واقیعی نوسەر دەردەکەوێت چونکە نووسەر خۆی کەسێک بووە بەشداربووە لە چالاکی و بزووتنەوە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە.

**ڕۆمانی (دڵداری وئەڤینی)** جۆریکی دیکەی ڕۆمانە کە لە نێو ئەدەبی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت،کە زیاتر باس لە خۆشەویستی و دڵداری نێوان کوڕ و کچێک ئەکات، کەڕۆماننوس ئەوباسە تێکەڵکێشی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی دەکات.لە ئەدەبی کوردیدا هەر لەسەرتاوە زۆر گرنگی بەم بابەتە دراوە،بەڵام لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین بەشێوازێکی سەرنجڕاکێشتر و پڕواتا دەبینرێت،لەنمونەی ئەم جۆرەیش ڕۆمانی ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)ی (بەختیار عەلی)یە، کە باس لە چەند جۆرێک لەئیشق و خۆشەویستی دەکات،کە لەلایەن کچێکەوە (سەوسەن فیکرەت) مەرج بۆ ئەو سێ کوڕە دادەنرێت کە خۆشیان دەوێت...لێرەوە باس لە دۆخی دەروونی و کاریگەری گەشت و گەڕان لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ و چەندین بابەتی دیکە تێکەڵ بە باسەکە دەکرێت.

**ڕۆمانی (زانستی خەیاڵی)** جۆرێکی دیکەی ڕۆمانە، کە بەرهەمی سەدەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە،سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی ئینگلیزی، دواتر لە ئەوروپاوە بەجیهاندا بڵاو بوویەوە،نووسینی ئەم جۆرە تایبەتمەندی خۆی هەیە نووسینی جیاواز لە ڕۆمانی ئاسای، چونکە ((تا ئەم دوایانەیش بایەخی نەبووە و جێگەی نەبوەتەوە،چونکە دروستکردنی جیهانێکی خەیاڵی و زانستی کارێکی ئاسان نییە، بێ لەبنچینەی زانستی دەبێت شوێن وکارەکتەر و دیالۆگ و کلتور و تەنانەت ناوەکانیش لەگەڵ جیهانەکا بگونجێت))(سەباح، 2020).

واتا ڕۆمانی خەیاڵی زانستی خاوەنی خەسڵەت وتایبەتمەندی خۆیەتی و لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، بە تەواوی جیاوازە لە ڕۆمانەکانی دیکە،لە ئەدەبی کوردیدا تا ئەمسالانەی دوای نمونەی ئەم جۆرە ڕۆمانەمان نەبووە،بەڵام ڕۆمانی ( پەپولەکانی تاریکی) ڕۆماننووس(ئارام حەمە) ڕەنگە شیاوترین نمونە بێت بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانە، چونکە ڕۆماننووس خۆی خاوەنی باکگراوندێکی زانستییە و پیشەی ئەندازیاری هەیە، سوودی لە پیشەکەی بینیوە لە نووسینەوەی ڕۆمانەکەدا، کە ناوەڕۆکەکەی باس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات، بە هۆی گوزرەکردنی بەناو کاتتدا بە هۆی ئامێرەکەوە بە ناوی(The time machine) کە لە ساڵی (2050) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2014)بۆ باسکردن لە ڕووداوەکانی پێش داگیرکردنی شەنگال و هێرشکردنە سەر (یەزیدیەکان ) وەک لێرەدا ڕۆماننووس دەڵێت (( بۆیە بە نهێی شەوێک دزەمکردە ناو ئامێرەکە و (1)ی ئۆگەستی (2014)م هەڵبژارد بزوێنەرەکەم داگیرساند ))(حەمە، 2017،ل20-21) .

بێگومان ڕۆمانی خەیاڵی زانستی وەک هەر جۆرە ڕۆمانیک خاوەنی پێکهاتەی فرە ڕەهەندە، لەم ڕۆمانەشدا جگە لە بەگەرخستنی خەیاڵی زانستی،چەند بابەتێکی دیکەیشی تیکەڵکراوە کە گرنگترینیان ڕووداوە سیاسی وگۆڕانکارییە ڕامیاریەکانی ناوچەکەیە.لەم ڕۆمانەدا کە گێڕەرەوەکە وەک نووسەری ڕۆمانەکە ئەندازیارە،کەئەوەش ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەرە لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان.کە لەڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە  ئەندازیارێکە لە کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنانی ڕۆبۆت، کە لەژێر دەستی چەند پسۆڕێکی یابانی و هندی لەسەر بنەمای تیۆری ڕێژەیەکەی ئەنشتاین کار دەکەن، ئامێرێکیان درووستکردوە بە ناوی (ئامێری کات) کە دەتوانێت، گەشت بە ناو کاتدا بکات.چ بۆ ڕابردووبێت یان داهاتوو.ئەمەش دەکرێت وەک نمونەی ڕۆمانی خەیاڵی  زانستی دابنرێت لە نێو ئەدەبی کوردیدا.بێگومان لە ئەدەبی کوردیدا جگە لەو چەند جۆرە ئەو چەند نمونەی ئاماژەمان پێداوە، دەتوانرێت چەند جۆرێکی دیکەی ڕۆمان دیارییبکرێت  ونمونەی شیاوی بۆ بهێنرێتەوە،بەڵام مەودای لێکۆڵینەوەکە بوارنادات، ئەو بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی هەیە،ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەست و ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە باسکردنە لە جۆرێکی تایبەت لە نێو ئەو جۆرانەدا، کە ئەویش ڕۆمانی مێژووییە.

**ڕۆمان (ڕۆمانی مێژوویی )**ە،ئەم جۆرە ڕۆمانە بەرهەمی قۆناغێکی نوێی ئەدەبییە،کەدەگەڕێتەوە بۆ ویستی خوێنەران لە هەمبەر جۆرێکی نوێی ڕۆمان، کە هەم چێژبەخشبێت و هەم بتوانێت زانیاری دەربارەی ڕووداوێکی مێژووی یان کەسێتییەکی مێژووی وەربگرن.نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانە

لەنێو ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی دووورودرێژی نییە،ئەوەش دەگەڕێتەوە  بۆ بوونی سانسۆر و چاودێری لەسەر بەرهەمە چاپکراوەکان  یاخود بوونی مەترسی لەسەر ژیانی نووسەران، جگە لەوەش نووسینی ڕۆمانی مێژوویی کارێکی سادە و ساکار نییە،نووسینی ڕۆمانی مێژوویی بەراورد بەجۆرەکانی دیکەی ڕۆمان کارێکی قورستر و پڕ ئاریشەترە، چونکە ڕماننووس دەبێت لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووی خەیاڵ وئەندێشەیەکی هونەری خۆی ئاوێزانی بابەتە مێژوویەکە بکات.هەروەها نابێت ڕۆماننووس بەهۆی خەیاڵ و فەنتازیای داهێنەرانەی خۆیەوە، لە ڕاستی ڕووداوەکە بەلاڕێدا ببات.

(( نووسەری ڕۆمانی مێژوویی دەبێت وێنەیەکی واقیعی لەو سەردەمە بخاتە ڕوو کە باسی دەکات، هەروها ڕۆمانی مێژوویی بەزۆر هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی ڕووبەڕووی بارودۆخ و مەرجە تایبەتیەکانی کۆمەڵ دەکاتەوە )) ( برادبری، 2008،ل26) لە نمونەی ئەم جۆرە ڕۆمانە لە ئەدەبی کوردیدا،دەتوانین ئاماژە بۆ ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی ( خوسرەو جاف)ە،کە ڕۆماننوس خۆی باکگراوندێکی نووسینی مێژووی هەیە،هەروەها چەند ڕۆمانێکی دیکەیش هەیە،ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە دۆخ و ڕۆڵی مێژووی( هۆزی جاف) دەکات.

هەروەها باس لە میرنشینە کوردیەکان و ململانێی نێوانیان هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەڕۆڵی هۆزی جاف و سەرکردەکانی ئەو هۆزە دەکات لە پەیوەندیان بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بەگشتی و لایەنگریان بۆ پاڵپشتی بابانیەکان دژی میرنشینی ئەردەڵان، هەروەها دواتر باس لەتێکچونی پەیوەندی نێوان بابەنیەکان و هۆزی جاف دەکات.واتا بە شێوەکی سەرتاسەری دەتوانرێت ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی مێژوویی دابنرێت.

چونکە باس لە کۆمەڵێک ڕووداولەگەڵ چەند کارەکتەر و میرنشینێک دەکات کەپێشتر هەبوون لە مێژووی کورددا،هەروەها ڕۆماننووس ئەوەیشی لە یاد نەکردووە کە مەودایەکی فراوان بۆ خەیاڵ وئەندێشە و فەنتازیای هونەری تەرخان کردووە،ئەمەش وا دەکات خوێنەر ڕۆمانەکە وەک هەر ڕۆمانێکی دیکەی مێژووی هاوشانی خوێندنەوەی بەشێک لە مێژوو، چێژ و چەشەیەکی ئەدەبی تایبەتی خۆی هەیە.

## تەوەری سێیەم :آ : لەیەکچوون و جیاوازی لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا

لە باسی پەیوەندی و جیاوازی نێوان ڕۆمان ومێژوودا، ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ئەو بەراوردە دەچێت،کە بۆ یەکەمجار لەلای ئەرستۆ کراوە بۆ ئەم مەبەستە،کە قسەی ئەرستۆ زیاتر لە بارەی نووسەرەکانەوەیە بە گشتی، نەک خودی بابەتەکان بە دیاری کراوی، چونکە ئەوەی ئەو دەیکات جیاوازییە لە نێوان شاعیر و مێژوونووسدا،کە هەر ئەوەش بە گرنترین خاڵی جیاوازیان دادەنرێت ((مێژوونووس باسی شتێک دەکات کە ڕوویداوە، شاعیر باس لە شتێک دەکات کە لەوانەیە ڕووبدات ))( ئەرستۆ، 2011،ل37)ئەمە بریتیبووە لە لێکدانەوە سەرەتایەکان بۆ جیاوازی و لێکچوونی نێوان مێژوو وئەدەب.

پاشان ڕۆڵەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات چونکە. ئاشکرایە کە گێڕانەوەی لە مێژوو و لە ڕۆماندا کە دوو بابەتی جیاوازن،لە شێوازی کارکردندابەڵام لە پەیوەندیش بە دەر نین،هەر بۆیە گێڕانەوەی دەقێکی ئەدەبی جیاوازە لە گێڕانەوەی دەقێکی مێژوویی یاخود دۆکیۆمێنتاری،خاڵی جەوهەری لێکچونیان ئەوەیە کە هەردووکیان ڕووداو و پاڵەوان دەکەنە ئامانجی نووسین، کە هۆشیارکردنەوەی نەتەوە و ئاشنابوونەوە بەڕابردوو کارەسات و شکست و سەرکەوتن،هەروەها مێژوو و ڕۆمان هەوڵی زیندووکردنەوەی یادەوەری کۆن دەدەن و جارێکیتر ڕابردوو بەرهەم دەهێننەوە،لەگەڵ ئەوەشدا واقیعێک هەیە کە هەردووکیان ( مێژوو و ڕۆمان) دەبەستێتەوە و دەبێتە هاندەری نووسینەوەیان.چونکە دواجار هەردوو بوارەکە مەبەستیان لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە، بەڵام (( لەم گەڕانەوە و ئاوڕدانەوەیەدا ئامانجی مێژوونووس (دەستپاک)ئەوەبوو کە سەرەتایەک یان سەری گوریسێک بدۆزێتەوە و پیا بپەڕێتەوەتا دەگاتە ئەمڕۆ و ئێستا))(سیوەیلی، 2005 ل 209) ئەم پەیوەندیەی نێوان مێژوو و ڕۆمان یاخود ئەدەب بەگشتی ئەوەیە،کە تەنها گێڕانەوەیەک نییە باس لە ڕابردوو بکات،بەڵکو پێکەوە دەیانەوێت سوودلەئەزموونی ڕابردوو ببینین بۆ خزمەتکردن بە ژیانی مرۆڤایەتی لە داهاتوودا.

بێگومان هەریەکەیان وبە شێواز و ڕێگەی تایبەتی خۆی .چونکە (( مادام ڕۆماننووس خاوەنی چاوێکی وردتر و جوانتربینبێ،دەبێ ئەوەی دەینووسێ زیاتر ئیستاتیکیتربێت،دەنا وەکیدی بەرهەمەکەی هیچ جیاوازییەکی نابێت لەگەڵ قسەی خەڵکی ))(مەنتک، 2013،ل77).واتە بەرهەم و گێڕانەوە ئەدەبیەکان هاوکاتی باسکردن لە ڕووداوێکی مێژوویی لایەنە ئیستاتیکیەکەیش فەرامۆش ناکەن،کە هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی گێڕانەوەیەکی جیاواز و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو

مێژووه دەدا ((ڕۆماننووس له بەرهەمهێنانی ڕۆمانێکدا مێژوو کۆپی ناکا یان دووباره ناکاتەوه،ڕۆماننووس ئەو بۆشاییانه پڕدەکاتەوه که مێژوو جێیاندەهێڵێت، یان ئەو ساتانەی تۆماردەکات که مێژوو فەرامۆشی کردووه،ڕۆماننووس به مانا مردووەکەی کاری به مێژوو نییه،له ئەدەبدا مێژوو دێتەوه سەر لاپەڕەکان، بەڵام هەمێشه وادێتەوه که مرۆڤ سەرسام دەکات))(محەمەد،2009،ل54).

واته به شێوەیەکی گشتی هەماهەنگیەک هەیه له نێوان مێژوو ئەدەبدا، ئەم دیاردەیەش له نێو ئەدەبی جیهانیدا بەدیدەکرێت،بەشێوەیەک هەندێک ڕۆماننووس بەهۆی ئەو بەرهەمانەوه زیاتر ناسێنراون له جیهاندا، که بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیان گێڕانەوەی ڕووداو یان باسێکی مێژوو،لەوانەش بۆ نمونه ڕۆمانی ( جەنگ و ئاشتی ) ( لیۆ تۆڵستۆی )که باس له جەنگی نێوان ڕووسیا و فەڕەنسا دەکات،که لێکۆڵەرەوان دەربارەی ئەم بەرهەمه دەڵێن ((تۆڵستۆی ئەو ودەکارییەی له ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی دەنووسێتەوه، ئەو خوێن و ترسه دەنووسێتەوه،که مەحاڵه مێژوونووس بتوانێت زەفەری پێببات))(حەسەن،2010،ل110).

واته ئەوەی ڕۆماننووسی مێژوویی دەیکات تەنها پێدانی زانیاری نییه دەربارەی ئەو ڕووداوەی کەڕوویداوه، بەڵکو لەپاڵ باسکردنی ڕووداوەکەدا ڕۆماننووس ئەندێشەو خەیاڵی خۆی بەکاردەهێنێت و ئەمەش دەبێته هۆی ئەوەی، که کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر خوێنەر و هەست و سۆزی بەرامبەر ئەو ڕووداوه بجوڵێنێت که ڕۆمانەکەی لەسەر نووسراوه، که ئەم حاڵەته له خوێندنەوەی مێژوودا کەمتر بەدی دەکرێت(( کاتێک ئێمه لەڕۆمانی مێژوویی و یاداشتی کەسەکانەوه دەچینه ناو بابەتی مێژووەوه،دەبینین پاش ماوەیەک، بەبێ ئەوەی به خۆمان بزانین ڕووبارێک له زانیاریی مێژووییمان له مێشکدا کەڵەکه کردووه))(شابان، 2020،ل81).

هەرچەنده ڕۆمان هێنده گرنگی به ئامار ووردەکاری ڕووداوەکان نادات، بەڵکو زیاتر ڕۆدەچێته نێو ناخی تاکەکانەوه،هەر ئەمەشه کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر جێدەهێڵێت ((ئەگەر دەقێکی مێژووی لەژێر کارتێکەریی وجیهانبینی و ڕوانگەی تیۆری مێژوونووسدا ڕووداوەکان هەڵدەسنگێنێت و لێکیان دەداتەوه،دەقی ڕۆمان بەسەرنجدان بەجیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکان هەوڵی دۆزینەوەی هەموو هەست و خولیاو نیگەرانیەکانیان دەدات ))(ئەحمەد زاده،2012،ل310) هەر ئەوەشه،که وادەکات که ڕۆمانێکی مێژوویی زیاتر کاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێبهێڵێت لەسەر ڕووداوێک، به بەراورد به کتێبێکی مێژوویی لەسەر هەمان بابەت.

هەر لەبەر ئەوە ئەو رەوتە لە ڕۆمان گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیی، ئەوەش بۆ گۆڕان لە حەز و خولیای خوێنەراندا دەگەڕێتەوە،کە زیاتر حەزیان بە ڕۆچوون بە ناخی تاکەکان وزانینی لایەنی شاراوەی ژیانیان دەکر،هە بۆیە نووسەران زیاتر گرنگیان بەم لایەنەدا لە بەرهەمەکانیاندا چونکە (( داهێنەری گەورە نە مێژوو دەگێڕێتەوە نەواقیع دەنووسێتەوە دێت بەناخی دەروونی مرۆڤدا ڕۆدەچێت، کەرەسەی خاوی شاکارەکانی شەکسپیر،ژیاننامەی پاشایان بوو، وەلێ لۆکلیزۆ بە ڕۆچوون بەناخی کەسانی پەراوێزخراوی لەچەشنی  کۆیلە و بیابانیشدا، جوانترین دەقی پێشکەش کردووە))(حەسەن، 2010،ل30).

واتا ئەوەی ئەبێتە خاڵی کاریگەری ڕۆمان لەسەر خوێنەر، ئەو هەست و سۆزەیە کە دەبێتە هۆی چێژبەخشین بە خوێنەر، کە هەوێنی ئەم چێژەیش ڕۆچوونە بە نێو لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان،کە بێگومان ئەوەش لەنووسینەوەی مێژوودا بەو شێوە ورد و دووردرێژە دەستنادات،هەر لەبەر ئەوەیە دەوترێت، ئەو بەشەی  مێژوو فەرامۆشی دەکات، ڕۆمانی مێژوویی تیشکی دەخاتەسەر.

## ب: کورتەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی

دەستنیشانکردنی ڕۆمانێک یان ڕۆماننووسێک بە یەکەمین ڕۆمان یاخود یەکەمین ڕۆماننووس لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کارێکی سادە وئاسان نییە،کە ئەمەش ئەنجامی چەندین لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و رامیارییە.کە بوون بە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵەرەوانی ئەدەب نەتوانن خۆیان لەسەر بۆچوون یەکلای بکەنەوە،چونکە هەر یەکێک لەو بەرهەمانەی کە لە لایەن هەندێک لێکۆڵەرەوە بەیەکەم رۆمانی کوردی دادەنرێت،لە لایەن کۆمەڵێک توێژەری دیکەوە ڕەددەکرێتەوە هەریەکەیەش لەم توێژەرانەش. بۆچوون وپۆزشی تایبەت بە پشتگیری کردنی بۆچوونەکەی خۆی هەیە،کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ساڵی نووسین و ساڵی چاپکردنی بەرهەمەکە وەک( مەسەلەی ویژدان )ی (ئەحمەد موختارجاف) یاخود تەواو نەکردنی بەرهەمەکەیان کە لە شێوەی زنجیرەی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو دەکرایەوە وەک (لەخەوما)ی ( جەمیل سائیب )،ئەمە سەرەڕای جیاوازی ئەو بەشانەی کوردستان،کە یەکەم

ڕۆمانی تێدا نووسراوە،چونکە هەندێکجار توێژەران دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆمانی ( شڤانی کورد) ی (عەرەبی شەمۆ )کە یەکەمجار بەڕووسی بڵاوکراوەتەوە.هەر بۆیە پۆلێنبەندی و دیاری کردنی یەکەم ڕۆمان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی گشتگیر و وردتر هەیە،بەڵام  بە شێوەیەکی گشتی،بە پێی ساڵی نووسینیان تا ئێستا بەم جۆرە ئاماژەیان پێکراوە کە، (( چیرۆکی (لەخەوما)ی ( جەمیل سائیب ) کە لەساڵی 1925 نووسراوە،(مەسەلەی ویژدان) ئەحمەد موختار جاف، لە ساڵی 1927 یان 1928))(محمد، 1990، ل5).

ئەمە بەسەرەتای چیرۆکی نوسراوی کوردی دادەنرێت  بە ڕاو بۆچوونی زۆربەی شارەزایان، چیرۆکەکەی جەمیل سائیب دەکرێت وەک یەکەم چیرۆک بێتە هەژمارکرن،لەم بەشەی کوردستان (باشوری کوردستان) هەر لەم بارەیەوە ( د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)دەڵێت ((سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، دەکرێت بۆچوونە ڕەخنەییەکانی (جمیل سائیب ) بە ناونیشانی ( لەخەوما) لە ساڵی 1925، کە لەبارەی حوکمڕانی شێخ مەحمودەوەیە،بە یەکەم چیرۆکی کوردی دابنرێت ))(ڕەسوڵ، 2010،ل196).

 هەندێکی بۆچوونی دیکە هەیە پێیان وایە کە ناکرێت ئەم چیرۆکە وەک بەرهەمێکی تەواوکراو سەیربکرێت چونکە وەک لە دواین بەشیدا نووسەر خۆی ئاماژەی پێکردووە، تەواو نەکراوە و نووسەر نوسیویەتی ماویەتی، چونکە ئاشکرایە بە شێوەی بەش بەش نوسراوە (( بەزنجیرە لە 23 ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژیان و ژین دا بڵاوکراوەتەوە )) ( بەرزنجی، 1978،ل17 ).

ئەوەش بەو واتایەی ماویەتی و تەواونەکراوە، جگە لەوەش شوناسی دەقەکە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت بەتایبەت لە نێوان هەردوو ژانری ( چیرۆک و ڕۆمان) بیروڕای جیاواز هەیە.(لەخەوما) ی ( جەمیل سائیب ) لەبەر ئەوەی هەموو ڕەگەز وتەکنیکی ڕۆمانی تێدا بەدی دەکرێت، وەک( کەسێتی، ڕووداو، کات، شوێن، وەسف ... هتد ) هەروەها چۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ( سەرەتا ناوەڕاست و کۆتای)وە ئاڵوگۆڕە کەسیەکان، هەرچەندە لە هەندێک لایەنەوە وەک ( ڕووداو وکەسێتییەکان) کەمترلە ڕۆمان بەکارهاتووە، بەڵام لە چیرۆکیش زیاترە،کە پەیوەستە بە یەک گێڕەرەوەی هەمووشت زانەوە، کە نووسەرە.

لەئاستێکدا خۆی دەبینێتەوە لەڕۆمان کورتتر و لە چیرۆک درێژترە، ئەمەش وای لە هەندێک لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی کردووە، کە لە چوارچێوەی ( نۆڤلێت ) دا، دایبنێن. ئەگەر بێینە سەر

(مەسەلەی ویژدان) ی (ئەحمەد موختار جاف) دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی 1927 -1928، بەلآم بە هەر هۆکارێک بێت درەنگ بلآوکراوەتەوە و تاسالآنی حەفتاکان چاپ نەکراوە، ( مەسەلەی ویژدان)یش، بەهەمان شێوە هەلگری چەندین لێکدانەوەی جیاوازە لە لایەن لێکۆڵەرانەوە،بۆ یەکلایکردنەوەی لەنێوان دوو ژانری (چیرۆک و ڕۆمان )لەو بارەیەوە دەگوترێت (( ئەو بەرهەمە لە لایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانەوە، چەند ناوێکیان بۆ داناوە، هەندێکیان بە چیرۆکی کورتیان داناوە وە یان چیرۆکی درێژ، هەشیانە بە ڕۆمانی دادەنێت،بەلای (د.عادل گەرمیانی)یەوە،ئەم دەقە کورتە ڕۆمانێکی تەواو نەکراوە)) (محمد،1990،ل6).

کەواتە بە کورتە ڕۆمان دێتە هەژمارکرن، لەبەر ئەوەی بنەماکانی ڕۆمان و سەرجەم ڕەگەزەکانی ڕۆمانی تێدا بەدی دەکرێت، هەرچەندە ئەم بەرهەم زوو نووسراوە بەلآم درەنگ بلآوکراوەتەوە،کە بێگومان ئەگەر لە کاتی خۆیدا بلآو بکرایەتەوە زیاتر کاریگەری دەبوو لەسەر دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی،بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا بە بەرهەمێکی بەپێز و گرنگ دادەنرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لەگەڵ پەیدابوونیشیدا هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ نووسینی ڕۆمان و پێشکەوتنی ئەو ژانرە لەئەدەبی کوردیدا لە باشوری کوردستان،چونکە ئەگەر باسێک لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان بکەین لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەوە دەبینین سەرهەڵدانی ڕۆمان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، دەبێت بگەڕێینەوە (( بۆ ڕۆمانەکەی(عەرەبی شەمۆ) بە ناونیشانی (شڤانی کورد )لە ساڵی 1935، بە پیتی لاتینی چاپکراوە بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو،لە شاری یەرڤان پایتەختی ئەرمینیا (یەکێتی سۆڤێت )نووسراوە، ئەم ڕۆمانە نۆبەری ڕۆمانی کوردییە لە ڕووی چاپکردنەوە )) ( گەرمیانی، 2019،ل89 ).

بەلآم دووبارە ئەوەی لێردا بووە بە گرفت بۆ هەژمارکردنی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە،کە لەسەرتادا بەزمانێکی دیکە نووسراوە پاشان، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی،کە بۆ یەکەمجار (( لە ساڵی 1931 دا بە زمانی ڕووسی نووسراوە، دواتر لەساڵی 1935دا عەرەبی شەمۆ، ئەو ڕۆمانە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی ... ئەو ڕۆمانە لە ساڵی 1964 لە لایەن (بازیل نیکتین )دەکرێتە فەڕەنسی، بێگومان لە ڕووسییەوە، لە ساڵی 1947 هەمان چاپی یەکەم لە لایەن ( نورەدین زازا)وە، لە بەیرووت بلآودەکرێتەوە)) (محەمەد،2010،ل51) هەر لەبارەی سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردیەوە لە سەدەی بیستەمدا کۆنترین سەرچاوەیەک کە زاراوەی ڕۆمانی تێدا بەکارهاتبێت بەناوی ( نازدار یان کچی کورد لەلادێ )ی ( محەمەد عەلی کوردی)یە کە لە گۆڤاری ڕوناکی بلآو

کراوەتەوە،بە هەوڵێک لە سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی دادەنێن(( لەساڵ 1936 ڕۆمانە تەواو نەکراوەکەی (محەمەد عەلی کوردی) دێت، بە ناونیشانی ( نازدار یا کچی کورد لە لادێ) کە بە زنجیرە لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە تەنها سێ ئەڵقەی لێ بڵاوکراوەتەوە )) ( ڕەشید، 2007،ل8) .

ئەم ڕۆمانەش بە هەمان شێوەی هەوڵەکانی دیکە نەیتوانیوە وەک یەکەم ڕۆمانی کوردی خۆی بچەسپێنێت، چونکە (( لە لایەن ڕەخنەگرانەوە وەک دەقێکی ڕۆمانی کوردی بایەخی پێنەدراوە، تەنیا وەک چیرۆکێکی تەواو نەکراو لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە باسی ئەو سێ ئەڵقەیان کردووە، لێیان کۆڵیوەتەوە وناوەڕۆکەکەیشیان بە خەیاڵێکی ڕووت لە قەڵەم داوە )) ( محمد، 1990،ل7-8).

هەرچەندە چیرۆکی هونەر بە نووسراو وەرگێڕدراو لە گەشەدابووە بەڵام ئەم بارودۆخە ناهەمووارانەی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بەسەر عێراقدا هاتن، کاریکردەسەر گەشە و پەیدابوونی ژانرێکی ئەدەبی کە ئەویش ( ڕۆمان ) بوو،کوردستانیش وەک پارچەیەک لەو دەوڵەتە، کەم تا زۆر لەو کاریگەریە بەدەر نەبووە،ئەمەش بووە بەهۆی سستبوونی بواری ئەدەبی چونکە (( تاوەکو ساڵی 1961ز، کە (پێشمەرگە)ی (د. ڕەحیمی قازی ) بەچاپ گەشتووە،نەک بە نووسین تەنانەت بە گۆرینیش تەنها کورتکراوەیەکی ڕۆمانی (دایک، مەکسیم گۆرکی ) لە عەرەبییەوە، کراوە بە کوردی )) (مەحمود جاف، 2004،ل23 ).

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیەک، کە هەروەک چۆن سەرهەڵدانی ڕۆمان پشتبەستوو بە دۆخێکی تایبەت بوو کە ئەویش دەرکەوتنی چاپەمەنی و ڕۆژنامە کوردییەکان بوو، بەهەمان شێوە گەشەسەندنەکەیش وابەستەبوو بە دۆخی ڕامیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بۆیە بەشێک لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی ساڵانی نێوان 1950 -1970 بە سەردەمی سستبوون و بێهێزبوونی پرۆسەی گەشەکردنی ئەدەبی کوردی بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی لە قەڵەم دەدەن، چونکە سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کەکوردستانی تێکەوتبوو بەڵام شاعیران هەربەردەوام بوون لە نووسینی شیعر، بەتایبەتی شیعری بەرەنگاری و نیشتیمان، بەڵام دۆخەکە بۆ گەسەندن و بەردەوامبوونی ڕۆماننوسین تا ڕادەیەکی زۆر نالەبار بوو،هەر بۆیە دەبینین لەو ماوەیەدا کەمترین بەرهەمی ئەدەبی نووسراون کە بچێتە خانەی ڕۆمانەوە، بۆیە دەتوانین بۆ ڕوانین لەمێژوو و

گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی بەڕێینەوە بۆ بیبلۆگرافیاکەی (حسێن عارف ) کە باس لە ساڵانی نێوان (1925–1983 ) دەکات، کە تەنها چوار ڕۆمان بڵاوکراونەتەوە. بەم جۆرە، دانراوە:

1– مەسەلەی ویژدان ی ئەحمەد موختار جاف.

2– پێشمەرگەی د.ڕەحیمی قازی.

3– ئاشتی  کوردستان ی محەمەد ساڵەح سەعید.

4– ژانی گەل ی ئیبراهیم ئەحمەد        ( عارف، 1987،ل15 )

وەک دەبینین لە دیاری کردنی ساڵێک بەدیارکراوی یاخود ناوی دەقێک بە دەقیقی وەک رۆمان لە ئەدەبی کوردیدا توشی ئاستەنگ و بۆچوونی جۆراوجۆر دەبین، ئەم حاڵەتەش تا درەنگانێکی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو بەڵام لەدوای ساڵی 1980 ڕۆمان وەک ژانرێکی تەواو گەشەسەندوو دەرکەوت و پێینایە چاخی زێڕینی خۆیەوە، وەک د.عادل  گەرمیانی دەڵێت (( ئەو هەنگاوە سست و کیسەڵییەی ڕۆمانی کوردی لە ئێراقدا تا ساڵی 1986 بەردەوام بوو، پاشان سەردەمی زێڕینی دەستی پێکرد لە ماوەی ساڵانی 1986–1995 دا ))( گەرمیانی، 1996،ل28) کەواتە بە پێی ئەو بۆ چوونە  لەدوای ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانەوە بە سەردەمی زێڕینی ڕۆمان دادەنرێت لە کورستانی ئێراقدا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان گۆرانی بارودۆخی گوزەرانی کۆمەڵگای کوردییوو بەتایبەت لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە.

هەروەها گرنگیدانی زیاتری چاپەمەنی، کە  بەشێک لە نووسەران، بەرهەمەکانیان لە شاخ بە چاپ دەگەیاند،وەک  ((لە ساڵی 1982 لە شاخ یەکەم کتێب کە لەسەری نووسرابێت ڕۆمان ئەوا ( سەگوەڕ) ی (موکر) دێت ))( ڕەشید، 2007،ل9–10) .ئەم ڕۆمانە یەکێک بوو لەو ڕۆمانانەی کەقسەو باسێکی زۆری لەسەر کراوە.وەک بەرهەمێکی ئەدەبی کە لە شاخ بە چاپ گەینراوە، کە دواتریش چەندین بەرهەمی ئەدەبی هەر لە هەشتاکاندا چاپکراوە، لەوانەش ((ڕۆمانی شار– بەرگی یەکەم –حسێن عارف 1986، کویخا سێوێ  ی عەزیز مەلا ڕەش 1986، کانگای بەڵا –حسام بەرزنجی 1988، توانەوە –غەفور ساڵەح عەبدوللە 1988، هەروەها لە ساڵی 1988 کورتە ڕۆمانی ( ماڵئاوا گوڵی خەم )ی هیمداد حسێن چاپکرا، کە وەک کتێب لەسەری نووسرابێت ڕۆمان ))( ڕەشید، 2007،ل12)ئیدی لەو کاتەوە ڕۆمان بوو بە کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکانی بونیاتنانی بینای

ئەدەبی کوردی، ئەگەر،پێش شیعر و چیرۆکیش نەکەوتبێت ئەوەشان بەشانی ئەوان توانیویەتی بەشداربێت لە خستەنەڕووی واقیعی ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا، هاوشان بووە لەگەڵ مێژوو لە نووسینەوەی ڕووداوەکانی بەسەر گەلی کورددا هاتووە.لەم سۆنگەیەوە دەبینین لەم دوایانەدا جۆرێک لە ڕۆمان لەئەدەبیاتی گەلی کورددا سەری هەڵدا، کە بە (ڕۆمانی مێژوویی) ناودەبرێت .هەرچەندە بەداخەوە بەهۆی ئەو هەموو کارەساتە ترژیدیایەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە لە گوند سوتاندن و کیمیای بارنکردن و شالاوی بەدناوی ئەنفال و تەعریب و تەبعیس ...هتد نەتوانراوە بە تەواوی جێگەی بکرێتەوە لە نێو ئەم ژانرەدا، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ( ١٩٩١) ڕۆمانی کوردی هەنگاوێکی دیکەی پێشکەوت. لە باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان هەروەها لە تاراوگە گرنگی و بایەخی زۆری پێدرا.چەندین ناوی دیار و درەوشاوە دەرکەوتن،لەوانەش( بەختیار عەلی ، عەتای نەهایی ، جان دۆست... هتد) جگە لە بەردەوامی قەڵەمی نووسەرانی پێشوتر وەک(حسێن عارف، ئیبراهیم ئەحمەد، خوسرەو جاف ... هتد )

ئەم هەولانە بوونە هۆی دەربازبوونی ڕۆمانی کوردی لە چوارچێوە چەقبەستوەکەی پێشووی،لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووسان هەمیشە تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردیان پاراستووە.

### ج : ڕۆمانی مێژوویی و سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا

سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەورووپاوە بۆ ئەو خواست و حەزە زۆرەی ئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە، لە هەمبەر ئاوڕدانەوە و خوێندەوەی مێژوی کۆنی خۆیان و سود وەرگرتن لە ڕووداو بەسەرهاتەکانی نێو ئەو مێژووە بە تایبەتی مێژووی (یۆنانییەکان – گریک ) و ( ڕۆمانیەکان )،کە ئەوە بووە بەسەرچاوە و ئیلهام بۆ گۆڕینی هزر و هێنانەکایەی بیر و فیکری نوێ لە بەرامبەر ڕووداو پێشهاتە هەنووکییەکانی ئەو سەردەمە.کە سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکان و قۆناغی پاش شۆڕشی پیشەسازی بوو کە ئیدی وردە وردە دەسەلاتی کلێسا و پیاوانی ئاینی بەرەو کزبوون و لاوازی دەڕۆیشت.

بۆیە دەکرێت بڵێین دۆزینەوەی ڕۆمانێک یان ساڵێک بۆ دەستنیشانکردنی وەک یەکەم ڕۆمان یان یەکەم نووسەری ڕۆمانی مێژوویی کارێکی سادەنییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی ئاماژە بە سەدەی نۆزدەهەم دەدەن و دەڵێن (( سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە سەردەمی ڕوخانی ناپلیۆن دا، هەرچەندە دەکرێ چەند ڕۆمانێک بدۆزیتەوە کە بابەتی مێژوویان لە خۆ گرتووە لە هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا، یان پێشتر ))(لوکاش،1986،ص46).

کەواتە دەتوانرێت ڕەگ وڕیشەی ڕۆمانی مێژوویی لە پێش سەدەی نۆزدەهەمەوە بدۆزرێتەوە،چونکە ئەدیبان دەیانویست لەڕێگەی ئەم جۆرە ڕۆمانەوە ئاگاداربن لە چۆنێتی جۆری ژیان میللەتەکانیان لەسەدەکانی پێشوودا،هەروەها دەیانویست لەو ڕێگەیەوە ڕێگە بۆ چوونە نێو دنیای شارستانیەت و پێشکەوتنی خۆیان دابنێن،چونکە (( ئەو کلتورەی هەوڵی خۆ نوێکردنەوە نەدات، هێدی هێدی تواناى ژیان و مانەوەی لەدەست دەدات وپێی ناکرێت بەگژ ئەو کلتورەدا بچێتەوە کە بەردەوام لە گۆڕاندان ))(حەسەن، 2010،ل138).

واتە میللەتان لە ڕێگەی ئەدەبەوە،دەیانەویت مێژوویان بهێننەوە بەرچاوی نەوەی نوێ، هەم بۆ زیندوو هێشتنەوە و ڕێزگرتن لە مێژووی میللەتەکەیان و هەم بەمەبەستی پەرەپێدانی بواری ئەدەبی، بەڵام نووسەران وڕۆماننووسان لە ئاستەنگی ئەوەی کە دەبێت ڕاستی مێژووی فەرامۆش نەکەن و لە لایەکی دیکەیشەوە ڕۆمانەکەیان جگە لە گێڕانەوەی واقیع، تژیی بێت لە خەیاڵ و ئەندێشەی هونەری،چونکە لەڕۆمانی مێژوویدا، لایەنی کەم ڕۆماننووس ئاماژە بۆ کەسایەتییەکی مێژووی یان کاتێکی دیاریکراو یان ڕووداوێکی مێژوویی دەکات لەبەر ئەوە .(( شوێن و کاتەکەیەتی چونکە ڕۆمانی مێژوویی لەشوێنێکی ڕاستەقینەدا بەرهەم دێت لەماوە و کاتێکی کلتوری گونجاودا، کە تیایدا وردەکاری وکردارەکانی ناو ڕۆمانەکە دەتوانرێت تێکەڵ بکرێت لە ڕووداوی ڕاستەقینە و ئەوڕووداوانەی،کەلەخەیاڵی نووسەر خۆیدا هەن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان)) (,p87,2008,Fletcher).

ئەم پرۆسەی ئاوێتەکردنەی ڕۆمانی مێژوویی لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویدا،چەندین خاڵی هاوبەش وچەند خاڵێکی جیاواز هەیە لە نێوانیاندا، کە لەسەر ڕۆماننووس پێویستە زۆر بە وردی کاری لەسەر بکات،چونکە گێڕانەوەیەی ڕووتی مێژوو و باسکردنی سەرجەم بەش و بابەتەکانی نێو ژیانی کارەکتەرێک یان باسکردن لە هەموو ڕووەکانی ڕووداوێک، دەچێتە خانەی بیرەوەری یان لێکۆڵینەوەی مێژوی نەک بەرهەمی ئەدەبی، هەروەها گێڕانەوەی پڕ خەیاڵی و دورستکردنی

دونیایەکی فەنتازی نابێتە جێگرەوەی شوێنی واقیعی لەناو ڕۆمانی مێژوویی،کەواتە ڕۆماننووس پێویستە (( لەڕۆمانەکەدا ڕاستگۆبێت لەگەڵ مێژوودا، لەگەڵ ئەوەی پاڵەوانەکە داهێنراوبێت و چنینەکەی خەیاڵاوییبێت، نابێت هونەرمەند (ڕۆماننوس ) لە پێناو داهێنانی هونەریدا ڕاستە ڕێی مێژوو لاربکاتەوە،ئەوکاتە دەبێتە ساختەکاری لە مێژوودا ))(علی، 2019،ص6).

واتە ڕۆماننووسی ئەم جۆرە لەڕۆمان پێویستە لەسەری لە ڕووداوێکی واقیعی و باسکردن لە کارەکتەرێکی واقعی، دونیایەکی ئەندێشە ئامێز و چێژبەخش درووست بکات .لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا ناوی (واڵتەر سکوت ) وەک پێشەنگ و سەرمەشقی ئەم جۆرە لە ڕۆمان دادەنرێت،کە لە نێوان ساڵانی (1771–1832) ژیاوە،چونکە سکۆت جگە لە ڕۆماننووسی توانایەکی باشی نووسینی شیعری هەبووە و لەهەمان کاتیشدا مێژوونووس بووە،کە بێگومان هەر ئەوەش هاوکاریکردووە لە نووسینی ڕۆمانی مێژوویدا،کە توانایەکی باشی هەبووە لەئاوێزانکردنی (مێژوو، ئەدەب )لە پێناسەیەکی دیکەدا، کە بۆ ڕۆمانی مێژوویی کراوە دەوترێت (( ڕۆمانی مێژوویی ڕابردوو بە وێنەیەکی خەیاڵی لەخۆ دەگرێت،ڕۆماننووس توانای فراوانی هەیە کە ئەتوانێ سنوری مێژوو ببڕێت، بەڵام بەو مەرجەی کەبۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژوودا نەمێنێتەوە وتەنیا ئەوکاتەی خەیاڵ بەشێکبێت لەو پێکهاتەیەی کە مێژووی تێدایە ))(الشمالی، 2006،ص112–113).

هەرچەندە (برادێلی) پێی وایە گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی پێویستی بە چەند مەرجێک هەیە،لەوانەش ((یاسایەکی باش ئەوەیە کە ئەوکاتە ڕابردووەی نووسەر بۆی دەگەڕێتەوە باشترە کەمتر نەبێت لە پەنجاساڵ،مەبەست لەم کارەش دوورخستنەوەی خوێنەرە لە ڕووداوەکانی ژیانی ئێستای، کە زۆربەی خوێنەرانی ڕۆمان پێیان وایە، کە ڕۆمانی مێژوویی باشترین هەڵبژاردەیە بۆ ئەوەی بە ناو کاتتدا سەفەر بکەیت).. (Bradley,2010)ڕەنگە ئەم بۆچوونە بە تەواوی بۆ دەستنیشان کردنی  ڕۆمانی مێژوویی  لە نێوئەدەبی کوردیدا دەستنەدات، چونکە ئەم جۆرە ڕۆمانە درەنگ لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵداوە.

پاشان  ڕۆماننووسان پەنایان بۆ نووسینی جۆرێکی دیکە لە ڕۆمان برد ئەوەیش ڕۆمانی مێژوویی بوو. کە توانی ببێتە وەڵامدەرەوەی حەز و خولیای خوێنەران لەو قۆناغەدا، گەشەیسەند و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، وردە وردە لە نێو ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەدا سەریهەڵدا، لەم چوارچێوەیشدا ڕۆماننووسانی کورد کەوتنە سەر کەڵکەڵەی نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانە. لەو ڕوانگەیەوە،کە ڕۆمانی مێژوویی جگە لە چێژە ئەدەبییەکەی، هەڵگری چەمکی

گێڕانەوەی مێژوویشە و لە خەمی زیندوو هێشتنەوەی مێژوودایە،ئەوا بێگومان ئەم فۆڕمە لە ڕۆمان بووە بە دەرچەیەکی باش بۆ نووسەران و ئەدیبانی کورد، کە لەم ڕێگەیەوە بە یەکجار دوو ئامانجیان بە دیهێناوە، کە ئەوەیش لە لایەک گێڕانەوەی مێژووی پڕ لە مەینەتی و دەردی سەری گەلی کورد و لە لایەکی دیکەیشەوە برەودان بە ژانرێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کە ئەویش ڕۆمانە.

هەر بۆیە دەبینین ئەگەر بە مەبەستیش نەبووبێت لەلایەن نووسەرەکانیانەوە،بەڵام چەند ڕۆمانێکی کوردی هەیە، کە لە هەوڵە بەراییەکانی نووسینی ڕۆمانن دەتوانرێت لە خانەی ڕۆمانی مێژوویی بهێتە حسابکردن.لەوانەش ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) ی (د. ڕەحیمی قازی )یە، کە باس لە بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی درووستبوونی کۆماری مەهابادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.،کە خودی ڕۆماننووس خۆی بەشداری کارای هەبووە لە جموجوڵ و گۆڕانکایەکانی ئەو سەردەمەدا، جگە لەوەش ناوی چەند کەسایەتیەکی واقیعی ئەوسەردەمەدەهێنێت لە ڕۆمانەکەدا، لەوانش هەریەکە لە ( قازی محەمەد و مامۆستا هێمن ی شاعیر )،کە ئەوە یەکێکە لە بنەماکانی ڕۆمانی مێژوویی.هەروەها ڕۆمانی ( قەڵای دمدم) ی ( عەرەبی شەمۆ )، بەهەمان شێوە دەکرێت بەڕۆمانی مێژوویی دابنرێت، چونکە ئەوەش باس لە ڕووداوێکی حەقیقی دەکات، کە ڕووداوی قەڵای دمدمە وەک دەگوترێت .(( تاکەکەسێک کە زۆر بەشێوەیەکی ئەدەبیانە ڕۆمانی ئەدەبی نووسیبێ، ڕۆمانی ( قەڵای دمدم)ی ( عەرەبی شەمۆ)یە، هەروەها ( ڕەحیمی قازی ) لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا، زۆر بە جوانی باسی خەباتی گەلی کورد دەکات. )) ( محمود جاف،2004،ل29).

واتە ڕۆمانی (پێشمەرگە) بەهۆی بابەت و کەسایەتیەکانییەوە لە نێو لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی کوردیدا زۆرجار وەک یەکەمین ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێت(د.کەمال مەزهەر )لەمبارەیەوە دەڵێت (( پێم وایە ( پێشمەرگە) بەیەکەم ڕۆمانی مێژوویی کوردی دابنرێت، لەم ڕۆمانەدا زۆر بەجوانی ڕەحیمی قازی وێنەی ژیانی سەخت و خەیاڵی ڕەوای چەوساوانی کوردستانمان بۆ دەکێشێت))(مەزهەر، 1983،ل215).

بەم جۆرە ڕۆمانی مێژوویی بوو بە خاوەن پێگەی تایبەتی خۆی لە نێو ئەدەبی کوردیدا،هەندێکجار ئەگەر ڕۆمانەکە بە تەواوی نەچێتە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە ئەوە بێگومان بەشێک لە مێژوویی گێڕاوەتەوە وئاماژەی پێداوە،لەوانەش (( ئەژدیها، تۆڵە، سەگوەڕ، هەرەس ی محەمەدی موکری )) ( محمود جاف،2004،ل29)بەڵام جگە لەوەش بۆچوونی جیاواز هەیە لەمەڕ

دیاریکردنی بنەماکانی ڕۆمانی مێژوویی .لەم بارەیەوە ( د.هاشم ئەحمەد زادە) هەیە،کەپێی وایە کورد خاوەنی ڕۆمانی مێژوویی نییە، بەڵکو ئەو ڕۆمانانەی بە ڕۆمانی مێژوویی دا ئەنرێن و خراونەتە ئەو قاڵبەوە،ئەوا ڕۆمانی مێژووی نین بەڵکو تەنها ڕۆمانی سیاسین هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ((نەبوونی کەسایەتییە مێژووییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا و ئافراندنەوەی مێژوویی کۆن هاوئاهەنگیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و لێڵبونی ئاسۆکانی ))(ئەحمەد زادە،2012،ل326).

لێرەوە تێدەگەین کە لە سەر جیاوازی لە بنەماکانی ڕۆمانی مێژوویی لای توێژەران ئەوا جیاوازی دەکەوێتە نێوان ئەو رۆمانانەیش کە بە ڕۆمانی مێژوویی دیاری دەکرێن.چونکە هەندێکجار ڕۆماننووس بە تەنها باسکرد لە کەسایەتییەکی مێژوویی یان ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە لە جوڵانەوەیەکی سیاسی یان ڕۆشنبیری یان کۆمەڵایەتی دەکات، یان هەندێکجار ڕۆماننووسی مێژوویی لەبری کەسایەتی مێژوویی باس لەڕووداوێکی مێژوویی دەکات بە بێ باسکردن لەڕۆڵی کەسایەتیەکی دیاری کراو بکات لەو ڕووداوەدا.

بۆنمونە ڕۆماننووس (بەختیار عەلی ) لە ڕۆمانی ( شاری مۆسقارە سپییەکان)دا، کە باس لە کارەساتی تراژیدی ئەنفال دەکات،بە شێوەیکی هونەری و ئەدەبی بەرز باس لەو کارەساتە مێژوویە دەکات کە بە ڕووداوێکی لە بیرنەکراوی مێژوویی گەلی کورد دا دەنرێت.(( شاری مۆسیقارە سپییەکان لە دوای نیشتنەوەی تۆز و خۆڵی جێ پێی کەسایەتییە خایەڵییەکانی نووسەرەوە ڕووخساری مێژوویی دەناسرێتەوە تاشەبەردی قورسی ئەنفال، فلوتی مناڵێکی زامدار بەناوەندی ڕۆماندا تلۆر دەکاتەوە)) (سەعید، 2008،ل73).

ئەم ڕۆمانە بە دورودرێژی باس لە پرۆسەیەکی مێژوویی دەکات بە بێ ئەوی ناوی کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەو ڕووداوەبهێنێت، بەڵکو لە لایەن نووسەرەوە لە ڕێگەی کەسایەتیە خەیاڵیەکانەوە باس لە ڕووداوەکان دەکات وک دەگوترێت.((ئەگەر شاری مۆسیقارە سپییەکان فەزای ڕەشی ساڵانی ئەنفال بەجوانی وێنا دەکات، دیسانیش نە جەلادەتی کۆتر نە عەلی شەرەفیار و نە دالیا هیچیان کەسایەتی مێژوویی نین))(ئەحمەد زادە، 2012،ل325).

سەرەڕی هەموو بۆچونە هاوڕا و دژیەکەکان،دەکریت بگوترێت ڕۆمانی کوردی گێڕەرەوەی مێژوویی گەلەکەیەتی، ئەگەرچی بەشێوەی ڕاستەوخۆش ناوی کەسایەتیەکانی نێو ئەو مێژووەی

نەهێنابێت،بەڵام هەر هەڵگری توخم و ئەدگارەکانی ڕۆمانی مێژوویی بووە،ئەگەر سەرجەم ڕەگەزەکانی ڕۆمانی مێژوویی تێدا نەبێت ئەوە چەند ڕەگەزێکی پێکهێنەری ڕۆمانی مێژووین وەک ڕۆمانەکانی (پێشمەرگە و ژانی گەل... هتد)، چونکە ڕۆماننووسان هەمیشە ویستویانە لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانانەوە هەم مێژوو بگێڕێتەوە، هەم بیکات بە وانە و ئامۆژگاری بۆ ئێستا و داهاتویش، کە ئەوەش خۆی لە ئامانجەکانی ڕۆمانی مێژوویدا دەبینێتەوە.هەروەها چەندین هەوڵی سەرکەوتوانە هەبووە لە نووسینەوەی مێژوو بە ئەدەب ،بۆ نمونە نووسینەوەی مێژووی سەرکردەکانی کورد و شاعیرانی گەورەی گەلەکەمان لەلایەن ڕۆماننووس(جان دۆست[5])ەوە.بە شێوەیەکی هونەری نایاب.کە بەشێکە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە لە نێو دنیای ئەدەبی کوردیدا بە دی دەکرێت.

- [5]**جان دۆست** یان **ژان دۆست** (Jan Dost) لە دایکبووی ١٩٦٥ نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی کوردە. لە ساڵی ١٩٦٥ لە کۆبانێ لەدایک بووە. لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژیی تەواو کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە لە ئاڵمانیادا دەژی. بە شیعر دەستی بە کار کرد و یەکەمین دیوانی) قەڵای دمدم (ساڵی ١٩٩١ لە ئەڵمانیا و پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئەستەمبووڵدا بڵاویکردەوە. هەروەها (دیوانی جان) ی لە دوبەی و ئەستەمبوڵ چاپکرد. چەندین کتێبی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە. وەک مەم و زینی ئەحمەدی خانی، کە ناوی ناوە (الدر الثمین فی شرح مم و زین)، بە چوار چاپ لە دیمەشق و بەیرووت و دهۆک بڵاوبووەوە، پاشان کتێبی (عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادییە) ی مەلا مەحمووی بایەزیدی و ڕۆمانی (میرنامە) و دۆمانی (لابیرەنتا جنان – متاهە الجن) ی حەسەن مەتی بۆ پرۆژەی ئەلکەلیمە کردوونەتە عەرەبی و لە ئەبوزەبی چاپکراون. ئەمانە و جگە لە وەرگێڕانی ڕۆمانی (مژاباد) و (مارتینی بەختەوەر) بۆ عەرەبی. ئینجاش نووسینی دوو ڕۆمان بە زمانی عەرەبی بەناوی (دم علی المئذنە) و (عشیق المترجیم). هەروەها کۆمەڵێک شیعری سەیاب و هەردوو ڕۆمانی (مهاباد بەر بەئۆڵەمپیادا خودێ) و (پەڕ)ی سەلیم بەرەکاتی کردوونەتە کوردی. پاشان کتێبی (الحدیقە الناصریە) ی لە فارسییەوە کردووەتە عەرەبی و (قاموس بدائع اللغە) ی لە فارسییەوە کردووەتە کوردی.( لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ ڕۆماننووس (جان دۆست ) لە بەرواری (12-1-2021) ئەم زانیاریانەمان لە خودی خۆی ڕۆماننووس وەرگرتووە.)

# بەشی دووەم

## ئەرک و پێکهاتەی کەسێتیی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە)و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)

تەوەری یەکەم : داهێنانی کەسێتیی و کەسێتیی مێژوویی لە ڕۆماندا

تەوەری دووەم : پێکهاتە و ئەرکی کەسێتیی لە ڕۆمانی (میرنامە)دا

تەوەری سێیەم : پێکهاتە و ئەرکی کەسێتیی لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا

## بەشی دووەم :

## ئەرک و پێکهاتەی کەسێتیی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە)و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا :

### تەوەری یەکەم : داهێنانی کەسێتیی و کەسێتیی مێژوویی لە ڕۆماندا

ڕۆماننووس کاتێک ڕۆمانێک دەنووسێت یاخود ئەوەی لە بیر و زەینی دایە، دەیەوێت بیخاتە چوارچێوەی کارێکی هونەری لەشێوەی ڕۆماندا دایبرێژێتەوە، بۆ ئەوەی بیرەکەی بگەیەنێت بە خوێنەر، پێویستی بە ڕەچاوکردنی چەند بنەمایەکی سەرەکی هەیە،یەکێکیش لەو توخمانە (کارەکتەر یان کەسێتی ) .کەواتە کەسێتی یەکێکە لە ڕەگەزە کاریگەرەکانی پێکهێنەری بونیادی ڕۆمان ((کەسێتی بنەمای یەکەمە لە هزری نووسەردا دەردەکەوێ کاتێ بونیاتی ڕۆمانەکەی دیاری دەکات))(فرادی،2016،ص1) .

ڕۆماننووس هەمیشە لەهەوڵی ئافراندنی کەسێتییەکدایە، کە زیندوێتی ببەخشێتە دەق،ببێتە کۆڵکەی ناسینەوەی دەقەکە،بۆیە دەبینین زۆرجار ڕۆماننووسان ناوی یەکێک لە کەسێتییەکانی ناوڕۆمانەکەیان دەکەن بە ناوی ڕۆمانەکە، کە ئەوەش بۆ گرنگی و بەنرخی پێگەی کەسێتیی دەگەڕێتەوە لە نێو ڕۆماندا، بۆیە ڕۆماننووسان هەوڵیانداوە، کە کەسێتییەکانی بەسەرنجراکێشترین شێوە ڕۆڵ پێببەخشن لە ڕۆمانەکانیاندا،هەر لەبەر ئەوەپەنایان بردووەتە بەر هەموو جۆرێک لە کەسایەتی، کە ئێمە لەژیانی ڕۆژانەی خۆماندا دەیانبینین،وەک (کەسێتی بەهێز، کەسێتی لاواز،میهربان و بەخشندە،دڵڕق و دڕندە،کەسێتی جێگیر و دڵنیا، کەسێتی گوماناوی و ڕاڕا،کەسێتی توڕ، کەسێتی لەسەرخۆ وهێمن ...هتد) دواتر ڕۆماننووس هەوڵدەدات لەهەموو ڕوویەکی وەک فیزیکی و دەروونی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ...هتد ئەو کەسێتییە بە خوێنەر ئاشنابکات .

لێرەدا دەبێت ڕۆماننووس کەسێکی داهێنەربێت لەئافراندنی ئەم کەسێتیانە، چونکە پاش ڕەچاوکردنی ڕەهەندەکانی کەسێتی لە ژیانی واقیعدا پێویستی بە ئاوێزانکردنی خەیاڵ وئەندێشەی هونەری خۆی هەیە، چونکە کەسێتی ناو ڕۆمان نابێت هەمان کەسێتی واقیع بێت کوت

ومت.((کەسێتی ئاماژەیە بۆ چەند خەسڵەتی ڕەوشتی و لاشەیی و پێوانەیی کە لە ئەدەبدا مانای جیاوازتری هەیە،بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەو کەسەوە هەبێت، کە لە ڕۆمان یان چیرۆکدا ڕۆڵ دەبینن))(فتحی، 1988،ص195)واتە کەسێتی دەبێت بەپێی ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە نێو دەقەکەدا ڕۆڵی پێببەخشرێت، نە زیاتر لە ئەندازەی خۆی نە کەمتر، چونکە ئەگەر زیاتر بێت ئەوە کەسێتییەکە دەکاتە بە کەسێتییەکی(Super hero) کە بە کەسێتی واقیع بەراورد ناکرێت .بە پێچەوانەیشەوە ئەگەر کەسێتییەکە بە ڕۆڵی خۆی کەمتر هەستا ئەوە دەبێتە هۆی لاوازی بوونیاتی گشتی دەقەکە.(ڕۆلان بارت)دەڵێت: ((کەسێتی بەرهەمی کارێکی نووسراوە مەبەست لەوەیە پێناسەکەی بەسەر دەقەکەدا دابەش بووە، لەڕێگەی ئەو ئاکار و تایبەتمەندیەی کە پێی دەدرێت ))( الحمداني، 2000،ص51) .

کەسێتییەکان باشترین ڕێگەن بۆ ئەوەی ڕۆماننووس تەواوی پەیام و مەبەستو بیرۆکەی خۆی بگەیەنێت بە خوێنەر،چونکە لەڕێگەی کەسێتییەکانەوە ڕووداوەکان ڕودەدەن و سود لەکات و شوێن وەردەگیرێت، واتە بەشێوەیەکی گشتی کەسێتییەکان ئەو ماسکە جیاوازانەن کە ڕۆماننووس هەر جارە و لەژێر یەکێک لەو ماسکانەدا هەوڵدەدات پەیامەکەی خۆی بە وەرگر بگەیەنێت، وەک( میشیل بۆتۆر )دەڵێت : (( ڕۆماننووس کاتێ کەسێتییەکان درووست دەکات، بیەوێت یان نەیەوێت، بزانێت یان نەزانێت، کەسێتییەکان لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەڵدەبژێرێت، ئەو کەسێتیانەش وەک دەمامکێکی خۆی وایە بەکاریان دەهێنێت  کە لە پشتیانەوە چیرۆکی دەگێڕێتەوە  ))(بوتور، 1986، ص64).

کەواتە ئەو کەسێتییەی لە ڕۆماندا هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان نا ڕاستەوخۆ، ڕەگێکی لە بیر وزیهنی ڕۆماننووسدا هەیە یاخود لە باکگراواندی نووسەردا لە ڕابردوودا جۆرێک لە کاریگەری هەبووە،یان دەکرێت نوسەر بە ئومێد پەیدابوونی جۆرێک لەو کەسێتییەبێت کە لە نێو دەقەکەیدا هەیە،ڕۆژێک هاوشێوەی لە نێو  ژیانی واقیعدا ببینێت.(( کەسێتی لە ڕۆماندا چەند دروستکراوی دەستی نووسەرەکەش بێت و تەنانەت ئەگەر لەیەکێک لە قۆناغەکانیشدا ڕەگ و ڕیشەیەکی واقیعی هەبێت، هەر ئەوەندە یەکەم هەنگاوی لە ناو ڕۆمانەکەدا هەڵهێنا، ئیتر ژیانێکی سەربەخۆی دەبێت ))(مەجید، 2012،ل26).

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیالۆگ و هەڵسوکەوتانەی کە کارەکتەر دەیگێڕێت لە ڕۆمانەکەدا،کە بێگومان پەیوەستە بەو زەمینەسازییەی کە ڕۆماننووس بۆ ئەو کارەکتەرەی دەکات، کە

هەڵسوکەوتی ئەم کەسێتییە ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و کۆمەڵگە و تەنانەت ئەو خێزانەیشە کە تێیدا پەروەردە بووە، چونکەئاشکرایە هیچ کەسێتییەک لە بۆشایدا ناخوڵقێت بەڵکو لە نێو کۆمەڵێک کەسدا دەژی و ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم کەسێتییەوە پەیامی خۆی بە کەسانی چواردەوری بگەیەنێت،هەروەها خوڵقاندی ئەم کەسێتییە و گەیاندنی پەیامەکە پرۆسەیەکی وردی دووروو درێژە، چونکە گێڕەرەوە بەپێی ڕۆڵی ئەو کەسێتە لە نێوڕووداوەکان و پەیوەست بەو کات وشوێنەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن دێتە سەر باسی ئەم کەسێتییە، نەک بە یەکجار و لەیەک شوێندا هەموو ڕۆل وپێگەی ئەو کەسێتییە بۆ خوێنەر ئاشکرابکات ((ئەو سەرنجەی دەیدات تاکە کەسێتی بەخشین بە کەسێتی ڕۆمان، دەبێتەهۆی جیاوازی قەتعی ڕۆمان لەگەڵ ژانرەکانی دیکە،بەڵام  ئەم فەردانیەت و تاکەکەسێتی بەخشینیبۆی نیە لە ڕێگای بە سۆپەرمان و ئەفسانەیی کردنی کەسایەتیکانەوە بێت ))(یەعقوبی، 2009، ل132).

واتە ڕۆمان باشترین ژانر و فراوانترین پانتاییە بۆ نووسەر بۆ ئەوەی کەلە خەیاڵیدا هەیە لە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبی بۆ خوێنەری بەیان بکات، هەروەها پەی بەناخی کارەکتەرەکانی ببات وبۆ خوینەری ئاشکرا بکات، تا لەو ڕێگەیەوە وا لە خوێنەر بکات، کەهەست بە بوونی خۆی یان هاوشێوەی کەسانی چواردەوری بکات لە نێو ڕۆمانەکەدا، کە هەر ئەوەش دەبێتە خاڵی سەرنجڕاکێشی ڕۆمانەکە و خوێنەر کەمندکێش دەکات بۆ خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە و زانینی تەواوی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی، کە بەسەر ئەو کەسێتییەدا هاتووە.

بێگومان دەستنیشان کردن و باسکردنی هەموو جۆرەکانی کارێکی ئاسان نییە.بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر جۆری کەسێتیی هەیە کە دەکرێت بە پێی پێویستی و مەودای لێکۆڵینەوەکان کاری لەسەر بکرێت،چونکە کارکردن لەسەر هەموو جۆرەکانی کەسێتیی لە یەک لێکۆڵینەوەدا، کارێکی سەرکەوتوو نابێت، هەروەک چۆن ((شارەزایانی بواری سایکۆلۆجی ژمارەیەکی زۆر لە کەسێتییان دەستنیشان کردووە وەک ( کەسێتیی کراوە، کەسێتیی داخراو، کەسێتیی خۆویست، کەسێتیی پشت بەستوو، کەسێتیی هیستری، کەسێتیی تیژ، کەسێتیی نەرم، کەسێتیی خەمۆک، کەسێتیی کاریزمی، کەسێتیی پەرگیر، کەسێتیی دژەکۆمەڵگە، کەسێتیی شەڕەنگێز ...))(صالح، ٢٠١٠،ل ١٩ ) ئەوەی، کە ئێمە لەم توێژینەوەدا کاری لەسەر دەکەین کەسێتیی مێژووییە.

## کەسێتیی مێژوویی

مێژووی هیچ نەتەوەیەک نانووسرێتەوە بەبێ ئاماژەدان بە کەسایەتیە مێژووییەکان یاخود بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی کەسایەتیە مێژووییەکان شتێک نامێنێتەوە بەناوی مێژووی نەتەوەوە،ڕۆڵی کەسایەتییە مێژووییەکان هەریەکە و لەبواری خۆیدا ئاماژەی پێدەدرێت واتا شاعیرێک بە جیا لە سەرکردەیەکی سەربازی یان کەسایەتییەکی هونەری، واتە ئەوەی لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی شاعیرێک دەکات لێکۆڵەرەوانی ئەدەبین، ئەوەی توێژینەوە لە ڕۆڵی سەرکردەیەک دەکات لێکۆڵەرەوانی بواری سیاسی و مێژوویی .بەڵام دەکرێت ڕۆماننووسێک لە ڕۆمانێکی مێژووییدا ئەم ڕۆڵانە پێکەوە کۆبکاتەوە لە چوار چێوەی ڕۆمانێکی مێژوویدا.

کەسێتیی مێژوویی یاخود کەسێتیی کاریزما و بەکارهێنانی وەک چەمک، دەگەڕێتەوە بۆ (گریکییەکان) وەک لە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکاندا، ئاماژەی پێدراوە.(( بەکارهێنانی کەسێتیی مێژوویی بۆ گریکییەکان دەگەڕێتەوە کە وشەی(Xapoaha)یان بۆ بەکارهێناوە بە ئینگلیزی دەبێتە(gift)واتە (خەڵات) یاخود (چاکەی پیرۆز).کە بە گشتی بۆ وەسفکردنی حاڵەتێکی دەگمەن بەکاردێت،بۆ هەندێک کەسایەتی باوەڕ پێکراوی خەڵک))(lewis,1982,p47)دیارە ئەو کەسێتیانە توانایکی تایبەت و بەهێزیان هەیە،لە بەرەوپێشبردنی کارەکانیان و هەڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان،بێگومان ئەوەیش بە هۆی خاڵی جیاکەرەوە و جیاوازی نێوان ئەم کەس کاریزمیانە و خەڵکانی ئاسایین.

وەک دەگوترێت (( کەسێتیی مێژوویی خاوەنی کۆمەڵە ڕەوشت و سیفەتێکە،کە دەبێتەهۆی ئەوەی کە بەو خاسێت و تایبەتمانديیاندا بناسرێتەوە،جیابکاتەوە لە خەڵکانی ئاسایی))(davis,2006.p14).بێگومان مەرجە کەسێتیی مێژوویی لە یەک کاتدا.خاوەنی چەند تایبەتمەندیەک بێت،وەک لایەنی نیشتیمانپەروەری و قارەمانێتی یاخود کەسێتییەکی ئاینی یاخود کەسێتییەکی شۆڕشگێڕی تا ببێتە کەسێتییەکی کاریزمی((زۆربەی ئەو جۆرانەی کە دەیخەینە ڕوو پێویستە لە تاکێکدا هەبێت بۆ ئەوەی بە کەسێتییەکی مێژوویی و بەهرەمەند و هاندەر و بەرەوپێشجوونی جەماوەری لە قەڵەم دەدرێت،وەک (جوانی،پڕچالاکی، ژیریی ، نهێنیبوون،ڕاستگۆی،دڵخوازی،سەرنجڕاکێشی... هتد)هاوشانی چەندخاسێتێکی تایبەت بە کۆمەڵگەکەی خۆی))(Maria,2011,p14).

بێگومان بوونی ئەم تایبەتمەندیانە لە کەسێتیەدا بەس نییە،بۆ ئەوەی ببێتە (کاریزما)،بەڵکو پێویستی بە پاڵپشتی دەسەلاتێکی بەهێزی جەماوەری هەیە،تاوەکوبتوانێت سەرۆکایەتی کەسانی دیکە بکات.بە لایانی ئەرێنی و نەرێنییەوە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا.

قسەکردن لەسەر کەسایەتی مێژوویی لە ڕۆماندا یان هەرژانەرێکی دیکە لە ئەدەبدا، یەکسان نییە بەقسەکردن لەسەر کەسایەتیەکی مێژوویی لە بابەتێکی دیکەی وەک مێژوو یان لێکۆڵینەوەی مێژوویی یان لێکۆڵینەوەی سیاسیی،لەبەر ئەوەش خودی ئەدەب وڕۆمانیش لەچوارچێوەی ئەدەبدا زادەی خەیاڵە،وەک (ئەی، ئێم فۆرستەر )دەڵێت : (( مێژوونووس مێژوو دەنووسێتەوە،لەسەر ڕۆماننووسیش پێویستە ئافراندن بکات )) (فۆرستەر،1994،ص38) .

بەم شێوەیە فۆرستەر جیاوازی نێوان مێژوونووس وڕۆماننووس دەخاتە ڕوو،مێژوونووس پشت بە ڕاڤەو لێکدانەوەی زانستی دەبەستێت بۆ تۆماری ڕووداوە مێژووییەکان، بەلام ڕۆماننووس پشت بەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆی دەبەستێت، لەبونیاتنانی بەرهەمەکەیدا،هەربۆیە نووسەر لە نووسینەوەی ڕۆماندا سەربەست و ئازادە لەبەکارهێنانی خەیاڵی خۆی، بەلام کاتێک ڕۆمانێک، بە ڕۆمانێکی مێژوویی ناودەبرێت نووسەر ئازاد نییە لە شێواندنی سەرتاپای ڕووداوەکان یاخود پێچەوانەکردنەوەی ڕووداوەکان، ئەمەش بۆ کەسایەتیش ڕاستە چۆن بۆ ڕووداو ڕاستە، لەبەر ئەوە نووسەر ناتوانێت کەسایەتیەکی مێژوویی شۆڕشگێربە کەسیەتییەکی خائین و خاک فرۆش و خۆفرۆش لەقەڵەم بدات و باسی بکات .ئەوکاتە ئەو هەستەی بۆ درووستدەبێت کە مێژوو بە پارێزراوی و ڕاستگۆییەوە بەچی هونەرێکەوە وەرگێڕراوەتەوە سەر ئەدەب و نەمرییەکی جوانی بەو ئەدەبە بەخشییەوە،هەر بۆیە(( لەنیشانەکانی ڕۆمانی واقیعی بەکارهێنانی ڕووداوە مێژووییەکانە وەک باکگراوند بۆ ڕۆمان کەتیایدا ڕۆماننووس پاڵەوانەکانی خۆی تێیادا بەشداری پێدەکات .))(قاسم، 1984، ص48) .

ئەمەش لەکاتێکدا ڕۆماننووس چەند کارەکتەرێکی خەیاڵی بۆ ڕۆمانەکەی درووستکردووەو بەشداری پێکردووە لە ڕۆڵگێڕان لە نێو ڕووداوەکاندا، تەنها کارەکتەری سەرەکی نەبێت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکانەوە، بۆ نموونە کە کام ڕۆمان مێژووییە، ئەوانی دیکە بەرهەمی خەیاڵی نووسەرن، کەواتە ڕۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە ڕووداوە ڕاستەقینەکان یاخود واقیعیەکان ڕەگەزی کارتیاکردنیەتی ئەگەر لە لوتکەی فەنتازیاشدابێت،هەرچەندە مێژوو لە ڕوانگەی بوون ئامادەیی کەسەکانەوە لە ڕووداوەکان دەدوێت، واتا ڕاستەوخۆ .بەلام ڕۆمان لە

ژیانی شاراوەی کەسەکان دەدوێت، بەواتای ئەوەی کارەکتەر هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی پاڵنەر و خوڵقێنەری ڕووداوەکانە.

بۆ نمونە ڕۆڵی کەسایەتی مێژوویی (ئەحمەدی خانی ) کە هاوبەشە،لەنێوان کەسایەتیەکی نەتەوەیی و ئەدەبیدا، کە دەتوانرێت لە چەندین ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئاماژەی بۆ بکرێت وەک کەسایەتیەکی مێژوویی،یەکێک لەولایەنانە، لایەنی ( نەتەوەییە) کە(ئەحمەدی خانی) تەنها بەبیرە نەتەوەییەکەی توانیویەتی پێگەیەکی بەهێز لە نێوو مێژووی ئەدەبی کوردیدا بۆخۆی دابین بکات.

جگە لەوەش هەوڵ وتێکۆشانەکانی بۆ نووسینەوەی ئەدەبی کوردی وە گۆڕینی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و سەرزاریی خەڵکەوە بۆ ئەدەبی نووسراو،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندین بەرهەمی ناوازە لەدوای خۆی جێبهێڵت،لەوانەش دیارترینیان (مەم و زین)ە،کە ئەم بەرهەمە ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە لەنێو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا، لەلایەکی دیکەوە دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەری ئەحمەدی خانی بکەین لە بیرە نەتەوەییەکەیدا کە هاوبەشی کردووە یاخود تێهەڵکێشی کردووە لەگەڵ بیرە ئەدەبییەکەیدا.

واتا دەکرێت جگە لەوەی هەریەکەیان بەجیا باس بکرێت، دەگونجێت هەردووکیشیان بەهاوبەشی وەک یەک بیری نەتەوەیی و ئەدەبی سەیربکرێت ئەمەش لە قۆناغەکانی دواتردا بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە،بۆنمونە لەسەر شاعیرێکی وەک (حاجی قادری کۆیی) لە ئەدەبی کلاسیک وە لە ئەدەبی هاوچەرخیشدا ئەوا بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر شاعیرێکی وەک (عەبدوڵلا پەشێو )هاوشێوەی یەک بوون، بۆیە دەبینین ئەم کاریگەریە نەوە دوای نەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا هەر دەمێنێتەوە،ئەوەش بەهۆی بەهێزی بەرهەمەکان و کەسێتی خودی خانی خۆیەوە بووە.

هەروەها کەسێتییەکە دیکەی مێژووی کە لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەکدا) وەک کەسێتیی سەرەکی باسکراوە،(شێخ سەعیدی پیرانە)کە ئەویش کەسێتییەکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کوردە،کە ژیانی خۆی قوربانی خەونی بەدەستهێنانی مافەزەوتکراوەکانی گەلەکەی کردووە.(( شێخ سەعید لە بنەماڵەیەکی ناسراو و نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و تەنانەت ڕۆشنبیریشە، باوک و باپیری لەلایەن سوڵتانەوە لەسەر کێشەی گەلەکەیان شەهید کراون بنەماڵەکەیان ئاوارەیی و

زیندان و زیانی زۆریان پێگەیشتووە))(هەورامی، 2003،ل9).ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە شێخ سەعید تۆوی کوردپەروەری لە ناخیدا بچێنرێت و بە درێژای تەمەنی لە گەشەکردن و گەورەبووندا بێت،تا گەشتە ئەو پلەیەی کە بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی دا .

لەسەر بیر و باوەڕی خۆیشی بەردەوام بوو، تا گەیشتە ئەوەی، کە ڕابەری شۆڕشێک بکات دژی دەسەڵاتی داگیرکەران (( شێخ سەعیدی پیران یەکەم سەرکردەی کوردە، لە کوردستانی باکور، کە سەرکردایەتی شۆڕشێکی چەکداری بکات دژ بە کەمال ئەتاتورک لە پێناو داواکردنی مافە نەتەوایەتی و ڕەواکانی گەلی کورد،کە کەمال ئەتاتورک بەڵێنی بە کورددابوو بەپێی ڕێکەوتنامەی سیڤەر لە 8:10:1920 دواتر بەڵێنەکەی نەگەیاندە جێ))(نجار،2019).

بێگومان ئەتاتورک تەنها بەوەوە نەوەستا کە پابەندی بەڵێنەکەی نەبێت،بەڵکو ئەو لە هەوڵی دروستکردن و بنیاتنانی دەوڵەتێکی عەلمانی دا بوو،کە تێیدا جگە لە زمانی تورکی وکلتور و فەرهەنگی تورک و دژی هەموو میللەتانی دیکە بوو تەنانەت زمانی میللەتانی دیکەی لە دەوڵەتەکەیدا قەدەغەکردبوو،یەکێکیش لەو میللەتانە کورد بوو کە بەم هۆیەوە گەلی کورد هەموو هەوڵێکی خۆیدا لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانی بەڵام بەهۆی نا بەرامبەری هێزی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیا و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکانی وڵاتانی زلهێز لەو سەردەمەدا، کورد نەیتوانی هیچ مافێک بەدەستبێنێت بگرە زۆر زیاتریش توشی چەوسانەوە و زوڵم وسەرکوتکردن بوویەوە.

ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە شۆڕشەکەی شێخ سەعید هەر بە کۆرپەی لەباربچێ، بەشێک لەوانەی تێیدا بەشداربوون، بە تاوانی کوردبوون و داواکردنی مافی نەتەوەیی خۆیان، حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو ((تاوانی هەرە گەورە کە لەلایەن دادگاکانەوە دراوەتەپاڵیان،خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوە و پارچە پارچەکردنی تورکیا بووە ))( هەورامی، 2003،ل11) واتا داوای مافی ڕەوای خۆیان بە تاوان لەسەر حسابکرا و لە دادگاییەکی ڕووکەشدا، شێخ سەعید و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو ((27 ئایاری 1925 ، شێخ سەعید و (٤٦) لە هاوڕێیانی دەستگیرکران و لە ٢٩ی حوزەیران ١٩٢٥ بە لە سێدارەدان حوکمدران ))(ئلسن،١٩٩٩،ل١٩٧) ، ئەم کورتەیەکە لە سەرگوزشتە و ژیان و شۆڕش و مردنی شێخ سەعید،کە لە نێو چەندین بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگیداوەتەوە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)یش،یەکێکە لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە بۆ باسکردنی ژیان و شۆڕش و لە

سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران تەرخان کراوە بەتایبەتی لەڕوی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕییەوە.لە پاش باسکردنی کەسێتیی لە ڕۆمانی میرنامە دا،بە وردی ئاماژەی پێدەدرێت.

کەواتە دەبێت لێکۆڵینەوە لە هەر کەسایەتییەکی مێژوویی لە بواری خۆیدا بکرێت، بۆ کەسایەتیەکی وەک (ئەحمەدی خانی) زیاد لەبوارێک دەبێت ئاماژەی پێبکرێت ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمانە لایەنی ئەدەبیەکەیەتی و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ژیان و بەرهەمەکانیەتی لە نێو ئەدەبی کوردیدا، بە هەڵسەنگاندنی (ڕۆمانی میرنامە) کە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ژیان و مردنی خانی.

## تەوەری دووەم : پێکهاتە و ئەرکی کەسێتیی لە ڕۆمانی (میرنامە)دا

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد (میرنامە) ڕۆمانێکی مێژوویە و باسی کەسێتیەکی دیاری گەلەکەمان دەکات و کورتەیەک لە ژیانەکەی دەخەینەروو.

### کورتەیەک لەسەر ژیانی (ئەحمەدی خانی) :

ئەحمەدی خانی، کە هەر لەگەڵ ناوهێنانی خوێنەر بیری بۆلای بەرهەمە ناوازەکەی (مەم و زین ) دەچێت، لێکۆڵەرەوانی ئەدەبیش هەر ڕوویان لەو بەرهەمەی کردووە بۆ بەدەستهێنانی چەند زانیاریەک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی[6]

---

[6]--(عەلائەددین سەجادی)دەڵێت ((ناوی (احمد) وەکو بیستومە کوڕی (شێخ الیاس )و لەعەشیرەتی خانیانی ولاتی بایەزید و بۆتانە،لە ساڵی 1601 ە، لە شاری بایەزید هاتوەتە دنیاوە وەک خۆی دەڵێت:

لورا کو دەمە ژ غەیب فەک بوو

تاریخ هەزار و شەست و یەک بوو

کە بە میلادی 1650 ز ئەگرێتەوە))(سجادی، 1971،ل215).

وەک ئاشکرایە خانی لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەو هۆشیاریەی هەیبووە، لە دێرە شێعرێکدا ساڵی لەدایکبوونی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، پاشان خانی (( هەر لە بایەزید دەچێتە بەر مزگەوتی مرادیە لەپاش ماوەیەک مانەوە لە مزگەوتەکانی بایەزید و دەوروبەری،ڕوو ئەکاتە ئورفە و تبلیس ئەگەڕێ شیلەی گوڵی شوێنان ئەمژێ لە هەرلایەک کە ئەبینێ عالمێکی بەناوبانگ هەیە، بۆ وەرگرتنی عیلم و زانیاری ڕووی تێ ئەکا )) (سجادی، 1971،ل219).

بەم جۆرە خانی چەندین شار و ناوچە گەڕاوە تا گەیشتووەتە پلەیەکی خوێندەواری بەرزی ئەو سەردەمە،کە وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی بووە ((ئیجازەی دوازدە عیلمی مەلایەتی بەپێی بەرنامەی خوێندنی ناو کوردایەتی وەرگرتووە لەپاش تەواوکردنی خوێندن، مامۆستای هەڵبژاردووە وەک پیشەیەک، ئیتر بووە بە مامۆستا لەیەکێک لە مزگەوتەکانی شاری بایەزید))(خەزنەدار، 2002،ل307)خانی بەهۆی ئەو خوێندەواریەی کە هەیبووە، بە بەشێک لە شاعیرانی کوردی هاوسەردەمی خۆی یان پێش خۆی ئاشنابووە، کاریگەریان لەسەر خانی هەبووە((ئەحەمەدی خانی ئاوازی شیعرەکانی شێخ ئەحمەدی جزیری و فەقێ تەیران و مەلا باتێ و عەلی حەریری وەکو دەنگی شمشاڵ کاری لە هەموو دەمارەکانی کردووە))(سجادی، 1971،ل221).

هەر ئەم کاریگەریەش بوو، بووە بەهۆی ئەوەی توانایەکی وا گەورە لە خانیدا پەنگ بخواتەوە وئەو داهێنانە مەزنە بکات و (مەم و زین)لە شێوەی داستانە شیعردا بنووسێت، بەڵام تەنها نووسینەوە و کۆکردنەوەی بەسەرهاتی دڵداری وئەڤینی نێوان (مەم و زین) ئامانجی خانی نەبووە،بەڵکو ئامانجێکی گەلێک گەورەتری هەبوو لەوە، ئەویش گەیاندنی بیر و پەیام و مەبەستەکانی خۆی بوو بۆ گەلی کورد،کەخۆی لەداواکردنی یەکڕیزی وهەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەی وچەندین مەبەستی بەنرخ و پیرۆزی دیکەدا دەبینییەوە،هەر خۆیشی دان بەم ڕاستیەدا دەنێت و لە بەیتێکدا دەڵێت:

شەرحا خەمێ دڵم بکەم فەسانە

زین و مەمێ بکەم بەهانە

کەواتە خانی ویستوویەتی لەڕێگەی ئەو داستانە شیعرەوە شۆڕشێکی هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد بەرپابکات،کەچیدیی ژێردەستەی قەومەکانی دیکە بەناوی دین و سوڵتان و دەسەڵاتەوە قبوڵ

نەکات،بەڵکو ئەمیش لە خەوی غەفڵەت ڕاببێت و داوای مافی خۆی بکات  بۆ نەوەکانی دوای خۆی تێبکۆشێت، هەر ئەوەش وایکردووە تا ئەمڕۆش پاش تێپەڕبوونی چەند سەدەیەک، ناوی خانی وەک شاعیرێکی زیندوو کاریگەر هەربمێنێت و کاربۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی بکرێت،هەروەها کاریگەری لەسەر چەندین شاعیر و نووسەر وئەدیب بەگشتی هەبووە، ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەو کاریگەرە بەرچاوەی دەگەڕێتەوە،زانیاری تەواو ورد و دروست نییە سەبارەت بە مردنی خانی، بەڵام (د.مارف خەزنەدار) لەم بارەیەوە دەڵێت (( شاعیر لەمەڵبەندی لەدایک بوونی شاری بایەزید، لە ساڵی ( 1707 م) کۆچی دوایکردووە،هەر لەوێیش نێژراوە،ئەو زانیاریانەی لەو ناوەوەن ئەم مێژووە بەڕاست دەزانن،جگە لەمە بە ڕێگایەکی تریشمان بەدەستەوەیە، پشتگیری ئەو ڕایە دەکات، ئەویش ڕستەی عەرەبی (گار خانی الی ویە)کە بۆمردنی شاعیر دانراوە، بەحسێبی ئەبجەدی دەکاتە ساڵی( 1119ه )ئەم ساڵە بەرامبەر بە ساڵی (1707: 1708 )ی مەسیحییە)) (خەزنەدار، 2002،ل308).

## ڕۆمانی (میرنامە) :

ڕۆمانی (میرنامە) کە بە ڕۆمانێکی مێژوویی دائەنرێت، باس لەکەسێتی (ئەحمەدی خانی) ئەکات،کاتی ڕووداوەکان لە نێوان ساڵانی (1650 – 1707 ز) کە هاوکاتە لەگەڵ کاتی لەدایکبوون تا مردنی خانی .بەڵام ڕۆمانەکە لەکاتی مردنی خانییەوە دەست پێدەکات، کەبەشێوەیەکی گشتی پانۆرامای ڕووداوەکان لەسەر (23) حەڵقە دارێژراوە، ئەمەش وادەکات کەخوێنەر بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە،لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆمانەکە بە شێوازێکی هونەری جوان و سەرنجڕاکێش نووسراوە هەروەها زمانێکی سادەو ڕەوانی تێدا بەکارهاتووە،چونکە نووسەر ڕۆمانەکە(جان دۆست) خۆی شاعیرە، بەهۆی ئەو پاشخانە هونەری و ئەدەبییە دەوڵەمەندەی کەهەیەتی توانیویەتی چەندین وێنەی هونەر جوان بخولقێنێت، کە چێژێکی تایبەتی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە.لەڕووی ناوەڕۆک وپەیامەوە، ڕۆمانەکە لەچەندین بابەت دوواوە، هاوشێوەی کۆشکێکە کە هەر پەنجەرەیەکی بەسەر دیمەنێکدا بڕوانێت، بۆ نمونە بابەتەکانی وەک ( سۆفی و سۆفیگەی) واتا پەیوەندی نێوان مرۆڤ وخودا،یان بابەتی (ئاین ) کە خانی نایەوێت بەهۆی ئاینەوە میللەتەکی بەژێردەستەی بژی و سوڵتانەکانی عوسمانی وەک نوێنەری خودا قبوڵ نییە،دەیەوێت خەڵک لەوبارەیەوە هۆشیار بکاتەوە.یاخود بابەتی ناکۆکی نێوان (میر و میرنشینە کوردیەکان) کە وەک

نەخۆشییەکی درێژخایەن لە نێو جەستەی گەلی کورددا بڵاوبووەتەوە، هەمیشە هۆکاری سەرەکی بە چەوسانەوە و نا ئاسوودەی گەلی کورد بوون.

واتا بەگشتی ناوەڕۆکەکەی هەڵگری خەمی نەتەوەیی کوردە هەوڵدانە بۆ یەکڕیزی و شۆڕشکردنە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆی، نەوەک قبوڵکردنی دەسەڵاتی والی و سوڵتانە عوسمانییەکان بەناوی دین و دەوڵەتەوە .کەواتە خانی وەک مەلایەکی ئاینی و وەک ڕەخنەگر و ڕۆشنبیر و کەسێکی نەتەوەپەروەر وەک چۆن لە ژیانی واقیعدا هەبووە لەم ڕۆمانەدا باسکراوە،کەبێگومان هاوشان بووە لەگەڵ تێکەڵکردنی لەگەڵ فەنتازیا و خەیاڵێکی بەرزی ئەدەبی .ڕۆماننووس هەوڵیداوە کە لەچوارچێوەی ڕۆمانێکی مێژوویدا، ڕوومالّی کەسایەتی (ئەحمەدی خانی) بکات.

کە ڕۆمانی ( میرنامە) ی (جان دۆست )، بەشێوەیەکی باش و شیاو گەورەیی کەسێتی ئەحمەدی خانی ئاوڕی لێداوەتەوە، توانیویەتی کە ڕۆڵی ئەحمەدی خانی بە گونجاوی پیشانبدات.کە لە گەورەیی و کاریزمایی ئەم کەسێتییە مێژووییە کەم نەکاتەوە.بەشێکی زۆری ژیانی دەنووسێتەوە لەم ڕۆمانەدا، بەهەمان شێوە ئاماژە بە چەند لایەنێک دراوە وەک (بیری نەتەوەیی وبیری ئازادی خوازیی و بیری سەربەخۆی نەتەوەیی )هەروەها وەک لایەنی ئەدەبی گرنگیدان بە لایەنی زمان و ئەدەب و کلتور و فەرهەنگی کوردی .

واتا بەشێوەیەکی گشتی باسکردن لە (ئەحمەدی خانی ) یەکسانە بە باسکردن لە نیشتیمانپەروەری و بیری نەتەوەیی، واتا باسکردن لە نیشتیمان پەروەری و بیری نەتەوەخوازی بەو شێوە بەهێز بەرچاوە و ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمی ئەدەبیدا بەو شێوە فراوانە تا پێش ئەحمەدی خانی زۆر کەم بووە، چونکە ئەحمەدی خانی توانیویەتی لە دیباجەی داستانە شیعری (مەم و زین)دا، لەژێر پەردەی باسکردنی ئەشقی نێوان مەم و زیندا باسی چەندین بابەتی دیکەی وەک نەتەوەپەروەری و یەکگرتنی گەلی کورد و سودوەرگرتن لەئاین بۆ خزمەتی نەتەوەی دەکرد ... هتد.ئەوەی لەم ڕۆمانەدا باسکراوە بەشێکی ئەو ڕۆڵەیە کە ئەحمەدی خانی گێڕاویەتی.

ئەوەی ئەرکی ئێمەیە لەو ڕۆمانەدا دەرخستنی ئەو بیرە نەتەوەییە و دەرخستنی ئەو ڕۆڵەی ئەحمەدی خانییە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، نەک لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ ئەوەی دەریبخەین ئەو ڕۆڵەی لە ژیانی حەقیقیدا بینیوە یان نە ؟ ئایا ئەو ڕۆڵە ڕاستە یان نە؟بەڵکو کارکردنە لەسەر لایەنی هونەری ڕۆمانەکە ئایا ڕۆماننووس لە باسکردن ئەو کەسایەتیە

مێژووییەدا توانیویەتی بنەما هونەرییەکان و بنەما ئەدەبیەکانی دیکەی ڕۆمان جێبەجێ بکات.ئایا ڕۆماننووس توانیویەتی ئەو واقیعە درووست بکات کەلەلای خوێنەر ئەو خەیاڵە بنیاتبنێ له ڕێگەی دروستکردنی دیاردەسازی یان فەزاسازی، فەزایەک بخولقێنێت کە وا لە خوێنەر بکات ئەوەی نووسراوە، خەیاڵ نییە بەڵکو واقیعە.لەم ڕۆمانەدا(میرنامە)(جان دۆست)ی ڕۆماننووس لەڕێگەی گێڕەرەوەکانەوە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە (ئەحمەدی خانی) دەخاتە ڕوو،دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکە بەجۆرێک دەستپێدەکات کە خوێنەر تامەزرۆی زووتر تێپەڕبوونی ڕووپەڕەکان دەکات بۆ زانینی زانیاری زیاتر لەهەمبەر ڕووداوەکانی دوای ئەوە یان هەر خودی ئەو ڕووداوەی کە لە لاپەڕەکانی سەرەتادا ڕوو دەدات وەک ( مردنی خانی، سوکی تەرمەکی، بارانی ڕەش یان مەرەکەب،تەڕنەبوونی کفنەکە ...هتد) ئەم نهێنیانە هەمووی دەبێت بە گرێ لای خوێنەر دەیەوێت بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت کە کەسێتییەکانی ناو ئەو ڕۆمانە هەیانە.

سەرەڕای ئەوەیش باس لە بەهێزی کەسێتی خانی دەکات کە چۆن لەلایەن میر و دەسەڵاتدارانی ئەوسەردەمەوە، بەڵام ئەم خۆی لێ بەدوورگرتوون تەنها داوای مافی نەتەوەکەی لێکردوون، بڕیاری داوە تا جێبەجێکردنی داواکارییەکانی نەچێتە دیوەخان و بارەگاکانیان .واتە لەم ڕۆمانەدا زۆربەی تایبەتمەندنیەکانی کەسێتی مێژوویی لە کەسێتی خانیدا بەدی دەکرێت،بەجۆرێک کەمینەی ڕۆماننووسی کورد هەیە بتوانێت بەوجۆرە مێژووی شاعیر یان سەرکردە و ناودارانی کورد لە چوارچێوەی ژانرێکی ئەدەبی وەک ڕۆماندا جێگەبکاتەوە.

## کەسێتی لە ڕووی ئەرکەوە لە ڕۆمانی (میرنامە)دا

کار کردن لەسەر کەسێتیی لە دوو ڕەهەندەوە،ئەوەش (کەسێتیی لە ڕووی ئەرکەوە و کەسێتیی لەڕووی پێکهاتەوە ) . کەسێتی لە ڕووی ئەرکەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن کە ئەوانیش (کەسێتیی سەرەکی، کەسێتیی لاوەکی)

### کەسێتی لە ڕۆمانی (میرنامە ) لە ڕووی ئەرکەوە

**أ- کەسێتی سەرەکی**

**ب- کەسێتی لاوەکی**

**أ: کەسێتی سەرەکی:**

لەناو ڕۆماندا چەندین جۆری کەسێتیمان هەیە،کە هەریەکەیان ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە و جیاوەزە لەوەی دیکە، یەکێک لەو کەسێتیانەی کە زۆرترین ڕۆڵ وئەرکی هەیە، ئەویش کەسێتی سەرەکییە.کە بنەماو بنچینەی دەق لەو ڕوەوە کە جوڵێنەری سەرەکی ڕوودا و کار و چالاکیەکانی ناو ڕۆمانەکەیە تا کۆتای ڕۆمانەکە ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە،ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت کەکۆڵەکەیەکی سەرەکی دەقەکەیە،بەم پێیە (( پاڵەوانی سەرەکی گرنگترین و سەرەکیترین خاڵە لە نووسینیی ڕۆماندا، چونکە شاکەس هەر بەرپرس نییە لە ئاراستەکردنی ڕوودا و گۆڕینی ڕەوتی گێڕانەوە و یەکلایکردنەوەی ڕووداوە سەرەکییەکان، بەڵکو بەدیوێکی ناڕاستەوخۆ و ژێرەوانکێشی، دەربڕینی ڕوانین و جیهانبینی نووسەرە )) ( عەبدوڵڵا، 2020)

بەو پێیە کەسێتی سەرەکی گەیەنەری سەرجەم بیر و باوەڕەکانی نووسەرە، لەو ڕووەوە کە هەڵگری پەیامی دەقەکەیە، چونکە قسەکردنی نووسەر لە ڕێگەی کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوەیە، بەتایبەت کەسێتی سەرەکی،جوڵە و ڕووداو و کەسێتییە جۆربەجۆرەکانی دیکە پیکەوە دەبەستێتەوە، چونکە (( تەوەری سەرەکی ڕووداوەکانە، لەهەمان کاتیشدا بزوێنەری ئەو ڕووداوانەیە ))(شێخانی، 2014،ل38 )ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کەکەسێتی سەرەرکی بەشداری ڕاستەوخۆی هەیە لە بەرەوپێشبردنی ڕووداەکاندا، هەروەها لەگەشە و گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا، چونکە (( کارەکتەری سەرەکی ئەو کارەکتەرەیە، کاردانەوەی لەسەر بەرەوپێشبردنی ڕووداو و کارەکتەرە لاوەکییەکان و سادەکان هەیە و جۆرە داینامیکییەک دێنێتە کایەوە لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکاندا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی زنجیرەیەک ڕووداوەوە ، قۆناغ بە قۆناغ خۆی ڕوون بکاتەوە، بەکۆتای هاتنیشی کارە هونەرییەکە تەواو دەبێت ))(عوسمان، 2010، ل 45).

کەواتە کارەکتەری سەرەکی بەپێی جۆری ڕووداوەکان وردە وردە ڕووداوەکان، گۆڕانکاری بەسەرداردێت وبەرەوپێش دەچێت .کەسێتی پاڵەوان بەپێی جۆری ڕۆمانەکە دەگۆڕێت و دیاری دەکرێت،بۆ نمونە کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانێکی مێژووییدا جیاوازە لە کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانێکی پۆلیسی یان ڕۆمانێکی خەیاڵی زانستی ...هتد.چونکە کەسێتی سەرەکی هەڵگری ڕوخساری گشتی ڕۆمانەکەیە، بۆیە دەکریت گۆڕانکاری بەسەر کەسێتییەکەدابێت (( پاڵەوانێکی داستانی یاخود تراژیدی بێت، بەڵکو دەبێت خەسڵەتی ئیجابی وسلبیشی تێدابێت، بەهەمان شێوە

خەسڵەتی بەرز و بڵندیش لەخۆ بگرێت، هەروەک چۆن دەبێت هەردوو سیفاتی گەورە و بچوکیش لە خۆیدا کۆبکاتەوە، وەک مرۆڤێکی کامڵ و نەگۆڕپێشکەش نەکرێت )) (عەبدوڵلا،2000،ل11) بێگومان پێویستە کەسێتییەک بێت توانای گۆڕان و هەڵگری چەندین خاسیەتی وەک کەسانی ئاسایی تاوەکو لە دەروە زیاتر زیندوێتی بە دەقەکەی بدات و پێویستە بەردەوام لە گۆڕاندابێت بەپێی بارودۆخ و ڕەوشی ژیان لەناو ڕۆمانەکەدا،هەربۆیە درووستکردنی کەسێتییەکی لەوجۆرە دەوەستێتە سەر لێهاتووی نووسەر، چونکە پەیوەستە بەسەرکەوتنی ڕۆمانەکەوە،کەواتە (( نەمری ڕۆماننووس لە نەمری شاکەسەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەم کەسێتییە زۆر بە وریاییەوە لە قوڵایی ڕۆماندا دەبزوێت،لەتەک هەر ڕەگەزێکی ڕۆمانەکەدا گەمەیەکی گونجا دەکات))(کاکە وەیس،2005،ل13).

ئەوەش لەو جوڵە هونەرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە کردەوەکانیدا ئەنجامی دەدات بە لایەنی نێگەتیڤی و پۆزەتیڤیەوە، دەبێتە تەوەری سەرەکی لە ڕۆماندا و کەسەکانی دیکە بە دەورییەوەن و کاریگری زۆری لێدەکەن.ڕۆماننووس کەسێتی سەرەکی دەکاتە چەقی بابەتەکە و بزوێنەرەی ڕووداوەکاریگەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی هەروەها کات دەبەستێەوە بەو کاتەی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی تێدا دەژی یان تێدا ژیاوە، بەهەمان شێوە شوێن  وگێڕانەوەش وەک دوو توخمی سەرەکی لە هەوڵی زیاتر دەرخستنی توانا و ڕۆڵی شاکەس یان پاڵەوانی ڕۆمانەکەدان.

### کەسێتی سەرەکی  لە ڕۆمانی (میرنامە) دا

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا (ئەحمەدی خانی) پاڵەوانی ڕۆمانی ( میرنامە)یە و ڕۆڵی کەسێتی سەرەکی دەگێڕێت، بەڵام پاڵەوانێک کەزیاتر لەلایەن چەندگێڕەرەوەیەکی جیاوازە لە دەنگی خانی خۆی وەسف دەکرێت و بەشی زۆری ژیانی دێتە گێڕانەوە،ئیدی هەر گێڕەرەوەیەک و بە پێی ئەو بوارەی کە بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ خانیدا و هەریەکەو لەڕوانگەیەکەوە باسی دەکات، بەڵام بەگشتی و باسەکە لایی سەرجەم گێڕەرەوەکان باسی گەورەیی ونەفس بەرزی خانی و ڕۆشنبیری و خەمخۆری بۆ گەل و یەکریزیی کوردانە یاخود باس لە ئەو دیدە عاریفانەی خانی دەکەن، کە لەمەڕ بابەتی عەشق و خۆشەویستی هەیبووە،بەم جۆرە بە نزیکەیی سەرتاپای ژیانی خانی وەک کەسێتییەکی سەرەکی خراوەتە ڕوو هەر لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا دەگاتە ڕۆژی

مردن و کاتی ناشتنەکەی، کە لەسەر زاری (سەلاحەدینی سەحاف) بەم جۆە باسی کاتی لە دایکبوونەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵیت ((   مەلا ئەلیاس کوڕەکەی خۆی لە ئامێز گرتووە لە پەنجەرەکەوە  دەیڕوانییە بارانەکە و گوتی

–        لە قورئاندا باران مانای خێردێت هەروەها بە مانا بەدیۆمییش دێت، لەبەر ئەوە ئەم کوڕەی من یان دەبێتە کەسێکی مەزن، یانیش بەڵا و چورتمێکی گەورەی بەسەردا دێت.

ئەوە بوو ناوی ئەحمەدی لێ نا .))(دۆست، 2017،ل 170)

هەرچەندە لێرەدا ئاماژە بە کاتی لە دایکبوونەکەی نەکراوە بەڵام ڕۆماننووس زۆر لێهاتوانە ئەم سەرەتای لە دایکبوونەی بەچەند هۆکارێک دەبەستێتەوە بە کۆتای ژیانی خانی و سەرەتای دەستپێکی ڕۆمانەکە، کە ئەویش (( سوبحانەڵڵا !ئەو ڕۆژەی خانیی کوڕی گوڵینگاری کچی قەرەخان بەگی پسیانی هاتە دنیاوە، بە هەمان شێوە باران بوو، باوکی ڕەحمەتیم بەم ئاوایە دەیگێڕایەوە و دەیگوت:

دەمێ لەکەتانی سپیان پێچا و قوماتیان کرد هەڵیانگرت و بۆ حوجرەکەی باوکیان برد تاکو مزگێنی بدەنێ، ئەویش بچرپێنێتە گوێی کوڕەکەیە و ناوی لێ بنێ،کەچی قوماتەکە تەڕ نەبوو بوو، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون سەراسیمە بوون، ئەوەی بینیان بۆ باوکی خانیان گێڕایەوە )) (دۆست، 2017،ل 170) تەڕنەبوونی ئەو پارچە پەڕۆیەی کە خانی لێپێچراوە تەڕنابێت هاوشێوەی کفنەکەی، هەروەها لە هەردوو کاتەکەیشدا بارانی بە خوڕ دەبارێت، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتووی ڕۆماننووس لە بواری گرنگیدانی بە پلۆت لە ڕۆمانەکەدا،کە ڕێگە بە هیچ ڕووداوێک نادات، کە بەبێ هۆ ڕووبدات.

پاشان ڕۆماننووس باس لە قۆناغێکی دیکەی ئەم کەسێتییە سەرەکییە دەکات، کە ئەویش قۆناغی هەرزەکاری و سەرەتای عاشقبوون و ئاشنابوونە بەو جیهانە جیاوازەی کەلە کۆتایدا خانی کرد با عاریفێک و هەمووشتێکی لە پێناو ئەم خۆشەویستیەدا کردە قوربانی، کە ئەویش خۆشەویستی (شەنگێ)بوو.کە بەجۆرێک سەرتاپا بیر و هۆشی خانی داگیرکردبوو، دەنگوباسی خۆشەویستیەکەیان بەجۆرێک بڵاوبوویەوە کە هەمووکەس لە بایەزید دەیزانی کە سەرچاوە و ئیلهامی شیعرەکانی (خانی) دەگەڕێتەوەی بۆ عەشق و خۆشەویستی ئەو کیژەی ناوی (شەنگێ)یە، لە ڕۆمانەکەدا باسکردن لەم خۆشەویستیە ئاوێزانە بە باسکرن لە کێشەی کۆمەڵایەتی نێو

کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا، کەئەویش لەبەرچاو نەگرتنی خواستی کچەکە بووە، بەڵکو ئەوە باوکی کچەکە بووە بڕیاری دەربووە نەک خودی کچەکە هەر بۆیە (شەنگێ) شوو بە پیاوێکی بەتەمەن دەکات، بەزۆرلێکردنی باوکی، تەنها لەبەر ئەوەی خانی لەخێزانێکی دەوڵەمەند نەبووە، باوکی شەنگێ ڕێی پێنەداوە کە شووی پێ بکات.

بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی کەخانی بەتەواوی گۆشەگیر و بێچارە بکات، (( ئەوینی ڕاستەقینە ئەوەیە تۆ لە ناو کڵپەی ئاگری خۆشەویستیدابیت، بێ ئەوەی ئاه بکەیت و دەنگت لێوەبێت، بە ئارامی بمێنیتەوە،نەک وەک عەشقە شێتەکان ئاهوزارت بێت و بکوڕزێیتەوە))(دۆست، 2017،ل139)واتە خانی ئەم ئەوینەی وەک هۆکارێک بۆ بەردوامی ژیان و وزەی مانەوەی خۆی سەیرکردووە نەک هۆکارێک بۆ لاوازی و بێهێز دەرکەوتن،بەڵام سەرەڕای ئەوەش خانی وەک پاڵەوانێکی مەیدانی عیشق و ئەڤینداری ناوی خۆی بە بەرزی دەهێڵێتەوە، خۆی وەک ئەو پەوپولە دێتە بەرچاو،کە لە پێناو گەشتن بە تیشکی مۆم ئامادەی گیان بەخشینە ((کابەی ئەوینی پەروانە مۆمە،سەماکردنەکەیشی تەوافە، تاوەکو گیانیش دەبەخشێت بەدەوریدا دەخولێتەوە...بۆ سی ساڵ دەچێت پەروانەی دڵی من لە کوانوی ئەوینیدا دەسوتێ و لەژەنگی دنیا پاک دەبێتەوە))(دۆست،2017،ل139) هەر بۆیە دەتوانین بڵێین (شەنگێ) وەک کارەکتەرێکی لاوەکی کاریگەری زۆری هەیە بەسەر کارەکتەری سەرەکییەوە،بەشێکی زۆری بیرکردنەوە ڕەفتارەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدەگۆڕێت.

لایەنێکی دیکە کەسێتی سەرەکی، لایەنی عیرفانی وبەهێزی پەیوەندیەتی لەگەڵ خودادا، خۆی لە دونیای فانی بە دورگرتووە،و باوەشی بە دونیا نەکردووە بەڵکو هەمیشە هەوڵیداوە پەرە بەو عیشقە بدات کە بەرامبەر خودا هەیەتی ((شوشتنی دڵان بە فرمێسک دەبێت ئەوی نەگریت لە دڵیدا ئەستورتر دەبێت، ئەو دڵەی نوێژی پاقژ دەخوازێت، دەبێت بەئاوی چاوان دەستنوێژ هەڵگرێت نەک بە ئاوی جۆگەلە))(دۆست، 2017،ل139).هەر بۆیە کەسێتی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا هێندەی گرنگی بەلایەنی ناخ و دەروون و ناوەوەی مرۆڤ دەدات، هێندە ڕوکەش وڕووخساری مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەری جێگەی بایەخی نەبووە.لەبەر ئەوە پێیوایە خوداپەرستی تەنها بە ڕووکەشنابێت، بەڵکو دەبێت لە ناوەوە و لە ناخەوەهەست بەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و خودا بکات .دەبێت بە فرمێسک دەستنوێژبگربێت نەک ئاوی جۆگەلە.کە ئەوەش دوا پلەی عیرفانیەتە.

سەبارەت بەمامەڵەی کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ کارەکتەرەکانی چواردەوری، دەردەکەوێت کە خانی وەک کارەکتەری سەرەکی مامەڵەی وەک کەسێکی ڕۆشنبیر و پیاوچاکێکی تێگەیشتوو لە دین و دنیا لەگەڵ چواردەورەکەی کردووە.بۆ نمونە کەسێتییەکی وەک ( تەیموری فاسق )کە، وەک ڕەهەندی کەسێتی، کەسێتییەکی مەشروب خۆر و نەویستراوە لە نێو کۆمەڵگەدا،بەڵام خانی وەک کەسێکی ئاسای وخۆشەویستی خۆی ئامادەیە گوێی لێبگرێت، وەک حەکیمێک وەڵامی ئەو کەسانەیش دەداتەوە کە پێیان وایە خانی کارێکی خراپ دەکات، کە ئەو لەو پێگەیەدایەو بەوجۆرە ڕێگە بەسەردانیکردنی ( تەیموری فاسق )دەدات بۆلای و دەڵێت (( ئەگەر یەکێکتان ویستی پێڵاوەکانی چاکبکاتەوە نایباتە لای پینە دۆز ؟ ئەگەر یەکێکتان نەخۆش کەوت ناچێتە لای لوقمان ؟ ئەمەش حاڵی تەیموورە.ئەگەر نەیەتە جڤاتی من و گوێ لەئامۆژگارییەکان نەگرێت، کێ لەئێوەدەچێتە لای بۆ مەیخانە، تاکو ڕێگەی ڕاستی پێنیشان بدات ؟))(دۆست، 2017،ل140).

واتە خانی نەیوستووە وەک بەشێک لە مەلاکانی ئەوسەردەمە تەنها ئەو فەقێیانە بێنە کۆڕەکەیەوە، کە بە بێدەنگی وبە ئەدەبەوە لەبەردەمی دادەنیشتن، بەڵکوئەم وەک کەسێکی زۆر خاکی و سادە خۆی زۆرجار داوای لە تەیمور دەکرد قسەی بۆ بکات .بێگومان ئەم خۆبەکەم زانینەی (خانی) تەنها بەرامبەر خەڵکی ئاسایی و هەژاربوو،ئەگینا بە پێچەوانە بەرامبەر دەسەڵاتداران و میرەکان خۆی لە زۆر لە ئەوان پێ گەورەتربووە، تەنانەت ڕەخنەی لە لە مەلای جەزیری گرتووە،کە لە دیوانی میرەکاندا بووە و ستایشی کردون (( ئەز مەلای جەزیری سووچدار دەبینم کە مەتح و ستایشی دەکات، داوای مردن بۆ نەیارانی دەکات ! زانا شاعیر نابنە لایەنگیری ستەمکار، ئەو ئەگەر نزیکیان بووەوە دەبێت ئامۆژگاریان بکات. نەک ببێتە کۆیلەی بەردەرگایان و لەکۆشکەکانیاندا غولامیان بۆ بکات،یا بێتە مەیتەری ئەسپەکانیان))(دۆست، 2017،ل 159) کارەکتەری سەرەکی لەم ڕۆمانەدا وەک کەسێکی مێژوویی ڕەخنە لە کارەکتەرێکی دیکەی مێژووی دەگرێت، کە ئەویش (مەلای جزیرییە) ئەم دوو کەسێتییە مێژووییە هەردوو خاوەن پێگە و سەنگی تایبەتن لە نێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەڵام خانی زۆر بە ئەدەبەوە ڕەخنەکەی گرتووە و پێوایە (مەلای جزیری) وەک مامۆستای ئەوە،دەڵێت:

(( – وای جزیری !ئەو چرای شەوی کوردستان و زەیتی قەندیلۆکەی ئاشقانە، هەرگیز لێی زویر نابم.گلەیی وگازندەم لێ هەبوو، بریا ئەو ستایشانەی نەکردایە،لەمەی بترازێ من هیچ ڕەخنەیەکم

لێی نییە.ئەو مامۆستای هونەر و پێشەنگی ئاڵا هەڵگرانیەتی، بە هۆنراوەکانی شان لە شانی حافزی شیرازی دەدا،من کێم هەتا لێی زویربم ؟))( دۆست،2017،ل161).

ئەم ڕەخنە و لێوردبونەوەی خانی زۆر کارێکی گەورە و جێگەی بایەخە، چونکە وەک دیارە ڕەخنەکەی لە خودی خۆی نەبووە بەڵکو لەچەند بەرهەمێکی شیعری بووە،واتە ڕەخنەکەی دەچێتە چوارچێوەی ڕەخنەی بابەتییەوە نەک ڕەخنەی خودی و کەسییەوە. خانی خۆی لە دیوانی میرەکاندا ژیاوە و ڕاوێژکاریان بووە،بەڵام هەرگیز نەیهێشتووە ئەمەببێتە هۆی ئەوەی کەبەکەم سەیربکرێت یاخود لە چەوتی و خواریەکانیان بێدەنگبێت، ئەوەیشی وەک ڕێزێک بۆ کەسێتی و پێگەی خۆی سەیرکردووە (( کارکردنم لە دیوان مانای پشتگیریکردن نییە لێیان، ئەگەر زوڵم بکەن لێیان بێدەنگ نابم، من ڕاوێژکاریانم نەک کۆیلەی بەر دەرگایان، تائێستا هۆزانێکم بۆستایش وپیاهەڵدانی هیچ یەکێک لەوان نەنووسیووە،لەپێناو کورددا چیم لەدەستبێت دەیکەم...من بێدەنگ نامێنم ئەرکی زانایانە ئەگەر سەریشیان تێدا بچێت ڕاستی بڵێن و بە ڕووی میراندا بوەستنەوە))(دۆست، 2017،ل162).

خانی وەک کەسێتییەکی سەرەکی بەهێز دەردەکەوێت لە ڕۆمانەکەدا،ئەم بەهێزیەیشی دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابەخۆبوونی لەسەر داوا ڕەواکانی، چونکە دواکارییەکانی شەخسی نەبوون بەڵکو بۆ خزمەتی گەلی کورد و خودی میرەفەرمان ڕەواکانی ئەو سەردەمەیش بووە. واتە دەکرێت ڕۆڵی ئەم کەسێتییە جگە لەوەی وەک شاعیرێک یان مەلایەکی دینی و عاریفێک،دەکرێت وەک کەسایەتییەکی نیشتیمانی و ڕێنمایکەرێکی میرە فەرمانڕەواکانی ئەوسەردەمە سەیربکرێت، هەروەها هەوڵی دەرخستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی داوە،هەرچەندە لەو سەردەمەدا نووسین بەزمانی کوردی قەدەغەبووە،بەڵام خانی زانیویەتی کە خۆشەویستی و گەشەسەندنی زمانی کوردی دەبێتە هۆی زیاتر گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی.

ئەحمەدی خانی هەمیشە ئامۆژگاری میرە کوردەکانی کردووە،کەیەکبگرن ودژی داگیرکەر بجەنگن، نەک سیقە ومتمانە بە تورکان بکەن (( چەند جارم بە میر گوت باوەڕ بەتورکان مەکە،چەندجارم پێ گوت لەسەر ڕێگەی میر محەمەدی میری سەرحەدان برۆ، دەست نێ ناو دەستی، بەگوێی نەکردم ئەوەتا بەچاوی خۆتان بینیتان چی بەسەر هات !!!))(دۆست، 2017،ل 163)ئەم ئامۆژگاریانەی خانی ڕۆڵ و پێگەی ئەو دەردەخەن، کە لەو سەردەمەدا توانیویەتی زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی بە میرەکان بڵێت .کەئەوەش نیشانەی بەهێزی کەسێتی خانی دەردەخات .بەڵام خانی

کاتێک دەزانێت ئیدی ڕاوێژەکانی نابنە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی میرەکان بڕیاری دورکەوتنەوەیان لێدەدات و ئیدی دوای چەندین داواکاری میر، ناگەڕێتەوە بۆ دیوانی میر بەڵام پێیان دەڵێت، ئەنجامی ئەم یەک نەگرتنەتان  لە ناوچوونی خۆتانە (( ئاگر گەیشتە جێی میراتیش.ئێوەش ئەی میرەکان پەند وەرناگرن و دەبنە براکوشتەی یەکدی .ئاسودەیی خەڵکتان بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە هەر یەکەتان بە پشتیوانی تورکان چەقۆ لە ملی یەکتر بسوون،مزگێنیتان دەدەمێ بەم زوانە خۆری دەوڵەتتان بەرەو ئاوابوون دەچێت. ))( دۆست، 2017،ل164).

 واتە خانی وەک ڕاوێژکارێک و خەمخۆرێکی نەتەوەکەی کاریکردووە، نەک تەنها قسەی خۆی بکات و گوێ بە دەرئەنجامی ڕاوێژەکانی نەکات، چونکە ئەمیش خۆی لەئاستی بەرپرسیارێتیەکی گەورەدا دەبینێتەوە، خۆی هیچ پێ کەمتر نییە، لە میر و دەسەڵاتدارنی ناو کۆشکەکەکان،بگرە خۆی پێ زیاتریشە لەئەوان .((ئەو فەرمان ڕەوایە، بەڵێ: منیش زانام، من دەنگی ئەو خەڵکەم،ئەگەر میر گوێ لەو دەنگە نەگرێت ئەوا دەبێتە فیرعەونێکی نوێ،ئەو زانایەنی خودای خۆیان دەناسن، سڵ لە میران ناکەنەوە))( دۆست،2017،ل165).

خانی وەک کەسێتییەکی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا،کاریگەری لەسەر زۆرینەی کارەکتەرەکانی دیکە هەیە،چ لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدابێت یان شێوازی بیرکردنەوە تێگەشتنیانبێت دەربارەی شتەکانی دەورووبەر، چونکە ئەوسەرەمی خانی تێدا ژیاوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی یەکێک لەکارەکتەرەکانەوە ئەوەدەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمدا کە ژیانی کەسێکی ناڵبەند، لە ژیانی شاعیرێک یان نووسەرێک باشترە.ئەمەش بووە بە جێگەی داخ وپەژارە لای خانی (( وڵاتێک ناڵی کەری لەکتێب زیاتر تێدا بفرۆشرێت،ئەوەشارێکە تووک ونەفرەتی  خوا لێی داوە،دەبێت خەڵکەکەی ناڵ بکرێ، نەک سمی گوێدرێژەکان ))(دۆست، 2017،ل177) .

واتە ڕەخنەی خانی تەنها لە دەسەڵاتداران نەبووە،بەڵکو ڕووی دەمی لە خەڵکی بووە بەشێوەیەکی گشتی، کە خەڵکی ئەو سەردەمە بایەخێکی ئەوتۆیان نەداوە بە بواری ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندنەوە،بەڵام سەرەڕأی ئەوەیش کاریگەری کەسێتی خانی و کتێبەکەی (مەم و زین) سنوری ناوچەکەی خۆی و ناو کوردانی بڕیبوو بە جۆرێک لەلایەن سوڵتانی عوسمانی وپاشای سەفەویەکانەوە داوای بێدەنگ کردنی خانی و لەناوبردنی کتێبەکەییان دەکرد((دانەیەک لە کتێبەکەی کەوتبووە دەست پاشای وان و خانی تەورێزیش زانیاری لەسەر هەبووە.هەردووکیان

هەڕەشەیان لە میری دانامان دەکر و چاویان لێ سوردەکردەوە،هەردووکیان پەیکی خۆیان بۆلای ناردو گوتیان:

ئەم شێخەی ناوی خانییە، پیاوێکی مەترسیدارە، کتێبەکەیشی ڕەشمارێکە و لەناو خەڵکیدا ئەم دەست و ئەو دەست دەکات، بۆ پاراستنی تەناهی و ئارامی دەوڵەتی عوسمانی و مەملەکەتی سەفەوی، دەبێت چارەیەکی بکرێت ))( دۆست، 2017،ل 92).

ئەوەش نیشانەی بەهێزی و کاریگەری خانی و نووسینەکانیەتی بەتایبەتی (مەم و زین )کە سوڵتانی عوسمانی و دەسەڵاتدارانی سەفەوی لەو پەیام و مەبەستە تێگەیشتن کە خانی هەیەتی و ترسیان لەوە هەبوو ئەگەر ڕۆژێک خەڵکی بەدلیس لەم پەیامە تێبگات و ئەگەر دەسەڵاتدار و میرە کوردەکان لە گرنگی و گەورەی مەبەست و ئامانجی خانی تێگەیشتن، ئەوکاتە چی سەرئێشەیەک بۆ ئەوان درووست دەبێت، ئەوکاتە چۆن هەمووان پێکەوە داوای ئازادی و سەربەخۆیی ومافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تەمەنی خانی بەپایان گەیشت ئەومەترسیەی ئەوان وەڕاست نەگەڕا،واتاهەرگیز نەخەڵکی و نە میرەکان  تێنەگەشت خانی شینی چی دەکات، لەبەر ئەوە خانی لە کۆتای تەمەنیدا وەک پاڵەوانێک بە ویژدانێکی ئاسوودەوە، وەک کەسێتییەک کە هەستبکات ئەوەی ئەرکی سەرشانی بووە، بەجێیهێناوە و ئەوەی ماوەتەوە جێبەجێکردنیەتی لەلایەن میر و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەوە،گوتی  (( من قسەی خۆم کرد، ئیدی لەسەر کورد و میرانیەتی لێم بگەن، من تەمەنێکیتر لە پەروەردگار ناخوازم، لێ ئەگەر جارێکیتر بێمەوە سەر ئەم دنیایە،هەمان ئاخاوتنی خۆم دووبارەدەکەمەوە، تاکو دووبەرەکی و براکوژی لەنێوان کورداندا بمێنێ، هەتا شەڕ و بێخاوەنی و ستەم و ژێردەستەیی بمێنێت، من هەمان ئەو قسانە دەکەمەوە))(دۆست، 2017،ل180).

واتە خانی وەک ئەو مەلا ئاینیەی کە ڕێنماییە ئاینییەکان دەگەیەنێتە گوێگران و پەیڕەوکەرانی بەڵام مەسولیەتی جێبەجێکردنی ناگرێتە ئەستۆ، بەڵام بێگومان هەموو ڕێنماییەکانی لەبەرژەوەندی خەڵک و دەسەڵاتداران و نەتەوەکەی بووە،بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانیی خانی بووە، کە ئامۆژگاریەکانی بە فیرۆچوون، بۆیە لەسەرەمەرگدا خانی بەوپەڕی ئاە و حەسرەتەوە دەڵێت (( نە میر ونە ڕەشە خەڵکەکەی بایەزید و دەوربەریشی گوێیان بۆ ئامۆژگاریەکانەم ڕادێرا ))(دۆست، 2017،ل180).

واتە خانی ئاوات و ئامانجی تەنها پێشخستنی دەسەڵاتداران و میرەکان نەبووە، بەڵکو ڕووی دەمی لە خەڵکی ئاسایی بووە بە شێوەیەکی گشتی .کەواتە کەسێتی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا تەنها پەیوەست نەبووە بەو ڕووداوانەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی شەخسی خۆی هەبووە، بەڵکو هەوڵی باشکردن و بەرەوپێشبردنی ژیانی هەموو خەڵکی ناوچەکەو کوردان بووە بەگشتی.

### ب: کەسێتی لاوەکی لە ڕۆمانی (میرنامە)دا

کەسێتی لاوەکی یەکێکە لە دووپایە سەرەکییەکەی کارەکتەر لە نێو ڕۆمان و چیرۆکدا ڕۆڵ دەبینێت،بە هاوشان لە گەڵ  پاڵەوانی نێو دەقەکە، بۆیە دەکرێت بڵێین جۆرێکی دیکەیە لە کەسێتی لە بونیادی دەقی چیرۆک و ڕۆماندا،ئەم جۆرە کەسێتییە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە،شانبەشانی کارەکتەری سەرەکی، کە خاوەنی خاسیەت وتایبەتمەندی خۆیەتی لە پرۆسەی ڕوودانی ڕووداوەکان یان بەرەوپێشبردن و خاوکردنەوەی ڕووداوەکان،واتە بەبێ کارەکتەری لاوەکی ڕۆڵ و پێگەی کارەکتەری سەرەکیش دەرناکەوێت، بۆیە توێژەران کارەکتەری لاوەکی بە کارەکتەری یاردەدەری سەرەکی ناودەبەن (( کارەکتەری لاوەکی تەواوکەری کارەکتەری سەرەکییە ))(المحسن، 2009، ٧٨)

چونکە ئەو کەسێتیانە کاردەکەن بۆ بەرەوپێشبردن و ناساندی کەسێتی سەرەکی بە خوێنەر، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ،بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە، دەبنە هۆی هەندێک ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو یان تەواوکردنی کارێکی ناتەواو، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بەخشینی چێژ بە دەقەکە، بۆ خوێنەر،هەر بۆیە ڕۆماننووسی بەتوانا چۆن گرنگی بەسەرەکی دەدات ئاوایش بەلاوەکی دەدات، هەرچەندە لە ڕۆماندا کەسێتی سەرەکی زیاتر دەرکەوتووە لەوانەی دیکە،بەڵام ئەو گۆڕان و دەرکەوتنە لە ئەنجامی بوونی کاریگەرییە لاوەکییەکانەوە دێت، کە هێز و وزە بە کارەکتەری سەرەکی دەبەخشێت . کەسێتی لاوەکی لە ڕووی پێکهاتنیانەوە سادە وساکارن و بەئاسانی سروشت و پێکهاتنیان دەناسرێتەوە،نەگۆڕن بەجۆرێک (( ئەو جۆرە کارەکتەرە لەکۆتای چیرۆکدا چۆنە بەهەمانشێوە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا وا دەمێنێتەوە))(صادق،1385،ص93).

ئەو نەگۆڕان و مانەوەش واتای بێبایەخی کەسێتی لاوەکی ناگەیەنێت، بەڵکو لە ڕێگەیەوە یارمەتی ڕۆماننووس دەدات لە بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی کەسێتی سەرەکیدا، بەتایبەت ئەوکاتانەی دەیەوێت کارێک ئەنجام بدا.کەسێتییە لاوەکییەکان هێز و چالاکی تەواوی پێدەبەخشن و بەشێوازێکی جیاواز لە پێشوتر ئامادەی دەکەن، کەواتە (( کەسێتی لاوەکی ڕۆڵی هەیە لەبونیاتنانی ڕۆماندا، وەیاریدەدەری کەسی یەکەمە، کەکەسی سەرەکییە، هەرچەندە کەمتر لە سەرەکی ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام زۆر لایەنی تاریک لە ژیان و هەڵسوکەوتی کەسێتی سەرەکی دەخاتەڕوو))(أحمد، 2019،ص10). واتە ئەوهەماهەنگی و هاوکارییە لە تەواوەتی نێوان کارەکتەرەکاندا هەیە،دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕووداوەکان، کە بێگومان هەر کارەکتەرێک و بەجۆرێک ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بەڵام کەسێتی لاوەکی ئەوە کەسێتییەیە، کە لەهەموو جۆرەکانی دیکەی کەسێتی زیاتر کاریگەری کەسێتی سەرەکی لەسەرەو، بەهەمان شێوەی ئەم کەسێتییەش کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر کەسێتی سەرەکی بە بەراورد بە کەسێتییەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەکە.

ئەوەش بەهۆی ئەو پانتایە فراوانەی لە ئامادەیی نێو ڕووداوەکاندا،کە هەندێکجار ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم کەسێتییە لاوەکیانەوە، هەندێک نهێنی و حەز و خولیای تایبەتی کەسێتی سەرەکی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات،کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە پێویستی بە دەرچەیەک هەیە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە، هەندێک لایەنی شاراوەی ژیانی خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات.کە ئەوەش لە ڕێگەی کەسێتی لاوەکییەوە دەبێت.بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەسەر ڕۆماننووس پێویستە کە گرنگی بەهەموو جۆرەکانی کەسێتی بدات بەبێ جیاوازی،هەریەکەیان بەپێی ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان و مەودای پەیوەندیان بە کەسێتی سەرەکییەوە.

**نمونەی کەسێتی لاوەکی لە ڕۆمانی (میرنامە) دا**

ئەم ڕۆمانەش وەک هەر ڕۆمانێکی دیکە چەندین جۆر کەسێتی لە پرۆسەی بەشداری کردن و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان دەکەن و بەشداردەبن لە گێڕانەوەی، بێگومان کەسێتییە لاوەکییەکانیش جۆرێکن لەو جۆرانە .لە ڕۆمانی (میرنامە)دا،جگە لەکەسێتی سەرەکی (21)کەسێتی هەن،کە ڕۆڵی گێڕەرەوەیش دەبینن، جگە لە گێڕەرەوەی هەمووشت زان،سەرجەم کەسێتییەکان لە لایەنی ئەرێن و نەرێنیەوە و دژیەک و وەک یەکییەوە،هەوڵی دەرخستنی لایەنە ئاشکر و

شاراوەکانی ژیانی کارەکتەری سەرەکی دەدەن،کە ئەویش (ئەحمەدی خانی)یە،لە میر نامەدا کۆی ژیانی ئەحمەدی خانی لەلایەن ئەو کەسێتیانەوە دەخرێتە ڕوو، وەگێڕەرەکان تەنها یەکجار ڕووداوی سەرەکی و چەندین لاوەکی باس دەکەن، هەریەکە لەو کەسێتیانە هەڵگری سیفات وتایبەتمەندی و پێگە و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆیەتی، پەیوەست بە خانی و تایبەت بە ژیانی خۆیان دەخەنە ڕوو، هەروەها بیر و مەبەستەکانیان پراکتیزە دەکەن.

ئەو کەسێتییە لاوەکیانە لە ڕووی پێکهاتە و بونیادی کەسێتییەوە، هەندێکیان بەشداری لە بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان دەکەن،هەندێکی دیکەیان بەسادەی دەردەکەون، ڕۆڵ و کاریگەرییان نییە لە گەشەکرنی رووداوەکاندا،ئەو جۆرە کەسێتیانەی ناو ڕۆمان، کە لەڕووی ئەرک و پێکهاتەوە دابەش دەبن بەپێی ڕوڵ و گرنگیان لە ڕودانی ڕووداوەکان یان لە پێشخستن و پەکخستنی ڕووداوەکان .چونکە هەریەکێک لەم کارەکتەرە لاوەکیانە لە گۆشەنیگای تایبەت بەخۆی تەماشای کارەکتەری سەرەکی و ڕووداوەکان دەکات،هەریەکەیان بەجۆرێک کاردانەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕووداوەکە هەیە، کە بیر وبۆچوون و کردار و ڕەفتاریان پیشاندەدات.ڕۆماننووس چەند ڕەهەندێکی کارەکتەری خستووەتە ڕوو،وەک (کۆمەلایەتی، دەروونی، ئایدۆلۆژی و سیاسی) تەنها بۆ ئەو مەبەستەی زیاتر تێیانبگەیەنێت،چونکە لە کاتی گێڕانەوە و بونیاتنادا، بەشێوەیەکی ئاڵۆز بەناویەکدیدا دەچن و یەکتری تەواو دەکەن.

لەهەمان کاتیشدا کاریگەریان لەسەر یەکدیش هەیە،ڕۆمانی (میرنامە) ڕۆمانێکی فرە دەنگییە،گێڕانەوەی ڕووداوەکان تاک ڕەهەندی نییە،بەڵکو لەلایەن تیمێکەوە دەگێڕدرێتەوە،کە هەر کەسە و بەپێ شوێن و ڕۆڵی خۆی لە پێگەکەیدا دەوری هەیە.ئەم فرە دەنگیەش بوارێکی باشی بۆ کارەکتەرە لاوەکییەکان ڕەخساندووە تا گوزارشت لەناخ و هەڵوێست و ئامانج و مەبەستی خۆیان بکەن، چونکە فرەدەنگی لە ڕۆمان (( تەنها بەشداریکردنی کەسێتییەکان نییە، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، بەڵکو بەرجەستەبوونی جیاوازییە لە تیڕوانین و جیهانبینیاندا بەرامبەر بە ڕووداوەکان ))(محەمەد، 2009،ل173).

سەرجەم گێڕەرەوەکان هەریەکە و بەجۆرێک باس لە پەیوەندی نێوان خۆی و پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەکات یان لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشت زانەوە پەیوەندی نێوان ئەو و کارەکتەرە لاوەکییەکان و پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەکات، یان باس لە کاریگەری ئەو کارەکتەر لاوەکییە دەکرێت لەسەر کارەکتەرە سەرەکییەکە.چەندین کەسێتی لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی کەسێتی لاوەکی

دەبینن،لەوانەش (شەنگێ، فەلەی حەکیم، بەنگینی دەرگەوان، کابرای دەمامکدار،میر، مەلا سمایلی بایەزیدی، سەلاحەدینی سەحاف )،کە لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی دوو کارەکتەریان دەکەین، کە گرنگترینیان:

**شەنگێ**

کەسێتییەکی لاوەکی ناو ڕۆمانەکەیە،ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی کارەکتەری سەرەکی، لەڕووی ڕەهەندەوە،کەسێتییەکی میهرەبان و خۆشەویستی کەسێتی سەرەکییە (شەنگێ) کچێکی جوان و ژیربووە،کچی (حاجی زوهدی) بازرگان بووە،ئەویندارى (ئەحمەدی خانی)بووە وشەیدای یەکتربوون.ئەم کارەکتەرە لاوەکییە خۆی گێڕەرەوە ڕووداوەکانی نێو ژیانی خۆیەتی، کەسەرەتای چیرۆکەکەی بە دێڕێک دەستپێدەکات، کەسەرەتای ناخۆشی و نەهامەتیەکانیەتی، کەئەویش ئەوەیە ((ئەو ڕۆژەی باوکم لە ماکۆ گەڕایەوە، گوتی شەنگێ ئەوە بە شووم دایت ))(دۆست، 2017،ل48) ئەم ڕووداوە دەرخەری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەیە،کە چۆن مافی ئافرەتان پێشێلکراوە و ئەوەی بڕیاری لەسەر ژیان وچارەنووسی ئەواندواە،باوک و براکانیان بوون نەک خودی خۆین .

دواتر (شەنگێ) باس لە هەندێک لایەنی نهێنی خۆشەویستی نێوان خۆی و ئەحمەدی خانی دەکات.بۆ نمونە باسی سەرەتا ئاشقبوونی خۆی بە (ئەحمەدی خانی) یەوە،دەکات ودەڵێت ((حەڤدەسالان بووم باوکم تازە لە حەج هاتبووەوە،بانگهێشتی گەورە پیاوماقوڵانی بایەزیدی بۆ ماڵەوە کردبوو،من لەنێو هەموویاندا چاوم لەسەر ئەحمەدی لە دڵا شیرینم بوو))(دۆست، 2017،ل54)واتە ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم کەسێتییە لاوەکیانەوە هەوڵی ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ڕووداني هەندێک ڕووداو بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، پاشان هەر لە ڕێگەی کەسێتییە لاوەکیەکانەوە درێژە بە ڕووداوەکان دەدات و تا دەگەنە ئەنجامێکی دیاری کراو.(( کەسێتییە لاوەکیەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕونکردنەوەی چیرۆکدا دەگێڕن و خوێنەر بۆشوێنە شاراوەکانی چیرۆکەکە ڕێنوێنی دەکەن ))(شێخانی، 2014،ل115).

هەر لێرە کەسێتییە لاوەکییەکە دەبێتە بەشێک لەو ڕووداوانەی کەبەسەر کەسێتی سەرەکیدا دێت یان دەبێتە بەشێک لە بیرکردنەوەی ئەو کەسێتییە .هەروەها ڕۆماننووس لەڕێگەی ئەم کەسێتییە لاوەکیانەوە بوونی چینایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا دەردەخات، چونکە وەک

دەردەکەوێت هەرچەندە لەو سەردەمەدا خوێندن زۆر کەم بووە، بڵام شەنگێ وەک کچێک خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و لای خانی قورئان و فەرمودەی لەبەر کردووە(( کە بەمنداڵی قورئانی پێ دەگوتمەوە و لەسەر دەستی ئەو هەندێک سورەتم ئەزبەرکرن ))(دۆست، 2017،ل 54) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی بنەماڵەی شەنگێ، کە باوکی(حاجی زوهد)ی بازرگان بووە.بەڵام پاشان باوکی ئەم کچەی خۆی دەدات بە کەسێک بەناوی (خۆجە ئەڵاقولی)کەئەویش وەک خۆی بازرگانە،باوکی بەتەماحی سەروەت و سامانەکەیەوە ئەم کچەی خۆی پێدات،شەنگێ لەبەرامبەر بەشوودانی بە  پیاوێکی شەست ساڵانەی خاوەن سێ ژن، دەڵێت ((دەمزانی بەرخ ئاسا تورِم دەدەنە بەرکەڵبەی ئەو دڕندەیەی ناوی خۆجە ئەڵاقوڵییە..دەمزانی ئیدی دڵم لەبێخەوە هەڵدەکێشرێ و وەک پارچەگۆشتێک تووڕ بەر سەگی هار ئاوام لێ دەکەن. وای لەمنی هەشبەسەر، منی ماڵوێران و بێدەسەڵات، منی پرچ بڕاو منی چرا کوژاوە.چما لە ئەسرینڕشتن زیاتر، دەتوانی چی بکەم ))(دۆست، 2017،ل51) .

ئەم زەلیلی و بێ دەسەڵاتیەی شەنگێ نیشانەی زوڵم و نادییەکانی ئەوسەردەمی کۆمەڵگەی کوردییە لەلایەن پیاوانەوە یان مێرد و براکانەوە بۆ ژن و خوشکی خۆیان، کە ئەوەش دەرخەری کلتوری پیاوسالاری نێو کۆمەڵگەی کوریيە .پاشان شەنگێ زیاتر وێنەی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە،جوانتر جیاوازییە چینایەتیەکان دەخاتە ڕوو، کە خۆی بیر لە خانی دەکاتەوە و دەڵێت (( ئەز چاوم لە هۆزانەکانی بوون و باوکیشم لەسەر پێستەکانی ئەڵاقوڵی .ئاخخخخخ، چ بێژم ! بۆنی پێستەی خۆشکراو بەسەر بۆنی مەرەکەبدا زاڵ بوو، کەوتمە داوی ئەو نەفرەتییەی ماکۆ ))(دۆست، 2017،ل 55)   کەواتە ئەوەی لەوسەردەمەدا ڕۆڵی بینیوە پارە و ماڵ و سامان بووە نەک حەز و خۆشەویستی و زانست.بۆیە کاتێک شەنگێ ناچار دەبێت شوبکات، لە وەسفی ئەو دۆخە دەروونیە خراپەی خۆیدا بۆ شتەکانی دەوروبەری چەندین وێنەی هونەری جوانمان بۆ چێدەکات وەک (( ئەو کوتاڵانەی دەستم بۆ دەبردن لەبەرچاوم دەبوونە کفن، باوڵێی بووکێنییەکەیشم دەتگوت دارتەرمە،ئەو گوڵاوەشی لە زوهرابی عەتار و دەرمانسازی ئەرمەنیم کڕی، لەو کافورەی دەکرد بەر لە ناشتن، بەسەر لاشەی مردوواندا دەیپرژێنن))( دۆست، 2017،ل50) ئەم جۆرە وێناکردنەی کەسێتی لاوەکی، دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کەسێتی سەرەکی لەسەری، چونکە ئەوە ئەو خۆشەویستیەی شەنگێ بووە بۆ خانی کە وای لێکردووە جلی بووکێنی وەک کفن ببینێت، جگە لەوەش نیشانەی گرنگیدانی تەواوی ڕۆماننووسە بە پێگە و ڕۆڵی کەسێتییە لاوەکیەکان  لە ڕۆمانەکەدا.

**سەلاحەدینی سەحاف**

ئاماژەکردن بۆ کەسایەتی (سەلاحەدینی سەحاف) وەک، کەسێتییەکی لاوەکی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان پەیوەندی بتەوی نێوان ئەم کەسێتییە وکارەکتەری سەرەکییە، هەروەها هاوبەشی لەشێوازی بیرکردنەوە و ڕەخنەی ئەم کەسێتییە لەگەڵ خانی دا لەسەر کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی بایەزید،سیمایەکی دیاری خانی ئەوە بووە هەمیشە ڕەخنەی لەوە گرتووە، کە وەک پێویست گرنگی بە بابەتی زانستی و خوێندنەوە نادرێت، بەسەرهاتی (سەلاحەدینی سەحاف )لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە تەرمی خانی لەسەر شانبووە و بەرەو گۆڕستانیان بەڕێکردووە،ئەوی جێگەی سەرسوڕمانی خۆیەتی ئەوەیە چۆن ئەو پێش هەمووکەس هەستی بەوبارانە نەکرد، کەبۆنی مەرەکەبی لێدەهات (( کەس بۆنی مەرەکەبی تازەنەکات، من بۆنی دەکەم،چونکە من لە دە ساڵییەوە لەناو مەرەکەب و کاغەز و دەزوو و کەتیرە و چەرمدا ژیاوم...سەیرم دێ ئەورۆژە خانیان ناشت،چۆن یەکەمین کەس نەبووم هەست بە بۆنی مەرەکەبەکە بکەم !))(دۆست، 2017،ل169).

ئەوە دەبێتە جێگەی پرسیار لای خۆیشی چۆن ئەو ئەو هەمووساڵە لەگەڵ مەرەکەب ژیاوە بەڵام لە دۆخێکی ئاوادا ئەگەر مەرەکەب بباری ئەو پێی نازانێ،کە ئەمە ڕەنگە بە مەبەستی دەرخستنی دۆخی دەروونی خۆی بێت، کە لە خەمی مردنی خانیدا هیچ هەست و بۆنێکی نەماوە،ئەگیان چۆن کەسێکی وەک (تەیموری فاسق)پێش ئەو هەستی بەو بۆنەدەکرد.یان ڕەنگە ئەوەی لە بارینی مەرەکەبە زیاتر سەرنجی (سەلاحەدینی سەحافی ) ڕاکێشابێت، کێشی سووکی تەرمەکەی بوو، چونکە ئەو بۆخۆی تەرمەکەی هەڵگرتبوو (( تەرمەکەی خانی، کە من ومەلا سمایل و مەلا فەریدی مامزێدی و میرزا سەبریی پیرخاڵی هەڵمانگرتبوو،تابڵێی سوک بوو،دەتگوت تەرمی منداڵێکی شەش ساڵانمان بەسەر شانەوەیە،نەوەک زەلامێکی شەست ساڵان))( دۆست، 2017، ل 170).

باسکردنی کێشی تەرمی خانی بەو شێوەیە،دەلالەتە لە پاکی و بەڕەوشتی و بەئیمانی خانی، کە هەر لەفۆلکلۆری کوردیدا هاتووە، کە ئەوکەسەی کە کەسێکی پاک وبێ گوناح بێت، ئەوە تەرمەکەی سوکە و ئەو کەسەیشی تەرمەکەی قورسە نیشانەی گوناحباری و باری قورسی قیامەتە، جگە لەوە هەڵگرتنی تەرمەکە ئەوەش نیشانەی نزیکی ئەم کەسێتییە لە کەسێتی سەرەکیی دەردەخات، کە بە شانی خۆی تەرمەکەی هەڵگرتووە واتا تا کاتێک خانی لە ژیاندا بووە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزیان هەبووە.خاڵی بەهێزی پەیوەندی نێوان (سەلاحەدینی سەحاف) و

(خانی) ویستی هەردووکیانە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە،بە بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوندی شەخسی و تایبەتی خۆیان،بەڵام ئەوەی جێی داخی هەردووکیانە، گرنگی دانی خەڵکییە بەشتی پڕوپوچ و بێ بایەخ،وەبێ بایەخ سەیرکردنی زانست و زانیاری، بەجۆرێک کە سەلاحەدینی سەحاف نزیکە لەوەی حەسودی بە سەلیمی ناڵبەند ببات لە قەرەباڵخی دوکانەکەی و بازاڕی گەرمی (( ئیرەی بە سەلیمی ناڵبەند نابەم، لێ نازانم چما ڕسق پەیداکردن وەهایە!ڕۆژانە بەدەیان کەر و هەسپ بەرەو ناڵخانەکەی دەدەنە پێش،ئەوەندەی نەماوە خەڵک بزنەکانیش ناڵ بکات))(دۆست، 2017،ل 174) .

لێرەدا بەهۆی جیاوازی پیشە و کاری هەریەکەیانەوە ئاستی بژێوی و ژیانیان جیاواز دەبێت، بەڵام ئەوەی بووە بە جێی سەرنجی ( سەلاحەدینی سەحاف) ئەوەیە بۆچی خەڵک گرنگیدا بە ئاژەڵەکانی لە گرنگیدان بە پەروەردەکردنی خۆی و ماڵ و منداڵی پێ زەرورترە.بۆ دەبێت بازاڕی کەسێکی ناڵبەند بەوجۆرە گەرم وگوڕبێت و بەڵام بازاڕی کەسێکی سەحاف و بڵاوکەرەوەی زانست و زانیاری لە ناوچەی ئەواندا بەشی بژێوی خۆی نەکات .لێرەدا هاوشێوەیی لە کاردا، لەنێوان کاری کەسێتی سەرەکی و ئەم کەسێتییە لاوەکییەدا دەبینین، کە هەرچەندە ئەمان ئامانجیان پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردیە، بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر کەم خەڵکی دێن بەدەمیانەوە .

بەجۆرێک ژیانی ئەم کارەکتەرە لاوەکییە بەسترابووە بە کارەکتەری سەرەکییەوە،کە (سەلاحەدینی سەحاف) پێی وایە بەنەمان ومردنی ( ئەحمەدی خانی) کار و پیشەکەی ئەویش بەرەو لەناوچوون دەچێت (( ئەگەر ئەو چەند سوختەی لای ڕەحمەتی نەبن، ئەوا لە مێژبوو دەرکەی دووکانم داخستبوو.قەستەم بەخوا، ئێستا دوای ئەوەی خانی جێیهێشتین، دەزانم چرای زانیاریی کوژایەوە و تاریکی نووزەمان لەبەر دەبڕێت .ئەی ناڵێن زانست تەنها بە نەمانی زانایان لەناو دەچێت ))(دۆست، 2017،ل 173) واتە لەڕێگەی ئەم کارەکتەرە لاوەکییەوە زیاتر خوێنەر بە گەورەیی و پێگەی بڵندی خانی لای خەڵکی ئەو سەردەمە دەردەخات .کە بەچرای زانست و زانینیان داناوە، بە نەمانی ئەو پاش مردنی ئیدی خەڵکی لەوە بێ ئومێد بووە کە کەسێتییەکی دیکەی وەک خانی ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر لەشارەکەیاندا هەڵبکەوێت،بۆیە ئەم کارەکتەرە لاوەکییە بیر لە داخستنی دووکانەکەی دەکاتەوە.

**کەسێتی لە ڕووی پێکهاتەوە لە ڕۆمانی ( میر نامە) دا**

کەسێتی پەرەسێن جۆرێکە لە جۆرەکانی کەسێتی، کە بە بەراود بە جۆرەکانی دیکەی کەسێتی لەدوای کەسێتی سەرەکی خاوەن بەهێزترین و بڵندترینن پێگەیە، لە نێو ڕۆمان و چیرۆکدا. ڕاووبۆچونی زۆر هەیە لەسەر دابەشکردنی کەسێتی و جۆرەکانی، بە لام بەپێی ڕای (فۆرستەر)))کەسێتییەکان دەکات بە دوو جۆرەوە ئەوانیش:

1-کەسێتیی پەرەسێن

2- کەسێتیی سادە.))(خەلیل،2017،ل259) لێرەدا بەوردی لەسەر هەریەکێک لەم جۆرانە دەدوێین :

**یەکەم : کەسێتیی پەرەسێن**

کەسێتی پەرەسێن کەسێتییەکی هەمەلایەنەیە،لە بیر وبۆچوون و هەڵسوکەوت وبیرکردنەوە و بوونیادێکی ئاڵۆزی هەیە،ئەوەش وای لێکردووە زیندوێتیەکی زیاتر بە ڕۆمان ببەخشێت، جیاوازترە لە کەسێتییەکانی دیکە و بەردەوام لە گۆڕاندایە و لە یەک دۆخدا نامێنێتەوە،هەڵوێست وەردەگرێت بەرامبەر بە کارەکتەر و ڕووداوەکان، کە جیاوازە لەهەڵوێستی پێشووتری کە هەیبووە،لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان پێشدەکەوێت، بەهۆی ئەوەی کارلێکی بەردەوامی لەگەڵ ڕووداوەکان هەیە،ئەوەش وادەکات وردە وردە لەگەڵ تێپەڕبوونی  ڕووداوەکاندا دەربکەوێت،وا لەخوێنەر دەکات بەپەرۆشبێت بۆ ئەوەی کە سەرئەنجامی ئەم کەسێتییە بەچی دەگات و وە چی لێ بەسەردێت ؟؟ ئەگەر بمانەوێت لەو کەسێتییە تێبگەین و پێی ئاشنا بین پێویستە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بڕۆین تا کۆتایی، چونکە ئەم کەسێتییە لە بارێکی چەقبەستوودا نامێنێتەوە، سروشتی پێکهاتەکەی وا دەخوازێت کە حەزی بە گۆڕانکارییە لە هەموو لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان بەردەوام دەگۆڕێت،گۆڕانێکی جیاواز و دور لەپێشبینی خوێنەر، هەمیشە شتی چاوەڕواننەکراویان لەسەر دەست ڕوودەدات، هەربۆیە ((کەسێتییە پەرەسێنەکان بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا پەرەدەسێنن، کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانەوە فێردەبێت،یان باڵاتر دەبێت تا باشتر یان خراپتر دەربکەوێت، وە لە کۆتای ڕۆماندا ئەو کەسێتییە دەگۆڕێت  جیاواز لەو کەسێتییەی سەرەتا کە هەبووە دەردەکەوێتەوە))(کریس،2009،ص20).

بەو شێوەیە لە ڕووی تایبەتمەندی و خەسڵەتەوە،بەردەوام لە گۆڕان وبەرەوپێشچوون دایە،بەوەی بەرامبەر هەر ڕووداێک هەڵوێست و ڕفتارێکی نوێ دەبینرێت، لە ڕووی هزر و هەڵچونەوە گەشە دەکات چۆن کەسێتییەکی تەواو (( ئاڵۆزە پێوەرەکەی ئەوەیە توانای وروژاندنی هۆشیاری هەبێت خوێنەر دەتوانێت بەئاسانی ئەم جۆرە کەسێتییەی بیر بکەوێتەوە))(خەلیل، 2017،ل260) ئەمەش وای کردووە کە ڕۆماننووس شوێن و پانتاییەکی زۆر بۆ ئەم جۆرە لە کەسێتی دابین بکات، بەشێوەیەکی لێزانانە وردەکاریی بۆ بکات، تاوەکو ببێتە هۆی قەناعەت بەخشین بە خوێنەر و بە سروشتیی دەرکەوتنی لەڕووی تەکنیک و ڕووداوەکان، واتە پلە بە پلە بە دیار دەخرێ، و زیاتر خوێنەر پەلکێشی خوێندنەوە دەکات.

**کەسێتی پەرەسێن لە ڕۆمانی ( میر نامە) دا**

لەم ڕۆمانەدا چەندین کەسێتی پەرەسێن وەک هەر جۆرێکی دیکەی کەسێتی هەیە،ئەوەش بەهۆی گرنگی و ڕۆڵی ئەم جۆرە لە کەسێتی لە نێو دەقی ڕۆماندا، ڕۆماننووس زیاد لە کارەکتەرێکی لەم جۆرە کەسێتییە لە نێو ڕۆمانەکەیدا ڕۆڵ پێ بەخشیوە،وەک کارەکتەری (تەیموری فاسق، بوهاری، میرزا سەبری ).لێرەدا باس لە ڕۆڵی دوو کەسێتی دەکەین وەک کەسێتییەکی پەرەسێن:

**تەیموری فاسق**

(تەیموری فاسق) کەسێتییەکی کاریگەرە لەم رۆمانەدا، بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن یان قسەیان لەسەر دەکرێت تەیمور یان ئاگادار بووە یان تێیدا بەشدار بووە، بۆ نمونە بارینی مەرەکەب، کە تەیمور یەکەم کەس بووە هەستی پێبکات و ئەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە ئاشکرا بکات و تا کۆتایی ڕۆمانەکە سەرجەم کارەکتەرەکانی دیکە قسە لەسەر ئەوەدەکەن، چۆن تەیموری فاسق کە زۆربەی کات سەرخۆش بووە پێش ئەوان هەستی بەو جیاوازییە کردووە،بەڵام تەیمور ڕایدەگەیەنێت کە ئەو ئێوارە سەرخۆش نەبووە ((هەینی شیرِاندم و گوتم : مەرەکەب، دەبارێت !بەدمەست نەبووم،جڵەوی خەیاڵم بەدەستەوەبوو... بارانەکە بەهێوری و تابڵێی ئارام دەباری،وەک ئاسمان فاتیحە بۆ ڕۆحی سەیدا بخوێنێت،بە خەمباری و بەنەرمی دایکردبوو،هێشتانەکێ سەرخۆشیەکەم جڵەوی لەدەست دەرنەهێنابووەم))(دۆست، 2017،ل26).

واتە تەیمور لەوکاتەدا  بەئاگا بووە،ئەوەی کە چۆن لەناو هەموو ئەوخەڵکەدا، کە لەوێ ئامادەبوون چۆن تەیمور درکی بەوە کردووە کە مەرەکەب دەبارێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە بتەوەی کە لە نێوان تەیمور و خانی دا هەبووە،چونکە چەندین شەو خانی و تەیمور پێکەوە دانیشتوون،بۆیە تەیمور هیندە سەرنجی مەرەکەبی بەردەستی خانی دابوو هێندە بۆنی ئەو مەرەکەبەی بەسەردا هاتبوو، هەر زوو هەستی بەو بۆن و ڕەنگە جیاوازەی بارانەکە کرد (( ئەو دەمی بینم بارانەکە ڕەنگی مەرەکەبی گرت، ئەو مەرەکەبەی لە شوشەکەی لای خانی بینیم، گەلێک شەو لەبەر ڕۆشنای چراکەدا بریقەی دەهات ))(دۆست، 2017،ل26).

واتە (خانی) وەک هاوڕێیەکی خۆی لەتەیموری ڕوانییەوە،هەرچەندە تەیمور بەهۆی مەشروب خۆرییەوە لەلایەن زۆرینەی خەڵکییەوە  هاوڕێیەتی نەدەکرا و بەکەسێکی خراپیان دەزانی،بەڵام لەلایەن خانییەوە زۆر ڕێزی لێگیراوە و زۆرجار ناردوویەتی بەدوایدا بۆ ئەوەی پێکەوە دابنیشن.

هەروەها یەکێکی دیکە لەو ڕووداوە گرنگانەی، کە تەیمور ئاگاداریێتی لە ژیانی کارەکتەری سەرەکیدا ڕوودەدات، نووسینەوەی (مەم و زین)ە، لە لایەن خانییەوە،بەجۆرێک دەشێت (خانی) چێژی لە قسەکانی (تەیمور) وەرگرتبێت بۆ درێژەدان بنووسینەوەی (مەم و زین )، تەیمور دەربارەی ئەو پەیوەندیەی نێوانیان دەڵێت(( دۆستایەتی من و سەیدا بۆ بەری دە ساڵان دەگەڕێتەوە...لێ بیرمە لەو کاتەدا چیرۆکی " مەم و زین " ی دەنووسی،بەدوایدا دەناردم وتا سپێدەی بەیان لە حوجرەکەی  خۆیدا، دەیهێشتەوە. بەپێچەوانەی خەڵکی بایەزید و مەشایەخ و سۆفی و موریدانەوە،چاوی لێم بوو،هەندێک جار چەند درهەمێکی دەدامێ و دەیگوت:

-خودا بتبەخشێ، دەزانم مەیخۆری مفت و خۆڕای نییە.))(دۆست،2017،ل29)

ئەوەش یەکێکە لە بەرهەمە مەزنەکەی خانی کە بووە بەهاوشانی ناوی خۆی، تەیمور پێش ئەوەی هیچ کەسێکیتر بیبینێت ئەو لێی ئاگاداربوو، دەیزانی خانی خەریکی نووسینی (مەم و زین)ە،تەیمیوریش کە دەیزانی خانی کەیفی بەوەدێت کە لەکاتی نووسینی مەم و زیندا تەیمور لە حوجرەکەی ئامادەبێت، ئیدی بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە دەچو هەرکات خانی بیناردایە بەدوایدا (( دوای ئەوەی زانیم چی دەنووسێت، زۆرم پێ خۆشبوو،ئیدی هەردەم بیناردایە بەدوامدا چەند پەرداخێک مەیم هەڵدەقوراند، ئینجا دەچوومە کن وی )) (دۆست، 2017،ل 29).

واتە تەیمور ئاگاداری ئەوەبووە، کە خانی چی دەنووسێت، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پەرەسێن، کە بە کردار و بیرۆکەکانی هاوکاری کەسی سەرەکی دەکات لەوەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات. وەک دەردەکەوێت خانی بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، کە ڕەنگە هیچ کەسی لە تەیموری فاسق باشتر دەستنەکەوێت بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە،تەیموریش لە سەرتادا بە ترس و شەرمەوە وەڵام دەداتەوە،پاشان بەوپەڕی ڕاستگۆی و ڕاشکاوییەوە وەڵامی دەداتەوە، کاتێک خانی دەپرسێت ((تەمۆ، بێژە من، مەی چیت لێ دەکات ؟... بەرسڤم داوە:

–سەیدا، مەی کلیلی زمان.

–ڕوونتر بدوێ.

–ئەودەمی  ئەز مەی دەنۆشم، دەرگە لەسەر ئاگری هەناوم والا دەبێت،بێترس ئەوەی بیخوازم نەتوانم بیدرکێنم، دەیڵێم .... سەیدا بەوەی گوتم کەیفی هاتوە، گوتی:

–من لەمە دەگەڕام . ))(دۆست، 2017،ل29) وەک ئەوەی تەیمور خەلاتێکی پێشکەش بە خانی کردبێت، چونکە ئەو بیرۆکەی خانی هەیبوو نەیدەزانی بە چ ڕێگایەک دەریببڕێت، لە ڕێگەی تەیمورەوە پەی بەو ڕێگە برد کە چۆن ئەو ڕازەی لە ناخیدا خۆی حەشارداوە و لای خۆیشی پەنهان، چۆن بیهێنێتە بوون و بینووسێتەوە.

یەکێکی دیکە لەو نهێنیانەی تەیمور فاسق پێی ئاشنایەودەیزانی ئەو نامەیە کە خانی بۆ میری نووسی،کە ئەوەش گرنگترین ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەیە و ناوی ڕۆمانەکەی بە ناوەنراوە،خانی خۆی تەیمور لەم نامە ئاگادار دەکاتەوە،کاتێک تەیمور دەپرسێت . (( –  ئەزبەنی دیسان غەزەل دەنووسی ؟

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بەشێوەیەک تروسکەی مۆمەکە بێ ئەوەی بکوژێتەوە بە دیلانێ کەوت،سێبەرەکەی بەسەر دیوارەکەوە کەمێک هەژا و بەکەسەرەوە گوتی:

–نامەیەک بۆ میر دەنووسم تەمۆ .))(دۆست،2017،ل27) ئەونامەیەی، کە تا کۆتای وەک ڕازێکی نهێنی مایەوە لای تەمۆ، نەیزانی خانی بۆچی نامە بۆ میر دەنووسێت، لەکاتێکدا دەرگای کۆشکی میر هەمیشە لەسەر پشتە بۆ خانی و میرەکان هەمیشە ئامادەن  ڕاستەوخۆ گوێ لەخانی بگرن،بەڵام پرسیارێکی خانی هێندەی تر تەمۆ دەشڵەژێنێت، پرسیارێک، کە هەرگیز تەمۆ

بەبیریدانەهاتبوو کە خانی پرسیارێکی لەوشێوەی لێبکات (( تەمۆ، لە فەرهەنگی ئێوەی مەیخۆراندا مردن چییە؟ئەم پرسیارەوەک بەفراوبەری خەیاڵی بەردام دەم ودەست گوتم:

–مردن، ڕابوونی مەزنە.

–ئەی ژیان؟

–سەرخۆشییەکی دوورودرێژە.

پیچەک گەشی ڕووی گرتەوە و گوتی

–کەواتە من لەبەری دەرگای ڕابوونم!))(دۆست،2017،ل28).

ئەم دیالۆگەی نێوان (خانی و تەیمور )،دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە تاچەند خانی گرنگی بە تەیمور داوە،هەروەها دەرخەری ڕۆڵی کاریگەری ئەم کەسێتییە پەرەسێنەیە لەسەر کەسێتی سەرەکی بەهۆی ئەو بابەتە گرنگانەی کە دەربارەی گفتوگۆیان کردووە.پاش گوێگرتن لە تەیمور، ئیدی خانی دیدی خۆی بۆ تەیمور دەخاتە ڕوو لە هەمبەر بابەتی مردن، ئەوەش وەک ڕێزێک بۆ قسەکانی تەیمور و وەڵامدانەوەی ئەو کاریگەریەی کە هەیبووە لەسەری، خانی دەڵێت ((–هەندەک بۆنی مردنی خۆیان دەکەنە، هەندێکیش هەست بەتامەکەی دەکەن، هەندێکی دی هەن مردن بە چاو دەبینن،هەشن ترپەی پێکانی دەبیستن،هەیشە دەست لە ڕەقی،یاخۆ نەرمی مەرگی خۆی دەدات،هەرچی منم....

–هەرچی منم، ئەوا مەرگی خۆم دەنووسمەوە.))(دۆست،2017،ل28.

واتە بەشێوەیەکی گشتی تەیموری فاسق وەک کەسێتییەکی پەرەسێن ئاگاداری زۆربەی کارو کردەوە وتەنانەت بیروبۆچوونەکانی کەسێتی سەرەکی بووە، ئەوەش یەکێکە لەنیشانە سەرەکیەکانی کەسێتی پەرەسێن.

**میرزا سەبری**

(میرزا سەبری) کەسێتییەکی دیکەی پەرەسێنی نێو ڕۆمانی (میرنامە)یە،ئەم کەسێتییەش وەک کەسێتییە پەرەسێنەکانی دیکە، ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر کەسێتی سەرەکی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕوداوەکان،بەڵام بە دیووی نەرێنیدا، واتە ئەم کەسێتییە نمایندەی ئەو جۆرە لە خەڵک دەکات، کە ژیانیان لە خۆبردنە پێشەوە و ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتداران بەسەربردووە، هەروەها نوێنەرایەتی دەسەڵاتدارانیان کردووە بۆ دژایەتی کردنی کەسی ڕۆشنبیر ئەو کەسانەی، کە ویستویانە خەڵکی کەمێک هۆشیار ببێتەوە و لە ئەنجامدا زیاتر داوای مافەکانی خۆیان بکەن، نەک بەچاوێکی کەمتر سەیر بکرێن وەک کەسێتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

کەسێتی (میرزا سەبری ) کە کەسێتییەکی بەهێزی خاوەن بڕیارە لە ڕۆمانەکەدا، چونکە ڕاوێژکاری میری ئەوسەردەمە بووە.بەڵام ئەم پلەوپۆستەی بۆ دژایەتی (خانی) بەکارهێناوە نەک بۆ خزمەتی خەڵکی،هەر لەسەرەتای ڕۆڵەکەیەوە باس لە بێوەفای خانی دەکات، بەرامبەر میرەکان و دەڵێت (( ئەو قومدانەی ئەو شەوەبە دەستی خانییەوە بینیمان،دیاری فەرمانڕەوای کۆچکردومان، میر میرزا بەگی پسیانی بوو،لە کاشانی عەجەمستانەوە بۆی هاتبوو، میریش تەنیا بە خانی بەخشی...لێ کەسانێکی نانونمەک حەرام و بێوەفا هەن بەهیچ کلۆجێک شایەنی بەخشندەیی و جوانمێردی میران نین،خانیش یەکێک بووە لەوانە))(دۆست، 2017،ل88) .

ئەم تێڕوانینەی ( میرزا سەبری) بۆ ئەو ڕێز و شکۆیەی خانی هەیبووە لای میر و دەسەڵاتدارن بووە بەجێگەی داخ و حەسودی بۆیە دەیەوێت، تا دەکرێت ڕۆژێک زووتر خانی لەناو ببات،هەمیشە ئەوە بیری میر و دەسەڵاتدارانی نێو کۆشک دەهێنێتەوە کە خانی لە چۆن و چی نووسیوە بەرامبەر ئەوان،کە دەڵێت:

(( لە کتێبەکەیدا میرزابەگی میری پێشوومانی شوشتبووەوە و لەبارەیەوە گوتبووی:

ئەوێک زانست و ئەدەبی لا نە پەسەندە

بە ئەسڵ و نەسەبی خۆی وی رەوەندە

وای لەم جەور و ناهەقییە!ئەرێ خەڵکینە میرزا بەگ کەی ڕەوەند بوو؟ئاخر چۆن قەڵەمەکەی گەڕا وئەم درۆ بێبنەمایەی بۆ هەڵبەست))(دۆست، 2017،ل88) .

واتە ئەوەی لای خەڵک وەک کوفر وابووەه،ئەوەی لای ڕاوێژکاران وسەرانی دەستوپێوەندی میرەکان تابو و هێڵی سور بووە، لای خانی زۆر بە ئاسایی و زۆر بێ منەتانە وتراوە و باسیکردووە لە مەم وزینەکەیشیدا بۆ مێژوو نووسیویتەیەوە.بگرە زۆر لەوەش زیاتر ئەوەی، کە بووە بەجێگەی داخ وخەمی( میرزا سەبری) ئەوەبوو، خانی هێندە قەدری هونەر ونووسینەکەی خۆی بەرز ڕاگرتبوو، نەک نەیخستبووە خزمەت دەسەڵاتداران و ستایش وپیاهەڵدانی میرەکان،بەڵکو داوای لە ئەوانیش دەکرد ڕێز لەو هونەر ونووسینەی ئەم بگرن ((ماڵئاوا خۆ فەتحی قەڵای خەیبەری نەکردووە!داوای لە میران دەکرد نرخی هونەرەکەی بزانن و بەوکتێبەی منەتی بەسەر خەڵکدا دەکرد.باشە چۆن کتێبێکی تژی لە بێ ئابڕوویی و کفر جێگەی ڕێزی میران بێت ؟))( دۆست، 2017،ل89).

ئەوەش یەکێکە لەنیشانەکانەی کەسێتی ئازا و چاونەترس و بێمنەت بەرامبەر بە دەسەڵاتداران چونکە خانی نەک خۆی و نووسینەکانی نەکردبووە بە قوربانی میر و مانەوە لە کۆشکدا، بەڵکو مانەوە لە کۆشک و دیوانی میرەکانی کردووە بەقوربانی قەڵەم و نووسین و بەرژەوەندی گشتی گەلەکەی،بۆیە دەبینین کەسێتییەکی لاواز و هەلپەرستی وەک (میرزا سەبری )نەک تەنها لای میر و دەسەڵات دارەکان، بەڵکو لەناو هەموو خەڵکیدا دژی خانی درۆ و پڕوپاگەندەی ناڕەوا بڵاودەکاتەوە،لەلایەک بەئامانجی زیاتر خۆ نزیکردنەوە لە میر و دەسەڵاتداران، لەلایەکی دیکەش بە مەبەستی لەکەدارکردنی کەسێتی (خانی) چونکە ئەوە بووە جێگەی داخی میرزا سەبری، کە خانی بەوشێوەیە لەناو خەڵکیدا ڕێزی لێدەگیرا و پێشوازی و پشتیوانی لە قسە و بیرکردنەوەکانی دەگیرا،ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییەی خانی تەنها لای میرزا سەبری نەبووە جێگەی سەرنج، بەڵکو دەسەڵاتداری وڵات نوێنەری خۆیان بۆلای میر دەنارد بەمەبەستی کپکردنەوە و بێدەنگرکردنی خانی، چونکە خانی جیاواز لە زۆربەی مەلاکانی دیکە، بۆیە لەلایەن میرزا سەبری کە ملکەچیی ( میر عبدولفەتاح بەگ) بوو، دژایەتیەکی توند دەکرا،لەکاتێکدا دژایەتیەکە لەبەر خاتری دوژمنانی گەلی کوردبوو، کە والیی و سوڵتانە عوسمانیەکان بوون،بۆیە میرزا سەبری لەبەر دڵی (میر عبدولفەتاح بەگ) هەوڵی داڕشتنی پلانێکی تۆکمە دەدا بۆ کوشتنی خانی.

(( ویستم پلانێک دابڕێژم تا لە خانی ڕزگاربین، کابرایەکی خۆشنوس وکیماگەرم هێنایە ماڵێ، کە لە کوشتنی بەنهێنی دوژمن ونەیاراندا بە ناوبانگ و لێهاتووبوو.ویستی بۆمەرگی خانی ژاری سلێمانی چێ بکا))( دۆست،2017،ل93) ئیدی میرزا سەبری وەک کەسێتییەکی پەرەسێن لەنێو

ڕۆمانەکەدا، درێژە بە ڕۆڵەکی خۆی دەدات و تا دواسات کاریگەری و جێ پەنجەی بەسەر ڕووداوەکانەوە دەمێنێتەوە.بۆیە دەبینین بەردەوام دەبێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ کوشتنی خانی،دواجار ئەو ئەرکەیشی بەجیهێنا لە ڕێگەی کابرای لووتهەڵپیچراوەوە ((یارۆی دەموولووت هەڵپێچراو بلەز هەستا و ڕۆنی چراکەی گۆڕی بە ڕۆنێک لە ژێر باڵیدا شاردبوویەوە،مەلا فەریدیش ئاگای لێی نەبوو... لێ من زانیم ئیتر ژار بەربوە حوجرەکەی خانی))(دۆست، 2017،ل96) واتە (میرزا سەبری) وەک چۆن خۆی هاندەر و هۆکار بووە بۆ کوشتنی خانی، هەر خۆیشی تاکە شاهیدی ئەو کوشتنەیە چونکە هەرچەندە(مەلا فەرید)یان، لەگەڵ بووە،بەڵام ئەو بێئاگا بووە لەو کەین وبەینەی کە لەبەینی کابرای دەم ولوت هەڵپێچرا و میرزا سەبریدا هەبوو،بۆیە میرزا سەبری وەک کارەکتەرێکی پەرەسێن ڕوڵ و کاریگەریەکی زۆری هەیە لە پەرەسەندن و بەروپێشچوونی ڕووداوەکاندا لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا .

هەر ئەوەیش ئاگادارە کە خانی بەچی مردووە و بۆچی کوژاوە،چونکە کابرای کیمیاگەر پێیدەڵێت (( دەمی لە گوێم نزیک کردەوە و بەگوێمیدا چرپاند:

–هەفتەیەکی دی،یاخۆ پازدە ڕۆژ، زۆریەکەی پشتی هەیڤێک خانی سەرکێشتان لەکۆڵ دەبێتەوە،ئینشاللا خەڵکی فاتیحەی لەسەر دەخوێنن،بێئەوەی خۆیشی بزانێت چی قەوماوە))(دۆست، 96،2017) واتە لێرەدا میرزا سەبری وەک کەسێتییەکی بەرپرس لە کوشتنی خانی ئاگادار دەکاتەوە، کە پرۆسەی ژەهراویکردنی خانی سەرکەوتوو بووە و بەم نزیکانە خانی دەمرێت،ئەوەش ئەو ڕۆڵەیە کەمیرزا سەبری وەک کەسێتییەکی پەرەسێن لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

**کەسێتی سادە**

کەسێتی سادە ئەو جۆرەکەسێتییەیە کە سادەیە و تێگەیشتن لێی ئاسانە و بەدرێژی دەقەکە لەسەر یەک ڕەوتە توانایەکی کەمی هەیە بۆ گەشەسەندن لەسەرتا تا کۆتایی ڕۆمانەکە، خۆی لەیەک شێوازدا دەبینێەوە،وە هیچ هەڵوێستێکیان نییە بەرامبەر بە ڕووداوەکانی دەوروبەریان .

هیچ ڕووداوێک لەسەر دەستی ئەوان ڕوونادات، دەکرێت بڵێین ئەو جۆرە کەسێتییە دروستکردنی لەلایەن نووسەرەوە کارێکی دژوار نییە، ئاسان وێنا دەکێشرێت لە ڕووی هونەرییەوە و کاری

زۆریان ناوێت،لاوازە لە پێکهاتە ورۆڵدا،پێویستی بە لەگەڵ ڕۆیشتن و گەشە و پێشخستن نییە،لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەدا،لەگەڵ ئەوەشدا توخمی سەرەکی پلۆتی ڕۆمانەکەن،هەروەها بۆ خوێنەریش سانایە،کە خوێندنەوە و ئاشنابوون پێی پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیکاری نییە بۆ ناسینەوەیان،وەک کەسانی ئاسای ژیان وایە،هیچ جیاوازییەکی تیا نییە،کە جێگەی سەرنج و تێڕامانبێت واتا بەیەکەم بینین دەناسرێتەوەو ئاشنایان دەبین، دەگوترێت.

(( کارەکتەرێکە لە چیرۆکدا ناگۆڕێت یان گۆڕانێکی کەمی بەسەردا دێت، بەواتایەکی دیکە ئەم جۆرە کارەکتەرە لە کۆتای چیرۆکدا، بەهەمان شێوەی سەرەتای چیرۆکەکە دەمێنێتەوە))(مەجید، 2013،ل 28)، کەواتە کەسێتی سادە لە ڕۆماندا هیچ کاریگەری ڕووداوەکانی بەسەرەوە نییە و ئەوانیش هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نییە،لەگەڵ ئەوەشدا واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ ڕۆڵ وپێگەیەکی نییە،چونکە مادام دروستکران و خراونەتە ڕوو، کەواتە پێویستن لە ڕۆماندا هەرچەنەدە سادە و بێگۆڕانن بەڵام یارمەتی دەری کەسایەتیەکانی دیکەی وەک کەسێتی( پەرەسێن وسەرەکی)دەدەن.

زۆر جار لە ڕێگەی ئەو کەسێتەی سادانەوە ئاشنا دەبن بە لایەنە شاراوە و نهێنیەکانی کەسێتییە پەرەسێن وسەرەکییەکان .بەڵام ئەم کەسێتییە سادانە خۆیان خاوەنی یەک بیرکردنەوە و یەک جۆر ڕەفتارن و زۆر بەکەمی گۆڕانیان بەسەردا دێت ((کارەکتەر بەهۆی کۆمەڵێک پرەنسیپەوە پێداگریی لەسەر ئایدۆلۆجیای خۆی دەکات وناگۆڕێت، زۆرجار ژیانی خۆیشی دەکاتە قوربانی ئەمەش زیاتر لەڕۆمانی سیاسی و ئاینی و ڕۆشنبیریدا ڕەنگ دەداتەوە))(ئەڵوەنی، 2009،ل73)واتە بەدرێژایی چیرۆک یان ڕۆمانەکان، کەسێتییە سادەکان لەسەر یەک هێڵی ڕاست وئاشکرا بەردەوامن لە ڕەوتی ئاسایی ژیانی خۆیان،جگە لەوە هەندێکجار لەلایەن کەسێتییەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەوە بۆ خزمەتی گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی خۆیان بەکاردەهێنرێن.

**نمونەی کەسێتیی سادە لە ڕۆمانی (میرنامە) دا :**

لە ڕۆمانەکەدا چەندین کەسێتی سادە هەن،کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی وەهایان نییە، وە کار ناکەنە سەر کەسێتی سەرەکی و ڕەوتی ڕووداوەکان لە دەقەکەدا، ئەو کەسێتیانەش وەک (ئۆمەری خەزنەدار، حاجی زوهدی بازرگان، مەلا فەرید، سۆفی حەیدەری قەرسی، شێخ سەیفەدینی

جبەشین،سەلیمی ناڵبەند،شەمۆی قەواڵ)لێرەدا باس لە چەند کەسایەتێکی سادە دەکەین،لەم ڕۆمانەدا.

### سەلیمی ناڵبەند

یەکێکە لە کەسایەتیە سادەکانی ناوڕۆمانەکە،کە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ڕووداوەکان و هەروەها هیچ گۆڕان و بەرەوپێشچوونێک لەم کەسایەتیەدا ڕوونادات، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی لە ڕۆمانەکەدا، وەک کەسێتییەکی داکۆکیکار لە کارو پیشەی ناڵبەندی و دەستکەوتنی پارەوسامان دەکاتە بنەمای سەرەکی ژیانی، کە تەنیا حەزێکی کاری ناڵبەندی و ناڵکردنی ئەسپە،ئەم پیشەیەی لە باوباپیرانیەوە بۆ ماوەتەوە.ناڵکەرێکی بەناوبانگی ناوچەکەیە،بەڕادەیەک ناڵی ئەسپی والی و سوڵتان و پاشا و میرەکانی دەکرد، سەروەت و سامانێکی زۆری دەستکەوتووە و ڕەواجێکی باشی هەبووە .لەسەرەتادا (سەلیمی ناڵبەند) باسێکی خۆی و چۆنێتی دەستکردنی بەو پیشەیە دەخاتە ڕوو،کە سەرەتا چووەتە بەرخوێندن، بەڵام باوکی پێ گوتووە (( ڕێگەی زانست، ڕێگەیەکی درێژە و دوایی نییە،نانیشی تێدا نییە،بۆی باسکردم، سێ بە چواری زانایان دەرۆزەکەرن و چارەکەکەیتریشی نە دەیەوێت ببمە هەژار و نە سواڵکەریش)) ( دۆست،2017،ل184).

دوای ئەوە سەلیم،گوتی ئامۆژگارییەکەی باوکی لە گوێ دەگرێت و واز لە خوێندن دێنێت و دەبێتە ناڵبەند،وە تا کۆتای ژیانیشی لەسەر ئەوپیشەیە بەردەوام بووە، واتا هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بەسەر ژیانیدا نەهاتووە لەسەر ڕاستەهێڵیکی بێلایەنی و کەنارگیری لەوڕووداوانەی کە ڕوودەدەن بەردەوام بووە لە ژیان و کاسپی خۆی، کە ئەوەش یەکێکە لە نیشانەکانی کەسێتی سادە .(سەلیم) لە ڕێگەی ئەم پیشەیەوە پارە بەسەریدا دەباری بەتایبەت کاتێک شەڕی سوڵتان و قزڵباشەکان بووەیاخود هەر لایەنێکی دیکە، بەلای سەلیم تێدەپەڕین و لە دەوروبەری بایەزید لەشکریان هەڵدەدا، دەبووە هۆی دەستکەوتێکی گەورە بۆ ناڵبەندەکان بەتایبەتی سەلیم ناڵبەند، کە لێهاتوو لێزان بوو لە کارەکەیدا، بەجۆرێک هەرکەسێک ئەسپی خۆی خۆشبویستایە دەیبرد بۆ لای ئەو،هەروەها ناڵکەری تایبەتی ئەسپی میر بووە بەناوی (شەهێن )،هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە سەلیم بەدرێژای ژیانی خۆی سوپاسگوزاری باوکیبێت و ڕەحمەتی بۆ بنێرێت کە فێری ئەو پیشەی کردووە،پاشان سەلیم باس لە ڕۆژی مردنی خانی دەکات،کاتێک هەواڵەکەی بۆ هاتووە پێی ناخۆش بووە و ویستوویەتی بچێت بۆ بەخاک سپاردن و نوێژکردن لەسەر، کە واجبێکی موسڵمانانەیە بۆ ئەوکەسەی کە دەمرێت ماڵئاوای لێدەکرێت، بەڵام لەبەر کارەکەی نەیتوانیووە

بچێت،چونکە ئەو ڕۆژە لەهەموو ڕۆژان زیاتر کاری هەبووە، هەربۆیە فریای نوێژەکە نەکەوتووە،ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم کەسێتییەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕووداوەکان و پەیوەست بە ژیانی کەسێتی سەرەکییەوە،یاخود هیچ ڕووداوێک لە ژیانی کەسێتی سەرەکیدا نابێتە هۆی ئەوەی ئەم دەست لەکارەکەی هەڵبگرێت، تەنانەت بە مردنیشی، ئەوەش تایبەتمەندی کەسی سادەیە کە بەدرێژای ڕۆمانەکە بەیەک ئاراستەو لەسەر یەک هێڵ دەڕوات.

**شەمسۆی قەواڵ**

کەسێتییەکی دیکەی سادەی ناو ڕۆمانی ( میرنامە)، شەمسۆی قەواڵە،کە هیچ گۆڕان و بەرەوپێشچوونێک لە کەسایەتیدا ڕوونادات، شەمسۆ کەسێتییەکی یەزیدی پەراوێزخراوبووە لەناو کۆمەڵگادا، چونکە بڕوای بە ئیسلام نەبووە، جیگەی قبولکردن نەبووە و کەس گوێی پێنەداوە،لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێی نزیکی خانی بووە و گرنگی پێداوە، بەبێ گوێدانە بیروباوەڕ و ئاین و مەزهەب و شێوازی بیرکردنەوە، شەمسۆ باسی نامۆیی خۆی وەک مرۆڤێک لە کۆمەڵگەی مسوڵماناندا دەخاتە ڕوو، کاتێک کە ئەحمەدی خانی مردووە،مەلا بانگەوازی مسوڵمانانی کردووە کەبێن،نوێژی لەسەر بکەن و بەخاکی بسپێرن، شەمسۆ خۆی ئامادەدەکات تاوەک و بەشداری بکات، بەبێ گوێدانە جیاوازی ئاین و نەریتەکان، شەمسۆ لەگەڵ چوونی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە، کەتۆ ئێزیدیت و مسوڵمان نیت، بۆ کوێ دەچیت ؟لەلایەن ژنەکەیەوە.لە وەڵامدا دەڵێ ((کچێ ئافرەت، ئەمە خانییە، نەک کەسێکی دی،من چیم لە بانگەوازی ئەو مەلایە داوە))(دۆست، 2017،ل199).

پاشان بەچاوی پڕ فرمێسکەوە سەلاحەدینی سەحاف ڕوو لە شەمسۆ دەکات و دەڵێت (( – بەخودای تۆ وەفاداریت کریڤ.

– ئەمە خانییە خانی، نەک کەسێکی تر ))(دۆست،2017،ل200) ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە خانی کەسێکی دڵسۆز وخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز بووە نەک تەنها لای مسوڵمانەکان بەڵکو لای ئێزیدی و ئاین دارەکانی دیکەیش خۆشەویستبووە،ئەوەش بەهۆی ڕەوشت بەرزی و بەئەخلاقی و زانستی فراوانییەوە،ڕێزی لەهەموو کەسێتییەکانی چواردەوری دەگرت بەبێ جیاوازی.بۆیە ( شەمسۆی قەواڵ) بەدڵی پڕو چاوی تەڕەوە دەیەوێت بچێتە سەر مەیتەکەی خانی بەڵام (شیخ سەیفەدینی جبەشین)پێی دەڵێت((شەسۆی قەواڵ ! هاتنی تۆ لەگەڵماندا بۆ گۆڕستان جایز نییە))(دۆست، 2017،ل200) ئەم قسەیە مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا، لە نێو ئەو کەسانەدا

کە لەوێ ئامادەبوون,بەڵام کردنی ئەم قسەیە ئەوە دەردەخات کە شەمسۆ کەسێکی سادە و بێ کاریگەر وبێهێز بووە لەو کۆمەڵگادا، هەروەها بۆ شەمسۆ دەرکەوت کە جگە لە خانی کەم موسڵمانی دیکەی هەیە بتوانێت وەک خانی لێی بڕوانێت و ڕێزی بگرێت .

هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی شەمسۆ لە دوای مردنی  خانی هەست بە نامۆی بکات .بەڵام سروشتی ئەم کەسێتییە سادانە هەر وایە، هەرچەندە خانی خۆشویستووە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی گۆڕینی  بیروباوەڕی شەمسۆ بەڵکو بەردەوام بوو لە سەر بیرو باوەڕ و ئاینی خۆی، بەڵام وەک ئینسانێک خانی خۆشویستووە و خانیش ڕێزی تایبەتی لەئەم گرتووەشەمسۆ خۆی دەربارەی ئەم پەیوەندیەی نێوانیان دەڵێت ((خانی هەرگیز قسەیەکی دەرهەقمان لە دەم نەهاتەدەر بۆنی سووکایەتی بە ئێمە یا باوەڕەکەمان لێبێت، بە پێچەوانەوە هەمیشە ڕێزی لە من دەگرت و دەیگوت :

–چەندێک  ڕێگە و ڕێباز هەن، هەموویان دەچنەوە سەر پەروەردگاری مەزن.

–کافریش!

–قسەی وەک :کافر، ئێزیدی، موسڵمان عیسا مەزەب،جولەکە، لە زاهیردا جیاوازن، لێ لە بناغەدا یەکن،هەموویان لە بازنەی بوونی خوی ئیلاهیدا خاڵی ڕیزکراو و بەدواییەکدا هاتوون.))(دۆست،2017،ل201) ئیدی بەم جۆرە قسە پڕ لە پەند و حیکمەتانە، خانی توانیوویەتی دڵی هەموو کەسێک لەو شارەدا بۆ خۆی ڕابکێشێت،جگە لەو کەسانەی کە دەربار و کاسەلێسی دیوانی میرەکان بوون و نەیان دەویست خەڵک هۆشیار بێتەوە و هەرجارێک و بەناو شتێکەوە بیرکردنەوەیان لە خەڵکی زەوتدەکرد.بەڵام خانی هەوڵی پێکەوە ژیان وپێکەوە هەوڵدانی دەدات  بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆی و ڕێزگرتن لەیەکدی،ئەمەش نهێنی خۆشویستنی بوو لای بەشێکی زۆری خەڵکی بەدلیس،چونکە لای خانی مرۆڤ و مرۆڤ بوون سەنتەر بووە و لە هەمووشت گرنگتربووە،لە ئاین و مەزهەب و نەتەوە و ناوچە،ئەم بیرکردنەوە فراوانەی خانیش لە ڕێگەی دواندن و دیالۆگی لەگەڵ ئەم جۆرە لە کەسێتییە سادەکان و کەسێتییەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەکەدا بەدەردەکەوێت.واتە کەسێتییە سادەکان دەبنە دەروازەیەک بۆ خوێنەر تا زیاتر بە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی کەسێتی سەرەکی ئاشنابین.

## تەوەری سێیەم : پێکهاتە و ئەرکی کەسێتیی لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا:

هەروەک لە پێشەکیەکەدا ئاماژەمان پێکردووە، کە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)ڕۆمانێکی مێژووییە و باس لە کەسایەتییەکی مێژوویی خەباتگێری گەلەکەمان دەکات، کە ئەویش (شێخ سەعیدی پیران )لەبەر ئەوە لێرەدا.کورتەیەک لە ژیانەکەی دەخەینە ڕوو[7].

## ڕۆمانی ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک)

ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەک دەربارەی شەوی  لە سێدارەدانی (شێخ سەعیدی پیران)ە،کە نووسەری ڕۆمانەکە هەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە، خوێنەر تووشی تێرامانێک دەکات وخوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا دەکرێت ڕۆمانێک بنووسرێت تەنها لە سەر ڕۆشتنی سێ هەنگا و تا دەگات بە سێدارەیەک؟؟ بەڵام پاش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی یەکەمین لاپەڕەدا تێدەگات جگە لە سێ هەنگا و ئەم ڕۆمانە چەندین باس و ڕووداوی دیکەی لە خۆ گرتووە،وەک بابەتی خۆشەویستیەکی پاکی گەنجانە بۆ کچە شۆخێک بە ناوی ( پەریخان) و خۆشەویستیەکی عاریفانە  بۆ خودا، کە تا خنکاندنیشی شیخ ڕووی نەهات سەر بەرزبکاتەوە و پرسیارەکەی لە خودا بکات.

---

7- ناوی تەواوی (( شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ عەلی پاوڵویە،لە ساڵی 1865 لە پاڵوا لە دایک بووە،پاش چەند ساڵێک لە هاتنە دنیای لەخنس لەتەکیەیە خەریکی خوێندن و فێربوونی زانستە ئاینیەکان بوو- لەوانە لای باوکی ))(ئۆڵسن، 1999،ل161) شێخ سەعید لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە،لەبەر ئەوەیە کە( شێخ سەعید) لە پێناو گەلەکەیدا هەمووژیانی خۆی فیدا کردووە، تا بەسەربەرزی لەبەر پەتی سێدارەدا خۆی بینیەوە،هەر ئەوەش وایکر کە ژیان و شۆڕش و مردنەکەی تەنها لە چوارچێوەی لاپەڕەکانی مێژوودا قەتیس نەبن، بەڵکو لە نێو دنیای ئەدەبیشدا ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبیەکانەوە هەبێت.(شێخ سەعید )بۆخۆی کەسێک چالاک و بەتوانا بووە، توانیویەتی خوێندنی ئیسلامی تەواو بکات و تا ئاستێک کە ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە و خۆی خوێندکار و فەقێی هەبووە،بووە بە ڕێنیشاندەری خەڵکی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی، ژمارەیەکی زۆر شوێن کەوتووی هەبووە(( شێخ سەعید بووبە ڕێنیشاندەری ڕێبازی نەقشبەندی لە پاڵو و ژمارەی شوێنکەوتوانی نزیکەی دوازدە هەزار کەس لە کورد و تورک  بوون ))(عیسا،2012) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ سەعید خۆی لە شوێنکەوتوانی جیانەدەکردەوەو جیاوازبوو لە مەلا و کەسایەتیە بەناوبانگەکانی دیکەی سەردەمی خۆی، چونکە شێخ خۆی لە ینەماڵەیەکی ناودار و بەناوبانگ لە دایک بووبوو

هەروەها خوێنەر تێدەگات، کەئەم سێ هەنگاوە هاوتایە لەگەڵ سێ قۆناغ لە ژیانی شێخ سەعیدی پیراندا، واتە بە گشتی فەزای ڕۆمانەکە باس لە ڕابردوو دەکات، کە ڕۆماننووس لە ژێرناوی سێ هەنگاودا بە وردی ئاوڕ لە سێ قۆناغی ژیانی شێخ سەعید داوەتەوە،کە شێخ سەعید خۆی هەم کەسێتی سەرەکی و پاڵەوان و گێڕەرەوەی هەمووشتزانی نێو ڕۆمانەکەیە،کە سەرەتاکانی قۆناغەکان بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**هەنگاوی یەکەم** گوزارشتە لە قۆناغی یەکەم یان قۆناغی سەرەتای ژیانی شێخ سەعید هەر لە منداڵی و شێوازی خوێندن و هاوڕێیەتی فەقێکانی هاوڕێی تا دەگاتە ئەوەی کە وردە وردە دەبێتەگەنجێکی تازە هەڵچوو،ڕۆژێک لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە کچێک دەبینێت لە ماڵی خۆیاندا، زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت و ئاشقی دەبێت،کە ناوی ( پەریخانە) کچی هاوڕێیەکی باوکییەتی، بەئاوارەی هاتووەتە ماڵی شێخ سەعید،بەڵام ئەشق و خۆشەویستیەکەیان درێژە ناکێشێت و پاش ئەوەی شێخ ڕۆژێک دەگەڕێتەوە داوای جامێک ئاو لە پەریخان دەکات،پەریخان دەکەوێتە ناو بیرەکەوە و دەخنکێت، شێخ بەو هۆیەوە تا لە سێدارەدانی ئەم دیمەنەی لەبەرچاو لانەچوو، تینوێتی بەردەم پەتی سێدارەی بۆ ئەوکاتە دەگەڕاندەوە.

**هەنگاوی دووەم**،وەک  قۆناغی دووەمی ژیانی دێتە باسکردن، لەم هەنگاوەدا شێخ دەکەوێتە یادی ئەو سەردەمەی کە هەوڵی هەلگیرسانی شۆڕشێکی بەرفراون لەگەڵ شێخ و مەلا و کەسایەتییە کوردەکان، بە کۆمەڵێک خەون و خولیاو ئامانجی گەورەوە دەستی پێکرد، دژی دەسەڵاتی داگیرکەری تورک، کە شێخ ئامانجی دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بوو بۆ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەم هەنگاوەیشی وەک هەنگاوی یەکەم بە دڵشکاوی و نامورادی کۆتایی هات.

**هەنگاوی سێیەم**، کە ئاوڕدانەوەیە لە کاتی دەستگیرکردن و کۆتای پێهێنانی شۆڕشەکەی، کە هاوشێوەی کۆتا هەنگاویەتی بۆ بەر پەتی سێدارە و دەزانێت، ئیدی تەواو لە دنیای ڕۆشن ژیان بۆ ئەو کۆتای هاتووە،دەزانێت چیدی گەشتن بە خەون وئامانجەکانی تەنها خولیا و خەونێکە .بەڵام لێرەدا هەست بەسەربەرزی و شکۆمەندی خۆی دەکات، کە تەنانەت دوای مردنیشی نەوەکانی دووای خۆی ناوی ئەو بە ڕێزەوە دەهێنن و ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئەو بۆ هەمیشە بە بەرزیی دەنرخێنن.

ئەم ڕۆمانە لەلایەنی هونەرییەوە،دەتوانرێت لە خانەی ڕۆمانە مێژووییەکاندا دابنرێت .هەروەها دەتوانرێت بە ئەزمونێکی نوێ لە ڕۆمانی کوردیدا دابنرێت،چونکە لەم ڕۆمانەدا جگە لەگێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مێژوویی وباسی چەند کارەکتەرێکی مێژوویی، لەهەمان کاتدا لایەنی تەکنیکی و هونەری فەرامۆشنەکراوە،خوێنەر هەست بەبوونی چەندین وێنەی هونەری نایاب دەکات بە درێژای ڕۆمانەکە،کە ئەوەش وا لە خوێنەر دەکات کە هەستبکات دیمەنەکان بەچاوی خۆی دەبینێت،یان وەک ئەوەی سەیری فیلمێکی سینەمای بکات وایە،کە هەر لەسەرەتاوە (شێخ سەعید)تەرمی هاوڕێکانی  بەهەڵواسراوی بەپەتی سێدارەوە،بە هێشووە ترێ دەچوێنێت،و بۆنی گوریسی چەورکراو بە بۆنی دارچناری تازەپاککراو دادەنێت.

هەروەها دەیان وبگرە سەدان وێنەی دیکەی هونەری تێدایە،جگە لەوەش بە زمانێکی زۆر ڕوون وڕەوان نووسراوە، خوێنەر هەست بە هیچ گرێ و نارەحەتییەک ناکات، بەڵکو بەوپەڕی چێژەوە وەک ئەوەی پارچە پەخشانێک بخوێنێتەوە،هێندە سادە و ڕەوانە.

ئەم ڕۆمانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە،مەبەست و پەیامێکی گەورە و گرنگی لە خۆیدا هەڵگرتووە.کە ئەویش هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی سەرکردە و شۆڕشگێڕ و شەهیدی نەتەوەیی (شێخ سەعیدی پیران)ە.نەک تەنها بە مەبەستی زیندوو هێشتنەوەی یادی ئەو سەکردە مەزنە بەڵکو بۆ سوود وەرگرتن لەئەزموون و مامەڵەی ئەو لەگەڵ ناوخۆ و دەرەوەی میللەتی کورد خۆی.

بێگومان لەم ڕۆمانەدا سەرجەم تەکنیک وبنەماکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بەدی دەکرێت،وەک ( کەسایەتی، ڕووداو، کات، شوێن، تێم، پلۆت، دیالۆگ، مەنەلۆگ، فلاشباک، وەسف، گێڕانەوە...هتد) هەریەکە لەم بنەما و تەکنیکانە بەشێوەی هونەری بەرز و بەشێوەیەکی شیاو لە شوێنی خۆیدا بەکارهاتووە.بەڵام وەک ئاشکرایە سەرجەم ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە زاری پاڵەوانەوە و لە شێوەی فلاشباکەوە دەگێڕدرێتەوە،کە پاڵەوانەکەلە دۆخێکی نۆستالۆژیادایە، بەدەم بڕینی سێ هەنگاوەوە بۆ سەر تەختەی ژێر پەتی سێدارەکە،ئەم ڕووداوانەی دێتەوە بەرچاوبەشێوەیەکی ئەندێشەئامێز دەیگێڕێتەوە،جار جاریش لەباسی( ئەو دوو پۆلیسەی کە هەردوو قۆڵیان گرتبوو یاخود ئەو دەنکە زیخەی لەنێو پێڵاوەکانیدایە،یان ئەو تینوێتیەی کە قورگی وشک کردوە) خوێنەر بەئاگا دێنێتەوە کەئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕابردووە، چونکە بە هۆی پلۆتی ڕۆمانەکەوە خوێنەر لە نێو ڕووداوەکاندا ڕۆدەچێت،کە ئاگای لە کاتی ڕووداوەکان نامێنێت،ئەوەش بەهۆی بەتوانای ڕۆماننووسەوە لە سوود وەرگرتن لەتەکنیکی کات.کەئەوەش یەکێکە لە بنەماکانی ڕۆمانی مێژوویی

سەرکەوتوو لەگەڵ ناوهێنانی کارەکتەری مێژووی وەک (شێخ مەحمودی نەمر) هەروەها ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە دەستگیرکردن و چۆنێتی کۆتای پێهێنانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود تا دەگاتە لەسێدارەدانەکەی بە شێوەیەک گێڕراوەتەوە، کە تەواو ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕوواوەکەی تێدا بەدی دەکرێت،بەڵام ڕۆمانەکە بە جۆرێک بە خەیاڵ وئەندێشەی هونەری ئاوێزان کراوە، کە زۆر کاریگەری دەکاتە سەر هەست وسۆزی خوێنەر.

بێگومان لەڕۆمانەکەدا جگەلەکەسایەتی پاڵەوانی ڕۆمانەکە( شێخ سەعیدی پیران ) باس لەچەندین کەسایەتی مێژوویی دیکە دەکرێت، لەوانەش ( شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئەحمەدی خانی،مەلای جزیریی، بەدرخان پاشا، شێخ مەحمودی نەمر، نووبار پاشای ئەرمەنی،شەریف پاشای کوردی،سمکۆ ئاغای شکاک، سەید ڕەزا) کە بە پێی بارودۆخی ئەوسەردەمە و شوێنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە باس لە ڕۆڵ و پەیوەندی هەریەکە لەمانە دەکرێت لەگەڵ کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە،بۆیە دەکرێت بەپێی پێوەرێکانی ڕۆمانی مێژووی ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی مێژوویی دابنرێت.

**نمونەی کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانی (سێ هەنگا وسێدارەیەک) دا**

کەسێتی سەرەکی کۆڵەکەی سەرەکی پێکهێنەری کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانە بەگشتی، کاریگەری ئەم کەسێتییە هێندە فراوانە لەسەربونیادی گشتی دەقەکە،کە زۆرجار دەبینین ڕۆمانەکە بە ناوی ئەم کەسێتییەوەیە،لەم ڕۆمانەیشدا(سێ هەنگاو و سێدارەیەک ) هەر لە ناونیشانەکەیەوە ئاماژە بۆ جوڵەی کەسێتییەک دەکات، کە ئەویش (شێخ سەعیدی پیران)ە،کە کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە.و پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە و لە هەمانکاتیشدا خۆی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە.هەرچەندە لەم ڕۆمانەیشدا وەک هەر ڕۆمانێکی دیکە،خەیاڵ تێیدا باڵادەستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا وەک بنەمایەکی سەرەکی ڕۆمانی مێژوویی باسکردن لەواقیع بەتەواوی ڕەچاوکراوە،کە سەرتاپای ڕۆمانەکە باسکردنە لە ژیانی پڕ نارەحەتی و ناخۆشی ژیانی پاڵەوانەکە کە خوودی خۆیەتی دەکات.گێڕەرەوە بەشێوەی فلاش باک لەماوەی بڕینی سێ هەنگاوەکەدا، دەست بە گێڕانەوەی ژیانی دەکات هەر لە منداڵی و مێرمنداڵی و گەنجی و سەردەمی شۆڕش، تا دەگاتە دەستبەسەرکردن وتەنانەت ئەوکاتەی کە سێ هەنگاوەکە دەنێت بۆمان دەگێڕێتەوە.

باسکردن لە ڕووداوەکانی ژیانی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە، دەستپێدەکات هەر لە پرۆسە (کۆستەک قرتاندن)ەوە،کە کارێکی فۆلکلۆری کوردییە لەتەمەنی پێنج بۆ شەش سالّی بۆ منداڵ دەکرێت،کە خۆی دەڵێت ((ئەمڕۆ پەت لە گەردنم دەکرێ نەک لاقم،ئەمڕۆ کۆستەکی میللەتێ دەقرتێت))(دۆست،2016،ل26) واتە لەگەڵ هەستکردنی بە بەستنی قاچەکانی دەکەوێتەوە یادەوەری ئەوکاتەی کەمنداڵ بووە و دایک و باوکی بۆ یاریکردن لەگەڵی بەپەتێک قاچیان دەبەست،بەڵام شەپۆلی بیرەوەریەکانی هێندە بەتەوژمە پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێ نازانێت لەکوێوە دەست بە گێڕانەوە بکات.((بیرەوەریەکانی ژیانی منداڵی وەک شارە زەرگەتە وروژابوو، شارە هەنگە ژاڵەیەکی بێدەنگ کە منداڵێک بەهەڵکەوت بەدارێکی ئاگرینەوە هێرش بکاتەسەری وئیدی فریای هیچ شتێک نەکەوێت )) (دۆست،2016،ل27).

دواتر شێخ سەعید دەنێردرێتە مووش بۆ دەستکردن بە خوێندن، ئەم خوێندنە جگە لە خوێندنی ئاینی لە چەندین لای دیکەوە سوودی بە کەسێتی سەرەکی گەیاندووە،بووە بەهۆی زیاتر بەهێزکردنی کەسایەتی شێخ سەعید .پاش چەندین ساڵ مانەوە لەمووش کاتێک شێخ دەگەڕێتەوە .ڕووداوێکی دیکە لە ژیانی کەسایەتی سەرەکی ڕوودەدات ئەوەش یەکەمین دەرکەوتنی هەستی ئاشق بوونە .باس لە یەکەم نیگا و هەستی خۆی دەکات،کاتی لە زستانێکی سارددا لە موش گەڕاوەتەوە ماڵەوە،لە دەرگا دەدا و دەرگا دەکرێتەوە دەڵێت ((تۆکێی ؟! ئەویش لێی دەپرسێ.

-ئەی تۆ کێی ؟!

-من پەریخانم، قەرەواشی ئەم ماڵەم، دەنگێ ئەو ساردیی ڕێگە سەرما و باهۆزە و بەفری سەرلەش ئەمی بە جارێک تواندەوە)) (دۆست،2016،ل76)

بەڵام ئەم ئەشق و خۆشەویستەیش بە شێوەی شۆڕشەکەی بێ ئەنجام وناکام مایەوە.

پاشان قۆناغی دوای هەرزەکای و حەزی گەنجانەی، پاڵەوان دەستپێدەکات،کە ئەویش خۆی لە پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا دەبینێتەوە،کە ئەوەش هاوشانی هەنگاوی سێهەمیەتی بۆ بەر پەتی سێدارە،لەم قۆناغەدا وێنەیەکی لێکچوو دەبینین لە نێوان ژیانی کەسێتی سەرەکی وهەنگاوەکەیدا،چونکە کەسێتی سەرەکی هەر وەک چۆن شانازی بەو قۆناغەی ژیانییەوە دەکات بەهەمان شێوە دەیەوێت کەمێک زیاتر خۆی ڕیک بخات بۆ ئەوەی لەکاتی لە سێدارەدانیدا زیاتر بەهێزتر و شکۆدارتر دەربکەوێت.چونکە خۆی بەسەربەرز دەزانێت کە لەپێناو گەلەکەیدا

چووەتە بەردەم پەتی سێدارە،لەکاتی چوونی بۆبەر پەتی سێدارە شێخ سەعید بۆ دواجار لەژێر لێوەوە چەند بەیتێکی لە دیوانی (مەم و زین) ی (خانی ) وتەوە، چونکە ئەو هەمیشە سەرسام بووە بە بیری نەتەوەیی خانی و کتێبەکەی بەکتێبێکی پیرۆز داناوە،هەمیشە لەژوور سەری خۆی داناوە،((بە دەنگێکی خەمگین چەند بەیتێکی لە دیباجەی بۆخوێندەوە و خەمێکی قوڵی هەڵکێشا و دواتر تا هێز لە سیەکانیدا هەبوونەفەسی بەردایەوە))(دۆست،2016،ل133) ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە شێخ سەعید تەنها کەسێکی شۆڕشگێڕ نەبووە بەڵکو سەرکردەیەکی ڕۆشنبیر بووە،قەدری خوێندن و زانین و شاعیران ونووسەرانی کوردی زانیوە، چونکە زانیویەتی تەنها چارەسەری دەردی کورد یەکگرتن و یەکڕیزییە,بەڵام بەداخەوە هەمیشە کورد بەدەست ئەم دەردەوەناڵدویەتی ((هەرکەس ڕاخەری لەژێر ئەوی دی ڕادەکێشا و جێی خۆی خۆش دەکرد، دژایەتی نێوان ئەوان و نوێنەری دەوڵەتانیش مات و حەیرانی کردبوو،ئەوان ئیدی نەیاندەزانی لەگەڵ کێ پەیوەندی دروست بکەن و کێ خاوەن دۆزە،هەموو دەیانگوت کە ئەوان خاوەنداری لەم گەلە دەکەن گەل خۆی بێ خاوەن بوو))(دۆست،2016،ل133).

واتە چۆن هاوکاری نەکردنی وڵاتان و گەلانی جیهان هۆکارێک بوو بۆ کەوتنی شۆڕشەکە،بەهەمان شێوە هاوکاری نەکردن و بەدەمەوە نەهاتنی هەندێک لە ناودارانی کورد لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەت و دەسترۆیشتوی ناوچە کوردیەکان هۆکارێکی دیکەی شکستهێنانی شۆرشەکە بوو.جگە لەوەش کەسێتی سەرەکی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە،باس لە ڕۆڵی چەند کەسایەتییەک دەکات، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە سەرپێ خستنی شۆڕشەکە، لەوانەشە ((خالید بەگی جبری کە خوێندکاری مەکتەبی عەشیرەیە لە ئەستەنبوڵ،کوڕی مەحمود بەگی سەرۆکی ئێڵی جبرانیەکان و هەروەها یوسف زیابەگ کوڕی حاجی فوئاد نوێنەری پێشوی بەدلیس لە مەجلیس ئەنقەرە و ئەندامی جەمیعەتی تەعالی کوردستان شاعیر و ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد و ژین بوو))(دۆست،2016،ل137-144) بەڵام ئەم هەموو هەوڵ و ڕەنجە بێ ئەنجام مایەوە،ڕۆماننووس لە ڕێگەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە،دەردی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی وەک یاریەکی فۆلکلۆری کوردەواری پێناسە دەکات و دەڵێت ((دیسان کوردان گوێزی خۆیان هەڵدایە سەرگومەزی خەوی ئازادی ئەو گوێزەش بەرو خوار تلۆر بووەوە و شکا))(دۆست،2016،ل138) بەڵام ئەوەی ڕوویدا تەنها پەیوەندی بە شەنس و بەختەوە نەبوو، بەڵکو بەشێکی پەیوەندی بە شێوازی ڕێکاری خۆ ئامادەکردنی شێخ و پیاوەکانیەوە هەبوو، کە هەندێک بە هەڵە لەو کۆدە تێگەیشتبوون کە وەک ڕەمزی نهێنی ڕۆژی دەستپێکردنی شۆڕشەکە دانرابوو،چونکە شێخ ((

تەلەگرافێکی شفرەکراوی بۆ ئەفسەرە کوردەکانی هەکاری ناردبوو تێیدا نووسیبووی، با بێریڤان بچنە بێری بەرخەکان بەردەن بۆ شیر، شفرە بە هەڵە فامکردن و ئەفسەران ڕوویانکردە سەر چیاکان وەک بڵێی بەهار هاتبێت))(دۆست، 2106،ل153) ئەم هەڵە تێگەیشتنەبوو بەهۆی ئەوەی ئاگری شۆڕش پێش وادەی خۆی هەڵبگیرسێت،بەڵام بەداخەوە لە هەمان کاتدا بوو بەهۆی ئەوەی کە شۆڕشەکە لەبار بچێت و سەرکردەکان وکەسە دیارەکانی هەڵگیرسێنەری شۆڕش دەستگیربکرێن لەوانەش ((ئامر هێز خالید بەگ لە ئەرزرۆم و یوسف زیا بەگ لە بەدلیس هەردووکیان گیران و درانە مەجلیسی حەربی بەدلیس ))(دۆست،2016،ل153).

ئیدی شێخ وەک سەرکردەیەکی مێژوویی هەستا بەڕۆڵ گێڕانی خۆی و بڕیاریدا دەست بەشۆڕشەکەی بکات وئەو پەڕۆ سەوزەی کە خۆرێک لە ناوەڕاستەکەیدا بوو،کە لە پەریخانی خۆشەویستیەوە بۆی بەجێمابوو بیکاتە ئاڵای شۆڕشەکەی و بڕیاریدا تا دووا هەناسە لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەیدا بجەنگێت و بانگەوازی شۆڕشیدا لە نێو خەڵکیدا و شۆڕشی وەک بە جێهێنانی ئەرکێکی دینی ناساند، لەپێشدا بەڵێنی بەخۆیدا و گوتی (( سوێند بەزاتی خواوەندی تەعالا دەبێ ئەم مێزەرە لەسەرم دانەگرم تاوەک و یان لەڕێگەی دین و میللەتدا شەهید دەبم، یان ئیستیقلال لەناو چنگی گورگی شین و فیرقەی خەڵق بەزۆر دەربێنم )) (دۆست،2016،ل156).

پاشان ڕووی لەخەڵکی ئامادەبوو کرد،داوای لێکردن کە تێکۆشان لە پێناو گەل و وڵاتدا بەهەمان شێوە خێر و چاکەیە(( گەلی مە شایخان، گەلی مەلایان،خودا شاهید و ئێوەش شاهیدن ئەوا من تەسبیحم فڕێ دا و تفەنگم هەڵگرت زیکری خودا بە تفەنگ خۆشتر دەبێ گەلی موسڵمانان )) (دۆست،2016،ل156). واتە شێخ سەعید تەنها دینداری و موسڵمانی بوونی لە چوارچێوەی نوێژکردن و تەسبیحات و هاتوچۆی مزگەوتدا تەسک نەکربووە، بەڵکو وەک موسڵمانێکی نەتەوەپەروەر دەیوست خەڵک لەوەش ئاگادار بکاتەوە، کە بەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادیش بەجێهێنانی ئەرکی ئاینییە .

پاشان پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە وردی باسی بەڵێن شکێنی وڵاتانی زلهیز دەکات لەهەمبەر ئەوە بەڵێنانەی کە لە هەردوو پەیمانی ( سیڤەر و لۆزان) بە گەلی کورد درابوو،کە ئەوەش وایکرد لە سەرڕپێخستنی شۆڕشکەیدا نەتوانێت پەنا بباتە بەرهیچ کام لەو وڵاتەنە و داوای هاوکارییان لێبکات.

بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی داخ بوو لای شێخ سەعید ئەوەبوو نەک هەر هاوکاری نەکرا بەڵکو دژایەتی کراو هاوکاری دوژمنەکەیشی کراهەر بۆیە شێخ (( بەدەنگێکی شکاوەوە"فەرەنسا خاتون مەگەر درۆی سیڤەر بەس نەبوو" )) (دۆست،2016،ل183) پاشان شێخ وەک کەسێتییەکی سەرەکی ناو ڕووداوەکان باش لەوە تێگەشت کە هەوڵەکەیان بێ ئەنجامە و گوتی(( مێژوو لە ئەنقەرەوە دێتە نووسین نەک ئاماد )) (دۆست،2016،ل186). پاشان بەهۆی ( قاسم بەگ ) کە ڕۆڵی کەسێتییەکی سیخوڕ و خیانەتکاری گێڕاوە،شێخ سەعید دەستگیر دەکرێت و (قاسم بەگ) شیخ سەعید بانگ دەکات و دەڵێت ((مەگەر بەس نییە ئیدی شێخ سەعید ؟! ئیدی گەرەکتە بۆ کوێ بچی ؟! وەرە وەرە خۆڕادەستی عەدالەتی دەوڵەت بکە)) (دۆست،2016،ل195).

ئیدی سەرکردەی شۆڕش وپاڵەوانی نێو ڕووداوەکان لە حەسرەت ئەو ڕووداوە دەوەستێت و وتە مێژووییەکی خۆی بە قاسم بەگ دەڵێت و دەیکات بە وانە و پەند و ئامۆژگاریەک بۆ هەموو کوردفرۆشان وخۆفرۆشان و دەڵێت (( قاسمی سلێمان ! من دەمی خۆم پڕکرد لە تف بیکەم بەسەرو چاوتدا،لێ بزانە تۆ شایەنی تفلێکردنیش نیت...

-هەزار زێڕی بەهای سەر وەربگری،خەرج دەبن قاسم بەگ !خەرج دەبن، لێ لەحنەتی نەوەکان کەنگی کۆتای دێت )) (دۆست،2016،ل195-196) ئیدی شێخ دەستگیرکراو، مەحکەمەیەکی ڕوکەش کرا هەر لەوێدا بڕیاردار بەلە سێدارەدانی، بەڵام ئەو بەمە تێک نەچوو بەڵکو وەک پلەیەک لە تەسەوەف ئەوەی بینی، ڕووی لە دادوەرەکە (عەلی سایب) کرد و پێی وت:

((- ئەگەر دەکرێ کاغەز و قەڵەمێکم بدەنێ.

کاتێک کاغەزیان بۆ هێنا، دوو بەیتی عەرەبیی تێدا نووسی وبەدەنگێکی بەرز خوێندییەوە:

ولست أبالی حین اقتل مسلما

علی ای جنب کان فی لله مصرعی

ولست بمبد للعدو تخشعا

ولا جزعا أنی الی الله مرجعی

واتە( خەمێکم نییە ئەگەر بە موسڵمانی بکوژرێم، بە هەر شێوەیەک بێت کوشتنی من لە ڕێگەی خودادایە،ناهێڵم دوژمن ترسی من ببینێت، ناشهێڵم سەرکزیم ببینێت گەڕانەوەم بۆ لای خودایە)))(دۆست، 2016،ل203) واتە پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە وەک چۆن لە نێو ژیانی واقیعدا کەسێکی پڕشکۆ و سەربەرزبووە و هەمیشە بەوپەڕی هیبەت و شکۆوە دەرکەوتووە، لە نێو ڕۆمانەکیشدا  کەسێتی سەرەکی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە،دەیەوێت بەو شکۆ و ویقارەوە دەرکەوێت و روخساری هیچ ترس و پەشۆکانێکی پێوە دیار نەبێت، هەروەها پاڵەوانی ڕۆمانەکە دیەوێت دواقسەی بۆ کەسانی چواردەوری، پەند و ئامۆژگارییبێت بۆ ئەم مەبەستەیش ئەو دوو دێڕە شیعرە دەڵێت،چونکە دەزانێت شیعرەکە زیاتر لە بیر وزهنی ئامادەبووواندا دەمێنێتەوە، بە دەنگی بەرز پێیان دەڵێت کە ئەو بێدەربەستە لە مردنێک کە لەپێناو خاک و خەڵکی گەلەکەیدا بێت، ئەوبەجۆرێک باوەش بۆ ئەو مردنەدەکاتەوە و پێشوازی لێدەکات، کە لە پێناو خودادا دەمرێت.

واتە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کەسێتیی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا وەک هەر ڕۆمانێکی دیکەی مێژووی باسکردنە لە ژیانی کەسێتییەکی واقیع و خستنەڕووی ڕۆڵ وپێگەی لە کات و ڕووداوێکی دیاری کراودا،هەروەها باسکردنی لە چەند ڕوویەکەوە، وەک لایەنی ئاینی و لایەنی سیاسی و لایەنی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی ... هتد.

## نمونەی کەسێتی لاوەکی  لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا

چەندین کەسێتی لاوەکی لەم ڕۆمانەدا هەیە،کە بەلایەنی ئەرێنی و نەرێنی و ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕووداوەکان یاخود کاریگەری هەیە لەسەر کەسێتی سەرەکی و لایەنە شاراوەکانی ژیانی، هەروەها یارمەتی دەری ئەو کەسێتییە یاخود دژایەتیکردنی بەهەر جۆرێکەوەبێت،نمونەی ئەو کەسێتیانەش لە ڕۆمانەکەدا، کە دەگونجێت بە کەسێتی لاوەکی دادەنرێت وەک ( پەریخان و قاسید و جەرکەس و قاسم بەگ، عەلی سایب، نەبۆ ئاغا ... ) لێرەدا ئاماژە بەچەند کەسایەتییەکی لاوەکی دەکەین،کە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵیان هەیە:

## پەریخان

کەسێتییە لاوەکییەکان لەنێو ڕۆماندا بەپێ ئەو ڕۆڵەی کە ڕۆماننووس پێیان دەبەخشێت بەها و گرنگی خۆیان هەیە،چونکە بێگومان چۆن لە ژیانی ئاسایدا مرۆڤ ناتوانێت بەبێ مرۆڤەکانی چواردەوری بژی بەهەمان شێوە لە ڕۆمانیشدا ناتوانین ڕۆمانێک بخوێنینەوە کەتەنها لە کەسێتی سەرەکی پێکهاتبێت یاخود هەموو ڕۆڵەکە درابێت بە پاڵەوانی ڕۆمانەکە،لەبەر ئەوە ڕۆماننووس ناچارە پەنابباتە بەر کەسێتی لاوەکی بۆ باسکردن لە چەند بەشێکی ژیانی کەسێتی سەرەکی یاخود کەسێتییە لاوەکییەکان دەکات بەهۆکار بۆ ڕوودانی هەندێک هۆکار یان ئاشکراکردنی هەندێک نهێنی ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە.

وەک دەبینین لێرەدا (پەریخان) ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە لایەنی تێگەیشتن و تێڕوانینی کەسێتی سەرەکی بۆ بابەتی خۆشەویست و ئەڤین دەردەخات، واتا لە حاڵەتی نەبوونی ئەم کەسێتییە لاوەکیەدا، چەند لایەنێکی ژیانی پاڵەوان بە نهێنی دەمایەوە.بۆ نمونە مامەڵەی ئینسانیانە و مرۆڤدۆستانەی شێخ لەگەڵ کچێکدا کە لە ماڵەکەیان ئاوارەیە و خزمەتکارە،هەروەها ئەو کاریگەرەر بەردەوامەی خنکانی خۆشەویستەکەی تا کۆتای تەمەنی لەسەری مایەوە،کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژێکی گەرمی هاوین، کە تینوێتی تەنگی بە شێخ هەڵچنیوە و کاتێک لە مزگەوت دەگەڕێتەوەکاتێک لە دەرگا دەدات، پەریخان دەڵێت"

(( ئەزبەنی ! خێرە ! ڕووخسارت گرژبووە!

- تینومە پەری، تینووووووو

ئەو بەدەنگێکی وشک ئەمەی پێوت و چو لەبەر ئاوهەڵگۆزی بیر ڕاوەستا..... لەپڕ سەعید سەیری کرد کە دۆڵچە لەژێرقورسایی ئاوەکەی ناویدا هەڵخلیسکایە نێو بیرەکە، پەریخان دەستی چەپی برد بۆ شریتەکەی تاوەکو زیاتر نەچێتە خوارەوەدەرەقەتی دۆڵچە نەهات و ئەویشی لەگەڵ خۆی بردە خوارەوە ..... لێ قیرەی پەریخان هۆشی ئەمی هێنایەوە جێ بەرەوبیرەکە هەڵهاتن

- سەعیییییید ))( دۆست، 2016،ل 112-114)

بەم جۆرە شێخ بەتینویتی مایەوە،ئەم تینوێتیەیشی لەگەڵ خۆی برد تا بەردەم پەتی سێدارەو هەمیشە ئەم تونێتیەی وەک ڕەمزێک بۆ نەگیشتن بە خۆشەویستەکەی دەهاتەوە

یاد،هەروەک چۆن بەتینویێتی گەیشتن بە ماف و داواکاریەکانی گەلەکەیەوە سەری نایەوە، بەهەمان شێوەیش قەدەر ڕێگەی نەدا کە تیونێتی لە ئاوی دەستی پەریخان بشکێت.

ئەمەش دەری دەخات کاریگەری کەسێتی لاوەکی لەسەر کەسێتی سەرەکی یان پاڵەوان تا چەند گرنگە لە بینای ڕۆماندا.پاشان هەڵگرتنی (دەسرۆکە)ی دەستی ئەم کارەکتەرە لاوەکییە و کردنی بە ئاڵای شورشەکە، نیشانەی وەفاداری و بە بایەخپێدانی شێخ سەعیدەوە بۆ ئەم کەسێتییە دەگەڕێتەوە.پاشان هەڵگرتنی ئەم دەسرۆکە بۆ نێو زیندان و هۆگربوون پێیەوە دەرخەری ڕادەی خۆشەویستی و ئاشقبوونی شێخ سەعیدە بۆ پەریخان.((بە بەرگدوورەکان بڵێن،بە ژن و بووکەکانتان بڵێن با ئاڵای لە شێوەی ئەم دەسرۆکە بدوورن، ئەمە دەبێتە هێمای ئەم جیهادەی ئێمە، دەبێ ئەم بەهارە خۆرێکی نوێ بۆ ئێمە هەڵبێت )) ( دۆست،2016، ل 155) بەڵام بەداخەوە ئەو خۆرە هەڵنەهات، شێخ ئاڵای هاوشێوەی دەسرۆکەی نەبینی بشەکێتەوە.

## قاسم بەگ

یەکێکی دیکە لە کەسێتییە لاوەکییەکان قاسم بەگە،کە ڕۆڵی دیاری هەیە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن کەسێتی سەرەکییەوە دەدرێت،ئەم کەسێتییە لاوەکیە بەهۆی نزیکی لە کەسێتی سەرەکییەوە ئاگاداری بڕیار و بەرنامە و هەڵسوکەوتی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە (( قاسم بەگ هاوزاوای شێخ و ئامری هێزی جبریەکان ئامۆزای خالید بەگ و ئاگای لە جموجوڵەکانی شێخ بوو ))( دۆست، 2016،ل188).

ئەم کەسێتییە لاوەکییە وەک ڕەهەندی کەسێتی دەچێتە خانەی کەسێتی فێلباز و خیانەتکارەوە،کە دەبنە داردەست و سیخوڕی دوژمن، بەڵام بێگومان ئەم کەسێتییە بەجۆرێک خۆی دەردەخست، کە خەمخۆری شۆڕش و دۆستی شێخە ((هەموو جار خۆی پێدەگەیاندین و ئەو ئەزراق و پێخۆری بۆ ئەهێناین، دەڕۆیشتەوە و بێدەنگ دەبوو، دوای ڕۆژێک دیسان دەهاتەوە)) ( دۆست، 2016،ل188) واتە ئەم کەسێتییە لاوەکیە بە تەواوی ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و ئاگاداری پلان و بەرنامەی کەسێتی سەرەکی و کەسێتییە پەرەسێنەکان بووە.بەڵام لەلایەن کەسانی چواردەوری شێخەوە ئەم کەسێتییە جێگەی گومان بووە،بەڵام شێخ لە دڵسافی و پاکی و نیەتی باشی خۆی نەیدەویست لێکۆڵینەوە لەم گومانە بکات، وەک کەسێتییەکی سەرکردەی شۆڕش، بەڵکو وەک کەسێتییەکی ئاینی

و له ڕوانگەی بڕوابوونی بتەوی خۆی بە ئاینی ئیسلام دەڵێت (( خودا چی موقەدەرێکی کردبێت بەتاڵ نابێتەوە، ئەو دەتوانێ چ بکات !ئەوەتا ئەو پیاوە دێت و پێمان دەڵێت هێزەکانی دوژمن لەکوێن و لە کوێ نین،دەتوانین بڵێین وەک ڕێنوێنی کەرێکە)) ( دۆست، 2016،ل188).

بێگومان ئەویش وەک کەسێکی خائین و خۆفرۆش ئەم دڵسافییەی شێخی قۆستوەتەوە،تاکار گەشتە ئەوەی شێخ و هاوەڵانی خستە نێو داوی دوژمنانی کوردەوە (( لە ناکاو دوو گروپ سەربازی ڕومی بەتفەنگی ماتشلەری ئینگلیزیەوە هەردوو بەری پردیان گرت، ڕوویان کردە ئەم کاروانە بەڕۆژووە بەشێک لە هاوڕێیانی شێخ ڕوویان کردە باکور بەشێکی دیکەیش ڕوویان کردە باشور، شێخ هاوڕێکانی کە هێشتا بەربانگیان نەکردبوەوە لە نێوەڕاستدا مانەوە)) (دۆست، 2016،ل188) شێخ تووشی سەرسوڕمان بوو ئینجا قسە و گومانی هاوڕێکانی بۆ دەرکەوت دەربارەی قاسم بەگ،کە بە ڕاست دەرچوو کە چەند کەسێکی خیانەتکارە و ناپاکە.لێرەدا ڕۆڵی ئەم کەسێتییە لاوەکییە دەردەکەوێت بەسەر ڕەوتی کۆی ڕووداوەکان و چارەنووسی بڕیارەکانی کەسێتی پاڵەوان .کە توانی بەهۆی پلانێکەوە کۆتای بەشۆڕشکە بێنێت وئەو خەون و ئامانجە لە گۆڕنێت کە لە خەیاڵ وبەرنامەی شێخ و هاوڕێیانیدا هەبوو.

## نمونەی کەسێتی پەرەسێن لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا :

لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک ) ژمارەیەک کەسێتی پەرەسێن هەن کە کاردەکەنە سەر ڕەوشی ڕووداوەکان و ژیانی کەسێتی سەرەکی، کە لەسەرتاوە تا کۆتای کاریگەری و ڕۆڵیان هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕوداوەکان و گۆڕانی ئاراستەی ڕووداوەکان، لەوانەش ( خالیسی بەدلیس، خالید بەگ، یوسف زیا بەگ ) لێرەدا بەکورتی باسی ڕۆڵی ئەم کەسێتییە پەرسێنانە دەکەین:

### خالیس بەدلیس :

خالیسی بەدلیس کەسێتییەکی پەرەسێنی نێو ڕۆمانەکەیە، کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتای ڕۆڵی هەیە لە سەر رەوتی ڕووداوەکان و هاوڕێی پاڵەوانەکە شێخ سەعیدە،هاوڕێی سەردەمی فەقێیەتیەتی بەهۆی سەبیل کێشانەوە ناسیویەتی، بەهۆی ئەوەی خالیس لەهەموو فەقێیەکانی تر

گەورەتربوو، شارەزاییەکی زۆری لەبابەتی سەبیل کێشان و توتن وجۆرەکانی دا هەبووە،هەروەها هاوڕێی زۆر نزیکی شێخ بووە.بەتایبەت لەلایەنی نیشتیمانی و دڵداری و هاندانی و پشتگیری کردنی بۆ ئەوەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات،واتە هاندەری بووە لەبەرەو پێشچوونی هەنگاوەکانی شێخ سەعید، گێڕەرەوە بەم جۆرە وەسفی دەکات، دەڵێت (( خالس لە ڕووی شێوە و پێکهاتەوە لاوێکی سمێلفشی، کەمەرێکی پیستە گامێشی بەردەوام لەناوقەد ئالاوی وەستای چاککردنی سەویل بوو )) (دۆست، 2016،ل188).

دواتر ڕۆماننووس زۆر لایەنی شاراوە و ئاشکرای ژیانی ئەم کارەکتەرە پەرەسێنە دەخاتە ڕوو .کە یەکێک لە تایبەتمەندیکانی ئەوەبوو کە دەیتوانی بە باشی خەڵک بناسێت و جۆری کەسەکان دەستنیشان بکات، بۆ نمونە، پاش ئاشق بوونی (شێخ سەعید) بە ( پەریخان ) و گەڕانەوەی بۆ حوجرەکە، خالیس هەستی پێدەکات و بانگی دەکات و پێی دەڵێ : (( سەعید ئادەی باسی دەنگی دڵی خۆتم بۆ بکە،دەی شین بوو یان نا:

- چی

- کورە مەڵێ چی، میراتی ڕەشی ئەشق، بەگوێرەی شەرەفخانی باوەگەورەمان ناتوانی لەمنی بشاریتەوە، لەو ڕۆژەوە هاتویتەوە من ئاگام لە دۆخی تۆ هەیە، تۆ وەک خۆت نیت، خۆ ڕووخساری بێڕەنگ و زەرد هەڵگەڕاوت لیفە لەسەر دڵت لا دەدات )) (دۆست، 2016،ل91) دواتر شێخ دڵی خۆی بۆ خالیسی دەکات، بەدلیس ڕێنمای دەکات کە بگەڕێتەوە بۆلای پەریخان دەڵێت (( من وەک تۆبام هەرگیز لە یارەکەم دوور نەدەکەوتمەوە،دەزانی ئەگەر لە پێش چاو برۆی لە دڵیش دەڕۆی )) (دۆست، 2016،ل99) ئەم قسانە کاردەکاتە سەر پاڵەوانەکەو بیرکردنەوەی دەگۆڕێت و وای لێدەکات (( ئیدی سەعید گوزەرانی نەما،هەستا بەبیانووی نەخۆشی ئیجازەی لە مامۆستا وەرگرت گەڕایەوە بۆ ماڵەوە )) (دۆست، 2016،ل99) پاشان ماوەیەکی زۆر تێپەڕی ئەم دوو هاوڕێ یەکیان نەبینیەوە،دواتر لە کاتێکدا شێخ خەریکی ئامادەکاری شۆڕش و لە ناکاو یەکێک هاواردەکات و دەڵێت (( کوا شێخ، کوا شێخ ؟!

کاتێک شێخ چاوی پێکەوت، گوتی:

وای خۆ ئەوە خاڵیسە!

شێخ دەستی ڕاستی ئیشارەتی بۆ موریدان کرد،لیگەڕێن بابێ،کاتێک خاڵیس نزیک داراکە بوەوە،شەلوارە بۆتانیە قاوەییە خەتخەتەکەی هەڵکەوت و بەدەمدا کەوت بە زەویدا، تورەکەلە شانی داکەوت و گوێز ڕژایە دەرەوە )) (دۆست، 2016،ل149) بەڵام دوای ئەو ماوە دورودرێژەی یەکیان بینیەوە، خالس وەک خۆی نەمابوو، بەڵکو لایەنی دەروونی تێک چووبوو، هەمیشە گوێزی بۆ سەر گومەزان هەڵدەدا بۆ زانینی بەختی کوردان، بەڵام سەرەای ئەوەش لای شێخ هەر وەک هاوڕێکەی جاران جێگەی ڕێز و خۆشەویستی بوو،ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی کەسێتی خالس لە کەسێتییەکی سادەوە بۆ کەسێتییەکی پەرەسێن،چونکە لە ڕێگەی ئەو گوێز هەڵدانەوە دەیەوەێت ئەوە بەیان بکات، کە کورد لەو سەردەمەدا بڕوای بە هەندێک خورافیات و شتی ئەفسانەی هەبووە کە ئەگەر گوێز بەسەر گومەزەوە بووەستی ئەوە ئامانجیان بەدی دێت .کەئەوەش بەشێک بووە لە مێژوو وفۆلکلۆری میللەتی کورد، کە خالس بە شێخ دەڵێت (( - سەعید مەگەر ئەوینی پەریخانیش گومەزێک نەبوو، گوێزی دڵی خۆت هەڵداشتە سەر ؟! )) (دۆست، 2016،ل125) ئەوەش وەک بیرهێناوەی ئەو پەیوەندیەی نێوان شێخ و پەریخان.

**یوسف زیا بەگ:**

کەسێتییەکی دیکەی پەرەسێنە،هاوڕێی خەبات و نێو سەنگەری شێخ سەعیدە،کە پلان داڕێژەی ڕاپەڕینەکە بوو، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و کەسێتییەکی سەرەکی هاندانو دروستبوونی ڕاپەڕینەکەلەسەرەتاوە تا کۆتایی، ئەو کەسێتییە ناوی ((یوسف زیا بەگ کوڕی حاجی فواد،نوێنەری پێشووی بەدلیس لە مەجلیسی ئەنقەرە ئەندامی جەمعیەتی تەعالی کوردستان، شاعیر ڕۆژنامەی ژین و خەباتکاری کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان (ئازادی) بەڕێوە بوو ))(دۆست، 2016،ل 144) پەیوەندی یوسف بەگ و شێخ سەعید کاتێک دەستی پێکرد، کە ئەو بارودۆخەی دەگوزەرا و بەسەر کورداندا دەهات.

لەلایەن ئینگلیز و تورکانەوە لە هەردوو پەیمانی سیڤەر و لۆزان و لە ناوبردنی پەیماننامەی سیڤەر و هەروەها بەکارهێنانی پەیمانی لۆزان بۆ مەرامی خۆیان و پشتگوێ خستنی خواست و ئاوات و ئامانجی کوردان،کە نەخشەیان بۆ کێشابوو نەهاتەدی، کە ئەمەش وایکرد کەسانی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیران لەئاستی ئەو ناهەقیە گەورە بێ دەنگ و دەستەوەستان نەبن و

بکەونەخۆ بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خویان، هەربۆیە هەوڵدانەکەی ( یوسف زیا بەگ) کاریگەری زۆری هەبوو لەسە بڕیارەکانی شێخ سەعید ((شێخ ئامادەبوو ئاگرێک بخاتە پووشی کاروانی ئەنقەرە،ئامادەبوو ئاڵای جیهاد لە دژی ئەوانە بەرزبکاتەوە ئامادەبوو خۆی بهاوێتە دۆزەخەوە تاوەکو دانەی ئیستقلالی وڵاتەکەی بەبەهانەی گاوربوون و نادرووستی کردارەکانی حوکمەتی ئەنقەرە دەست بخات ))(دۆست،2016،ل149).

پاشان وەک یەکێک لە کەسە سەرەکییەکانی داڕێژەر وهەڵگیسێنەری شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران،یوسف زیابەگ بە گەشبینیەوە دەڕوانێتە چارەنووسی میلەتەکەی و پێی وایە ئیدی کاتی ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لە پێناو بەدیهێنانی خەونە مەزنەکەیان .بۆیە دەچێتەلای شێخ و پێی دەڵێت (( – ئەزبەنی، چارەنووسی ئێمە شەڕە،خەلافەتیش نەما، سوڵتانیشیان دورخستەوە...دەبێ نامە بۆ جەمعیەتی ئەقوامیش بنێرین، کە مافەکانمان پێشیل کراون و شەڕەکەمان تەنیا بۆ مافە لەدەستچووەکانمانە))(دۆست،2016،ل151).

واتە( یوسف زیا بەگ)،تەنها کەسێکی شەڕکەر و خاوەن هەڵوێست نەبووە،بەڵکو کەسێتییەکی دیبلۆماسی و تێگەیشتووبووە لە کاروباری دەوڵەت و چۆنێتی مامەڵکردن لەگەڵ دەسەلآتدارنی ئەو سەردەمە.بۆیەپێ وابووە کە جگە لە یەکڕیزی کورد کە پێویستی یەکەمی دەستپێکردنی شۆڕشەکەی داناوە،بەدەستهێنانی بۆچوون و ڕەزامەندی وڵاتانی زلهێز لەمەڕ دۆزی کورد ڕێگایەکی سەرەکی دیکەی گەیشتنە بە ئامانجەکەیان.پاشان چارەنووسی ئەم کەسێتییە پەرەسێنە هەمان چارەنووسی شێخ و هاوڕێکانی دەبێت,کە ئەویش دەستگیرکردنیەتی و پاشان دادگاییەکی بێ بنەما دواتریش لەسێدارەدانیەتی .واتە ڕۆڵی ئەم کەسێتییە ڕۆڵێکی کاریگەر و بەردەوامە تا کۆتایی ڕۆمانەکە.

## نمونەی کەسێتی سادە لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک):

چەندین کەسێتی سادەهەن کە لە سنورێکی دیاریکراوی ڕۆمانەکەدا بەدیاردەکەون و توانایەکی کەمیان تیا بەدی دەکرێت، لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی کەسێتیدا،کە کەسێیەتییەکی سادەن وڕووداوەکان لەسەر دەستی ئەمان گۆڕانکاریان بەسەردا نایات، هیچ کردەوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەسەردەستی ئەمان ڕوونادات،لەم ڕۆمانەیشدا چەندین جۆر کەسێتی هەیە،کە کەسێتی سادەیش

یەکێکە لەو جۆرانە، وەک کارەکتەرەکانی (باوکی شێخ، چەرکەس، هامسیت، سەرکیس، خەراتی ئەرمەنی )لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەیەک لەم کەسایەتیانە دەکەین..

**سەرکیس**

سەرکیس بازرگانێکی گەورەبوو لە وان دادەنیشێت خەریکی کار و پیشەی خۆی بوو، هاوڕێی باوکی شێخ سەعید بوو، واتە شێخ مەحمود، ڕێزێکی زۆری لێدەگرێت،کەسێکی خۆشەویست و پیاوێکی ڕاستگۆبوو بەدوای رزقێکی حەڵاڵەوەبوو.((باوکی  زۆر ڕێزی لە سەرکیس دەگرت ئەو پیاوێکی دنیا دیدە بوو، بازرگانی لە مووسڵەوە تا بەغدا و لە تەبرێزەوە تا ئەستەمبوڵ و شام و حەلەبی بینیوە بەشی خۆی گەڕابوو، دوای ئەوەی تەمەنی لە شەست تێپەڕی ئیدی بازرگانی دایە دەست وانسێی کورە گەورەی و خۆی لە دوکان دادەنیشت ))(دۆست، 2016،ل45-46).

پەیوەندی ئەم کەسێتییە بەپاڵەوانی ڕۆمانەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی شێخ سەعید منداڵ بوو باوکی لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ دوکانەکەی سەرکیس، ئەمیش نوقڵی دەدایە شێخ وباوکی پێی دەوت (( بیگرە کوڕی من بیگرە! ... ماڵی فەلەیە حەڵاڵە))(دۆست، 2016،ل45) واتە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی ڕاستەوخۆیان کارگەری بەرچاوی نەبوو لەسەر هەڵسوکەوت یان بیرکردنەوەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە.بەڵام سەرەڕای ئەوەش کەسێکی دنیادیدە و بە ئەزموون بوو چونکە پاش چەند ساڵێک کە شێخ سەعید سەرکیسی بینیەوە،بە شێخی وت ((سەعید بۆنی شەڕدێت، بۆنی وێرانی دێت، ئێمە گوێ لە قسەی ئەم و ئەو دەگرین و ناچارین خۆ بخزێنینە سێبەری لایەک لەم دوانە ئێستا لە وانم خوادەزانێ ساڵێکی دیکە بای جەنگ دەمانباتە کامە وێرانە)) (دۆست، 2016،ل46).

ئەم بۆچونەی سەرکیس نیشانەی دووربینی وتێگەیشتنی تەواوی بوو لە واقیعی ئەو ڕۆژەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چونکە پێی وابووە بە بێ پاڵپشتی وڵاتێک یان لایەنێکی دیاریکراو کورد ناگاتە ئامانجەکانی خۆی .واتە بەگشتی ئەم کەسێتییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی نییە لە ڕوودانی کارێک یان هەوڵدان بۆگۆڕینی ئەنجامی کارێک، بەڵام زیاتر وەک ئامۆژگاریکەرێک و دنیادیدەیەک تەنها دەیەوێت ئەزموونی خۆی بۆ خزمەتی ئەوانی دی بخاتەگەڕ.

**خەراتی ئەرمەنی**

خەراتی ئەرمەنی یەکێکی دیکەیە لەو کەسێتییە سادانەی، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا، ڕۆڵی کەسێتییەک دەگێڕێت کە پیشەی دارتاشییە، بەڵام دارتاشێکی ئاسای نا، بەڵکو دارتاشێکی بە ئەزموون و خاوەن سەلیقەی هونەری، سەرەتای پەیوەندی ئەم کارەکتەرە لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە لە (مووش)، دەیانەوێت مینەبەرێک بۆ حوجرەکەی شێخ درووست بکەن،شێخ کەبە کار و دەستکردەکانی ( خەراتی ئەرمەنی ) سەرسامە جگە لەوەش خەراتی ئەرمەنی کەسێکی زۆر شارەزا بووە لە ناسینەوەی دارەکان و بەراوردکردنیان بە مرۆڤەکان، کە ڕۆماننووس لێرەدا بەهۆی ئەم کەسایەتیەوە کۆمەڵێک وێنەی هونەری جوان دروستدەکات، کاتێک بەراوردی مرۆڤ دەکات بە دارەکان ((تایبەتمەندی هەموو دارەکانی دەزانی، باسی دارەکانی دەکرد،وەک بلێی باسی مرۆڤەکان دەکات، قەلەڕەشی دەخستە پاڵ داری بەڕوو و دارەبەن، بێهۆشی و گێلی دەدایە پاڵ دارهەنجیر، لەخۆبایبوون بۆ دار چنار وسپیدار، ئاقڵ بوون بۆ دار زەیتون و هەردارێک لە مرۆڤێک دەچێت ))(دۆست، 2016،ل54) .

ئەمەش زۆر سەرنجڕاکێشبوو بەلای شێخ سەعیدەوە، بۆیە شێخ سەعید پرسیاری جۆرە دارێکی لێکرد کە بوو بەهۆی سەرسوڕمانی خەراتی ئەرمەنی، کە ئەویش داری گزیجار:

(( - ئەی داری گزیجار؟

-تۆ بۆ لەناو ئەم هەموو دارەدا ئەوەت پرسی ؟

-تۆ پێمبڵێ ئەوە چۆن دارێکە؟

-ئەوە دارێکە،کە سەبری نییە ! ئەمجارە تۆ پێمبڵێ .)) (دۆست، 2016،ل55)

پاشان شێخ سەعید وەڵامی دەداتەوە،و دەڵێت :

(( بۆیە ئەم پرسیارەم کرد، چونکە لە حەدیسدا باس دەکات دەڵێت مینبەری پێخەمبەرمان لە داری گزیچار بووە،ئەی بۆ مینبەری ئێمە لە دارەبەنی وشک ساز دەکەیت ؟

خەراتی ئەرمەنی کەمێک بێدەنگ بوو،لە ناکاو وەڵامێکی هەژێنەری دایەوە:

–باوکەکەم، پێغەمبەر بوو هەرگیز درۆی نەدەفەرموو، دوعای بۆ سوڵتانەکان نەدەکرد، بەڵام خەتیبی ئەم ڕۆژانە بۆ دینارێک دەتوانن پەسنی شەیتانیش بدەن، ....

خەرات تێگەیشت کە شێخی تۆراند،یەکسەر هەستایەسەرپێ و بەشوێنیداهاتە دەرەوە بانگی کرد:

- یا شێخ مەتۆرێ، قەشەکانی ئێمەش هەروان )) (دۆست، 2016،ل55) .

لەم دیالۆگەدا، ڕۆماننووس دەیەوێت دیدی کەسانی تێگەیشتووی ئەو سەردەمە لەسەر مەلا و قەشەکانی ئەو سەردەمە بخاتە ڕوو، هەروەها ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرە سادەیەوە چەند لایەنێکی دیکەی ژیانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا بخاتە ڕوو، وەک پێکەوە ژیانی

کورد و ئەرمەنیەکان پێکەوە ، هەروەها گلەیی و ناڕەزایەتی ڕۆشنبیران و نەتەوەپەروەران لە پیاوانی ئاینی خۆیان، چ مسوڵمانبن یان مەسیحی یان هەر دینێکی دیکە، کە زۆربەی کات بەشێک لە پیاوانی ئاینی، ئیدی لە پەیڕەویکەرانی هەر دینێک بن،دین و بیر وباوەڕەکەیان بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆیان بەکاردەهێنن.

## بەشی سێیەم

تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان،لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە ، سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا، پەیوەست بە کەسێتیی مێژووییەوە.

تەوەری یەکەم :آ: ڕەگەزی ناونیشان

ب: تەکنیکەکانی(گێڕانەوە، دیالۆگ ،مۆنۆلۆگ ،فلاشباک ) لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە ، سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا

تەوەری دووەم : زمانی شیعریی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا

تەوەری سێیەم : وێنەی شێعری لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک )

**بەشی سێیەم : تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان،لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا،پەیوەست بە کەسێتیی مێژوویییەوە.**

**تەوەری یەکەم: أ: ڕەگەزی ناونیشان**

ئاشکرایە هەڵبژاردنی (ناونیشان) وەک یەکەم ڕەگەز،دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی کە خودی ناونیشان خۆی یەکەم ڕەگەزە کەبەرکەوتنی هەیە لەگەڵ خوێنەردا لە هەموو دەقێکی نووسراودا، چ ئەدەبی بێت یان هەر جۆرە دەقێکی دیکە،بەڵام بێگومان لە دەقە ئەدەبییەکاندا (ناونیشان)زیاتر جێگەی بایەخ و تێڕامانە، لەبەر ئەوەی گرنگە (ناونیشان)وەک ڕەگەزێکی سەرەکی و یەکەم ڕەگەز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بە تایبەتی لە دەقی (ڕۆمان)دا،چونکە یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ڕاکێشانی خوێنەر بۆ هەڵبژاردنی ڕۆمانێک زۆرجار ناونیشانەکەتی، دەگونجێت خوێنەرێک ناوی ڕۆماننوسەکە نەزانێت بەڵام لەڕێگەی سەرنجڕاکێشی و جوانی ناونیشانەکەیەوە ئارەزووی خوێندنەوەی ڕۆمانێک بکات، یاخود دەکرێت لە نێو چەند ڕۆمانێکی ڕۆماننوسێکدا بەناوبانگترینیان ئەو ڕۆمانەبێت کە ناونیشانەکەی لە هەموو ئەوانیتر سەرنجڕاێشتر و جوانتر بووە،تەنانەت ئەگەر لەنێو ڕۆمانەکانی دیکەیدا ڕۆمان هەبێت لەم ڕۆمانە بڵاوەی لە ڕووی سەرجەم تەکنیکەکانی دیکەوە ئەدەبیانەتر و ناوەڕۆکێکی بەهێزتری هەبێت، بەڵام ئەوەیان کە سەرنجڕاکێشترین ناونیشانی هەیە، زیاتر لەنێو خەڵکدا بڵاوە

.لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین هەڵبژاردنی ناویشانێکی سەرکەوتوو بۆ ڕۆماننوس، بڕینی یەکەمین هەنگاوە بەرەوەو سەرکەوتن.ناونیشان وەک هەر ڕەگەزێکی دیکەی ئەدەبی چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە کە وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.((ناونیشان بەگشتی بوونیادێکی سەربەخۆ و بچووککراوەیە،یان ئەویش دەقێکی بچوک و چڕکراوەی زمانییە،بەڵام مەرجیش نییە بچووککراوەی بوونیادی دەقبێت،کە لەمەیاندا ناونیشان ناوەڕۆکەکە دیاری دەکات))(ئەسوەد،2006، ل75-74 ).

بەڵام بەهۆی ئەوەی، کە دەقی ئەدەبی هەڵگری دنیای مەجاز و خەیاڵە، ئەوەدەکرێت دەقەکە زیاتر بەلای جوانی و سەرنجڕاکێشیدا بڕوات وەک لە دەرخستنی ڕاستی هەرچەندە نابێت بە ڕەهایی لە دەقەکە دابڕێت و لە سروشتی دەقەکە بەدەربێت و جۆرێک لە شیعریەتی تێدابێت و لە ناونیشانی دەقێکی نا ئەدەبی جیاوا بێت، لەبەر ئەوە ((زۆرێک لە ڕەخنەگران ڕایان وایە،کە ناونیشانی

شیعریەت، شیعریەتە و هاوتەریبی دەقە،چونکە ناونیشان دەورێکی گرنگ دەبینێ لە پێناو بەرجەستەکردنی شیعریەتی دەق و باڵ دەکێشێ بەسەر گشت دەقەکەدا،وەک دیاردەیەک مانا دەگەیەنێ و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ ))(محمد،1436ە،ل 960).

کەواتە وەک چۆن گرنگە دەقی ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی هەڵگری بنەما ئەدەبی و خەسڵەتە هونەریەکانی خۆیبێت، بەهەمان شێوە دەبێت ڕۆماننووس هەر لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەیەوە هەوڵی بەگڕخستنی خەیاڵێکی هونەری بدات و لایەنی شیعرییەت لە دەقەکەدا فەرامۆش نەکات.وەک دەبینین (جان دۆست)ی، ڕۆماننووس لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ڕەچاوی ئەوتایبەتمەندیانەی کردووە کە ڕەگەزە هونەرییەکانی هەڵبژاردنی ناونیشان لەخۆدەگرێت،وەک دەبینین لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە)و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک) دا، شاعیر بە جۆریک لە ڕاستەوخۆی و دەربڕینی پەیامەکەی ئاشکرا کردووە،هەرچی سەبارەت بە ناونیشانی (میرنامە)وەک دەبینین ناونیشانی ئەم ڕۆمانە لە یەک وشەی لێکدارو پێکهاتووە، کە لە هەردوو وشەی سەربەخۆی (میر + نامە ) پێکهاتووە بە بێ هیچ ئامرازێک یان ناوبەندێک پێکهاتووە وەک وشەی (ڕۆژنامە)،ئەم ناونیشانە، کە  عەرەبیەکەی لەژێر ئەو ناونیشانە سەرەکیەدا ناونیشانێکی لاوەکی یان ناونیشانی دووەم نووسراوە،کە نووسراوە (الشاعر و الامیر )واتە (شاعیر یان هۆزنڤان و ئەمیر ) .

هەرچەندە لە وەرگێڕانە کوردیەکەیدا ئاماژە بەم ناونیشانەی دووەم  نەدراوە بەڵام ڕۆماننووس لەڕێگەی ئەو ناونیشانە لاوەکییەوە زیاتر ناوەڕۆک و پەیامی نێو ڕۆمانەکە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە،خوێنەر لێرەوە ڕاستەوخۆ تێدەگات، ئەو نامەی ئاراستەی میرکراوە یان ئەونامەی، کە بۆ میر نووسراوە لەلایەن ( شاعیر)ێکەوە،نووسراوە .ئەم ناونیشانە لە ڕووی ئاوازی وشەکەیەوە هەست بە نەرمی و کپیەک دەکرێت بەهۆی دووبارەبوونەوەی دەنگی (م)لەگەڵ یەکگرتنی بەرزی و نزمیی لە نێوان هەردوو وشە (میر و نامە)،لەڕووی پەیوەستی ناونیشانەکە بە ناوەڕۆکەوە خوێنەر لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە تێدەگات ئەوشاعیرەی کە لەناونیشانی دووەمدا ئاماژەی پێدرابوو(ئەحمەدی خانی)یە،هەربۆیەڕاستەوخۆ ئەوە دێتە خەیاڵی کە بێگومان ئەو نامە ئەم شاعیرە نووسیویەتی و (میر)ەکەیش،میرە کوردەکانی نێو میرنشینی بۆتانە.

بەڵام خوێنەر بە ڕاستەوخۆی بەر هیچ نامەیەک ناکەوێت یاخود هیچ زانیارییەکی دەربارەی خودی نامەکە نییە، کە خانی بۆ میرەکانی ناردووە،چونکە هیچ یەکێکیش لە کارەکتەرەکان هیچ

زانیارییەکیان نییە دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکە،جگە لە چەند کارەکتەرێک نەبێت،کە تەنها ئەوەندە دەزانن، کە (خانی) نامەیەکی بۆ میر ناردووە،بەڵام نە میر نامەکە دەخوێنێتەوە و نەهیچ کارەتەرێکیش پێڕادەگات کە بیخوێنیتەوە تا دەگات بەو کاتەی، کە نامەکە بە تەڕبووی لە دیوانی میردا دەدۆزرێتەوە بێ ئەوەی میر خۆی بیخوێنێتەو و پەیامەکەی خانی پێبگات.

نامەکە بەهۆی تەڕبوونەوە بەشێکی زۆری نووسینەکانی سڕاونەتەوە بەڵام هەر بەو چەند دێڕەی کە ماونەتەوە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە نامەکە لە ( خانییەوە بۆ میری سەرحەدان، میر عەبدولفەتاحی پسیانی)نووسراوە، خانی لە نامەکەیدا دەنووسێت ((ئەی میر : لەو ڕۆژەوە تۆ میرایەتت بە چوار هەزار فلۆرانی زێڕ لەپاشای وان کڕیوە و فەرمانی سوڵتانیت پێ دەرهێنا،دەرکم بەوەکردبوو تۆ لایەقی تەختی میرێتیی سەرحەدان نیت...))(دۆست، 2017،ل237)واتا بەکارهێنانی وشەی نامە لە ناونیشانەکەدا پەیوەستە بەو نامەیەوە کە (خانی بۆ میری)دەنێرێت، بەکارهێنانی ناوی ( نامە)لە نێو ڕەگەزی ناونیشاندا بە سێ شێوە دەبێت (( حاڵەتی یەکەم ئەوەیە، نامە وەک وشەیەک تەنها لە ناونیشانی چیرۆکدا بوونی هەیە،حاڵەتی دووەم ئەوەیە کە " نامە" هەم وەک وشەیەک لە ناونیشاندا بوونی هەیە و هەم ڕەنگدانەوەی لە بوونیادی چیرۆکەکەیشدا هەیە...حاڵەتی سێیەمیش ئەوەیە،نووسەر تەنها لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا تەکنیکی نامەیی بەکاربردووە))(سدیق،2009،ل244).

بەڵام ڕۆماننووس لێرەدا نامەی لە حاڵەتی دووەمدا بەکارهێناوە،کەهەم لە ناونیشانەکەدا و هەم لە چوارچێوەی بونیادی دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.سەبارەت بە ناونیشانی ڕۆمانی دووەم ( سێ هەنگاو سێدارەیەک) ڕۆماننووس هەوڵی داوە کە ناونیشانەکە لەگەڵ بونیادی ناوەڕۆکەکەیدا یەکبگرێتەوە، بەڵام بێگومان ناونیشانێکی ڕاستەوخۆ نییە،خوێنەر توشی سەرسوڕمان دەکات، کە دەبێت ئەوە چیبێت کە لە نێوان سێ هەنگاودا ڕوودەدات.و بە سێدارەیەک کۆتای دێت ..بەڵام ئەم ڕۆمانەیش وەک ڕۆمانی (میرنامە) ڕۆماننوس، ناونیشانی دوەم یان ناونیشانی لاوەکی بۆ داناوە،کە لە ژێر ناونیشانە سەرەکیەکەدا، نووسراوە ( شەوی کۆتایی ژیانی شێخ سەعیدی پیران ) خوێنەر لێرەوە تێدەگات،ئەو کێییە کە سێهەنگاوەکەی ناوە، سێدارەکە بۆ کێ دانراوە، تێدەگات ئەو کەسە ( شێخ سەعیدی پیران)ە.واتە لە ڕێگەی ناونیشانی لاوەکییە خوێنەر زیاتر بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ئاشنا دەبێت، چونکە ناونیشان لە نێو ئەدەبی هاوچەرخدا گرنگی تایبەتی هەیە (( ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، لەژێر کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسیی دەق و سیمۆلۆژیادا

(Semiology)گرنگی بە بونیاد و پێکهاتەی خودی ناونیشان و چۆنێتی پێوەندی بەدەقەکەیەوە داوە و ناوونیشانی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆی پێکهاتەی بونیادی هونەریی دەق لەقەڵەم داوە ))(ڕەشید، 2007، ل51) لەم ڕۆمانەدا، بەکارهێنانی هاوەڵکاری (سێ هەنگاو )بێ مەبەست نییە لەم ناونیشانەدا، بەڵکو ئەم سێ هەنگاوە هاوتایە لەگەڵ سێ قۆناغی ژیانی کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکەدا لە ڕووی واتاییەوە، لە ڕووی پراگماتیکەیشەوە سێهەنگاوی پراکتیکیە تا دەگاتە سەر ستەیجی سێدارە .

سێدارەکەیش چۆن لە ڕووی پراکتیکیەوە واتای مردن و کۆتایی هاتنی ژیانیەتی بە هەمان شێوەش لە ڕووە واتاییەکەوە دوای هەنگاوی سێیەم کە دەستبەسەر کردنی شێخ و هاوڕێکانییەتی لە ڕووی واتاییەوە یەکسانە بە مردن و کۆتای هاتنی خەون و ئامانجە گەورەکەیان، کە ئەوەش هاوتابووە لەگەڵ کۆتایهاتنی ئامانجی گەورەی بەدەستهێنانی سەربەخۆی  و دەرچوون لە ژێردەستەی .ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا جێگەی سەرنجە،کە تەنها سێ هەنگاو نییە،بەڵکو ڕۆماننووس باس لە هەنگاوی چوارەم دەکات و ئەم هەنگاوە هەنگاوی دوای لەسێدارەدان و مردنی شێخ سەعید،بەڵام بەهۆی کەمی ڕووداوەکانی نێوان ئەم هەنگاوە لەلایەک و کەوتنە پاش لەسێدارەدانەکەی لە لایەکی دیکەوە، ڕۆماننووس ئەو هەنگاوەی پشتگوێخستووە لە بوونیادی ناونیشانەکەدا، لێرەوە گرنگی و هێزی وشە دەردەکەوێت لە ناونیشاندا.

واتە ناونیشان هەم وەک کلیلی چونە ناو دەق خوێنەر ئاشنا دەکات بە ناوەڕۆکی دەقەکە هەم خوێنەر دەتوانێت بەشێک لە پەیامی نێو ڕۆمانەکە لە ناونیشانەکەوە هەڵبگۆزێت و پەی بە مەبەست و ئامانجی ڕۆماننووس ببات،وەک دەبینین لە ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەدا (میرنامە، سێ هەنگاوسێدارەیەک) ناونیشان خراوەتە خزمەت کەسێتی سەرەکی و پاڵەوانی ڕۆمانەکان، کە دوو کەسێتی مێژووین، هەر ناونیشانێکیان باس لە لایەنێک یان ڕووداوێکی گرنگی نێو ژیانی ئەو کەسێتییە مێژوویانە دەکات،بۆیە بۆچونێکی تەواوە کە دەوترێت ناونیشان دەقێکی سەربەخۆی بچووککراوەیە .

**ب : تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان(گێڕانەوە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، فلاشباک) لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا، پەیوەست بە کەسێتیی مێژوییەوە.**

**گێڕانەوە**

گێڕانەوە ڕەگەزی بونیادنەری پێکهاتەی ڕۆمان وسەرجەم ئەو دەقە ئەدەبیانەیە کە سروشتی پەخشان ئامێزیان هەیە هەر لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبەوە سەردەمانێکی زۆر کۆن،پێش پێشکەوتنی مرۆڤ و دۆزینەوەی نووسین، گێڕانەوە تاکە هۆکار بووە بۆ زیندوو هێشتنەوەی دەقی ئەدەبی و بەهۆی ئەو گێڕانانەوە کە لە باوکەوە بۆ کوڕو نەوە بەدوای نەوەدا ئەفسانە و داستانەکان گێڕدراونەتەوە،کە بێگومان ئەو گێڕانانەوە دەقیق نەبوون بەڵکو هەمیشە کەمتر یان زیاتر لە خودی بابەتەکە گێڕدراونەتەوە.

ئەوەش بەهۆی لەبیرچوونەوە یاخود بۆ پێبەخشنی چێژی زیاتر بە دەقەکە ئەو کەم و زیادەکراوە،سەرجەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان زادەی گێڕانەوەن،وتا هیچ (ئەفسانەیەک یان داستانێک)نەدەبوو، گەر گێڕانەوە نەبوایە.بەڵام پاش پێشکەوتنی مرۆڤایەتی پێشکەوتنی ئەدەبیش هاتە کایەوە، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدنی ژانری نوێ بەڵام ئەم ژانرە نوێیانە زۆربەیان درێژکراوەی ژانرە کۆنەکان بوون،بەجۆرێکی دیکە و لە چوارچێوەی قاڵب و تەکنیکی نوێی ئەدەبیدا دا دەرپێژرانەوە،لەم ڕووەیشەوە (گێڕانەوە)وەک تەکنیکێکی سەرەکی بووە جێگەی بایەخ و چەندین ڕیسا ویاسای تایبەت بەخۆی بۆ دانرا و لەو شێوازە هەرەمەکییە، ڕەهایە دەرچوو کە پێشتر هەیبوو، گێڕانەوە بووبەزاراوەیەکی ئەدەبی تایبەت (( گێڕانەوە بریتیە لە زاراوەیەکی ئەدەبی وهونەری، کە نووسەر یان یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان لە تێکستی گێڕانەوەیدا، ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەگێڕێتەوە،بە ئامانجی بەرجەستەکردنی ڕووداوکێشە وقەیرانەکان لە جوانترین وێنەدا،یان گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی واقیعی یاخود ڕووداوگەلێک کە هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعەوە نییە)) (ئەسوەد،2011،ل224).

واتە گێڕانەوەکان بوون بە تەکنیکێکی سەرەکی و لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ڕۆماننوس دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان کردووە و لەوێشەوە پەیامەکەی ئاراستەی خوێنەر کردووە،لە کورترین پێناسەدا دەربارەی ڕۆڵی گێڕانەوە لە ژانری ڕۆماندا دەگوترێت (ڕۆماننووسین، بریتییە لە هونەری گێڕانەوە) کە بێگومان ڕۆماننووسان بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان چەندین جۆر وشێوازی گێڕانەوە

بەکار دەهێنن، وەک دەبینین بۆ شێوازی گێڕانەوەی هەریەکە لەو دوو ڕۆمانە(سێ هەنگاو و سێدارەیەک، میرنامە)، ڕۆماننووس پەنای بردووەتە بەر دوو شێوازی جیاواز لە گێڕانەوە، ئەوەش لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا ڕۆماننووس لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشت زانەوە، بە جۆری( گێڕانەوەی بابەتی ) دەست بە گێڕانەوە دەکات،کە ئەم شێوازە بریتیە لە((لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا چیرۆکبێژ هەمووشتێک دەزانێت و تەنانەت ئاگاداری ناخی پاڵەوان و جۆری بیرکردنەوەکەشیەتی،واتە چیرۆکبێژ خۆی بەسەر خوێنەر یان بۆگێڕەرەوەدا دەسەپێنێت ))(ئەسوەد،2011،ل242) .

وەک دەبینین لە یەکەم دێڕی یەکەم لاپەڕەی ئەم ڕۆمانەیشدا گێڕەرەوە بەم جۆرە دەست پێدەکات ((خوێی پرسیار، پرسیار لە خواوەندی درەنگ هاتوو لە زاریدا بوو، ئەوی تینوو کردبوو و سوێرایی حەوت ئۆقیانووس ووشکایی خاکێکی حەوت ساڵان بارانەدیو،لەژێر زمانیدا مابووەوە،بەڵام دیسانیش بە ڕووی ئەو دوو سەربازەی شانیان گرتبوو،وەک ئەوەی تازە لەسەر کانی گەڕابێتەوە، دەکەنیا ))(دۆست، 2016،ل7) هەر لەیەکەم سەرنجەوە گێڕەرەوە بە دۆخی ناوەکی پاڵەوانی ڕۆمانەکەمان ئاشنا دەکات، کە لە دۆخی (تینوێتی)دایە، کە ئەم دۆخە،دۆخێکی ناوەکیی کەسێتییە سەرەکییەکەیە و پێویستە خۆی بێتە گۆ و باسی ئەو دۆخە بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوازی گێڕانەوەکە گێڕانەوەی بابەتییە،ئەوا گێڕەرەوە هەمووشت زانەو دەتوانێت پەی بە ناخی کارەکتەرەکان ببات و بۆمان بەیان بکات،جگە لەوەش وەسفی ڕووخسار و شێوەی کارەکتەرەکەیش دەکات،کە چەند جوان و گەشاوەبووە و پێکەنیوە.

### گێڕانەوە لە ڕۆمانی (میرنامە)دا

سەبارەت بە ڕۆمانی( میرنامە)، ڕۆماننووس پێڕەوی شێوازێکی تایبەت و نوێی کردووە لە گێڕانەوەدا، کە هەم توانای بەشدارپێکردنی خوێنەری هەیە، هەم ڕێگە بەکارەکتەرەکانیش دەدات کە بەو جۆرەی خۆیان ڕووداوەکانیان بینیووە بیگێڕنەوە،کە دەتوانین بە گێڕانەوەی خودی ناوی ببەین،کە(( لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا، تا ئەندازەیەک چیرۆکبێژ بیلایەنە و ناتوانێت پاڵەوانەکە هەڵسووڕێنێت )) (ئەسوەد،2011،ل242).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا پاڵەوان کەمترین قسە دەکات و زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت، یاخود کەمترین ڕووداو لەلایەن پاڵەوانەوە دەگێڕدرێتەوە، زۆرترینی ئەوەی گێڕەرەوەکان دەیگێڕنەوە سەبارەت بە پاڵەوانە، هەر گێڕەرەوەیەک و بەجۆرێک و لە گۆشەنیگای خۆیەو بەپێی ئەو پەیوەندییەی هەیبووە لەگەڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کە (خانییە) ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە پێشەکی وەرگێرانەکەیدا، وەرگێڕ بەم جۆرە باس لە تەکنیکی گێڕانەوە دەکات لەم ڕۆمانەدا (( ڕۆمانێکە تەکنیکی نوێ و فەنتازیای تێدا بەکار هێنراوە و لەهەر بەشەدا کارەکتەرێک دەیگێڕێتەوە و لەدید و بۆچوونی خۆیەوە بۆ مەرگی خانی دەڕوانێت بە شێوەیەک هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان لە ڕۆمانەکە دابڕین و مافی ئاخاوتنی لێ بستێنینەوە،ئەوا ڕۆمانەکە کەلی و ناتەواوی بەجەستەوە دیاری دەدات )) (ئیسماعیل،2013،ل143).

بوونی ئەو فرەدەنگیە جوانییەکی تایبەتی بە ڕۆمانەکە بەخشیووە،هەروها دەتوانرێت وەک شێوازێکی نوێ لە بەگەڕخستنی تەکنیکی گێڕانەوە سەیر بکرێت،چونکە هیچ گێڕەرەوەیەک هەرچەندە هەمان بابەت بگێڕێتەوە،بەڵام بە هەمان شێواز و لە هەمان گۆشەنیگاوە بابەتەکە ناگێڕێتەوە.(( واتە هیچ یەکێکیان گێڕەرەوەی هەمووشت زان نییە،لەگەڵ خوێندنەوەی هەربەشێکدا،لای هەریەکێکیان زانیارییەکی نوێت لەسەر چۆنێتی مەرگی شاعیر دەست دەکەوێت نووسەر وەک خۆی دەڵێت لە تەکنیکی گێڕانەوەکەیدا سوودی لە کتێبی (یەسوعی کوڕی ئینسان)ی (جوبران خەلیل جوبران)وەرگرتووە))(دۆست، 2017،ل10).

بەوجۆرە بونیادی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، بەتەواوی نوێیەو خوێنەر چێژێکی تایبەتی لێدەبینێت، کاتێک لە نزیکی (بیست) گێڕەرەوەوە، باس لەهەمان کەس، کە کەسێتی سەرەکییە (خانی )دەکرێت و خوێنەر چەندین تێڕوانین جیاواز و بینینی چەندین دیمەنی هەمان ڕووداو لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەڕێگەی گێڕەرەوە جیاوازەکانەوە، زیاتر خوێنەر تامەزرۆ دەکات بۆ گەیشتن بەڕاستی و زانینی بۆچوون و دیدی کارەکتەرەکانی دیکە لەسەر کەسێتییە سەرەکییە هەروەها تەکنیکەکان بخرێتە خزمەتی زیاتر ڕاڤەکردنی کەسێتیی ڕۆمانەکە.بۆیە دەکرێت لەو سێ جۆرەی (بینین) کە بۆ جۆرەکانی گێڕەرەوە یان چیرۆکبێژ دانرەوە،شێوازی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەبەجۆری سێیەم لەقەڵەم بدەین،کە بەم جۆرەیە : ((

1- بينين لەپشتەوە:لێرەدا چیرۆكبێژ هەمووشتێکی پاڵەوان و کەسێتییە سەرەکییەکان دەزانێت،پێشبینی چۆنێتی بیکردنەوەیشیان دەکات...لەم چەشنە بینینەدا چیرۆک و ڕۆمانی تاک دەنگی (مۆنۆفۆنی )بەرهەم دەهێنرێت.

2- بینین لەگەڵ...(یان بینین وەک یەک).لێرەدا زانینەکانی چیرۆکبێژ یەکسانە بە زانینەکانی قارەمانی سەرەکی، مەودای ڕووداو و بینین کەمێک فراوان دەبێتەوە.

3- بینین لە دەرەوە:لێرەشدا زانینەکانی چیرۆکبێژ کەمترە لە زانینەکانی قارەمان،چیرۆکبێژ بەپێی کردار و ڕەفتارەکانی پاڵەوان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەوئاگاداری سایکۆلۆژیای پاڵەوان نییە،ئەمەش ڕۆمانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) بەرهەم دەهێنێت)) (ئەسوەد، 2011،ل243).

واتە دەتوانین شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (میرنامە) دا، لەم جۆرە بینینەی سێیەم ئەژماربکەین، هەروەها ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک) لەجۆری بینینی(بینین لەپشتەوە) هەژمار بکەین.کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە کە لە ڕۆماننووس دەخوازێت کام جۆری گێڕانەوە هەڵبژێرێت.بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە ڕاستییەکی بەرچاوە(( ئێستاش لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا،گێڕانەوە هەر لە برەو نەکەوتووە و سەرلەبەری ژیانی مرۆڤەکانی داگیرکردووە و ئەوکەسانەی دەیانەوێ لە خەون و خولیا و ئاواتەکانی خۆیان بدووێن،نا چارن پەنا بەرنە بەر تێمی گێڕانەوەو ناتوانن خۆیانی لێ قوتار بکەن ))(عەلیخان، 2020،ل90) .

ئیدی ئەو گێڕانەوەیە لەنێو هەر ژانرێکی ئەدەبیدابێت، هەمیشە نووسەری دەقی ئەدەبی بۆ دەربڕینی خەیاڵ و ئەندێشەکانی خۆی پێویستی بە تەکنیکی گێڕانەوەیە،بۆ ئەوەی لە ژێر ماسکی ئەوگێڕانەوەیەدا ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بەخوێنەر بگەیەنیت .ڕۆماننوسیش بۆ سودوەرگرتن لە تەکنیکی گێڕانەوە، ناچارە پەنابباتە بەر چەند ڕەگەزێکی دیکەی هونەری وەک (دیالۆگ و مۆنۆلۆ و فلاشباک) تا ئەو بابەتی دەیەوێت بیگێڕێتەوە،بەکارهێنانی هەریەکێک لەم ڕەگەزانە بۆ پتەوکردنی بینای ڕۆمانەکان و خزمەتکردنیان بە ڕەوتی گێڕانەوە لە نێوو هەردوو ڕۆمانەکەدا بەرچاودەکەوێت،لێرەدا باسی هەریەکە لەم ڕەگەزانە و نمونەی پێویستی لە نێو ڕۆمانەکاندا دەخەینە ڕوو:

### یەکەم : دیالۆگ Dialogue

دیالۆگ واتە گفتوگۆی نێوان دوو کەس، کە لە (قسەکەر + گوێگر ) پێکهاتووە،بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری نێوانیان لەمەڕ بابەتێکی دیاری کراو ئەنجام دەدرێت،بەڵام لە نێو دەقی ئەدەبیدا دەگونجێ ئەو دیالۆگە لە نێون مرۆڤ و ئاژەڵ یان باڵداران یاخود هەر لە نێو خودی باڵداران وگیانلەبەرکانی دیکە دا، ڕوودبدات نەک تەنها لە نێوان مرۆڤەکاندا،دیالۆگ چۆن لە نێو ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی مرۆڤدا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە،بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێی کۆمەڵایەتییە و هەرگیز ناتوانێت بە بێ پەیوەندی دیالۆگ لەگەڵ کەسانی چواردەوری بەردەوامی بەژیان بدات،بە هەمان شێوەیش نووسینی ڕۆمان بەبێ دیالۆگ دەکرێت بوترێت کارێکی مەحاڵە.

دیالۆگیش لە نێو ڕۆماندا تەنها بە مەبەستی درێژەپێدانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە،بەڵکو دەبێتە دەروازەیەک، کە لێیوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی دیالۆگەوە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو، پەیامەکانی خۆی لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکاندا ڕەنگدەداتەوە،جگە لەوەش دیالۆگ دەرخەری ئاستی ڕۆشنبیر و پلەی کۆمەڵایەتی کارەکتەرە لە نێورۆماندا ((ئەرکی سەرەکی دیالۆگ پەردە لادانە لەسەر باکگراوندی تێکست یاخود جۆری ڕەهەندی چیرۆکەکە بەگشتی، خودی دیالۆگی کەسەکانیش ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە سیما و تەنانەت ئاست وهێڵی هزریان دەکەن وە خەسڵەت و پلەوپایەی قسەکەرەکانیش ئاشکرا دەکات ))(حەسەن، 2009،ل155).

واتە دیالۆگ دەتوانێت ببێتە دیاریکەری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر و پێی بناسرێتەوە.لە نێو هەریەکە لەم دوو ڕۆمانیشدا، ڕۆماننووس چەندینجار تەکنیکی دیالۆگی بەکارهێناوە،خوێنەر لەڕێگەی ئەو دیالۆگانەوە لە مەبەست و ئامانجی ئەو کارەکتەرانە تێدەگات و ئاستی ڕۆشنبرو پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرانەی بۆ دەردەکەوێت، لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا لە دیالۆگی نیوان ئەو دوو سەربازەی قوڵی( شێخ سەعید)یان، گرتبوو لە وشکی و بێ دەنگی و چۆنێتی هەڵوێستی ئەو دوو کەسێتییە سادە تێدەگەین، کە دەڵێن : (( هەردوو سەربازەکەی تەنیشتی وەک بڵی دەزانن شێخ تینووە،باسی ئاویان دەکر،سەربازی لای چەپ بە تورکیەکی وشک بە سەربازی لای ڕاستی وت:

_ مەگەر تۆ تینوو نەبوویت ؟ وەڵاهی من زمان وشک بووە و بە قورگمەوە نووساوە))(دۆست، 2016،ل8) بەم جۆرە کاریگەری دیالۆگی نێوان دوو سەربازەکە،لەسەر کەسێتی سەرەکی

دەردەکەوێت وهەڵوێستی ئەو دوو کارەکتەرە بەرامبەر کەسێتییە مێژوویەکە دەردەخات، کە بێ باکن بەرامبەر بەو تینوێتییەی شێخ سەعید،هەروەها شێوازی قسەکردنیان، کە بە (شێوازێکی وشک) گێڕەرەوە وەسفی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی کەسێتییەکان، کە (دوو سەربازن)واتە، دیالۆگەکە ڕەنگدانەوە و دەرخەری کەسێتی کارەکتەرەکانە.

پاشان لەڕێگەی دیالۆگێکی دیکەوە، لە نێوان (عەلیڕەزا و خالید بەگی جبری) لە پێگەو ڕۆڵی ئەم دووکارەکتەرە تێدەدەگەین، کاتێک (عەلیڕەزا)دەچێت بۆلای (خالید بەگ)ئەم دیالۆگە ڕوودەدات(( ئاگری سەرهەڵدانێکی فراوانی لەگەڵ خۆی بۆ هەردووکیان هێنابوو:

ـ یەکی ڕەمەزان

ـ کوڕی من درەنگ نییە؟

ـ نا بابە! سەرەتای بەهارە،نەورۆزە،نەک هەر گوڵدەپشکوێن و کانی دەژێنەوە،بەڵکو ئیدی دڵانیش دەپشکووێن....

ـ جوامێران کاتێکی باشیان هەڵبژاردووە،ئەوکات سەرماوسۆڵەیش دەشکێ،بەهار لەوڕۆژەدا نەک تەنیا لە سروشتدا،بەڵکو لە دڵانیشدا دەتەقێ))(دۆست،2016،ل152) .

وەک دەبینین هەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی دیالۆگەکەوە پێگە وڕۆڵی ئەو دوو کەسێتییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دووکەسی خاوەن بڕیان و ڕۆڵیان هەیە لە بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ڕووداوەکاندا.هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە کارەکتەری سەرەکی و ڕۆڵی کارەکتەری مێژووی بەرز دەنرخێنن لە دیاری کردنی ئەو ڕۆژەدا بۆ دەستپێکردنی شۆڕشەکە.

سەبارەت بە ڕۆمانی (میرنامە ) بە بەراورد بەڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک) کەمتر دیالۆگی تێدا دەبینرێت،چونکە پرۆسەی گێڕانەوەکە لەو کاتەدا دەست پێدەکات، کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کە کەسێتییەکی مێژووییە (خانی) بەخاک دەسپێردرێت.ئەمەش بەواتای ئەوەی کە سەرجەم ڕووداوەکان دەکەونە خانەی ڕابردووەوە،سەرجەم گێڕەرەوەکان لەو کاتەدا بە خەیاڵ دەگەڕێنەوە بۆ ئەوکاتانەی بەرکەوتنیان هەبووە لەگەڵ خانی بیرەوەریەکانیان دەگێڕنەوە،بۆ نمونە (تەیموری فاسق – تەمۆ) کارەکتەرێکە لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت کە کارەکتەرێکی ڕێزلێگیراو نییە لە کۆمەڵگەدا،بەڵام لای (خانی) هەموو کەسێک شایەنی ڕێز و گوێ لێگرتنە،هەر ئەوەشە بووە بەهۆی

ئەوەی خانی بەو ڕادەیە خۆشەویست بێت لەنێوخەڵکیدا .(تەیموری فاسق) دیالۆگێکی نێوان خۆی وخانی دەگێڕێتەوە، کە ((

_ تەمۆ لە فەرهەنگی ئێوەی مەیخۆراندا مردن چییە ؟

ئەم پرسیارە وەک بەفراوبەری خەیاڵی بەردام و دەم ودەست گوتم:

_ مردن، ڕابوونی مەزنە.

_ ئەی ژیان؟

_ سەرخۆشییەکی دوورودرێژە.

پیچەک گەشی ڕووی گرتەوە و گوتی:

_ کەواتە من لەبەر دەرگەی ڕابوون! ))(دۆست، 2017،ل 28).

لەم دیالۆگەوە لەئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری هەردوو کەسێتییەکە تێدەگەین، ئاشنا دەبین بەو بیرە سۆفیزمییەی خانی کە لەهەمبەر بابەتی مردن هەیبووە.کە لە دیدی ئەوانەوە مردن کۆتایی ژیان و خەوتنی یەکجارەکی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەستان لەخەوی غەفڵەت و بێ ئاگایی و ڕابوونە لەبێ هۆشییەکی دوورودرێژ و پاش مردن و ڕۆشتنە نێو دنیایەکی دیکە،مرۆڤ لە گەلێک بابەت تێدەگات، کە لەم ژیانەدا جێگەی پرسیار وتێڕامانی بووە پاشان بەهۆی ئەم دیالۆگانەوە زیاتر ئاگاداری نهێنی ژیانی کارەکتەرەکان دەبین (( دەشێ ڕۆمان زیاترلەچیرۆکخوانێکی بەڕاناوی کەسی یەکەم تێدا بێ،لەم حاڵەتەدا هەریەکەیان لە ناخی ئەوی تردایە))(یاقووب،2019،ل119)، پاشان دیالۆگێکی دیکەهەیە،کە چەند ساتێک پێش مەرگی( خانی )یە،باسی چۆنێتی ژەهر خواردکردنەکەیەتی، کە دەڵێن((ئا لێرەدا لە دەستنیشانکردنەکەی حەکیمی ئەرمەنی دڵنیابووم،کە خانی دەرمانخوارد کراوە،لێفەکەم ڕاکێشایە بانی و پێم گوت:

_ کەواتە ژەهریان پێداویت،ئیدی ئاشکرابوو.

_ نا...نا.ئەوان نین.ئەوان دەرمانخواردیان نەکردووم.

_ئەی کەواتە کێیە ؟

_ دەدی کوردان وملخواریان ژەهرێکە بۆ خۆی .کرداری میرەکانیان ژەهری سلێمانییە،مەلا سمایل ئەوە بۆ چل ساڵ دەچێت دەرژێتە گیانی منەوە))(دۆست، 2017،ل210) .

واتە لە دیالۆگی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە تێدەگەین لە دید وبۆچوونی خانی لە هەمبەر میرە کوردەکان،چونکە ((ئەرکی سەرەکی دیالۆگ پەردە لادانە لەسەر باکگراوندی تێکست یاخود جۆری رەهەندی چیرۆکەکە بەگشتی، خودی دیالۆگی کەسەکانیش ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە سیما و تەنانەت ئاست وهێلی هزریان دەکەن وە خەسڵەت و پلەوپایەی قسەکەرەکانیش ئاشکرا دەکات ))(حەسەن، 2009،ل155).

لەم دیالۆگەوە ڕۆڵ و لایەنی هزری خانی دەردەکەوێت لەبەرامبەر ئەومیرانەی خانی نامەی ئاگادارکردنەوەی بۆ ناردن بەڵام میرەکان گوێیان پێنەدا،کەواتە سەرەڕای ئەوەی خانی ژەهرخواردکراوە، بەڵام خانی هۆکاری لاوازبوون و مردنەکەی دەگێڕێتەوە بۆ پێش ژەهر خواردکردنەکە و بۆ خەفەت خواردن لە تاکی کورد کەژێردەستەی قبوڵە و میرەکانی کورد کە هەوڵی یەکگرتن و بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکان نادەن.

## دووەم : مۆنۆلۆگ Monologue

مۆنۆلۆگ وەک زاراوە بەرامبەر بە وشەی (ناخۆگۆی)یاخود (خودگۆی) یان (خۆدواندن) لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت،کە مەبەست و واتای هەریەکێک لەم زاراوانە ئەوەیە کە کارەکتەر لەنێو ناخی خۆیدا و لەگەڵ خۆیدا باس لەبابەتێکی دیاری کراو دەکات، ئیدی ئەو بابەتە دەشێت لەڕابردوودا ڕوویدابێت و کەسێتییەکە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ ئەکات لە ناخی خۆیدا،جیاوازتر لەوەی کە بەئاشکرا و لە دیالۆگەکاندا دەیڵێت، مۆنۆلۆگ بریتیبێت لەبیرکردنەوە وتێڕامان لەکارێک،واتە بریتیە لە دیالۆگی کەسێتییەک لەگەڵ خۆیدا بۆیە پێی دەوترێت (ناخگۆی یان خودگۆی) یاخود دەگونجێت ئەوەی کە کەسێتییەکە دەیەوێت لە داهاتوودا ئەنجامی بدات لەگەڵ خۆیدا تاوتوێی دەکات واتە پێش ئەوەی لای هیچ کەسێک باسی بکات لە شێوەی گوتندا یاخود هەر لە ناخی خۆیدا بە تەنهای باس لەو بابەتە بکات.(( مەنەلۆگ (Monologue) خستنە ڕووی دیوی ناوەی مرۆڤە،واتە نەستی، هەروەها ڕێگەی هاتنە درەوەی ئەو ویستانەیشە بەرەو دیوی هەستی دەرەوە...مۆنۆلۆگ یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی وێنەکێشانی بارودۆخی کارەکتەر و

ڕۆڵی سەرەکیش لە ڕووداوەکان دەگێڕێت و پێویستی بە وەڵامدانەوەی خێرانییە)) (فەرج،2012،ل160).

واتە دەتوانین بڵێین لە ڕووی هونەرییەوە گرنگی و بایەخی مۆنۆلۆگ، گەر لە دیالۆگ زیاتر نەبێت کەمتر نییە، چونکە خوێنەر لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە بە بۆچوونە دەرنەبڕاوەکانی کارەکتەر ئاشنا دەبێت پەی بە جیهانی پەنهانی و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان دەبات،چونکە لە مۆنۆلۆگدا ئەوپەڕی ڕاستگۆی هەیە و کەسێتی بە بێ هیچ سانسۆرێک ئەوەی لە دڵیدایە وئەوەی بیری لێدەکاتەوە دەیڵێت و بۆ خۆێنەری بەیان دەکات،وەک دەبینین، لە **ڕۆمانی (سێ هەنگاو سێدارەیەک)** هەرچەندە پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کەسێتییەکی ئاینییە و تەنانەت خۆی شێخە و چەندین مورید و شوێنکەوتووی هەیە،بەڵام لە مۆنۆلۆگێکدا، لە کاتی ڕۆشتنی بەرەو پەتی سێدارە، بۆچوونێکی خۆی ئاشکرا دەکات و خۆی بە خۆی دەڵێت: (( بیری کەوتەوە ڕۆژێک لە ئینجیلدا خوێندبووەیەوە،عیسا مەسیح کاتێک دەستیان بە خاچەوە بزمار دەکرد،هاواری کردبوو بە زمانی ئارامی گوتبووی : "ئیلۆی ئیلۆی، لەمما شەبەقتەنی "!واتا خواوەندی من خواوەندی من ! تۆ بۆچی دەستت لە من هەڵگرت ؟

شێخ ویستی شتێکی وەها بە خودا بڵێت، لێ زمانی نەدەگەڕا:

_نا،نایڵێم،کوفرە

شێخ سەیری ڕیزی سێدارەو ئاسمانی بێدەنگی کرد،سەدای هیچ موعجیزەیەک نەدەهات!

_کاتی کەرامات نییە سەعید!

ئەو لە دڵی خۆیدا، کە وەک هەرمێیەکی پڵیشاوەی لێهاتبووئەمەی گووت ))(دۆست، 2016،ل37) واتە لە ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە خوێنەر تێدەگات، کە ( کەرامات ) یان موعجیزە وەک بابەتێکی ئاینی وفریادڕەسێک ئەگەر تا ئەو ساتەیش (شێخ سەعید) بڕوای پێی هەبووبێت، ئەوە لەو ساتەبەدواوە هیچ بڕوایەکی بەو بابەتە نەماوە، چاوەڕێی هیچ جۆرە موعجیزەیەک ناکات.کە ئەم بۆچوونەیش ڕۆماننووس دەتوانێت تەنها لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە لە نێوناخی کەسەکەوە هەڵیگۆزێت وئاشکرای بکات، چونکە شێخ ئامادە نییە ئەگەرچی دوای هەنگاوێک یان دوو هەنگاوی دیکەیش لە سێدارە دەدرێت، بەڵام ئەو بۆچوونەی خۆی بۆ هیچ کەسێک دەرنابڕێت،هەم لەبەر پێگە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکەی کە هەیبووە،هەم لەبەر ئەوەی سەربارز و تورکە خوێنمژەکان دڵ خۆش نەبن

بەو بێ ئومێدییەی شێخ و بەو جۆرە لێکیبدەنەوە، کە شێخ لە هەنگاونان بەرەو مەرگ دەترسێت و لە بیروبۆچوونەکانی پێشووی خۆی پاشگەز بووەتەوە.

پاشان لە دیالۆگێکی دیکەی نێوهەمان ڕۆمان، شێخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشقبوونی بە (پەریخان) شێخ خۆی سەر لەو دۆخە دەرناکات، کە تێی کەوتووە، خۆی پرسیار لەخۆی دەکات ودەڵێت (( _ بەڵام من بۆچی دەلەرزم کاتێک ئەو دەبینم؟ئەی ئەمە نیشانەی چییە؟ وەختە دڵم لە لەرزین بهاڕدرێ و زمانم تێک دەئاڵێ،وەک بڵێی لە بەندداا بم،خۆ من ئەوەندە شەرمێون نەبووم!

سەعید ئەم پرسیارەی لەخۆی دەکرد چونکە کەس هاوڕازی نەبوو، کە دەفتەری دڵی خۆی بۆ بخوێنێتەوە))(دۆست، 2016،ل84) وەک دەبینین گێڕەرەوە خۆی ئاماژەی بەوە داوە، کە بەهۆی نەبوونی هاوەڵێکەوە پاڵەوانی ڕۆمانەکە پەنای بردووەتەبەر مۆنۆلۆگو خۆی دەدوێنێت،بەڵام ئەو پرسیارێ: لە خۆی دەکات کە خۆیشی وەڵامەکەی نازانێت،چ بگات بە هاوەڵ و هاوڕێکانیدا،ئەویش ئەوەیە بۆ ئەوەندە بێهێز و بێدەسەڵات دەبێت لە کاتی بینینی (پەریخان)دا.واتە ڕۆماننووس زۆر بە شێوەیەکی هونەری نایاب ڕەگەزی مۆنۆلۆگی بەکار هێناوە.

**مۆنۆلۆگ لەنێو ڕۆمانی (میرنامە)دا**،بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت، چونکە وەک ئاشکرایە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، بەگشتی باس لەڕابردوویەک دەکەن،کە هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان لەگەڵ (خانی)دا، هەیبووە،بەڵام ڕۆمانەکە لەو کات و لەو ڕووداوەوە دەست پێدەکات، کە هەواڵی مردنی خانی لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە،هەر بۆیە هەریەکێک لە کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ مۆنۆلۆگێک دەکات و خۆی بەدەم خۆیەوە دێتە سەر باس کردنی وەصف و باشەی خانی و دەیوێت دڵنەوای خۆی بداتەوە،چونکە وەک لە پاش مردن دەرفەتی دیالۆگ نامێنێت لە نێوان کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرەکانی دیکە،بۆیە کارەکتەرەکان ناچارن ئەوەی لە دڵیاندایە بیهێننەسەر زمانیان یاخود ببێتە خەیاڵێکی پەنهان و لە نێو دڵی خۆیەوە ئەوە بڵێت کە دەیویست بە (خانی ) بڵێت، یاخود دەگەڕێتەوە سەر ئەو دیالۆگەی، کە لە نێوان هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان و خانیدا پێشتر ڕوویداوە و ئێستا کارەکتەرەکان بەشێوەی مۆنۆلۆگ لە پێش خۆیانەوە دەیڵێنەوە،

وەک دەبینین (ڕەجەبی بەرگدوور)پاش مردنی خانی دەکەوێتە خەیاڵی ئەوکاتەی کە خانی ئامۆژگاری کردووە پاشان باس لە بیرکردنەوەی خۆی دەکات لەوقۆناغەی ژیانیدا و لایەنی

دەروونی خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە دەڵێت (( گەیشتمە شاری سوڵتانەکان و کۆشک وسەرای مەزن و دەریای بێبن.

من دڵی خۆم بەوە دەدایەوە، دەمگوت:

– لەوێ دەبمە بەرگدروویەکی بەناوبانگ،ئەگەر نەبمە بەرگدرووی سوڵتان ودەوروبەرەکەی،ئەوا لەیەکێک لە گەڕەکەکاندا کار دەکەم و جلی ئەفەندییان دەدرووم، پارەو سامانم دەبێت و دەگەڕێمەوە بایەزید،لەوێ کۆشکێک لە قەدپاڵی چیای ئاگری دروست دەکەم،ژن دەهێنم و دەبمە خودان موڵک و زەویی خۆم))(دۆست،2017،ل107).

ئاشکرایە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆنۆلۆگ باسکردنە لەو خەون وخەیاڵانەی کەسێتییەکە بۆ خودی خۆی یاخود لێکدانەوەی ئەو ئەگەرانەی کە ڕەنگە لە داتوودا ڕوو بدەن،بەڵام کەسێتییەکە لەبەر ئەوە ئەم بیرکردنەوەوە بۆچوونانەی خۆی دەرنابڕێت چونکە دەگونجێت بەهۆی ئەو بۆچوونانەوە ببێتە جێگەی گاڵتەپێکردنی لەلایەن خەڵکییەوە یاخود بە چاوێکی کەمەوە سەیر بکرێت.لەبەر ئەوە زۆرجار کارەکتەر ئەو بۆچوونانەی تەنها لەنێو دڵی خۆیدا وبەشێوازی ناخگۆی لێکدەداتەوە.لەم ڕێگەیەوە ڕۆماننووس هاوکاری خوێنەردەکات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مەبەست وئامانجی کارەکتەرەکان،چونکە هەندێک لە ڕووداوەکان کە ڕوویان داوە یان ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدەن لە نێوان کارەکتەرەکاندا دیالۆگی لەسەر ناکرێت، بەڵکو بە نهێنی هۆکاری ڕوودانی دەمێنێتەوە و تەنها لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە خوێنەر پەی بەو نهێنیە دەبات، وەک لەم مۆنۆلۆگەوە لە پاڵنەر و هۆکاری نهێنی ڕۆشتنی (ڕەجەبی بەرگدروو) بۆ (ئەستەنبووڵ) تێدەگەین.پاشان لە مۆنۆلۆگێکی دیکەدا (ڕەجەبی بەرگ دروو) ئەو ئامۆژگارییەی خانی دێتەوە یاد، کە پێگووتوو لە ئەستەنبووڵ شارێکی گەورەیە، وریای خۆتبە خۆت ون نەکەیت،بەڵام ئەو کاتێک ە ئاگا هات خۆی لە شەڕی نێوان سەربازانی سوڵتان و ڕۆژئاواییەکاندا بینییەوە،بەڵام ئەو لە گەرمەی شەڕدا بیری لە ئامۆژگاریەکەی خانی دەکردەوە و بە شێوەی مۆنۆلۆگ، لە خۆی دەپرسی ((ئەز بە سەر پشتی ئەو ئەسپەوە،کە مەرگ لەگشت لایەکەوە دەورەی دابووم و دڕندانە سەمای دەکرد،ئەو پەیڤانەی خانیم هاتنە بەرگوێ بیرم کردەوە:

_ گەلۆ ئەز لە کوێم؟چ دەکەم لێرە؟چما بۆچی هێند لە بایەزیدەوە دوورم؟شەڕ لەگەڵکێدا دەکەم؟ئەگەر لێرە بکوژرێم کێ فاتیحەم بۆ دەخوێنێ کێ کێلێک لای سەرمەوە دادەنێ و ناومی

لەسەر هەڵدەکۆڵێت؟))(دۆست، 2017،ل118) لێرەدا لە ڕێگە مۆنۆلۆگەوە ناخ و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکەمان بۆ دەردەکەوێت،پاشان لە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی کەسێتی سەرەکی، کە کەسێتییە مێژووییەکەیە (ئەحمەدی خانی)یەوە،تێدەگەین، کە چی کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر کەسانی چواردەوری و ئەوکەسانەی کە ئامۆژگاری کردوون لە سەخترین و ناخۆشترین کاتەکانی ژیاندا بیریان لە وتەکانی کردووەتەوە و بە هۆی مۆنۆلۆگەوە ئەو بیرکردنەوە وئەو کاریگەریە گەورەی کەسێتی سەرەکی لەسەر کارەکتەرەکانی دیکە دەردەکەوێت.

**سێیەم : فلاشباک:**

فلاشباک وەک تەکنیکێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە ڕۆماننووس  پەنای بۆ دەبات، لەڕووی فۆڕم و ئەرکەوە نزیکە لە مۆنۆلۆگەوە سەر بە لایەنی  شەپۆلی هۆشە ((ئەم تەکنیکە پتر بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژیی کەسایەتی سەرەکی دەدات..ڕاکردنە لە جیهانی دەرەکی و پەنابردنە بە جیهانی ناوەکیی خود  )) (ئەسوەد،2011،ل233) سەرەڕای نزیکییان لەیەکدی، بەڵام فلاشباک جیاوزیی هەیە لەگەڵ مۆنۆلۆگ، چونکەمۆنۆلۆگ دەکرێت کردەیەکی تا ڕادەیەک خۆویستی بێت یاخود بیرکردنەوەیەک بێت لە داهاتوو، (( فلاشباک هێنانەوەی ڕووداوێکی ڕابردووە لە ڕێی زەینی کارەکتەرەکانەوە وتێکەڵکردنی لەگەڵ ئێستا ... لێرەدا ئاستی یەکەمی گێڕانەوەکە ڕادەگیرێت و دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی ئەوڕووداوەی لەڕابردوودا ڕوویداوە.فلاشباک کردەیەکی لە پڕو بێ بەرنامەیە،لەدەرەوەی ویستی مرۆڤە))(عەلی، 2015،ل154 ).

فلاشباک هەر وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆیە هەندێک جار لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی لەبری وشەی فلاشباک، زاراوەی (دواخراو) بەکاردەهێنن، کە مەبەست لێی گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە پێشتر ڕوویداوە بەڵام ڕووداوەکە باس نەکراوە لە کاتی خۆیدا،گێڕانەوەکە دواخراوە(( واتە گێڕەرەوە (حیکایەتخوان) کاتی ئێستای گێڕانەوەکە ڕادەگرێت و دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە زەمەنێکی دوور بەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە ڕوویانداوە،بە مەبەستی پێدانی زانیاری زیاتر بە خوێنەر ))(ئیبراهیم،2015،ل53).

واتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەیاڵی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە،گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی ئێستا ڕادەگرێت و ڕووداوە کۆنەکە بەشێوەی فلاشباک دەگێڕێتەوە،ئەوەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی فلاشباک، کە خۆنەویستانە ڕوودەدات، لە ئەنجامی بەرکەوتنی یەکێک لە

هەستەکانی وەک ( بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدا)ەوە کارەکتەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردوو .لە نێو هەردوو ڕۆمانەکەدا(میرنامە) و ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک) بەهۆی ئەوەی، کە لەهەردووکیاندا گێڕانەوەکان لە ڕابردوویەکی نزیکەوە دەستپێدەکات،وەک دەبینین لە ڕۆمانی( سێ هەنگاو وسێدارەیەک)دا،لەگەڵ هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە،دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور، کە ئەم گەڕانەوەیش لە ڕێگەی فلاشباکەوە دەبێت،کە هەر هەنگاوێک هەڵدەگرێت هاوتا دەبێت لەگەڵ قۆناغێکی تایبەتی ژیانی،واتە هەنگاوی یەکەمی(دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی )(شێخ سەعید)ی پاڵەوان لەگەڵ هەلگرتنی یەکەم هەنگاو بە فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور بۆ ئەوکاتەی یەکەم هەنگاوی ژیانی ناوە،(( یەکەم هەنگاوی ژیانی نایەتەوە بیری،لێ دایکی زۆرجاران بە کەیفخۆشی باسی ئەو کاتی بۆ دەکرد:

_کوڕی من، تۆ هێشتا ساڵت تەواو نەکردبوو،پێت گرت!من هەردوو دەستی تۆم گرت و سترانم بۆ وتی.دواییش دەستی تۆم بەردا و بە تەنیا وێڵم کردی و تۆ یەکەم هەنگاوت هەڵگرت.

_سەعید پێی گرت!

من بە خۆشحاڵییەوە بانگم کرد،تۆ وەک سوارێکی ترسنۆک لەسەر هەردوو لاقی خۆت ڕاوەستاویت و هەنگاوێکت هەڵگرت))(دۆست،2016،ل25).

لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ڕۆشتن بەرەو سەر ستەیجی لە سێدارەدان، هاوشێوەی یەکەم هەنگاوە بۆ ڕۆشتن بەرەو دنیایەکی دیکە،هەروەک چۆن یەکەم هەنگاو بەرەو ئەم دنیایە، هەنگاوێک بووە پڕ لە نادڵنیایی و پڕ ترس ولەرز و ناڕەحەتی، ئەم هەنگاوەیش کە یەکەم هەنگاوە بەڕێکەوتن بەرەو دنیاکەی دیکە پڕە لە قەلەقی و ماندووبوون.شێخ سەعید بە شێوەی فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە ئەو ڕووداوەی بەسەر هاتووە، بەڵام خۆ خۆی ئەو ڕووداوەی لە بیر نییە،بەڵام ئەوەی هەردەم لە خەیاڵدا ماوەتەوە، کە دایکی هەمیشە بە شێوەی فلاشباک ئەوەی بۆ دەگێڕایەوە.دواتر لەگەڵ هەڵگرتنی هەنگاو دووەمدا، قۆناغی دووەمی ژیانی دێتەوە یاد و بە فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی لاوێتی و قۆناغی عاشقبوونی بە (پەریخان) بەجۆرێک (پەریخان) دێتەوە یادی کە هەموو شتەکانی چوار دەوری (پەریخان) دێننەوەوە یادی.(( بەژنی ئەو ڕاست بوو وەک ئەم پەتەی بەرانبەرم.

شێخ سەعید لەگەڵ هەڵگرتنی دووەم هەنگاو.بەژنی ئەو کچەی هێناوە یادکە خزمەتکاری ماڵی خۆیان بوو.نا، نەک ئەم ئەوبەژنە بێنێتەوە یاد،چونکە ئەو بەژنە،بەژنێک نەبوو مرۆڤ بتوانێت لەبیری بکات.))(دۆست،2016،ل25)

ئەم هەنگاوە کە هەنگاوی ناوەندی نێوان هەنگاوی سەرەتا و هەنگاوی کۆتایی بوو، تەمەن و قۆناغی ناوەندی ژیانی خۆیی هێنایەوە یاد،ئەو قۆناغە لە هەنگاوی یەکەم جیابووەوە پێی نایە هەنگاوی دووەم کە هەنگاوی عاشقبوون مەستبوونی بوو بە عەشق و خۆشەویستی (پەریخان) کچە خزمەتکارەکەیان.چۆن لەو قۆناغەی ژیانیدا هەمووشتێکی چواردەوری تەعبیربوو لە جوانی و دەرخستنی ڕووخساری (پەریخان)بۆ شێخ سەعید،لەم هەنگاوەیشدا دووبارە تەنانەت داری بەرز و بەژن ڕێک دیمەنی بەژنی ڕێک و جوانی (پەریخانی) دەهێنایەوە یاد.بەم جۆرە لەگەڵ نزیک بوونەوە لە هەنگاوی کۆتای ژیانی قۆناغی کۆتایی ژیانی دەهێنێتەوە یادی،ئەو هەنگاوە هاوشانە لەگەڵ قۆناغی کۆتای تەمەنی خۆی و شۆڕشەکەی واتە ڕۆماننوس بەشێوەیەکی زۆر هونەری سودی لە ڕەگەزی فلاشباک بینیوە بۆ گێرانەوەی قۆناغەکانی ژیانی کارەکتەرە سەرەکییەکە، کە کەسێتییەکی مێژوییە.

**لە نێو ڕۆمانی (میرنامە)دا**،ڕۆماننووس بەهۆی ئەوەی کە ڕووداوەکان زۆربەی لەسەر زاری چەندین گێڕەرەوەی جیاوازەوە دەگێڕدرێتەوە، هەریەکێک لەم گێڕەرەوانەیش پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ (خانی) هەبووە، کە وەک کەسێتییەکی مێژووی ڕۆڵی پاڵەوان دەگێڕێت لە ڕۆمانەکەدا.پاشان بەهۆی ئەوەی، کە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانە،کە هەمووی لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە خانی مردووە و بەرەو گۆڕستانی دەهێنن و خەڵکەکە خەریکی هەڵکەندنی گۆڕەکەن، ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەر کارەکتەرێک و بەشێوەی فلاشباک بگەڕێتەوە بۆ ئەو یادگاری و بەرکەوتنەی کە لەگەڵ (خانی)دا هەیبووە.

ڕۆماننووس سەرنجی خوێنەر لە کاتی دیمەنی ناشتنەکەی خانییەوە یاخود بڵاو بوونەوەی هەواڵی مردنەکەیەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو ڕووداوەی پێشووتر ڕوویداوە بەڵام تا ئێستا باسنەکراوە،چونکە(( مەبەست لە فلاشباک پیشاندانی دیمەنێک،ڕووداوێک چیرۆکێکی پێشووتر، کە پەیوەندیان بە چیرۆکە سەرەکییەکەوەهەیە،خوێنەر لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە لە پاڵنەرەکانی ڕەفتاری ئێستای کارەکتەر دەگا))(سدیق،2020،ل104) بۆیە کارەکتەرەکان لە باسکردنی چیرۆکی ژیانی خۆیان دەوەستن و دەچنەسەر ئەو بابەتی پەیوەندی بە کەسێتییە سەرەکییەکەوەهەیە،کە

چۆن بەشێوەی فلاشباک هاتووەتەوە یادیان(( لەوێ،لە نێوان گیزەی گولله و گرمەی تۆپ وقیڕە و هاواری سەربازان...دەنگی خوالێخۆشبوو ئەحمەدی خانیم هاتەبەرگوێ:
_ ئەم دەشت و چیایانەت بێنە بەرچاوی خۆ،بیرت نەچێ تۆ کوڕی ئەم خاکەی.

سالآنێک بەسەر ئەم گوتەیەدا تێپەڕیبوون،کە بەر لەوەی بایەزید جێبهێڵم پێی گوتم لێ وە ئەوەی خانی بە خۆی هاتبێ و لەبەر گوێم قسان بکات.دەنگی زیندوو تازە بوو))(دۆست، 2017،ل118) بەو جۆرە گێڕەرەوە،ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕادەگرێت، کە باسکردن بووە لە شەڕو تێکچرژانەکان، لەوێدا دەنگی خانی لە بەردەمیدا هەست پێدەکات و وشەکانی لە گوێیدا دەزرنگێتەوە، بەو هۆیەیشەوە (ڕەجەبی بەرگدروو)بە شێوەی فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ سالآنێک پێش ئەو ڕووداوە و قسەکانی خانی دەگێڕێتەوە کە پێش دەرچوونی لە بایەزید پێی وتبوو.پاشان کارەکتەرێکی دیکە(دۆستۆی ورمێی دەنگبێژ)پەیوەندی خۆی و خانی دێتەوە یاد و بە شێوەی فلاشباک بەشێک لەو پەیوەندیە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

(( لە نێوان هەموو ئەو سەرهات و ڕووداوانەی داپیرم لە شەوانی زستانی ساردی بایەزیدا بۆی دەگێڕامەوە،ڕووداوێکیان دڵی هاڕیم،گەلەک جاران، کە لەگەڵ خانیی ڕەحمەتی لە حوجرەکەیدا دەبووین، ئەو گۆرانییەم بۆ دەچڕی، کاتێک گۆرانییەکەم بۆ دەوت چاوانم دەنووقاندن،هەتا تەواو دەبوو،کاتێک هەڵمدەهێنان دەمبینی ڕیشی خانی بەفرمێسک تەڕبووە،بەڕادەیەک لەبەر گریان قسەی بۆ نەدەکرا))(دۆست، 2017،ل102).

بەو جۆرە کارەکتەرەکە لەباسی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەوەی کە نەنکی بۆی گێڕابوویەوە،دەچێتە سەر ڕووداوێکی دیکە،ئەویش کاتێک بەکاریگەری یەکێک لەو بەسەرهاتانەیە لەسەر (خانی)،کە کاتێک (دۆستۆی دەنگبێژ)بۆ خانی دەڵێت، سەیردەکات ئەو ڕووداوە چۆن کاریگەری لەسەر خۆی هەیە،بە هەمان شێوەیش ئاوەها کاریگەری لەسەر خانی هەبووە.

**تەوەری دووەم : زمانی شیعریی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا**

زمان لە نێو دەقی ئەدەبیدا بەگشتی و ڕۆمانیش وەک ژانرێکی باڵای نێودەقە ئەدەبییەکان، لەبۆتەی ئەرکە ئاساییەکەی خۆی دەردەچێت، کەتەنها بۆ گەیاندنی بیر و ئاڵوگۆڕی هەست و سۆز و بۆچوونی نێوکارەکتەرکان بێت، بەڵکو زمان دەبێتە ئەودەروازەیەی کە ئاسۆی بیری ڕۆماننووسی لێوە دەردەکەوێت،خوێنەر لەڕێگەی زمانەوە بە بیر وتێڕامان و مەبەست و پەیامی ڕۆماننووس دەگات،بێگومان ئەو زمانەی کە دەقێکی ئەدەبی پێدەنووسرێت هەمانزمانی قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکی نییە،بەڵکو زمانێکی باڵاتر وبەهێزترە کەخاوەنی چێژێکی تایبەتە بەهۆی ئەو وێنە وسیمبول و تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی لە داڕشتنی دەقی ئەدەبیدا، ((زمان لایەنێکی گرینگ و بنەڕەتییە لە شێوازی ئەدەبیدا، چونکە زمان و مۆسیقا و وێنەی هونەری سێکوچکەی بنەڕەتیی شێوازی ئەدەبین))(گەرمیانی، 2013،ل 17).

واتە زمان جگە لەوەی دەبێتە دەربڕ و نیشاندەری وێنەی هونەری و هەڵگری مۆسیقا و ڕیتمی تایبەت، هاوکات هەر خودی ئەو زمانەی پێی دەنووسرێت دەتوانێت ببێتە کەرەستەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ خوێنەر،چونکە دەگونجێت هەر بابەتێکی ئاسایی، گەر بە زمانێکی شیعر وئەدەبی بنوسرێتەوە یاخود بگێڕدرێتەوە چێژێکی تایبەت وشێوازێکی ئەدەبی لەخۆیبگرێت (( دەشێت ڕووبەرکانی گێڕانەوە بەشێوە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی خۆی، یەکێکبێت لەسەرچاوە گرنگانەی زمانی شیعری پەنای بۆ دەبات، بەوپێیەی گێڕانەوە لە شیعردا میتافۆرە و وێنەکانی فراوانتر دەکات و خەیاڵێکی بەرینتر هەم بەشاعیر و هەم  بە وەرگریش دەبەخشێت، ئەمە وا لە شیعر دەکات لەدەرەوەی سنورە تەقلیدیەکانی خۆیەوە بۆ زمانێکی دیکە بگەڕێت، ئیدی دەچێتە نێوهەرێمەکانی گێڕانەوە و دیالوگ و بیۆگرافیا و شێوەکاری و وە بگرە سینەمایشەوە، هەروەک و چۆن ئەو لایەنە هونەری وئەدەبیانەی تریش شیعر ئاوێزانی خۆیان دەکەن))(ئەسوەد، 2006،ل118-119).

وەک دەبینین لەژێرکاریگەری ئەو زمانە ئەدەبییەی کە ڕۆماننووس ڕووداوەکانی پێدەگێڕێتەوە،دەکرێت کاریگەری زیاتری هەبێت لەخوێنەر بەبەراورد بەگێڕانەوەیەکی ئاسایی،چونکە لە دەقی ئەدەبیدا هەندێکجار نووسەر نایەوێت هەمووشتێک بە خوێنەر بڵێ، ئەوەش لە ڕێگای بەکارهێنانی میتافۆڕ و خواستن وڕەگەزەکانی دیکەی زمانی شیعرییەوە،ئەمەش لەپێناو

بەشدارییپێکردنی خوێنەر لەلایەک وهەوڵدان بۆ کورتی وچڕی زمانی داڕشتن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەلایەکی دیکەوە.

(( لە فەزای ڕووداوەکانی ڕۆماندا،هەمیشە گوزارشتی شیعری ئامادەیە و زمانی شیعری تەوەری سەرەکییە، لە نەبوونی ئەم زمانە شیعرییەش هونەری گێرانەوە ناتەواو دەبێت،چونکە ڕۆمان دەتوانێ لەڕێگای ئەم گوزارشت و دەربڕینەشیعریانەوە خۆی لە زمانی سەرزارەکیی و گفتوگۆی خەڵکی ئاسایی جیابکاتەوە))( زراری،2018،ل49).

واتە ڕۆماننووس هەرچەندە ڕۆمانێکی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەپێز بنووسێت،بەڵام ئەگەر نەتوانێت بە زمانێکی شیعری بینووسێت ئەوە ناتوانێت ئەو پەیامەی بەخوێنەر بگەیەنێت،چونکە ئەگەر ڕۆمان لە رووی بەکارهێنانی زمانەوە نەتوانێت چێژێک بە خوێنەر ببەخشێت و ئیستاتیکایەکی ئەدەبی بە دەقەکە بدات، ئەوە خوێنەر ناتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی یاخود هیچ چێژێک لە خوێندنەوەی نابینێت.ڕاستە ڕۆمان بەهۆی ئەوەی بەشێوەی پەخشان دەنووسرێت پێویستە نووسەری لێهاتووهەوڵی بەگەڕخستنی زمای شیعریی بدات ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی سیمبول کە ئەوە یەکێکیشە لە ئەرکە سەرکییەکانی زمانی شیعری ((کەواتە زمانی شیعریی دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت "سیمیۆلۆژی و ئیستاتیکی "یەکەمیان بەوەی کە یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگیی خۆیان ناگەیەنن،بەڵکو ئاماژە بەواتای تر دەکەن،دووەمیشیان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا" لەهەموو ئاستەکاندا " مۆسیقا، وێنەی شیعری ڕەوانبێژی...هتد، بەرهەم دێنێت))( حسێن، 2008،ل93).

واتە بە شێوەیەکی گشتی زمانی داڕشتنی ڕۆمان هەندێکجار لەسادەی خۆی بە دووردەگرێت و هەوڵدەدات دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی لە ڕاستەوخۆی و گووتنی ئاشکرا لابدات،بۆ ئەو مەبەستەیش بە شێوازی ئیدیۆم یاخود پەند و بەسەرهاتی فۆلکلۆری مەبەستەکەی دەردەبڕیت،سەبارەت بەهەردوو ڕۆمانی ( میرنامە و سێهەنگاو وسێدارەیەک) بە هۆی ئەوەی، کە ڕۆماننوس خۆی پێشتر ئەزموونی نووسینی شیعری هەبووە،خوێنەر تێبینی ئەو زمانە سادە و قوڵە دەکات کە ڕۆماننوس لە داڕشتنی ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناوە وەک زیندوکرنەوەو بەبیرهێنانەوەی چەندین بابەتی فەرهەنگی و کەلتووری کۆنی میللەتی کورد،بۆ نمونە لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا،( شێخ سەعید)گلەیی لە بەشداری نەکردنی خەڵکێکی زۆر دەکات لە

بەدەمەوەهاتنی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی وئەم نائومێدییەی خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت و دەڵێت:

(( ئەڵڵاهوووۆئەکبەر، ئەڵڵاهوووو ئەکبەر.

موریدی ناوتەکییە هەموو هەستان بۆ نوێژ.

تفەنگەکان بۆ کوردان بانگیان دا،لێ هەموو نەهاتن بۆ نوێژ.

ئەو نوێژەیان لەناو مزگەوتان و بە دەستنوێژێکی سووکی ئاو یان خۆڵ دەکرد،لێ نوێژی ئازادی، پێویستی بە دەستنوێژی خوێن هەبوو،هەربۆیەش هەرکەس نەهات!))دۆست، 2016،ل31).

ئاشکرایە لە نێوشیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، چەندین جار ئەو گوزارشتە بەکارهێنراوە کە(داری ئازادی بە خوێن ئاو ئەدرێت)بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە بەراوردکرنی (دەنگی تفەنگ ____ بانگی مزگەوت)و( دەستنوێژگرتن بۆ نوێژکردن _____ دەستنوێژگرتن بۆ نوێژی ئازادی )ڕۆماننووس لێرەدا بە شێوەی سیمبول پێمان دەڵیت لەبەر ئەوەی نوێژی ئازادی دەبێت بەخوێن دەستنوێژی بۆ بگیرێت، زۆر کەس ئامادە نبوون بێن بە دەم بانگەکەیەوە، کە تەقەی تفەنگەکان بانگی ئەوشۆڕشەیدا،پاشان لە کۆتایدا و لەدواساتەکانی بەردەم پەتی سێدارەدا(شێخ سەعید)بەشێوەی مۆنۆلۆگ بەسەرهاتی (حەزرەتی ئیبراهیم)ی دێتەوەیاد و لەدڵی خۆیدا لە خودا دەپرسێت ((شێخ سەیرێکی ئەو چلوشەش سێدارەی کرد و چیرۆکی ئیبراهمی خەلیل کەوتەوە بیری.

_ خواوەندی من تۆ دەبینی، تۆ بەرانێکت کردە قوربانیی کوڕی خەلیلی خۆت، ئەگەر تۆ ئێمە وەک قوربانیی گەلەکەمان قبوڵ دەکەیت، ئێمە ڕازیین))(دۆست،2016،ل121-122)لێرەدا ڕۆماننووس لەزاری پاڵەوانی ڕۆمانەکەی  کە خۆی دەچوێنێت بەو(بەرانەی)کە کرا بە قوربانی بۆ ڕزگاربوونی ژیانی (حەزرەتی ئیسماعیل ).داوا لەخوا دەکات چۆن بە هۆی بە قوربانیکردنی ئەو(بەران)ەوە،ژیان بۆ (حەزرەتی ئیسماعیل) گەڕایەوە،ئاوەهایش بە هۆی لەسێدارەدانی ئەمانەوە ژیان بۆ کوردان بگەڕێتەوە وەک چۆن دڵی (حەزرەتی ئیبراهیمی) خۆشکرد،داواکارە لە خودا کە دڵی کەسوکاری ئەم قوربانیانە خۆشبکات، بەکارهێنان وگێڕانەوەی ئەم ڕووداوە مێژوویە، ئاینییە و بەراوردکرنێکی گونجاوبۆ ڕووداوێکی گونجاو و لە کاتێکی گونجاودا نیشانەی خەیاڵ فراوانی بەهێزی زمانی شیعری وشێوازی نووسین و دارشتنی ڕۆمانەکەیە، لەلایەن ڕۆماننووسەوە،جگە لەوەش چەندین بابەتی دیکەی فەرهەنگی و فۆلکلۆری میللەتی کوردی تێدا باسکراوە وەک بابەتی (گوێز هەڵدان بۆ

سەر گومەز) لە لایەن (خدربۆتی)یەوە،کە دەرخەری بیرو باوەڕی کوردبووە لەوسەردەمەدا بەبابەتی (بەخت) و چاوەڕوانی کردنی بەخت بۆ ئەوەی خۆشبەختیان بۆ بهێنێت.(( _ سەعید مەگەر ئەوینی تۆ وپەریخانیش گومەزێک نەبوو،تۆ گوێزی دڵی خۆتت هەڵداشتە سەری))(دۆست،2016،ل125).

ئەم گوتەی (خدر بۆتی) ڕەمزێک بوو بۆ ئاماژەدان بەوەی کە خۆشەویستی نێوان ( شێخ سەعید و پەریخان) کە چۆن بە دڵشکاوی و بە نائاکامی کۆتای هات.خدری بۆتی دەیەوێت شێخ سەعید گوێزیک بۆ سەر گومەز هەڵبدات بۆ زانینی ئایندەی ڕاپەڕینەکەی.لە ئەگەری سەرنەگرتن و شکستپێهاتنی ئاگاداری بکاتەوە.ڕۆماننووس بەهۆی ئەم ڕەمزانەوە خۆی لە دیالۆگی ئاشکراو گووتنی ڕاستەوخۆ پاراستووە،ئەوەش هەم جوانییەکی تایبەتی بەخشیوە بە زمانی شیعریی ڕۆمانەکە ولەگەڵ ئەوەشدا چێژێکی ئەدەبی دەبەخشێت بە خوێنەر .(( دەبێت ڕۆماننووس شارەزایی لە زمانی شیعریی هەبێ وئەوەی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا تەوزیفی زمانی شیعری بکات و ڕۆمانەکەی لە زمانی وشکی بابەتە زانستییەکان وزمانی سادەی قسەکردنی خەڵک جیا بێتەوە))(زراری،2018،ل52).

ئەم زمانەشیعرییە لەنێو ڕۆمانەکەدا لە چەندین پەرەگرافی دیکەدا هەستی پێدەکرێت، ئەوەش بەبەکارهێنانی ڕەمز بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی وەک دەبینین شێخ سەعید پیتی (أ )دەکات بەڕەمز بۆ بەژنوباڵای (پەریخان)ی خۆشەویستی و دەڵێت ((  پەریخانی بەژنراستی وەک ئەلف  هەستا و ڕۆیشت خواردن بێنێت.ئەویش پیتەکانی خەیاڵی خۆی بەشوێن ئەلفی باڵای پەریخاندا، وەک باڵندە هەڵفڕاند.))(دۆست،2016،ل77)ئەم وێنە شیعرییە بەهۆی ئەو زمانە شیعریەوە بەرهەم هاتووە کە ڕۆماننووس هاوشێوەی نووسینی پەخشانە شیعرێک یان چیرۆکەشیعرێک پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی ڕەمز بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی هەرەوەها کورتبڕیی وچڕیی لەزمانی داڕشتنی ڕۆمانەکەدا.دواتر (شێخ سەعید)باسی نهێنی خۆشەویستی و یادگاری ئەو لەگەڵ پیتی (أ) دەکات، کە باوکی چەند سەرسامی ئەم پیتەبووە ((چاوی بەهەرشتێکی ڕەپوڕاست بکەوتبا دەیگوت:

_ئەمەوەک ئەلفە! منارەی مزگەوتان بە مانگیکەوانی سەریانەوە،لە ئەلف وهەمزەکەی سەری دەچێت،برووسک جارجارە ڕاستن وەک ئەلف ئەو خامەی پێی دەنووسی...))دۆست،2016،ل78) پاشان ئەم هەموو لێکچواندنەی نێوان ئەلف و شتە بینراوەکانی دەوروبەرمان ئەوە دەهێنێتە خەیاڵی (شێخ سەعید) کە ئەو هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە دووایین هەنگاوی ژیانی

لەبەردەم داری سێدارەی ڕاست و ڕێکی وەک ئەلف دەبێت، نە هاتبووە خەیاڵی کە گوریسی شۆڕبووەوەی حەڵقەلە کۆتایی هاوشێوەی پیتی ئەلفی هەڵگەراوە دەبێتە دێوەزمەی ژیانی و دووایین هەناسەی خۆی لە نێو حەڵقەی ئەو ئەلفەدا دەدات .((- ئەلف جوانە.

ئەو بە بابی دەگووت، لێ بە خەیاڵیدا نەدەهات کە دووایین ڕۆژی ژیانی خۆی لەبەر گوریسێکی چەورکراو و وەک پیتی ئەلف، ڕاوەستێ.))(دۆست،2016،ل79)بەکارهێنانی پیتی (ئەلف) وەک ڕەمز و کردنی بە سیمبولی بۆ کۆمەڵێک شتی جیاواز هەر لە بەژن و باڵای خۆشەویستەکەیەوە تا دەگاتە ئەو گوریسەی کە بەرەو مەرگی دەبات نیشانەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی بیر و خەیاڵی ڕۆماننووسە لە بەگەڕخستنی تواناى خۆی لە بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی بەرز، کە خوێنەر تامەزرۆی تەواوکردنی ڕۆمانەکەی دەکات .

**ڕۆمانی (میرنامە)یش** بە زمانێکی شیعری زۆر بەرزی ئەدەبی نووسراوە،ڕۆمانێکە تژیی لە ڕمز زمانێکی پڕ وێنەی شیعریی،لە نێو ئەم ڕۆمانە دوو ڕمز بەردەوام دووبارە دەبێتەوە ئەویش ڕەمزی (بارینی بارانێکی ڕەنگ مرەکەبی یان قەترە ڕەش،لەگەڵ سێجار کوژانەوەی مۆمەکان لەو شەودا کە خانی مردووە ) هەر لەگەڵ دەست پێکردنی ڕۆمانەکە و لەو کاتەدا کەپرۆسەی ناشتنی (خانی)یان ئەنجامدەدا و بارانێکی قەترە ڕەش دەباری بەڵام ئەمە سەرنجی هیچ کەسێک لەئامادە بووانی مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی ڕانەکێشا،تا ئەوکاتەی تەیموری فاسق هاواری کرد و ئەم بابەتەی ئاشکرا کرد.(( ئەو دڵۆپانەی دەبارین، پەیتا پەیتا ڕەشی دایدەگرتن،لێ سەرنجی کەسیانی ڕانەکێشت،تاکو دەنگی تەیموری مەیخۆر، ناسراو بە تەیموری فاسق،ورتەورتەکەی شێخ سەیفەدینی بڕی، کاتێک بەتوندی و ترسەوە قیڕاندی:

_ئەی هاوار! ئەمە چییە! مەرەکەب دەبارێت .))(دۆست،2017،ل25) وەک پیشتر ئاماژەمان پێکرد، ڕۆمانی میرنامە ڕۆمانێکی فرە گێڕەرەوەیە،ڕۆمانەکە لە مردن و ناشتنی خانییەوە دەست پێدەکات، زۆربەی گێڕەوەکانیش لە مەراسیمی ناشتنەکەدا ئامادەن،ئەم هاوارەی تەیموری فاسق، هەمووان بە ئاگادێنێتەوە وئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش بێت سەرنج و خەیاڵی هەمووان لەسەر گۆڕ و جەنازەکەی خانیی لادەبات و هەمووان سەرنجی ئەو دڵۆپە ڕەشانە دەدەن.تەنانەت (ئۆمەری خەزنەدار)یش،کە کوێربوو ((تەنانەت منیش وەک ئەوەی بیرم چوبێتەوە کوێربم،سەرم بەرەو ژوور هەڵبڕی...ناولەپەکانم درێژکردن، تاکونمە بارانەکانیان بەربکەوێت .پاشان بۆنم کرد، بۆنی مەرەکەبی ڕاستەقینەی لێدەهات))(دۆست، 2017،ل34).

هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی ئەم (مرەکەب بارینە )وەک ڕەمزێک دەمێنێتەوە،ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم مرەکەبەوە دید و بۆچوونی کارەکتەرەکانی دیکە لەمەڕ تێڕوانینیان بۆ ژیان و مردنی خانی دەردەخات .جگە لەوەش ئەوەی دەبێتە نهێنی و ڕاز لای خوێنەر و تەنانەت کارەکتەرەکانیش ئەوەیە، چۆن پێش (تەیموری فاسق) هیچ کەسێکی دیکە هەستی بەو بارانە نامۆیە نەکردووە، کە تەیمور هەستی پێکرد،ئایا ئەوە لەخەم و حەسرەتی ئامادەبووانەوە بووە بۆ لەدەستدانی خانی، یاخود لە پاکی و دڵسافی تەیموری فاسق بووە لە گەڵ خانیدا و ئەو هاوڕێیەتیە بەهێزەیان بوەهۆی ئەوەی کەئەو پێش هەمووان هەستی پێبکات .جگە لەوەش هەر خودی مرەکەب بۆ خۆی ڕمزێکی تایبەتە و ڕۆماننووس وەک تێگەیشتن لەو ڕەمزە بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ.

دەتوانرێت لە چەندین ڕووەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت ((دەشێ لە ئاستی یەکەمدا بارینی مەرەکەبی ڕەش لە مەرگی خانیدا وەها لێکبدرێتەوە کەتەنانەت گەردوونیش بۆ مەرگی ئەم کەسێتییە خەمبار بووە فرمێسکی ڕەشی بۆڕشتووە، لەئاستی دووەمدا خانی کەبەردەوام خەریکی نووسین بووە و بە کاغەز و مەرەکەبەوە خەریک بووە ئەو زانست و زانیارییو ئامۆژگاری عیشقە ڕاستەقینەی زێد و نیشتیمان ..ڕەخنەگرتن لە میران و دەسەلاتداران ...زیاتر بەنووسین و بە مرەکەبە ئەوە دەگەیەنێت کە خانی ئاسمانی فراوانی نیشتیمان و بایەزیدی پڕکردبوو لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و بەرهەمەکانی ئەو دوایی خۆی ولە بەخاکسپاردنیدا بەسەر وڵاتدا دەبارێن))(قەرەداخی، 2017، ل347).

واتە دەکرێت لە چەند ئاستێکی جیاوازدا لێکدانەوە بۆ بارینی ئەومرەکەبە بکرێت و دەکرێت وەک ڕەمزێک بۆ کۆتایهاتنی قەدر و ڕێزی زانست و زانیاری سەیر بکرێت چونکە خانی هەموو ژیانی لەگەڵ مەرەکەب بەسەر برد لە پێناو هۆشیار کردنەوەی خەڵکی، بەڵام ئایا دوای مردنی خانی چ کەسێک دەتوانێت بەو جۆرە لەڕێگەی مەرەکەب و نووسینەوە سەنگەر لە میرە کوردەکان بگرێت و نەچێتە ژێر رکێف وئەمریانەوە و بەڵکو بەرهەڵستیان بکات و داوای یەکگرتن و بە دەستهێانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان لێبکات، لە بری ئەوەی ببێتە شاعیری دەربار و خزمەتکاری دیوانی میرەکان و مەرەکەب و نووسینەکانی بخاتە خزمەتی میر و دەسەڵات دارەکان و خەریکی پیاهەڵدان و وەسف و سەنایان بێت.

پاشان هەستکردنی تەیموری فاسق لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا، کەبە کەسێکی مەیخۆر و سەرخۆش دانراوە نیشانەی ئەوەیە کە کەسانی دیکە سەرخۆش و بێ ئاگابوون بەرامبەر بەوە

مەرەکەبەی کە دەباری، چونکە ئەو کەسانەی دیکە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە مەرەکەب نەداوە،بۆیە دەگونجێت بەهۆی ئەوتێکەڵیەی هەیبووە لە گاڵ خانی زیاتر بەبۆنی مەرەکەب ئاشنابووە هەر ئەوەش بووە بەهۆی کە پێش هەمووان هەست بەو بارانە نامۆیە بکات .چونکە چەندین جار لە گەڵ خانیدا باسیان لە جیاوازی و لێکچونی نێوان بۆنی (مەی و مەرەکەب) کردبوو.(( سەیدا مەرەکەبی تێکەڵ بە شەراب کردبوو و دێڕەکانی دیباجەی کتێبەکەی پێنووسیبوونەوە...

سەیدا لە دۆش دامانەکەی من گەیشت، گوتی :

_ من ژان و حەسرەتی خۆمم تێکەڵ بەم مرەکەبە کردووە، چما تۆ بۆنی سوتانت نەکرد ؟... هەندێکجار لەبری ئاو،فرمێسکی خۆمی تێدەکەم )) (دۆست، 2017،ل31-32). واتە ڕاز و نهێنی ئەو مەرەکەبە لە هەمووکەس زیاتر لای تەیموری فاسق ئاشکرابوو.

هەروەها دەکرێت بەکارهێنانی ڕەمزی مەرەکەب بارینەکە بۆ ئەوەبێت، کە وەک چۆن باران دەبارێت دەبێتە هۆی سەوزبوون و ژیانەوەی دەشت و دەرو کانیاوەکان و ئاوەدانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت،ئاوەهاش ئەو مەرەکەب بارینە دەبێتە هۆی ژیانەوەی بیرو هۆشی خەڵکی بایەزید ودانیشتوانی کوردستان بەگشتی، واتە دەگونجێت ئەو مەرەکەب بارینەی دوای مەرگی خانی ئاماژەبێت بە هۆشیار بوونەوەی خەڵکی ئەگەر خەڵکی لە دوای مردنی خانی سوود لەو نووسین و ئامۆژگاریانە بە هەند وەربگرێت.لەبەر ئەوەی ڕۆماننووس لەڕێگەی زمانی شیعرییەوە ئیستاتیکای بە دەقەکەی بەخشیوە،چونکە ((هەندێک لە ڕەخنەگران واسەیری زمانی شیعری دەکەن کە زمانی شیعری زمانی ئیستاتیکا و هەڵچوونە و هێزێکی کاریگەر دەخولقێنێت بۆ بنیادنانی پردێک لە نێوان شاعیر و خوێنەردا،کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئەزموونی تایبەتی خۆی بەوپەڕی بەهێزی و کاریگەرییەوە بگەیەنێتە خوێنەر))(عیزەدین،2010،ل207).

ئەم بۆ چوونە بەتەواوی بۆ زمانی شیعری لەنێو ڕۆماندا درووستە،چونکە وەک دەردەکەوێت لەڕێگەی هەڵچوونە دەروونیەکانیانەوە هەر کارەکتەرێک و بە جۆرێک لێکدانەوە بۆ ئەو ڕەمزانە دەکات کەلە نێو ڕۆمانەکەدا هەیە.ئەوەش بۆخۆی جوانیەک وچێژێکی تایبەت بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت و لە یەک ڕەنگی و یەک دەنگی دەیپارێزێت.جگە لە مەرەکەب وەک ڕەمزێک (کوژانەوەی سێجاری لەسەریەک مۆم و چرا لە شەوی مرنی خانیدا،لە سەرجەم ماڵەکانی

بایەزید)ڕەمزێکی دیکەی نێو ڕۆمانەکەیە،بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان لەبارەیەوە دەدوێن و هەستیان بە ئەم حاڵەتە کردووە لەو شەوەدا.وەک (مەلا فەرید) چۆنێتی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە.دەڵێت ((بەزاتی پەروەردگاری مەزن،مۆمەکەی ماڵی منیش سێ جاران کوژایەوە.خەڵکەکە دەیانگوت ئەوشەوەی خانی تێیدا گیانی لەدەست دا،چراکەی ژوورسەری سێ جاران کوژایەوە،ئەو ڕووداوەیش لەهەموو ماڵەکانی بایەزیددا دووبارە بووەوە...چما ئەگەر زاتێکی مەزن و موبارەک نەبێت، پەروەردگار ئەو کەرامەتەی پێدەبەخشێت ))(دۆست، 2017،ل87) ئاشکرایە مۆم یان چرا ئامێری ڕووناک کردنەوەی تاریکی وهۆکاری بەرچاوڕوونی بەکارهێنەریەتی هاوکاریدەکات لەوەی تووشی زیان و ئازار نەبێت،کوژانەوەی ئەو چراو مۆمانە بە ڕەمزێک دادەنرێت بۆ ئاوابوونی ڕووناکی زانست و زانینی ئەو خەڵکەی (بایەزید)هەروەها وەک ئاگادارکردنەوەیەک بۆ هەموو خەڵک و لە یەک کاتدا مۆمەکان سێ جار لەسەر یەک کوژانەوە بۆ ئەوەی ببێە هۆی تێڕامان و جێی پرسیار لای هەموو خەڵکی،بۆ بەیانی و لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی(خانی) ڕاستەوخۆ و بێ ویستی خۆیان لە زیهنیاندا ئەم دوو ڕووداوە پێکەوە دەبەستریتەوە .ئەوەش بەهۆی ئەوەی خانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ئامادەبوو خۆی لە ژیانی شاهانەی نێو کۆشک و تەلاری میرەکان بەدووربگرێت،لە نێو تاریکی کونجی ژوورەکەی خۆیدا خەریکی نووسینەوەی داستانی ئەڤینی (مەم و زین)بووە،ویستویەتی لە ڕێگەی ئەو داستانە دڵداریەوە پەیامی نەتەوەپەروەری وخۆشەویستی خاک و زمان و نەتەوە لە دڵی یەک بەیەکی کورداندا بچێنێت.

بۆیە کاتێک ئەو ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی بیر و نەتەوەپەروەرییە کوژایەوە، ئەوە ڕاستەوخۆ مۆم و چرا لە سەرجەم ماڵەکانی بایەزید کوژایەوە .وەک (سۆفی حەیدەر) باس لەم خەمخۆرییەی (خانی) دەکات بۆ خەڵکی و دەڵێت (( شێخ ئەحمەد خوا پایەبڵندتری بکات.زاتێکی نورانی بوو.هێندە خەمی خەڵکی بوو.ئەوەندە خەمی دنیایی فانی نەدەخوارد))(دۆست، 2017،ل139).

هەر بۆیە خانی خۆی وەک ڕێبوارێک دەهاتە پێش چاو لەم ژیانەدا، بڕیاری دابوو تا ڕۆژی ڕۆشتن و جێهێشتنی ئەم دونیایە هەوڵی خزمەتکردن و هۆشیارکردنەوە و بەخیشنەوەی زانست و زانیای بدات بۆ خەڵک و وەک مۆمێک لە پێناو ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ژیانی ئەو خەڵکەدا بسووتێت.هەبۆیە دەکرێت کوژانەوەی سێجاری لەسەریەکی مۆم و چراکان ئاماژەبێت بۆ بە یەکجاری کوژانەوەی تەواوی ئەو مۆمەی، کە بڕیاربوو تا کۆتای ژیانی لە پێناو ڕووناککردنەوەی

ژیانی خەڵکی بسوتێت.بۆیە دەبینین کە ڕۆماننووس زۆر بە شارەزای توانی خۆی لەبواری بەکارهێنانی زمانی شیعری بە گەڕ خستووە و توانیویەتی هەردوو ئەرکە سەرەکییەکەی زمانی شیعری لە نێو ڕۆمانەکەدا جێگابکاتەوە، کە ئەویش ئەرکی سیمۆلۆژی بەخشینی زیاتر لە واتا فەرهەنگییەکانی ئەو وشەیەیەی کە وەک ڕەمز بەکارهاتووە،هەروەها ئەرکی بەخشینی ئیستاتیکایە بەدەقەکە.چونکە بەخشینی جوانی و چێژ بە دەقەکە ئەرکی بنەڕەتی زمانی شیعرییە ((مەرج نییە ڕۆمان بەزمانێکی شیعری بنووسرێت، وەلێ لە ڕۆماندا ڕستەی شیعری سەرنج ڕادەکێشێت و لە یادەوەری خوێنەردا دەمێنێتەوە))(حەسەن، 2010،ل29 ).

واتە هەرگیز خوێنەر چاوەڕێی ئەوە نییە کە ڕۆمانێک بخوێنێتەوە کە بەشێوەی شیعر لەژێر یاسای کێش وسەروا یاخود ڕیتم و مۆسیقای شیعریدا نووسرابێت،بەڵکو خوێنەر چێژ لەو دەربڕینە ئیستاتیکی و سیمبولیانە دەبینێت کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە،لەگەڵ ئەو دێڕە جوان و کاریگەرانەی کەبۆماوەیەکی زۆر وەک دێڕە شیعرێک کاریگەیان لەسەر خوێنەر دەمێنێتەوە و لەخیاڵیاندا ون نابێت .وەک دەبینین (جان دۆست) لە هەریەکێک لەو دوو ڕۆمانەدا چەندین دێڕی جوان و سەرنج ڕاکێشی وەهای تێدایە کە لە هزرو خەیاڵی خوێنەردا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە،وەک لە ڕۆمانی میر نامەدا دەڵێت کاتێک خانی لە (سۆفی حەیدەر)دەپرسێت ( ئەرێ سۆفی حەیدەر دڵ بەچی زاخاو دەدریت؟) پاشان خانی خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت(( سۆفی حەیدەر، دڵ بێ ئاگری ئیشق زاخاو نادرێت...

ــ بڕوانە ئەگەر ئاگری چراکە نەبووایە، ئێمەش بێ سایە دەبووین.سێبەر بوونە.بوونی سێبەریش لە هەبوونی ڕووناکی چرا و قەندیلانەوە دروست دەبێت،هەروەها ئەویندارییش بێ بوونی تیشکی ئاگری ئەوین، بوونی نییە.))(دۆست، 2017،ل137) .

هەروەها لە ڕۆمانی ( سێ هەنگاو سێدارەیەک)یش دا،چەندین ڕستەی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێش دەبین گێڕەرەوە لەباسی (شێخ سەعید)دا، لەبەردەم پەتی سێدارەدا دەڵێت ((دوو فرمێسک خۆیان دایە نێوان شێخ و هەڤاڵانی بە دارەوەکراو.دوو فرمێسک کەوتنە ڕێ،شێخ هەستی بەڕۆشتنی ساردی ئەوان بەسەر گۆنایەوە کرد))(دۆست، 2016،ل53) پاشان لەگەڵ یەکەم هەنگاوهەڵگرتنی شێخ و ناردنی بۆ خوێندن، باوکی ئامۆژگارییەکی دەکات وپێی دەڵێت (( کوڕی من ڕێگەی زانست و تەسەوف باریک و درێژە،قەت نەڵێی گەیشتمە کۆتایی ))(دۆست، 2016،ل53) ئەم دێڕانەو چەندین دێڕی دیکەی هاوشێوەی .بەهۆی ئەو زمان شیعرییەی

ڕۆماننووس بەکاری هێناوە وەک دێڕەشیعرێکی نایاب لە خەیاڵی خوێنەردا دەمێننەوە، چونکە ڕۆماننووس توانیویەتی لە ڕێگەی زمانی شیعریەوە چەندین وێنەی شیعری جوان بچنێت و دیمەنی دەیان وێنەی هونەری بە خوێنەر بگەیەنێت.

**تەوەری سێیەم : وێنەی شیعریی لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)**

بوونی وێنەی شیعری چەندێک بۆ شیعر گرنگە هێندەیش بۆ ڕۆمان گرنگە،چونکە بە هۆی ئەو دووروودرێژییەی، کە لە نێو ڕۆماندا هەیە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە لەڕووداو و کەسێتی و شوێن ...هتد.بەبێ بوونی وێنەی شیعری بەشێکی چێژی خۆی لەدەست دەدت.لەبەر ئەوە دەبینین ڕۆماننووس هەوڵدەدات بەهۆی سودوەرگەرتن لە تەکنیکی وەسف وێنەی شیعریی لە نێو ڕۆمانەکەیدا بچنێت.هەرچەندە ڕۆمان بەهۆی ئەو مەودا فراوانەیەوە کەهەیەتی بۆ گێڕانەوەی باباتەکان، کەمتر پەنا دەباتە بەر (خوازە و لێکچواندن ...) ڕەگەزەکانی دیکەی درووستکردنی وێنەی شیعریی.

واتەبەهۆی ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و دەربڕینی بۆچوون و قسەی کارەکتەرەکانە، نەک خودیی ڕۆماننووس ئەوا کەمتر وێنەی هونەری تێدا دەبینرێت بە بەراورد بە شیعر.مەگەر ڕۆماننووس کەسێکی بەسەلیقەو لێهاتوو بێت، وەک دەبینین ( جان دۆست) بەهۆی ئەوئەزموونە ئەدەبییەی، کە لەبواری شیعر نووسین هەیەتی. لە نێو رۆمانەکانیدا بە گشتی دەتوانین هەست بە بوونی ژمارەیەکی زۆی وێنەی شیعری بکەین.هەرچی سەبارەت بەهەردوو ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک، میرنامە) دەبینین هەریەکێکیان کۆمەڵێکی زۆر وێنەی شیعری تێدایە، بەجۆرێک خوێنەر هەست دەکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە لەڕۆمانێک زیاترە.بۆ نمونە لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک).چەندین جۆری وێنەی شیعری جیاواز دەبینین،واتە دەتوانین سەرجەم جۆرەکانی وێنەی شیعریی بدۆزینەوە.کە هەر لەسەرەتاوە خوێنەر لە ناوی ڕۆمانەکەوە هەست بە وێنەیەکی جوڵاو دەکات، کە کەسێک پاش ڕۆشتن و هەڵگرتنی سێ هەنگاو دەگاتە بەردەم پەتی سێدارەیەک،خوێنەر دەیەوێت بزانێت، کە چۆن کۆی ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە مەودای نێوان (سێ هەنگا تا گەشتنی بە ستەیجی سێدارەیەک ڕوویانداوە، یان ڕوودەدەن).

واتە هەر بەهۆی ئەو وێنە شیعرەی لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا هەیە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشت بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، کە ئەوەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی چنینی وێنەی شیعریی لەنێو ڕۆماندا،لە دوای ناونیشانەکە و هەر لەسەرەتاوە ڕۆماننووس بەچەند وێنەیەکی شیعریی یەک بەدوای یەک دەست پێدەکات و  وەسفی(شێخ سەعید) دەکات و وێنەی ئەو دێنێتە پێش چاومان لە ڕێگەی وێنەیەکی جوڵاوەوە دیمەنەکەمان پیشان دەدات و دەڵێت ((دیسانیش بەڕووی ئەو دوو سەربازەی شانیان گرتبوو، وەک ئەوە تازە لەسەر کانی گەڕابێتەوە،دەکەنیا!

وەک ئەوەی بەهارێک  ڕووخساری ڕامووسابێت و بەهەشتێک لەسەر ڕووخساری خێوەتی هەڵدابێت، پێدەکەنی، لەم تاریکییە کافرەدا ))(دۆست، 2016،ل7).

 یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر ڕۆمانێک هونەری دەستپێکە.واتە گرنگترین بەش لە نووسینی ڕۆماندا سەرەتا و دەستپێکی ڕۆمانەکەیە،چونکە یەکەم پەڕە لەلایەک دەبێتە هەوێنی سەرجەم ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و لە لایەکی دیکەیش دەبێتە خاڵی سەرنجڕاکێش بۆ خوێنەر کەمندکێشکردنی خوێنەر بۆ بە پەرۆشەوە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ئەگەر ڕۆماننووس بتوانێت سەرکەوتووبێت لەو دەستپێکەدا.یەکێک لە بنەماکانی ئەو سەرکەوتنەیش تەم ومژ و ناڕوونیە،لە مەبەست و ناوەڕۆک لەگەڵ پیشاندانی وێنەی شیعری سەرنجڕاکێش بۆ ئەوە خوێنەر بتوانێت ئەو دیمەنە بهێنێتە پێشچاوی خۆی، کە ڕۆمانەکە تێیدا دەستپێدەکات .وەک لەم یەکەم پەڕەی ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا دەیبینین.کە ڕۆماننووس بە ڕیزێک وێنەی هونەری دیمەنی (شێخ سەعید ) دەهێنێتە، پێشچاومان .

پاشان وێنەی دەموچاوی دەچوێنێت بە سەوزی و تەڕی و گەشاوەیی و جوانی بەهار، پاشان وێنەکە گەورەتر پیشان دەدات، کە دەڵێت (لەم تاریکییە کافرەدا) بەهۆی ئەم وێنەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کاتی ئەو ڕووداوە شەوێکی ئەنگوستەچاوی زۆر تاریک بووە،بەڵام بەهۆی ڕۆشنایی و و جوانی ڕووخساری (شێخ سەعید) دەرکەوتووە،گێڕەرەوە وەسفی ڕووخساری و بزەکردنەکەیمان بۆ دەکات بۆ ئەودوو سەربازەی کەشانیان گرتووە.لێرەدا خوێنەر بە وێنەیەکی شیعریی جوڵاو ئاشنا دەبێت. پاشان وێنەیەکی زەینی جوانتر لەلاپەڕەی دواتردا،وێنەیەک کە خوێنەر هەست بە جۆرێکی نوێ لە لێکچواندن دەکات، کاتێک ئەو وێنە شیعرییە دەخوێنێتەوە (( زۆربەی خەڵکی ئامەد لە خەودا بوون،هیچ کەس بەرلەوەی بچێتە خەو،کڵاوی پرسیاری

نەکردبووە سەر سەری خەیاڵی خۆی،کە بڵێی ئەمشەو لە داوێنی چیا چی بقەومێت ))(دۆست،2017،ل9).

لێرەدا ( شێخ سەعید) بەشێوەی مۆنۆلۆگ وێنەی ئەو خەڵکەی (ئامەد)دەهێنێتە پێشچاوی خۆی، چۆن هەمووان دەخەون بێ ئەوەی بیر لەوەبکەنەوە کە، ئەمشەو لەداوێنی چیا چی ڕوودەدات.لەو کاتەدا بە وێنەیەکی زەینی وەسفی ئەو خەڵکەمان بۆ دەکات، کە چۆن پێش خەوتن هەمیشە بیر لە داهاتوو دەکاتەوە،پرسیار دەربارەی داهاتوو دەکات، کە دەبێت چی بگوزەرێت؟ بەڵام هیچ کەس ئەمشەو پرسیار دەربارەی ئەوە ناکات ئای لەو داوێنی چیا ئەمشەو چی ڕوودەدات،کە مەبەست (شێخ سەعید) ئەوەیە، کە خەڵک بێئاگایە لەو ڕووداوە گەورەی لەو شەودا ڕوودەدات، کە لەسێدارەدانی شێخ سەعید و هاورێکانییەتی، لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە، خوێنەر بە دۆخی دەروونی کەسێتییە سەرەکییەکە، ئاشنادەبێت،کە ئەو پیشاندانی لایەنی دەروونی  پاڵەوانە، دەبێتە یەکێک لە بنەماکانی سەرکەوتنی ڕۆمانەکە، وەک (ئۆرهان پاموک) دەڵێت (( بەلای منەوە نووسینی ڕۆمان بریتییە لە، هونەری بینینی باری دەروونی کەسەکانی ناو ڕۆمان))(پامۆک،2016،ل103).

واتا دەرخستنی لایەنی دەروونی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێگەی چەندین ڕەگەزەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆمانەکە بەهێزتر و بە چێژتر ببێت، لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا ڕۆماننووس ( ڤێرجینا وۆڵف)پشتی بەم شێوازە بەستووە بۆ دەرخستنی لایەنی دەروونی کارەکتەرەکانی هەوڵیداوە بۆ (( بەرەوپێشبردنی  شێوازی شیعری لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمانەوە بە پشتبەستن بە تەکنیکی ئەزموونگەری، هاوشێیوەی ( مەنەلۆژیای ناوەکی، شێواز گەرایی شیعری گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ) تێڕوانینی  زۆرینەی تێیدایە،ئەوەی ڕەخنەگران بە شەپۆلی هۆشیاری دەیناسێنن))( تاهیر،2014،ل60).

لەم ڕۆمانەی (جان دۆست)یشدا ئەوە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە زۆرینەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن کەسێتی سەرەکییەوە بووە، گێڕانەوەکەش بەزۆری لە شێوەی (مۆنۆلۆگ یان فلاشباک)بووە،ئەمەش بووە بەهۆی ئەوی چەندین وێنەی هونەری لە ڕۆمانەکەدا بچینێت چونکە خودی پاڵەوان، کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بەهۆی کەمی کاتەکەیەوە کە تەنها (سێ هەنگاوە) تا دەگاتە سەر ستەیجی سێدارەو مردن،وا دەکات کە بە زمانی ڕەمز و هێما ڕووداوەکان بگێڕێتەوە لەو پێناوەیشدا بۆ کورتبڕی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی لێکچواندن و چەندین وێنەی شیعریی دروستدەکات.لێرەدا ڕۆماننووس وێنەیەکی  شیعریی لە جۆری وێنەی

زەینی پێشکەش بە خوێنەر دەکات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم وێنەیە لە زەینی خوێنەردا بمێنێتەوە، کەبەم جۆرە وەسفی مردن دەکات و دەڵێت (( لە ژێر ویزە ویزی گوللەدا، مێزەرەکەی لەسەری دانەدەگرت .ئەو نەیدەخواست بە قەڵافەتێکی شێواو لەشەڕدابێت!

_مردنیش سوڵتانە! دەبێ مرۆڤ بە قەڵافەت وشێوازێکی جوانەوە لە پشتی ڕاوەستێت!))(دۆست، 2016،ل34) وێنەی مردن وەک دەسەڵاتدارێک کە هەمووان لەژێرحوکمڕانی ئەودابن، بابەتێکی نوێ نییە لە نێو ئەدەبی کوردیدا،بەڵام چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سوڵتانە لەم وێنەدا گۆڕانێکی جەوهەری بەسەردا هاتووە،کە ئەویش ئەوەیە کە پێشتر مردن وەک دێوێک یان سوڵتانێکی خۆسەپێن ناسێنرابوو، بەڵام لێرەدا ( شێخ سەعید) وەک دەسەڵاتدار و سوڵتانێکی دادوەر و یەکسانیخواز سەیری دەکات و دەیەوێت بەوپەڕی پۆشتەی و ڕێکپۆشییەوە خۆی بۆ دیداری ئەو سوڵتانە ئامادە بکات.هەروەها لە وێنەیەکی دیکەی شیعرییدا، ڕۆماننووس بەم شێوەیە وێنەیەکی وەستاو دەچنێت لە وەسفی خۆردا و دەڵێت:

(( دوگمەی خۆر بەنێوەڕاستی جبەی ئاسمانەوە دروابوو(دورابوو)مرۆڤ وا هەستی دەکرد لە جێی خۆی ناجمێ و پەروەردگار ئەوی لەوێدا لەبیر کردووە))(دۆست،2016،ل112).

وەک دەبینین ئەم وێنەی هونەرییە هاوشانی ئەو وێنە شیعرییانەیە کە لە پەخشانە شیعر و شیعری ئازاد دا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیش بە هۆی بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی (لێکچواندن)چونکە ڕۆماننوس هەوڵیداوە بە کەمترین مەبەست و دەربڕین زۆرترین مەبەست وپەیام بگەیەنێت.کە ئەم کورتبڕییەش دبێتە هۆی چێژبەخشینی زیاتر بە خوێنەری ڕۆمانەکە.پاشان لە درێژەی وێنەشیعریەکاندا وێنەیەکی دیکەی هونەریمان بەرچاو دەکەوێت، کە وێنەیەکی وەستاوە و دۆخێکی تایبەت و کاتێکی دیاریکراومان دێنێتە پێشچاو چونکە (( وێنەی وەستاو تەنیا یەک دیمەن دەردەبڕێت، کە لەگەڵ دەروونی شاعیردا کەرەستەکانی ئاوێتە دەبێت و جۆرە جوانییەک دەدات بە تابلۆکە، شاعیر وێنەی شتەکان دەکێشێت بۆ ئەوەی چۆن ئەو هەستیان پێدەکات ئێمەش ئاوها هەستی پێبکەین،واتە وێنەی وەستاو هیچ جموجوڵی تیا نییە و بزواندن بە وێنەکە نابەخشێت و ئارامییان وەرگرتووە)) (ئەحمەد :119،2010) .

ئەم جۆرە وێنە لەئەنجامی وەسفکردن و پیشاندانی دیمەنێکی وەستاوەوەیە، کە لەم جۆرە وێنەیە زۆر دەبینرێت لە نێو ڕۆمانەکەدا،وەک دەبینین پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە، کە (شێخ سەعیدی

پیران)ە،بەم جۆرە وەسفی ئاسمان و تینوێت خۆی دەکات و دەڵێت (( دیسان ڕووی کردە ئاسمانی کەڕو لاڵا و وتی:

_ خودای من!

گاسنی تینوویێتی، قوڕگی وشکتر لە زەویی بایەری ئەوی، شێف بڕی ))(دۆست، 2016،ل131)لەم وێنە شیعرییەوە لە دۆخی پاڵەوانی ڕۆمانەکە تێدەگەین، کە بەجۆرێک بیر لە ئاسمان دەکاتەوە ە دەبوو بە دەم مەزڵومیەت و بێدادی  شێخ و هاوڕێکانییەوە بهاتبایە،بەڵام ئاسمان لە ئاست ئەم کارەساتەدا وەک (کەڕ و لاڵ)ێک،بوو تەنها وەک (تەماشاکەرێک) چاوی لە دیمەنی لە سێدارەدانی شێخ و هاوڕێکانی بڕیووە و بێدەنگ و بێ کردار بووە لە ئاستی ئەو ڕووداوە،بەڵام سەرەڕای ئەوەیش (شێخ سەعید) نایەوێت ڕاستەوخۆ گلەیی لە لە خودا بکات،بەڵکوئەودەیەوێت بەوپەڕی جوانی و گەشاوەییەوە خۆی بۆ دیداری خودا ئامادە بکات بۆیە بەو پەڕی حەسرەتەوە و بەهەناسەی ساردەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت (خودای من !) بێ ئەوەی هیچی دیکە بڵێت لە دوای ئەوە، بەڵام گێڕەرەوەی هەمووشتزان بە هۆی وێنەیەکی شیعرییەوە هۆکارێکی دیکەی ئەم بێدەنگبوونە دەردەخات، کە ئەویش زاڵبوونی (تینوویێتی)یە، بەسەر شێخدا.

واتا بە شێوەیەکی گشتی لەم ڕۆمانەدا دەیان وێنەی هونەری جوان بەدی دەکەین . کە زۆرینەی وێنەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر تینوێتی و بەهۆی خەیاڵ و بیرکردنەوە لە تەڕیی و گەیشتن بە ئاو لە ئەندێشەی کارەکتەرە سەرەکییەکەدا،بە دەیان جۆر باس لەو حاڵەتە کراوە،هەندێک جار لەلایەن خودی کەسێتییە مێژوویەکەوە کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی و هەندێکجاریش لەڕێگەی گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوەیە،وەک دەبینین لێرەدا گێڕەرەوەی هەمووشت زان بەم جۆرە وەسفی دۆخی (شێخ سەعید) دەکات (( ئەم تینوویێتیە زاڵمە واز لە قوڕگی شێخ ناهێنێت تینوویێتی بووبووە کێردێکی تیژ وبەردەوام پەنیری تەڕی خەیاڵی ئەوی لەت دەکرد))(دۆست، 2016،ل86) واتە چەندێک شێخ سەعید باس لە کاریگەری تینوێتیەکە دەکات لەسەری، گێڕەرەوەی هەمووشت زانیش بە هەمان شێوە چەندین جار تەئکید لە کاریگەری ئەو تینوێتیە دەکاتەوە لەسەر کەسێتییە سەرەکییەکە،کە هەندێک جار تینوێتیەکە و ڕادەی خەیاڵکردن بۆ گەیشتن بە ئاو دەبێتە ڕەمزێک بۆ پیشاندانی تینوێتی شێخ بۆ گەیشتنی بە سەربەخۆی و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی.واتە وێنەی شیعری جگە لە ئەرکە سەرەکیەکەی، کە بەخشینی چێژی هونەرییە بە دەقە ئەدەبییەکان دەبێتە سیمبولیش بۆ دەربڕینی مەبەست و پەیامی کارەکتەرەکان.

**وێنەی شیعریی لە ڕۆمانی (میرنامە)دا**

ڕۆمانی میرنامە وەک هەر ڕۆمانێکی دیکەی (جان دۆست) خوێنەربە چەندین وێنەی شیعریی ئاشنا دەبێت،کە دەبێتە هۆی زیاتر چێژبەخشین بە ڕۆمانەکە و زیاتر تامەزرۆکردنی خوێنەر بۆ تەواوکردن و زانینی کۆی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە.وێنەیەکی شیعری کە بەدرێژایی کۆی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە،ئەویش دووبارەبوونەوەی دیمەن و ئەو هاوارەی (تەیموری فاسق)ە، کە وێنەی مەرەکەب بارین دەهێنێتە پێش چاومان (( دەنگی تەیمووری مەیخۆر، ناسراو بە تەیمووری فاسق، ورتەورتەکەی شێخ سەیفەدینی بڕی، کاتێک بەتوندی وترسەوە قیڕاندی:

_ ئەی هاوار،ئەمە چییە!مەرەکەب دەبارێت .))(دۆست، 2017، ل 25) ئەم هاوارە دەبێتە هێڵێکی درێژ و بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە، کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە لە پاش باسکردنێکی (مەرەکەب )بارینەکەوە، ڕووداوەکان دەگێڕنەوە.بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە وەسف کردنی ئەو دیمەنی مەرەکەب بارینە،لای هەر کارەکتەرێک و بەجۆرێک دەگێڕدرێتەوە و ئەم شێوازی گێڕانەوەیش دەبێتە دەرخەری باری دەروونی کارەکتەرەکە و تێڕوانی ئەو لەمەڕ ژیان و مردنی خانی، لە وەسفی هەر یەکێک لەم کارەکتەرانەوە وێنەیەکی جیاوازی ڕوووداوەکەمان پیشاندەدرێت.وەک لە دیمەنی یەکەمدا دەبینین لە لاپەڕە (25) (تەیموری فاسق)یەکەم کەسە ئەو دیمەنە دەبینێت و بە مەرەکەب وەسفی دەکات.ئەوەش بەهۆی خۆشەویستی بۆ خانی و زانینی پەیوەندی نێوان ( خانی و مەرەکەب) بارانەکە بە مەرەکەب ناو دەبات .پاشان (ئۆمەری خەزنەدار)لە لاپەڕە (34)بەم جۆرە وەسفی دیمەنەکە دەکات (( هەڵبەتە کوێری مەرەکەبێکە، تەنیا نابیناکان دەکارن دێڕەکانی بخوێننەوە،بەڵام ئەو ڕۆژە ئەز نەمتوانی ئەو دێڕانە بخوێنمەوە،کە بارانی مەرەکەب دەینەخشاندن،ناو لەپەکانم درێژکردن تاکو نمەبارانەکەیان بەربکەوێت،پاشان بۆنم کرد،بۆنی مەرەکەبی ڕاستەقنەی لێدەهات))(دۆست،2017،ل34).

وەک دەردەکەوێت بەهۆی پەیوەندی دۆستایەتی نێوانیانەوە (ئۆمەری خەزنەدار) بارانەکە بە مەرەکەب ناو دەبات و ئاواتە خوازە، کە بینای بۆ چاوەکانی بگەڕابایەتەوە بۆ بینینی ئەو مەرەکەب بارینە،کە ئەوە دووەم جاری بووە لە هەموو ژیانیدا لە پاش کوێربوونی ئاواتەخوازبووە، کە بینیای بۆ بگەڕایەتەوە و بەچاوی خۆی ئەو مەرەکەب بارینەی ببینیایە.پاشان کارەکتەرێکی دیکە، کە (مەلا فەرید) لە لاپەڕە(79) بە جۆرێک وێنەی ئەو دیمەنەمان بۆ دەکێشێت کە توشی سەرسوڕمان

دەبێت بەو بارانە(( بەرلەوەی تەیموری فاسق بقیڕێنێ(مەرەکەب دەباری)،سەرنجی ئەوەم دابوو بارانەکە تاریک بوو. دەمزانی ئەوە باران نییە،لە هەموو ژیانمدا بارانی وام نەدیبوو))(دۆست،2017،ل79).

واتە بە هۆی خۆشەویستی ئەم کارەکتەرە بۆ خانی لە پێش (تەیموری فاسق)ەوە،هەست بە جیاوازی ئاو باران و ڕەنگی بارانە دەکات.بەڵام بەهۆی خۆشەویستی بۆ خانی و لە دڵتەنگی بۆ ئەو کۆچە ناوادە نەیتوانیوە دەریبرێت. یەکێکی دیکە لەوکارەکتەرانەی کە دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ خانیی هەبووە بەو جۆرە وەسفی مەرەک بارینەکە دەکات کە (میسک و عەنبەر) باریبێت،کە ئەویش (سەلاحەدینی سەحاف)ە،کە بەم جۆرە وێنەی دیمەنەکەمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت (( ــ وەی باڤۆ مەرەکەب دەبارێت مەرەکەب.

هەموو سەرمان بەرەو ئاسمان سەرمان هەڵبڕی.دڵۆپی ڕەش لە شێوەی میسک و عەنبەر لەگەڵ بایەکەدا دەهاتن و دەچوون،هەر هێندەی کەوتنە سەردەستمان و بۆنمان کردن، بەڕاستی بۆنی مەرەکەبیان لێدەهات ))(دۆست،2017،ل169–170) وەک دەبینین پەیوەندی و تێڕوانینی کارەکتەرەکان بۆ خانی دەبێتە هۆی گۆڕینی وێنەی و دیمەنەکان.ئاشکرایە ئەو کارەکتەرانە کە دۆستایەتی و هاوڕێیەتییان لەگەڵ خانی هەبووە، بە جۆرێک وەسفی ڕووداوەکە دەکەن، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ وەسفی ئەو کارەکتەرانەی کە پەیوەندی هاوڕێیەتیان نەبووە، یاخود مردنی خانی دڵتەنگی نەکردوون و هیچ کاریگەرییەکی دیکەی ئەوتۆی لەسەر جێنەهێشتوون.چونکە ئەو کارەکتەرانەی پەیوەندی هاڕێیەتی و خۆشەویستیان لەگەڵ خانی هەبووە،ڕاستەوخۆ بیریان بۆ مرەکەب و مسک و عەنبەر دەچێت کاتێک سەرنجی ئەو بارانە دەدەن پاش هاوارەکەی (تەیموری فاسق)وەک ئەونمونانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

بەڵام چەند کارەکتەرێکی دیکە ئەگەر دڵخۆش نەبووبن بە مردنی خانی ئەوا مردنەکەی هیچ خەمباری نەکردووە،لەبەر ئەوە لێکدانەوەی دەروونی و وەسفی ئەم کارەکتەرانە بۆ مەرەکەب بارینەکە بە جۆرێکی دیکەیە، وەک دەبینین (بوهاری شاعیر)کە کارەکتەرێکە، هەمیشە حەزی بە کەوتن و دژایەتی کردنی خانی بووە، تا لە ژیاندا بووە، پاش مردنیشی ڕووداوی مرەکەب بارینەکە هیچ سەرنجی ڕاناکێشت و بەم جۆرە وەسفی دەکات:

(( گەیشتمە گۆڕستانەکە،کورتەکەکەم پنتک پنتک وەک خاڵخاڵۆکەی لێهات .ئەریٚ بەخوا!بارانی ڕەش دەباری، خەڵکە دەیانگووت ئەمە یەکێکە لە کەرامەتەکانی شێخی خوالێخۆشبوو.دەیانگووت ئەوە مەرەکەبە لە ئاسمان دەبارێت،من بەوەی دەیانگوت دڵم خەریکبوو ئەتەقی...کورە برا لە ڕۆژی مردنی فیردەوسیش دا مەرەکەب نەباریووە))(دۆست، 2017،ل67) واتە ئەوەی باریووە (بوهاری )وەک جۆرێک لە غەزەب سەیری دەکات، کە پێیوایە وەک خاڵخاڵۆکە بەسەر جلەکانەوە دەمایەوە.کە بە بارانی ڕەش وەک ڕەمزێک بۆ ڕووداوێکی خراپ یان پێشهاتێکی خراپ سەیری دەکات.پێوایە (خانی لە فیردەوسی )مەزنتر نییە،بۆیە گاڵتە بە عەقڵی ئەو خەڵکە دەکات، کە پێیان وایە بۆ مەرگی خانی مەرەکەب دەبارێت،بۆیە بوهاری هۆکاری ئەو بارانە ڕەشە دەگێڕێتەوە بۆ (( ڕۆژێکی ساردبوو،هەمووان ئاگردانیان گڕ دابوو و ستوونی دوکەڵی ڕەش لە هەمووماڵێکەوە بە ئاسماندا بڵنددەبووەوە،وام لێکدایەوە ئەو دوکەڵەی بەئاسماندا دەچوو و تێکەڵ بە هەورەکان دەبوو، ڕەنگی بارانەکەی ڕەشکردبێت.لێ کێ باوەڕی پێدەکردم !))(دۆست، 2017،ل 67).

ئەم بۆچوونەی بوهاری شاعیر گوزارشتە لەوەی کەتەنها ئەو باران بارینەی کە خەڵکی دیکە زۆر پێی سەرسام بوون لەپاش هاوارەکەی (تەیموری فاسق )هیچ نابێتە جێگەی سەرسوڕمانی ئەم و بەڵکو بە پێچەوانە جارێک زۆری پێناخۆش دەبێت، کە لەپاش مەرگیش، خەڵکی هێشتا واز لەوەسف و پیاهەڵدانی (خانی ) ناهێنن.لەلایەکیشەوە پێکەنینی بە عەقڵیەتی ئەو خەڵکە دێت کە باوەڕ بەوە دەکەن ئەوەی دەبارێت مەرەکەبە و لەبەر کۆچی دوای خانی ئاسمان شیوەن دەگێڕێت و لە بری باران، مەرەکەب دەبارێنێت .بێگومان ئەم وەسفەی (بوهاری ) شاعیر بۆ ئەو دیمەنەی کاتی ناشتنی خانی، دەرخەری لایەنی دەروونی ئەو کارەکتەرەیە و ڕۆماننووس ڕێگەی بە کارەکتەرەکان داوە، کە هەر کارەکتەرێک بە پێی گۆشەنیگاو بۆچوونی خۆی وێنەی دیمەنەکەمان بۆ بکێشت و وەسفی ئەو کات و ساتەمان بۆ بکات.ئەوەش یەکێکە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی وێنەی شیعریی، کە ڕێگە بە کارەکتەرکان دەدات، کە بەپێی کاریگەری و ڕۆڵی ڕووداوەکانی چواردەور لەسەر کارەکتەرەکە وێنەی دیمەنەکانمان پیشانبدات.

بێگومان جگە لەو وێنە شیعریانەی بەهۆی دیمەنی مەرەکەب بارینەکەوە هەیە،لە نێو ڕۆمانەکەدا دەیان و سەدان وێنەی دیکەی شیعریی هەیە، کە چێژی تایبەتی بە ڕۆمانەکە بەخشییەوە و بووە بە بنەمای ئیستاتیکی بۆ دەقەکە.بۆ نمونە لە کاتی سەردانی بوهاری شاعیر بۆ لای خانی، کە دەیەوێت بە بێ ئاگای خانی ئەو غەزەلە بخوێنێتەوە کە خانی نووسیویەتی، بەڵام خانی دەیبینێت

و بەم جۆرە وێنەی ئەو دیمەنەمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت ((چاوم بەو دێڕانەکەوت، کە لەسەر چەند کاغەزێکی نووسیبوون،ئەویش تێبینی سەرنجەکەمی دا،کە وەک قەلەڕەشێک بەسەر بەفری کاغەزەکانییەوە نیشتەوە و دەندووکی لەو پەیڤانە دەدا، کە خەیاڵی وەک دەنکە گەنم ڕشتبوونی ))(دۆست، 2017،ل72) .

ئەم وێنە شیعرییە کە بەهۆی وەسفکردنی کاغەزەکەی بەردەستی خانی و چۆنێتی لێکدانەوەی خانی بۆ ڕوانینەکانی بوهاری کێشراوە، خوێنەر زیاتر کەمندکێش دەکات بۆ بەردەوامیدان بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە، لە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکەش ئەم وێنە هونەریانە دەبنە هەوێنی مانەوەی دیمەن و دیالۆگ و مەبەست و پەیامی سەرەکی ڕۆمانەکە لە هزر و خەیاڵی خوێنەردا لەگەڵ ڕۆڵی ئەو کەسێتییە مێژوویەدا کە لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە،چونکە ئاشکرایە چەندجار باس لە دیمەنی ئەو بارانە نامۆیە کراوە ئەوەندە جاریش بە هاوشانی باسی کەسێتی مێژووی نێو ڕۆمانەکە کە هەریەکێکیان بە جۆرێک ئەو دیمەنی مەرەکەب بارینە دەبەستێتەوە ڕووداوی مردنی (ئەحمەدی خانی)کە کەسێتییەکی مێژووی و پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکەیە،هەموو ئەم وێنە هونەریانەیش هۆکارێکی کاریگەرن و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە ناساندنی زیاتری ئەو کەسێتییە مێژووییەی، کە لە نێو ڕۆمانەکەدا هەیە .

## ئەنجام

1. ڕۆمانی مێژوویی، مێژوویەکی قووڵی هەیە لە ناو ئەدەبی کوردیدا، گرنگی ڕۆمانی مێژووی لەوەدایە کە کەسایەتییە نەتەوەییەکان لە مێژوو وەردەگرێت لە ڕێگای فەنتازیا و خەیاڵی داهێنەرانەوە بەرگی ئەدەبی بەبەردا دەکات و زیندوویان دەکاتەوە. بۆنمونە هەوڵەکانی ڕۆماننووسی کورد (جان دۆست) لە بواری گەشەپێدانی ڕۆمانی مێژوویی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە.ئەم ڕۆمانە مێژوویانە دەبنە هۆکارێک بۆ زیندووهێشتنەوەی ناوی ئەو کەسایەتییە مێژوویانە و هەوڵ و تێکۆشان و خەباتیان لە پێناو گەلی کورددا.
2. ڕەگەزی کەسێتی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری ڕۆمان،ڕۆڵەکەی بەجۆرێکە لەبینای ڕۆماندا،کە گۆڕانکاریی لەجۆری کەسێتییەکەدا جۆری ڕۆمانەکە دەگۆڕێت،وەک دەبینین بە هۆی کەسێتی مێژووییەوە، ڕۆماننووس ڕۆمانێکی مێژووی نووسیوە.
3. کەسێتییە لاوەکییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە دەرخستنی کەسێتییە سەرەکییەکان، لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسفکردنەوە ڕۆشنایان خستوەتەسەر ڕەفتار و هەلویست و بۆچونەکانی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە.
4. ڕۆماننووس هونەریانە سوودی لە ڕووداوە مێژووییەکان وەرگرتووە،لە گۆشەنیگای خۆیەوە ئەم ڕووداوە مێژوویانەی خستووەتە ڕوو،باسی لە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەو کەسێتییە مێژووییانە کردووە،وەک دەبینین هەندێکجار جگە لە وەسفکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەک خۆیی، ڕەخنەیشی لەو کەسایەتیانە گرتووە.
5. ڕۆماننووس شارەزاییەکی باشی لایەنی مێژوویی و جوگرافیای هەردوو قۆناغەکەی ئەو دوو کەسێتییە مێژووییە،کە ( ئەحمدی خانی ) و ( شێخ سەعیدی پیران)ە.لە گەلێک ڕووەوە هونەریانە ئەو کەشەی بەستووەتەوە بە هەردوو کەسایەتییەکەوە.
6. لە ڕۆمانی (میرنامە)دا، قۆناغێکی گرنگی ئەدەبی لە مێژووی گەلەکەمان تیشکی دەخرێتەسەر،کە پێشتر هیچ ڕۆماننووسێکی دیکە ئاماژەی بەو لایەنانە نەکردووە، لە ڕۆمانی ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک) تیشک دەخرێتە سەر قۆناغێکی گرنگی سیاسی ،لە بزافی ڕزگاری خوازی گەلەکەماندا،کە جیاوازە لە مێژوونووسان،ڕۆماننووس بە شێوازێکی هونەری کۆمەڵێک ڕاستی هەڵهێنجراوی لە کۆی ڕووداوەکان لە زاری کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە خستووەتەڕوو،کە هەم نوێن و هەمیش واقیعین.

7. ئەحمەدی خانی کەسێکی جیاوازبووە،بڕوای بە ئازادی تاک هەبووە و هەمیشە پشتیوانی لە چینی هەژاران کردووە، ڕەخنەی لە دەسەڵاتداران گرتووە وەک فەیلەسوفێکی سەردەمەکەی خۆی کۆمەڵێک بنەماو ڕاستی لەبارەی ژیانی کوردەواری و پەیوەندی بە دوەروبەرەوە خستووەتە ڕوو. هەروەها لە ڕۆمانی ( میرنامە)دا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی ،کە خانی کەسێکی دڵسۆز و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزبووە،نەک تەنها لای موسڵمانان بەڵکو ئیزیدییەکان،بیروباوەڕەکانی دیکە خۆشەویست بووە.
8. لە ڕۆمانی ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک) دا،( شێخ سەعیدی پیران) وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی لەچوارچێوەی دوەڵەتی عوسمانی خەبات و شۆڕشی بەرپا کردووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانییەکانی نەتەوەکەمان.
9. هونەری گێڕانەوە، لە هەردوو ڕۆمانەکەدا بە هەردوو شێوازی بابەتی و خودی لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدایە بەو شێوەیەی کە خوێنەر لە زنجیرەیی بیۆگرافی و پێگەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەردووکیان بە کۆماڵێک زانیاری هەمەجۆر ئاشنا دەبێت،کە پێشتر بەشێوازی جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو.

10- لەو ڕۆمانانەدا(فلاشباک) ڕۆڵی گیڕانەوەی ڕووداوەکانی گێڕاوە.هەروەها هونەرەکانی (دیالۆگ و مۆنۆلۆگ) وەک ڕێگەیەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕۆڵیان هەیە،بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆمانەکاندا سوودی لێبینراوە.

11- ئەم ڕۆمانە مێژووییانە وەک هەرجۆرێکی دیکە ڕۆمان خاڵی نین لە ( وێنەی شیعر و زمانی شیعری)،هەر وەک دەبینین لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە ) و ( سێ هەنگاو و سێدارەیەک) ڕۆماننووس دەیان وێنەی هونەری چنیووە.هەروەها بە هۆی ئەو زمانە شیعرییەوە کە بەکاری هێناوە لە چەندین پەرەگرفدا خوێنەر هەست بەوە دەکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕۆمانە شیعرێکە یاخود پەخشانەشیعرێکی هونەرییە.

**لیستی سەرچاوەکان :**

**لیستی سەرچاوە کوردییەکان:**

**کتێبە کوردییەکان:**

1- ئەحمەدزادە. هاشم.٢٠١٢.زمان ئەدەب و ناسنامە.چاپی یەکەم. هەولێر.چاپخانەی ئاراس.

2- ئەحمەدزادە. هاشم.٢٠١٥.جیهانی ڕۆمان.چاپی یەکەم. سلێمانی.چاپخانەی پەنجەرە.

3- ئەحمەد.کەمال مەزهەر.٢٠٠٤.ڕێنسانس.وەرگێرانی فوئاد مەجید میسری.چاپی دووەم. سلێمانی. چاپخانەی شڤان.

4- ئەحمەد.شوان.٢٠١١.ئەو شاعیرەی بیری چوو بژی چەند بابەتێکی فکری و ئەدەبی.چاپی یەکەم.

5- ئەحمەد.کەمال مەزهەر.١٩٧٨.تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نوسی کوردیدا. .بغداد.چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی.

6- ئەحمەد.کەمال مەزهەر.١٩٨٣.مێژوو. بغداد. مطابع .دارالافاق العربیە.

7- ئەحمەد : پەخشان علی، شێوازی شیعری گۆران، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009 .

8- ئەحمەد،محەمەد نوری،2003،بونیاد( زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا-ژانی گەل وەک نمونە)،چاپی یەکەم، سلێمانی،ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک.

9- ئەڵوەنی.نەجم خالید نەجمەدین .٢٠٠٤.بینایی کات لە سێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل،شار،ڕاز). سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

10- ئەڵوەنی.نەجم خالید نەجمەدین.٢٠٠٩.کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی- دا .چاپی یەکەم هەولێر.چاپخانەی موکریان.

11- ئەسوەد.نەوزاد ئەحمەد.٢٠١١.فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی. سلێمانی.چاپخانەی بینایی.

12- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،2006،ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی،چاپی یەکەم: کوردستان، سلێمانی،لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

13- ئەرستۆ.٢٠١١.هونەری شیعر(شیعرناسی).وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی عەزیز گەردی.چاپ دووەم. سلێمانی.چاپخانەی ڕەنج.

14- ئۆڵسن.ڕۆبەرت.١٩٩٩.ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران. وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو. سلێمانی.یلاوکردنەوەی دەزگای (نگاە).

15- برادبری.م.ە. ئیبزامر مالکام.٢٠٠٨.ڕۆمان چییە؟.وەرگێڕانی، جەواد مستەفا.چاپی یەکەم. دهۆک.چاپخانەی حانی.

16- بەرواری. هێڤی.٢٠١٠.ڕێبازێن ئەدەبی.چاپا ئێکێ. دهۆک.چاپخانا هاوار

17- بەرزنجی.عومەر مەعروف.١٩٧٨.لێکۆڵینەوە و بیلۆگۆافیای چیرۆکی کوردی١٩٢٥-١٩٩٩.بغداد.

18- پیربال.فەرهاد.٢٠٠٤.ڕێبازە ئەدەبییەکان.چاپی یەکەم. هەولێر.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

19- پیربال.فەرهاد.٢٠٠٧.خەباتێک لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە.چاپی یەکەم. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

20- پامۆک،ئۆرهان، 2016،وەرگێڕانی : بەکر شوانی، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.

21- حەمە .ئارام.٢٠١٧.پەپولەکانی تاریکی.چاپی یەکەم. سلێمانی.چاپخانەی کارۆ.

22- حوسێن. هیمداد.٢٠١٤.ڕێبازە ئەدەبیەکان.چاپی سێیەم. هەولێر.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.

23- حسەین.هەڤاڵ ئەبوبەکر.٢٠٠٧.چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە (ژیان و ژین)دا (١٩٣٢-١٩٥٠).سلێمانی.چاپخانەی شڤان.

24- حەسەن، حەمەسەعید.٢٠١٠.لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم.چاپی یەکەم. هەولێر.بڵاوکردنەوەی ئاراس.

25- حسەینی.ڕەزا سەید.٢٠٠٦.قوتابخانە ئەدەبییەکان.وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف.چاپی یەکەم.چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

26- خەلیل.ئیبراهیم محمود.٢٠١٧.ڕەخنەی ئەدەبی نویَ لە لاسایی کردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە گەرایی.وەرگێڕانی محمد تاتانی.چاپی یەکەم. کەرکوک.

27- خەیات .ئاری عوسمان.٢٠١١.بنیاتی ڕوداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی خەسرەو جاف و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی عبدالخالق کابی دا.لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارییە.چاپی یەکەم.چاپخانەی نارین.

28- خەزنەدار.مارف.٢٠٠٢.مێژووی ئەدەبی کوردی.بەرگی دووەم سەدەکانی چوارەم- هەژدەهەم.چاپی یەکەم. هەولێر.چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

29-داو بتغایر.ئەدوارد بڵشن دایان.١٩٨٢. ڕۆمان و پیشەی نوسینی ڕۆمان.وەرگێڕانی ئەژی گۆران. بەغداد. دەزگای چاپ و ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

30- دارک.سیدنی.٢٠٠٢.مێژووی ڕێنسانس.وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو.چاپی یەکەم. سلێمانی. چاپخانەی داناز.

31- دۆست.جان،٢٠١٦،سیَ هەنگاو و سێدارەیەک-شەوی کۆتایی ژیانی شێخ سەعیدی پیران،داڕشتنەوەی سۆرانی : وریا غەفووری، چاپی یەکەم،چاپخانە تاران.ناوەندی غەزەلنووس – بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

32- دۆست.جان .٢٠١٧،وەرگێڕانی :سەباح ئیسماعیل،چاپی سێیەم، چاپخانە تاران.ناوەندی غەزەلنووس –بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

33-ڕەشید.سابیر.٢٠٠٧.ڕۆمانی کوردی. هەولێر..دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

34- ڕەشید.سابیر.٢٠٠٧.ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار.چاپی یەکەم. هەولێر.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

35- سابیر.پەرێز.٢٠٠١.بینایی هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.سلێمانی.

36-ساڵەح، تانیا ئەسعەد محەمەد، ٢٠١١،بینایی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ( هیلانە- ئەژدیها)،چاپی یەکەم .دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.سلێمانی.

37- سەعید.دانا علی.٢٠٠٨.هەژان.بروسکە گەڕانێکە بە ناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی.چاپی یەکەم.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی.

38- سەڕاج.عەبدوڵڵا.٢٠٠٧.بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان.چاپی یەکەم.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.سلێمانی.

39- سدیق،شاخەوان،2020،تێگەیشتن لە ڕۆمان(دیداری ئەدەبی)،چاپی یەکەم،سلێمانی.

40- سدیق،ئارام، 2009،ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

41- سوجادی.عەلادین.١٩٧١.مێژووی ئەدەبی کوردی.چاپی دووەم. بغداد.چاپخانەی معارف.

42- سیوەیلی.ڕێبوار. ٢٠٠٥. دنیای شتە بچوکەکان.چاپی دووەم.چاپخانەی ڕەنج.

43- شافانا.فرانسواز.٢٠١٤.ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار.وەرگێڕانی هەورامان وریا قانع.چاپی یەکەم. تاران.چاپخانەی رجایی.

44- شێخ محەمەد.سەنگەر قادر.٢٠٠٩.بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا.چاپی یەکەم. دهۆک.چاپخانەی خانی.

45- عارف.حسێن.١٩٧٧.چیرۆکی هونەری کوردی.(١٩٢٥-١٩٦٠). بغداد. دار الحریە للطباعە.

46-عارف.حسێن.١٩٨٧.بیلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٨٣).چاپی یەکەم. هەولێر.چاپخانەی ڕۆشنبیری.

47- عوسمان.ڕێزان.٢٠١٠.بنیاتی جۆرەکانی ڕوداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان دا ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠).چاپی یەکەم.هەولێر.

48- عیزەدین، سامان،٢٠١٠،بنیادی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا،سلێمانی،چاپخانەی کەمال.

49- کەسنەزانی. بوشرا.٢٠١٢.پلوت لە چیرۆکی کوردیدا لە ساڵی (١٩٩٥-٢٠٠٥).سلێمانی. چاپخانەی لەریا.

50- کاکە وەیس.جەلیل.٢٠٠٥.ڕۆمانی کوردی پەرتبوونی ڕوداو و نازیندەیی شا کەس. سلێمانی. چاپخانەی بینایی.

51- مەنتک.حەمە.٢٠١٣.سەرەتای دیالۆگ هەبوو.توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی. هەولێر.چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

52- محەمەد سەید.ئەشرەف ساڵح.٢٠١٤. بنچینەکانی ڕێنیسانسی ئەوروپیی. وەرگێڕانی شێرزاد هەینی. ستۆکهۆڵم.چاپ. یەکەمی ئەلیکترۆنی

53- محمد.میران جلال.٢٠٠٩.بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا. سلێمانی.چاپخانەی ڕەنج.

54- محەمەد.شانیا ئەحمەد.٢٠١١.بنیاتی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە،ئەژدیها).چاپی یەکەم. سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

55- میراودەلی.کەمال مەمەند.١٩٨١.چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی. بغداد. چاپخانەی الحوادث.

56- هادی.سیامەند.٢٠٠٤.مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان.چاپی یەکەم. سلێمانی.چاپخانەی تیشک.

57- هاڵبێرگ.پیتەر و دانەرانی تر.٢٠١٠.تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ئامادەکردنی.وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محمد.چاپی دووەم.بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی یادگار.

58- هەورامی.ئەفراسیاو.٢٠٠٣.شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤێت.پێداچونەوە حەسەن عبدالکریم. سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

59- وات. ئیان.٢٠٠٣. سەرهەڵدانی ڕۆمانی ڕیالیزم و ژانری ڕۆمان.وەرگێڕانی محمد کریم. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

60- یاقووب،عەلی عوسمان،،٢٠١٩.ڕۆمان-ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان،چاپی یەکەم،سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

**نامە ئەکادیمییەکان** :

1-ئەحمەد.نەوزاد عەلی.٢٠٠٠.هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا (١٩٦١-١٩٩١). نامەی ماستەر.کۆلێژی زمان .زانکۆی سلێمانی.

2-محەمەد.محمد دلێر ئەمین.٢٠٠٠.ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا لە مێژووی هاوچەرخدا(١٩٢٢-١٩٢٤).نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان.زانکۆی سلێمانی.

3-محمد.محمد دلێر ئەمین.١٩٨٩.ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا.نامەی ماستەر.کۆلێژی ئاداب.زانکۆی سەڵاحەدین.

4- ئیبراهیم.سەرکەوت عمر.٢٠٠٨.ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا. نامەی ماستەر.کۆلێژی زمان.زانکۆی کۆیە.

5- ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد،2015،هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕومانەکانی (خوسرەو جاف)دا.(نامەی ماستەر)پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر کراوە.

6- صالح.فەرهاد صالح حمە علی.٢٠١٠.کەسێتی خۆویست لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکری)دا. نامەی ماستەر.کۆلێژی زمان بەشی کوردی.زانکۆی سلێمانی

7- حەسەن .مەریوان عومەر،2009، سیما وخەسڵەتی کارەکتەر لەکورتەچیرۆکی کوردیدا 1925 – 1950،نامەی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی.

8- عەبدوڵڵا.محمد ئەمین.٢٠٠٠.شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠-١٩٩٧). نامەی ماجستێر.کۆلێژی ئاداب.زانکۆی سەڵاحەدین.هەولێر.

9- عەلی.لوقمان ڕەئوف.٢٠١٠.ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە واڵاکانی (شێرکۆ بێکەس)دا.نامەی ماستەر.کۆلێژی زمان.زانکۆی سلێمانی.

10- عەلی، سروە تاهر، 2015،بنیاتی هونەریی لەکۆمەڵە چیرۆکی "هەڵۆ"ی "ڕەئووف بێگەرد"دا.زانکۆی سلێمانی .

11- گەرمیانی.عادل.١٩٩٦.ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا.نامەی ماستەر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.زانکۆی بغداد.

12- مەجید.سەردار فایەق.٢٠١٣.بنیاتی ڕوداو لە ڕۆمانەکانی (محمد موکری)دا.نامەی ماستەر.سکوڵی زمان بەشی کوردی.زانکۆی سلێمانی.

13- محمد.شیلان یونس.2010.ڕەسەنایەتی هونەرێ ڕۆمانێ د ڕۆمانا (شفانی کورد، یا عەرەبێ شەمۆدا) نامەیە ماستەرێ.کۆلێژا ئادابێ. زانکۆیا دهۆکێ.

14- محمد.ئیبراهیم قادر.١٩٩٠.ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا.نامەی ماستەر.کۆلێژی ئاداب.زانکۆی سەلاحەدین.

15- محمودجاف.ئیبراهیم عبدولرەحمان.٢٠٠٤.ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا.بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی..

16- فەرج،سنور قادر،2012، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی (( گوڵی ڕەش))ی شێرزاد حەسەن دا.نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی .

**گۆڤار و ڕۆژنامە :**

1- ئەحمەد.نەوزاد عەلی.١٩٨٨.چەمکی شوێن و چیرۆک بۆ منالان. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە (١٢٠).

2- ئەحمەد.ئیبراهیم.(ە.ن.ب).١٩٦٩-١٩٧٠.ڕۆمانی ژانی گەل.گۆڤاری ڕزگاری.ژمارەکانی (5 و 6 و 7 و 8 و 13). سلێمانی

3- ئیسماعیل،سەباح،،2013،ل143 گۆڤاری هەنار،ژمارە 85،سلێمانی، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

4- بەرزنجی.ئازاد.١٩٨٦.بنچینەکانی بینایی شانۆیی.گۆڤاری کاروان – ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان بە زمانی کوردی – عەرەبی –دەریدەکات. هەولێر.

5- .پایندە.حوسێن.فیبرایەری ٢٠٠٩.جیاوازییەکانی نێوان کورتە چیرۆک و ڕۆمان. وەرگێڕانی محمد کریم. گۆڤاری ڕامان.ژمارە (٣٦).

6- تاهیر، شیرین،2014،گیرفانێکی پڕ لە بەرد ڤێرجینیا وۆڵف،گۆڤاری هەنار، ژمارە 97،سلێمانی، بەڕێوبەریێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

7- حەسەن.محمد ئەحمەد. 5:12:2006. بینای ڕووداو لە چیرۆکدا. گۆڤاری ڕامان.ژمارە(١١٥)

8- خدر.ئازاد.٢٠٠٩:٧:٥.ڕۆمانی رامیاری، گۆڤاری ڕامان.ژمارە (١٤٦)

9- عارف.حەمەکەریم.مارسی ٢٠١٢.سێکوچکەی ڕۆمان و نهێنیەکانی کاری چیرۆکڤانی.گۆڤاری هەنار. ژمارە (٧٤).بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

10- عەبدول.نوخشە.٢٠٠٩.مێژووی گۆڕانکارییە هونەرییەکانی قۆناغی ڕێنسانس. گۆڤاری هەنار. ژمارە (٤٢) ساڵی چوارەم.

11-عەلیخان، قادر،2020،گێڕانەوە لە توێی خەیاڵدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 275:276،هەولێر.

12- علی.حوسێن سابر.٢٠٠٧.بینایی ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختدا.. گۆڤاری ڕامان. ژمارە (١٢٥).

13- سەعید.عەلی لفتە.2005.بنەماکانی پێکهاتەی ڕۆمان لە نێوان تازەگەریی و لاساییکردنەوەدا. وەرگێڕانی محمد کەساس. گۆڤاری ڕامان.ژمارە (٩٩). سلێمانی.

14- سەڕاج.عەبدوئەڵلە.١٩٨٦. دەمەتەقێ. گۆڤاری بەیان.ژمارە (١٢٣). دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بغداد.

15- سەڕاج.عەبدولا.2012.ڕوداو ڕەچەڵەکی سەرەکی ڕۆمانە. گۆڤاری هەنار. ژمارە (٧٢).

16- کۆندێرا.میلان.5:10:2005. ڕۆمان و ئەوروپا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئیسماعیل زراعی. گۆڤاری ڕامان. ژمارە (١٠١).

17- گەرمیانی.عادل.5:11:2019. چەند سەرنجێک دەربارەی مێژووی ڕۆمان.گۆڤاری ڕامان. ژمارە (270).

18- گەرمیانی، د.عادل، 2013،خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردیی هاوچەرخ،گۆڤاری هەنار،ژمارە 91 .

19- گفتوگۆ لەگەڵ شێرزاد حەسەن.٢٠٠٢. گۆڤاری ڕامان.ژمارە(٧١).

20- محمد، أ.م .د.عبدالقادر حمەامین،1436ە، مجله الآستاد،العدد 214،المجلد الآول.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**کتێبە عەرەبییەکان**

1- ابراهيم.على.2002. الزمان و المكان في روايات غائب طبعة جرمان .الطبعة الاولى. سوريه – ديمشق.الاهالي للطباعة و النشر و التوزيع.

2-باختين.ميخائيل.1990.اشكال الزمان و المكان في الرواية.نرجمة يوسف حلاق.الطبعة الاولى. ديمشق.وزارة الثقافية.

3- باشلار.جاستون.1980.محاليات الاكان.ترجمة غاب هلسا. العراق-بغداد.دار تاجربة للطباعة.

4- البحراوي.حسين.1990.بنية الشكل الروائي.الطبعة الأولى.المركز الثقافي العربي. بيروت.الدار بيضاء.

5- بوتور.ميشال.1986.بحوث في الرواية الجديدة.ترجمة فريد انطونيوس. الطبعة الثالثة. بيروت. منشورات عويدات.

6- برين.جون.1993.كتابة الرواية.ترجمة مجيد ياسين.مراجعة د.مدحي الدوري. طبعة الآولى. العراق – بغداد.طباعة و النشر دار الشؤون الثقافية العامة. أفاق العربية.

7- هوثورن.جيرمي.1996.مدخل لدراسة الرواية (STUDYING THE NOVEL). الترجمة غازي درويش عطية. الطبعة الآولى. بغداد.دار الشؤون الثقافة العامة.المكتبة الوطنية.

8- وات.ايان.ايلول1980.ظهور الرواية الأنجليزية. ترجمة، د. يوئيل يوسف عزيز الموسوعة الصغيرة. (78). بغداد. منشورات دار الجاحظ للنشر.

9- زيتوني.لطيف 2002. معجم مصطلعات.نقد الرواية –عربي –انكليزي –فرنسي. الطبعة الاولى.مكتبة لبنان ناشرون. لبنان.دار النهار للنشر.

10- حمداني.حميد.بنية النص السردي من منظور النقد العربي،ط ٣.المركز الثقافي العربي. المغريب.دار البيضاء.

11- حمداني.حميد. ١٩٨٣.بنية النص السردي من منظور النقد الآدبي .الطبعة الثانيية. المركز الثقافي للطباعة. بيروت.

12- كريس.نانسي.2009.تقنيات كتاب الريوايه. الترجمة زينة جابر ادريس. بيروت.دار العربية للعلوم.

13- لوكاش.جورج.1986.الرواية التاريخية.ترجمة د. صالح جواد الكاظم.الطبعة الثانيية. العراق – بغداد. دار الشؤون الثقافة العامة.

14- مدانات.عدى.2010.فن القصة .وجهة نظر و تجربة الطبعة العربية الاولى الاهلية. لبنان.

15- فورستر.ا.م.1994.اركان الرواية.ترجمة موسى العاصي. الطبعة الاولى.طرابلس- لبنان.دار جروس برس.

16-L.M Vincent.1978. نظرية الانواع الادبية. ترجمة د.حسن عون.منشأة المعارف.طبعة و صنع اسكندرية.

17- قاسم.سيزا احمد.1984. بناء الرواية (دراسة مقارنة الثلاثية نجيب محفوظ). القاهرة.الهيئة المصرية العامة الكتاب.

18- رسول.عزالدين مصطفى.2010.الواقعية في الادب الكردي.الطبعة الثانية. اربيل.من منشورات اراس.

19- الشمالي.نضال.2006.الرواية و التاريخ – بحث في مستويات الخطاب في الرواية التاريخية العربية عالم الكتب الحديث. الاردن طبع أولا.

20- تزفيتان.تودوروف.1992.المبدأ الحواري ميخائيل باختين. ترجمة فخري صالح. الطبعة الاولى. بغداد.دار الشؤون الثقافة العامة.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا عەرەبی:**

1- احمد.سامية. 2019.دراسة الشخصية في رواية ( الرجل ذو اللحية السوداء). دراسات ادبية. كلية اللغات و الاداب العربي. قسم اللغة و ادب العربي.جامعة البويرة.الجزائر

2-سماحة.فريال كامل محمد صالح.1998 . رسم الشخصية في روايات حنا مينة.قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتصلبات الحصول على درجة الماجستر في الادب و النقد. كلية الاداب و العلوم. قسم اللغة العربية. جامعة ال البيت.

3- علي.كةشة عبدالله. 2019. روايات على الجارم التاريخية دراسة دلالية.اطروحة دكتوراه. كلية اللغات . قسم اللغة العربية.جامعة السليمانية.

4- العتيبي.منير بهار.2015.البنية الزمكانية في روايات وليد الرجيب، الرسالة الماجستير فى تخصص اللغة العربية و ادابها جامعة الشرق الاوسط.

5- فرادي.حياة.2016.الشخصية في رواية (ميمونة).محمد بابا عمي. رسالة ماجستر (ادب حديث و معاصر).كلية الاداب و اللغات. قسم الاداب و اللغة العربية.جامعة محمد فيضر سكرة.الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية.

**سەرچاوە فارسییەکان :**

**کتێبە فارسییەکان:**

1- میرصادقی.جمال.1388. ممنت میر صادقی.هنر داستان نوسی.چاپ دوم و وراست دوم. ذرالقدر.تهران.

2- میرصادقی.جمال.1385.عناصر داستان.چاپ پنجهم.انشارات سخن.چاپخانەی بهمن.تهران.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**کتێبە ئینگلیزییەکان:**

1. Abrams, M.H. (1978). A glossary of literary terms. Madras: Macmillan India Limited

2. Amin, M.A. (2012). The English romantic movement “as return to nature. Or, the main features of romanticism. [Blog post] Retrieved from http:::24study.blogspot.com: 2012:07: the-english-romantic-movement-as-return.html.. And State, 48(1), 5-14.

3. According to: kolbus zews ka . zofia.2000. the poetics of chrono tope in the novels of Thomas Pynchon. The leamed society of catholic university of Lublin . Lublin .

4.Bora, M . (n.d). Back (2004) ground to the rise of the novel. http:::epgp.inflibnet.ac.in:epgpdata:uploads:epgp_ontent:S000013EN:P001447:M017744:ET:148736627Paper02%3BModule26%3BEtext. Pdf.

5. Bradley, James. 2010. Email to author, October 9.Curthoys Ann, and John Docker. 2010. Is history fiction.2nd ed. Sydney: UNSWPress

6. Fletcher, Lisa. 2008. Historical romance fiction: Hetero sexuality and performativity.Alder shot, Hampshire: Ashgate.p.87.

7. Kuiper .B.2012. pilgrims progress! : how a novel can affect an entire cultures communication . paper presented at fifth and communication . conference Camp loell university. North caroling.

8. Rees.R.J. 1973. English literature and introduction for foreign readres . London . macmillan education KESUSASTERAAN INGGERIS.

9- Davis,d.(2006,winter).character education in Americas public schools . journal of church.

10-Lewis Rambo,( December 1982)charisma and Conversion.Pastrol Psycology,springer Netherlands.Volume 31,Number 2.

11-Maria DiBattista(2011)Novel Characters:A Genealogy,john Wiley&Sons.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان :**

1- عارف .حەمەکەریم.٢٠١١.هونەریەتی ڕۆمان و وتارەکانم.www.ham karim arif.com.

2- https!::elibrary.mediu.edu.my:books. ثامر .فاضل. شتاء 2013.میتاسرد ما بعد الحداثه.السنه الاولی.العدد٢.الكوفه.

3- www.rudaw.net. حەمە مەنتک.28:12:2018.میتاسەرهات.مردنی چیرۆکی یەکەم.سایتی روداو.

4- www.dengekan.info:by-goransabahJune5.2020.generalliterature سەباح گۆران.رۆمانی مۆدێرن.

5- www.Ibtesamh.com:v.b امنه يوسف. تقنيات السرد فى النظريه و التطبيق دراسات – ادب. الطبعه الثانيية .2015.

6- www.diwaalarab.com غالب هلسا.1989. امكان فى الروايه العربيه. دار ابن هاشم. دمشق.

7- www.dengekan.info

August. 10:2020. General literature. سەباح .گۆران، خەز و ژانرەکانی رۆمان.

8- .June22:2020 .general literadure www.dengekan.info عەبدولا .پێشڕەو، پاڵەوان سازی لە ڕۆمانی کوردیدا.(باڵندەکانی دەم با)ی عەتای نەهایی وەک نمونە.

9- www.addustour.com:m:articles عبدالمحسين .محمد حسن. صبحى فحماوى فى (احرمتان و محرم).2009.

10- www.r-enKS.net

Ragihandina ENCUmena Nistiman kurdi lisuriye عيسا .عبد. الذكري 94. الاعدام الشيخ سعيد بيران. اعلامENKS. اعداد نارين قرد. مايو 30:2019.

11- www.sotkurdistan.net نجار .عبدالرحمن.ذكري ثورة الشيخ سعيد بيران.1:7:2019. فرنسا.

12- Burgees,A,2020. Novel (online). Encycle pedia Britannica. Available at. https:::www.britanica .com:art:novel (accesed 28 February 2021).

## خلاصة البحث:

إن الشخصية في تركيبة النص الروائي، كعنصر اساسي مكون للرواية، تلعب دورا في بنية الرواية بحيث ان تغيير نوع الشخصيات يؤدي الى تغيير نوع الرواية ذاتها ايضا، حيث بسبب الشخصية الفنتازية نرى الروائي يكتب رواية خيال علمي، او انه بسبب الشخصية التاريخية يكتب رواية تاريخية. بمعنى انه لا تُكتَب اية رواية تاريخية دون ذكر شخصية تاريخية ما. وقد تسبب هذا في تغيير مسار تطور الرواية بحد ذاتها، لان تاريخ الرواية قد مر بسلسلة من تغييرات ومعانقة مع الانواع الادبية الاخرى. وهذا ادى الى ظهور عدة انواع جديدة من الرواية ودراية القراء بها، بسبب حيوية وتاثير هذا النوع الادبي على الانواع الادبية الاخرى، فقد كانت تتخطى حدود الانواع الادبية الاخرى في بعض الاحيان، وتندمج مع مجالات أخرى من العلوم الانسانية، مثل علم التاريخ. من هنا يتعرَّف قراء الرواية على نوع جديد من الرواية، وهي (الرواية التاريخية)، وهي عبارة عن سرد حدث تاريخي أو ذِكر شخصية تاريخية في بوتقة نوع ادبي مثل الرواية، أي بموازات قيام الروائي بسرد الحدث التاريخي فانه لا يتجاهل تقنيات (طرائق) كتابة الرواية وعناصرها الفنية، بل مع سرد هذا التاريخ فان الروائي يبتغي تقديم مذاق خاص للقارئ لكي يشعر القارئ بان ما يقرأ ليس تاريخا بحتا بل انه سرد تاريخي ولكن تم عرضه من خلال تقنيات الرواية وعناصرها الفنية. إن امثلة هذا النوع من الرواية التاريخية في الادب الكوردي لم يتم الاعتناء بها بشكل ملحوظ، ولكن محاولات بعض الروائيين في هذا المجال هي محل تمحص وجديرة بالدراسة، ومنها الروائي (جان دوست) الذي كتب عدد من الروايات التاريخية، حيث درسنا الروايتين (ميرنامة) و (ثلاث خطوات ومشنقة). إن رواية (ميرنامة) تتطرق الى الشخصية التاريخية الكوردية (أحمد خاني)، وكفاحه في سبيل توعية شعبه، حيث حاول توحيد الامراء الاكراد في سبيل الاستقلال والحصول على حقوق شعبه، وقد حاول التعايش وتقبل الاديان والقوميات المختلفة. و رواية (ثلاث خطوات ومشنقة) تتطرق الى آخر ليلة من حياة (الشيخ سعيد بيران) كشخصية تاريخية، حيث ترجع الرواية عن طريق فلاشباك الى ذكر ثلاث مراحل من حياته، وهي (الطفولة، والمراهقة (العاشقية)، ومن ثم مرحلة اندلاع وفشل الثورة)، وهذه المراحل الثلاثة متوازية مع خطوات هذه الشخصية التاريخية الثلاثة امام المشنقة، بحيث مع صعود كل خطوة فان الروائي يسرد جزئا كبيرا من احداث كل مرحلة من مراحل حياة هذه الشخصية. اي ان اهمية الرواية التاريخية تكمن في انها تستعير الشخصيات القومية من التاريخ وتلبسها لباس الادب عن طريق الفنتازيا والخيال الابداعي، وتبعثها من جديد.

**Abstract**

The character in the composition of the narrative text, as an essential component of the novel, plays a role in the structure of the novel, as changing the type of characters leads to a change in the type of the novel itself as well. Because of the fantasy character, we see the novelist writing a science fiction novel, or writing a historical novel because of a historical personality, i.e. no historical novel is written without mentioning a historical figure. This has caused a change in the course of development of novel, because the history of the novel has undergone a series of changes and embraced other literary genres. This led to the emergence of several new types of novel and the readers' familiarity with it, due to the vitality and impact of this literary genre on other literary genres, as it sometimes crosses the boundaries of other literary genres, and merges with other fields of the human sciences, such as history. Hence, the novel's readers get acquainted with a new type of novel, which is (the historical novel), i.e. a narration of a historical event or the mention of a historical figure in a literary melting pot such as a novel, that is, in parallel with the novelist narrating the historical event, he does not ignore the techniques (methods) of writing novel and its technical elements. Rather, while narrating this history, the novelist seeks to present a special taste to the reader in order for the reader to feel that what he is reading is not a pure history, but rather a historical narrative, presented through novel's techniques and its artistic elements. The examples of this type of historical novel in Kurdish literature have not been noticeably taken care of, but the attempts of some novelists in this field are subject to examination and worthy of study, including the novelist (Jan Dost), who wrote a number of historical novels, where we studied the two novels (Meernama) and (Three Steps and a Gallows). Meernamah's novel deals with the Kurdish historical figure (Ahmad Khani), and his struggle to educate his people, as he tried to unify

the Kurdish princes for the sake of independence and obtain the rights of his people, striving for coexistence and accepting different religions and nationalities. The novel (Three Steps and a Gallows) deals with the last night in the life of (Sheikh Saeed Piran) as a historical figure, as the novel returns via flashback to the three stages of his life, namely (childhood, adolescence (infatuation), and then stage of outbreak and failure of the revolution). These three stages are parallel to the three steps of this historical figure in front of the gallows, as with the ascension of each step, the novelist narrates a large part of the events of each stage of this character's life. Thus, the importance of the historical novel lies in the fact that it borrows national figures from history and wears them in literature through fantasy and creative imagination, and it resurrects them, as well.